# تەمەنێک بۆ نیشتمان



# تەمەنێک بۆ نیشتمان

خدر پاکدامەن

ناوی کتێب: تەمەنێک بۆ نیشتمان

نووسەر: خدر پاکدامەن

ئامادەکردن و پێداچوونەوە: سمایل شەرەفی،

کەریم فەرخەپوور

دیزاینی دەرەوە و ناوەوە: سمکۆ ئەمینسەردەشتی

بەهاری ٢٠٢٢

دەزگای چاپ: چوارچرا، سلێمانی

پێڕست

پێشەکی ٨
چەند بەسەرهاتێک لە جەولەیەکی یەک مانگە لە ناوچەی ڕەبەت ١٢
یەکەم جار بوو نێرگەلەم «قلیان» دیت، زۆری ترساندم ٢٠
تێکشکاندنی هێزێکی گەورەی دژمن بە دەستی ڕۆڵەکانی هێزی گیارەنگ لە گوندی گۆڕەشێری ناوچەی سەردەشت ٢٣
شەڕی گەورە و بەربڵاوی جادەی خدراویێ– میراویێ – ئاڵواتان ٢٧
داستانێکی دیکەی ڕۆڵەکانی هێزی گیاڕەنگ لە جادەی سەردەشت – پیرانشار بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە ٣٤
دەسبەسەرداگرتنی جاشخانەی گوندی ئەحمەدبریو ٣٩
دەسبەسەرداگرتنی هەر دوو مۆڵگەی گوندی زێوە لە لایەن هێزی گیاڕەنگەوە ٤٤
تێرۆری کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی یەکێک لە فەرماندە بوێرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ٤٩
جەولەیەکی پێشمەرگانە بۆ ناوچەی بوڵفەتی سەردەشت ٥٣
چەند ڕووداوی گرینگی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ٦٣
کوژرانی ئەندازیارەکانی سەر بە سپای پاسداران لە جادەی سەردەشت – قاسمەڕەش ٦٧
عەمەلیاتی گرتنی مۆڵگەی گوندی سێپەکان لە ناوچەی پیرانشار ٦٩
پێکدادانی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی دژمن لە گوندی گردێنە ٧٦
دەسبەسەرداگرتنی مۆڵگەی گوندی بووبانە لە لایەن تێکۆشەرانی هێزی گیاڕەنگەوە ٨٣
دەربازبوون لە پیلانێکی گەورەی دژمن لە ناوچەی سەردەشت ٩٤

دەربازبوونی دوو دەستەی پێشمەرگە لەنێو بەفر و کڕێوەی دەشتی "مردواوێ"دا ١٠١
سووتاندنی ماشێنێکی دژمن لە جادەی قاسمەڕەش ١٠٧
شەڕی هاوبەشی هێزەکانی گیاڕەنگ و زمزیران و چەند ڕووداوێکی‌تر ١١١
جەولەیەک بۆ ناوچەی ئالانی سەردەشت و چەند رووداوێکی ناخۆش ١١٥
هەواڵی کارەساتی شەهید بوونی دوکتۆر قاسملووی ڕێبەر ١٣٥
هەڵمەتی ڕۆڵەکانی هێزی گیاڕەنگ بۆ دەسبەسەرداگرتنی دوو مۆڵگەی گوندی دۆڵەتوو ١٤٠
تەقینەوەی مین و لاق پەڕینی کوڕی شەهیدێکی ڕێبازی دێموکرات ١٤٦
عەمەلیاتێک لەسەر جادەی پیرانشار–سەردەشت لە نیزیک گوندی واوان ١٥١
گرتنی گوردانی «وەردێ» بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە ١٥٥
دەسبەسەرداگرتنی مۆڵگەی پشتی ئاوایی گرژاڵ ١٦٤
هێرشی دژمن بۆسەر کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ ١٦٩
گوشارەکان بۆ چۆڵکردنی بنکە و بارەگاکانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیارەنگ لە "سونێ" ١٧٣
پێشمەرگایەتیم لە هێزی پێشەوا و قۆناغێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان ١٧٧
ڕووخانی حکومەتی عێراق و دەرفەتێکی دیکە بۆ خەبات و تێکۆشانی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٨٠
بۆسەی هێزی پێشمەرگە بۆ هێزی داگیرکەر لە بەنداوی مەهاباد ١٨٦
شەڕی «قەرەگۆل» و دەربازبوونمان بە تاکتیکێکی سەربازی ١٩٠
تێکشکاندنی هێزی دژمن لە زنجیرە چیای "ئاشی جەهانگیر" ١٩٥
دەسپێکی جەولەیەکی‌تر بۆ ناوچەکانی مەهاباد ١٩٩
ڕووداوێکی ناخۆش و لەبیرنەکراو لە ناوچەی مەهاباد ٢٠٣
دووبارە گەڕانەوە بۆ هێزی گیاڕەنگ ٢٠٩

دەسبەسەرداگرتنی گورهانێکی دژمن لە گوندی ئاغەڵانی ناوچەی سەردەشت ٢١٣

جەولەیەک بۆ ناوچەی ئالانی سەردەشت ٢٢٠

دەسبەسەرداگرتنی یەکێک لە گەورەترین گوردانی دژمن لە گوندی بێژوێی ناوچەی ئالانی سەردەشت ٢٢٦

جەولەیەک بۆ ناوچەی ئالانی سەردەشت ٢٣٩

لە هەوایەکی سارد و باراناویدا بەرەو ناوچەی سەردەشت ٢٤٢

چوونی دەستەیەک پێشمەرگە بۆ نێو شاری سەردەشت ٢٥١

بەڕێکردنەوەی هێزی بەیان لە ناوچەی سەردەشتەوە ٢٥٦

جەولەیەک بۆ ناوچەی سەردەشت و چەند ڕووداوێک ٢٦٢

چۆنییەتی شەهیدبوونی قادر مەمۆی هەمیشە پێشەنگ و چاوساغ ٢٦٨

هێرشی دژمن بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب لە دەشتی "کۆیە"ی باشووری کوردستان ٢٧٦

مەئمووریەتێکی حیزبی بۆ "قەڵا سەیدە" دوای یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" ٢٨٤

مەئمووریەتێکی حیزبی بۆ ناوچەی سەردەشت دوای یازدە ساڵ دابڕان ٢٨٨

جەولەیەکی دیکە بۆ ناوچەکانی سەردەشت و ڕەبەت ٢٩٤

جەولەیەک بەرەو ناوچەی سەردەشت و ڕووداوێکی ناخۆش و لەبیرنەکراو ٣٠٠

سپاس و پێزانین ٣١٠

کورتەیەک لە ژیان وخەباتم لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ٣١٣

وێنەکان ٣١٦

# پێشەکی

هەروەک کاک خدر پاکدامەن "خدربەگ" لە بیرەوەرییەکانیدا گێڕاویەتەوە، تەمەنی ١٧ساڵ بووە کە بۆتە پێشمەرگە و تا پۆلی پێنجی سەرەتایی دەرسی خوێندووە. بەڵام ئێستا دوای نیزیک بە ٤٠ ساڵ کە ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتە بۆتە کەسێکی پێگەیشتوو و کارلێهاتوو.

کاک خدر سەرەتا لە پێشمەرگایەتی ڕا دەستی پێکردووە بەڵام بە کار و تێکۆشان، بە هەڵسووڕان و بەشداری لە چالاکیی جۆراوجۆری پێشمەرگانە، بە موتالا و بەدواداچوون و بە کۆڵنەدان و نەسرەوتن توانیویەتی خۆی پێبگەیەنێ و بە خوێندنەوەی کتێبەکە ئەو باوەڕەت لا دروست دەبێ کە کەسەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆڕسکانە دەبنە کەسێکی دیار و بە زەحمەت و کاری بە کردەوە خۆیان پێدەگەیەنن.
کاک خدر یەکێک لەو کەسانەیە کە وێرای پەروەردەی حیزبی خۆی شانی داوەتە بەر سەختییەکان و چالاکانە لە مەیداندا بووە و جێگە و پێگەی بۆخۆی پەیدا کردووە. ئەو تازە لاوێک بووە کە دێتە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکرات و تێکۆشانی سیاسی دەست پێدەکا و دوای ماوەیەک وەک پێشمەرگەیەکی چەلەنگ، زیت و وشیار و ئەهلی فێربوون دەردەکەوێ.

زۆر کەس حیزبی دێموکراتیان بە زانکۆ شوبهاندووە، ئەوە شتێکی سروشتییە چونکە هەر حیزبێک بە پێی پلان و بەرنامەی خۆی لەو ڕێگەیەوە کادر و تێکۆشەر و فەرماندەکانی خۆی پێدەگەیەنێ و چەندی بکرێ بەستێنی لەبار دروست دەکات تا مرۆڤەکان پێبگەن. بۆ ئەم مەبەستەش کات و کلاس و دەورە پێویستە و ڕەنگە کاک خدر بەگ تێکۆشەری دێموکرات کەم و زۆر ئەو دەرفەتەی بۆ پێک هاتبێ و سوودی لێ وەرگرتبێ بەڵام کە بەش بەش داستانە تۆمارکراوەکان

دەخوێنییەوە، پەروەردە و پێگەیشتوویی ناوبراو زۆرتر مەیدانی و بە كردەوە لە گۆڕەپانی خەبات و تێكۆشـاندا بووە. بە كار و چالاكی و مەئموورییەت و هەڵسووڕانی ئەو تێكۆشەرە لەنێو خەڵكی كوردستان و لــە ناوچە جیا جیاكانی كوردسـتاندا بە شــەو و شــەونخوونی و ڕووبەڕووبوونــەوە لەگەڵ دژوارییەكانی ڕێگەی خەبات و تێكۆشـان و بــە ئیرادەی خۆی ڕاسـتەوخۆ لــە مەیدانەكەدا پێگەیشـتوە و ئەو پێگەیشتووییەش لە زۆر ڕەهەند و بواردا دیار و بەرچاوە.

كاك خدر كوڕێكی سـادە و سـاكاری خەڵكی یەكێك لە ئاواییەكانی ناوچەی سەردەشـت دەبێتە پێشـمەرگە و زۆر زوو خۆی دەردەخات و دەبێتە پێشـمەرگەیەكی چالاكی گۆڕەپانەكە. لە چەندین عەمەلیات و تێكۆشانی پێشمەرگانە بەشدار دەبێت و دەبێتە فەرماندەیەكی دیار و ئازا. لەبەر ئەوەی خەڵكی سەرسنووری باشوور و ڕۆژهەڵات، دەبێتە چاوساغ و ڕێنیشاندەری هاوڕێ و تێكۆشەرانی حیزب و بۆ چەند ساڵ بە دەیان جار و ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەرگ ڕووبەڕوو بۆتەوە.

ئەمن لە ساڵەكانی ٧٠ تا ٧٣ی هەتاوی بۆ ماوەی ٤ ساڵ لە كۆمیتەی شارسـتانی مەهاباد و كۆمیتەی شارسـتانی سەردەشـت كارم لەگەڵ ناوبراو كردوە. كاك خدر یەكێك لە پێشـمەرگە و فەرماندەكانی ئەو ناوچانــە بوو كە لە سـەختترین سـاڵەكانی خەباتدا لە تێكۆشـاندا بووین. لە سنوور بە مینی چێندراو و مۆڵگەی زۆر كە لەنێو بەتاڵایی مۆڵگەكانیشـدا بــە زۆری كەمیــن دادەندرایــەوە و دەبــوو بــەو ڕێگا سەختانەدا دەربازبین؛ ئەوەندەی من لەبیرم بێ بە زۆری بۆ ئەو كارە چوار پێشمەرگە لە سنووری لای "دۆڵەكۆگێ و دۆڵەتوو و كانی زەرد و قاسمە ڕەش" ئەو ئەركەیان زۆرتر لەسەر شان بوو كە بریتی بوون كە شـەهیدان قادر مەمۆ و حەسـەنی عەلی چاپەز و خوا لێخۆشـبوو برایم كانیەزەردی و خدر پاكدامەن كە بەداخەوە هاوڕێیان قادر مەمۆ و حەسـەنی عەلی چاپەز هەردووك هەر لەو ڕێگایەدا شـەهید بوون.

**دیــارە بۆ لای بێوران و بــاژار و ئالانیش هاوڕێیان محەممەدی ماماغا و برایم شێخی دەوری تایبەتییان دەگێڕا.**

**بــۆ کار و چالاکی و مەئموورییەتی جۆراوجــۆری دیکەش کاک خدر یەکێک لەو پێشــمەرگانە بووە کە زۆر بەدەستەوە بووە. بۆخۆشی لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکاندا لە زۆر شوێن ئاماژەی پێکردوون. جیا لە کاری پێشمەرگانە لە گۆڕەپانی خەباتی پێشمەرگایەتیدا ناوبراو ئەو ئیــرادە و توانایيەی هەبوو کە لە بواری دیکەشــدا خۆی پێبگەیەنێ، هەر وەک لە بیرەوەرییەکانیدا باس دەکات بە پرسیار و لەسەر هەست بووە و بەدواداچوونی بۆ بابەتەکان کردووە بۆخۆی لە بیرەوەرییەکدا دەڵــێ "ماوەیەکــی زۆر نەبــوو ببوومە پێشــمەرگە، هێزێکــی زۆر بۆ مەئموورییەت دەچوون بۆ شوێنێک بەڵام کە نەمدەزانی بۆ کوێ دەچن و بۆچی لەو ناوچەیەن پرسیار دەکات". ئەوە وای کردوە ناوبراو هەر لە جێگای خۆیدا نەمێنێتەوە و تەنیا لە بوارێکدا نەچێتە پێش، بەڵکوو لە ئاستی جۆراوجۆردا سەرکەوتن بەدەست بێنێ. بۆیە ئێستا دەزانین ناوبراو وەک پێشــمەرگە وا بە ڕەوانی مێژووی تێکۆشــانی بەشێک لە حیزبی دێموکراتمان بۆ دەگێڕێتەوە و دڵنیام نەســڵی داهاتوو سوودی زۆری لێ وەردەگرێ. بەتایبەت من لەو پەرتووکەدا شــتێکی زۆر باش دەبینم، ئەویش ئەوەیە لەگەڵ ئەوەدا کاک خدر باسی کار و تێکۆشانی خــۆی لە بڕگەیەکی زەمانیی خەبات و تێکۆشــانی دەکات بەڵام خۆی نەکــردوە بە قارەمانی داســتانەکان. بەڵکوو نەخش و دەوری هەموو ئەو کەســانەی باس کردوە کە لەنێو داســتانەکاندا بوون و بەڕێزەوە یادیشــی کردوونەوە. ئەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بیرەوەری زۆر هاوڕێــی دیکــەدا هەیە کە لەو بــارەوە زۆر نەخــش و دەوری خۆیان بەرجەستە دەکەنەوە و بەشی شێر بۆخۆیان دادەنێن.**

**شــتێکی باشــی دیکــەی ئــەو بیرەوەرییانــە ئەوەیە کە هەر باســی ســەرکەوتنی نەکردوە. بەڵکوو باســی کەم و کووڕییەکانیشــی کردوە**

کە ئەوە دەتوانێ ئەزموونێکی باش بێ و سوودی لێ وەربگرین. یەکێک لە باشییەکانی ئەو پەرتووکە هەر بە تەنیا بەشی نیزامی و پێشمەرگانەی لەنێو ڕووداوەکاندا تێدا نەنووسراوە، بەڵکوو نەخش و دەوری خەڵکی بە جوانی دەستنیشان کردوە و لە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکاندا لە زۆر بوار و ئاستدا سیاسەتی حیزبی دێموکرات ڕەچاو کراوە یانی دەتوانم بڵێم ئەو پەرتووکە تابلۆیەکی جوان و فرە چەشنی کار و تێکۆشان و سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی وێنا کردوە و لە بڕگەیەکی زەمەنیدا لە کاتی تێکۆشانی تێکۆشەرانی دێموکراتدا زۆر شتی جوانی تێدا ڕەچاو کردوە.

ئەو پەرتووکە بیرەوەری پێشمەرگەیەکی دێموکراتە کە بە زمانێکی زۆر پاراو ڕاستیی ڕووداوەکانی باس کردوە کە دەتوانێ سەرچاوەیەکی ڕاست و ڕەوان بێ بۆ وەبیرهێنانەوەی سەردەمێکی سەخت و زێڕین لە تێکۆشانی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەیەک و بەشێکی کوردستان کە ئەوە هەم بۆ ئەوە دەبێ ئەو دەورانە بۆ نەسلی داهاتوو ببێتە ئەزموون و هەمیش بۆ ئەوە دەبێ بۆ دۆزینەوەی ڕاستی ڕووداوەکان کەلکی لێ وەربگرن.

من داوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ کاک خدر پاکدامەن دەکەم. هیوادارم هەروا لەسەر هەست و لەسەر پێ بێت بۆ خەبات و تێکۆشانی زیاتر لە پێناو وەدەستهێنانی مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان.

تەمەن درێژی بۆ بە ئاوات دەخوازم.

پێشمەرگە و هاوسەنگەری دەیان
تێکۆشەری وەک کاک خدر پاکدامەن
مستەفا مەولوودی

## • چەند بەسەرهاتێک لە جەولەیەکی یەک مانگە لە ناوچەی ڕەبەت

بەدوای گیرانەوە و دەستبەسەرداگرتنی زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، پێویست بوو کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆی بۆ قۆناغێکی دیکە لە خەبات ئامادە بکات کە قۆناغی شەڕی پارتیزانی بوو. بۆ ئەو مەبەستە پێویست بوو کە سازماندان و ڕێکخستنێکی تازە بۆ هەموو هێزەکان بکرێ. پێویست بوو هێزی پێشمەرگە بۆ قۆناغێکی هەستیار تاکتیکی خۆی بگۆڕێ. لە ساڵەکانی ٦٥ و ٦٦ دەست کرا بە سازماندەیی تازە. زۆربەی هێزەکان یەک لە دوای یەک کاری سازماندەیی خۆیان تەواو کرد و بە سازماندەییەکی نوێوە بەرەو ناوچەکانی خۆیان دەگەڕانەوە. ئەوەندەی لەبیرم بێ لە بەهاری ساڵی ١٣٦٦ئاخرین هێز کە سازماندەیی کرا، هێزی گیارەنگ بوو. ساڵی ١٣٦٥ کاتێک کە هێزی مینەشەم بۆ سازماندەیی بانگهێشتی دەفتەری سیاسی لە "گەورەدێ" کرا، بۆ ئەوەی ناوچەی ڕەبەت چۆڵ نەبێ ئەرکی بەڕێوەبردنی جەولەیەک لە ناوچەکە بە بڕیاری دەفتەری سیاسی کەوتە سەرشانی هێزی موعینی. بۆ ئەو مەبەستە هێزێکی نیزیک بە سەد کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی هێزی موعینی و کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بۆ ئەو جەولەیە ئامادە کران. فەرماندەی ئەو کاتەی هێزی موعینی مامۆستا حەسەنی شیوەسەڵی بوو کە نەخش و ڕۆڵێکی هەرە گرینگی لە مودیرییەت و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەی سەردەشت هەبوو. ئەو هێزە بە سەرپەرستی کاک حەسەن شیوەسەڵی بەرەو ناوچەی ڕەبەت وەڕێکەوت. لە دەستەی ئێمەش ١٠ کەس بۆ جەولەکە ئامادە

کران، لـەو ١٠ کەسە یەکیـان مـن بـووم، هـەر چەنـد مانگێـک بـوو ببوومـە پێشـمەرگە و یەکـەم جـار بـوو لــە جەولەیەکـی ئـاوادا بەشـداری بکـەم. زۆرم پـێ خـۆش بـوو، ئـەو کاتـە سـنوورەکان بەتـەواوی داگیـر نەکرابـوون. بـە ئاسـانی دەمانتوانـی تـا نیزیـک سـنوور بڕۆیـن. هێشـتا مۆڵگـەی زۆر لـە سـنوور جێگیـر نەکرابـوون. لــە کاتـی خـۆ ئامادەکـردن بـۆ ئـەو جەولەیـە زۆر شـتی خـۆش و ناخـۆش بەمێشـکمدا دەهاتـن؛ بیـرم دەکـردەوە کـە بڵێـی بتوانـم بـە ژیانـی پێشـمەرگایەتی ڕابێـم؟! بـۆ مـن هەم خـۆش بوو هـەم ناخـۆش، دوو ڕێگـەم لەبـەر بـوون؛ یـان دەبـوو غیـرەت وەبـەر خـۆم بنێـم و بمێنمـەوە، یـان مەیـدان چـۆڵ بکـەم. بـەڵام سـاغبوومەوە بمێنمـەوە. ئێسـتا دوای تێپەڕینی سـاڵانێکی زۆر بەسـەر ئەو ڕۆژگارەدا خەریکی نووسـینەوەی بەشـێکی هـەرە بچـووک لــەو مێـژووە پڕشـنگدارەم. بڕیـاردرا ڕێکەوتـی ٣ی گەلاوێـژی ١٣٦٥ بـەرەو ناوچـە وەڕێ کەویـن؛ ڕۆژی یەکـەم هیـچ خەبـەر نەبـوو، ڕۆژی دووهـەم سەردەستەکەمان بـە بێسـیم بـە بنکـەی هێـزی ڕاگەیانـد کـە "ئـاوردارەکان هەڵـدەدەم". ئـەوە نەهێنـی بـوو، مەبەسـت لـە ئـاوردارەکان ئێمـە بوویـن. دیـار بـوو هێـز ڕۆژێـک پێـش ئێمـە وەڕێ کەوتبـوو و دەسـتەی ئێمـەش کـە پێکهاتبـوو لــە ١٠ پێشـمەرگە، بـە سەرپەرسـتی فەرمانـدەی ئـازا، مەحمـوود خـاس بـەرەو ناوچـە وەڕێ کەوتیـن. یەکـەم جـار بـوو کـە لـە جەولەیەکـی لــەو جـۆرەدا بەشداریم دەکـرد، ڕووم لـە هەرکـوێ دەکـرد بـۆم تـازە بـوو. دوای دەربازبـوون لـە سـنووری گونـدی مـەزرا، ئێمـەش لـە نیزیـک گونـدی بەردەسـوور لەگـەڵ هێزەکـە یەکمـان گرتـەوە. کـە چوویـن هێـز بەگشـتی لەسـەر "کانـی هەراشـە" کـە شـوێنێکی زۆر تـەلان بـوو، زیاتـر لەسـەد پێشـمەرگە لـە دەوروبـەری ئـەو کانیـیە بڵاوەیـان پـێ کرابـوو. پێشـمەرگەکان دوو دوو و سـێ سـێ لـە دەوری یـەک کـۆ ببوونـەوە. دوانیـوەڕۆی ئـەو ڕۆژە هەمـوو فەرمانـدەکان لــە دەوری یـەک کۆبوونـەوە و خەریکـی

قسە و ڕاوێژ بوون. ئێمە نەماندەزانی چ خەبەرە. ئێواریٚ بە چەند دەستە دابەش کراین، هەر دەستەی بۆ شوێنێک، دیار بوو شتێک لە گۆڕیٚ دابوو. پرسیارم کرد خەبەر چییە؟ گوتیان بەیانی لە نیزیک گوندەکانی زەلیٚ و ئاغەلان بە تۆڵەی شەهید ڕەحیم عەلیپوور عەمەلیاتێک لە سەر هێزی دوژمن، لە سەر تەئمینەکانی سەر جادەی زەلیٚ بۆ مۆڵگەی "سوورەبان"بەڕێوە دەبەین. شەوەکەی هەر دەستەو لە شوێنی خۆی جێگیر کرا. دەستەی ئێمە کە چەند کەس بووین لە خوار گوندی کۆدەڵیٚ بووین، چەند وڵاغێکمان پێبوو و لەویٚ بەجیٚ ماین. ئەوانەی تازە هاتبووین نەیاندەبردین بۆ ئەو شوێنانە. کاتژمێر دەوری ٤ی ئێواریٚ تەقە دەستی پێکرد. لەنێوان گوندەکانی زەلیٚ و سوورەبان هێرش کرایە سەر تەئمینەکانی سەرجادە و زۆربەیان کوژران. دەنگی تەقە لە گوندەکانی دەوروبەر دەبیسترا. زۆری نەکێشا ئەو پێشمەرگانەی لە کەمینەکە بەشداریان کردبوو لە ژێر ئاوری تۆپخانەی دوژمندا بە سلامەتی گەیشتنەوە لای ئێمە. ورده ورده هەمووومان لە دەوری یەک کۆ بووینەوە و بەرەو شوێنێکی دیکە ئەو شوێنەمان بەبیٚ زیان بەجیٚ هێشت و درێژەمان بە گەشتی خۆمان دا. لە ناوچە ئەوە یەکەم عەمەلیات بوو کە لەو جەولەدا لەسەر هێزی دوژمن بەڕێوە چوو. بۆ مانەوەی ڕۆژی دوایی چووینە خوار گوندی بەردەسوور لە "کانی سێویسکە" ماینەوە. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە لایەن کاک حەسەن شیوەسەڵیەوە قسە بۆ هێزی پێشمەرگە کرا و دەستخۆشی لێکردن کە سەرکەوتوانە ئەرکی خۆیان بەجیٚ گەیاندووە.

ئێوارەی ڕۆژی دوایی لە کانی سێویسکە بەرەو دیوی جادەی پیرانشار – سەردەشت وەڕیٚ کەوتین. یەکەم جار بوو ئەو ناوچە ببینم. بە دەشتی دیوالاندا بەرەو دەوروبەری گوندەکانی زێوە، تووژەڵ و هەڵویٚ وەڕیٚ کەوتین. ڕۆژەکەی لە دەوروبەری

گوندی هەڵوێ تا ئێوارێ لە شوێنك بەناوی سمێلەماینەوە و ئێوارێ بەهۆی زۆریی هێزەكە بەسەر سێ گوندی تووژەڵ، هەڵوێ و شیوەسەڵدا دابەش بووین. ئێمە بەرەو گوندی تووژەڵ وەڕێكەوتین. دوای نانخواردن لە گوند دەركەوتین بەڵام ئێمە نەماندەزانی بەرەو كوێ دەچین. لە نیزیك گوندی هەڵوێ یەكمان گرتەوە و بەرەو پشتی گوندی واوان وەڕێ كەوتین. لە نیزیك گوندی شاتمان ئێمە نیزیك بە بیست كەس لە هێزەكە جیا بووینەوە، ئەو بیست كەسە تێكەڵاوێك بوو لە هەر سێ لكی هێزی موعینی. بەرەو خوار گوندی شاتمان ڕۆیشتین. لە نیزیك گوندی نەڵاس لە دۆڵێكدا ماینەوە كە جێگەیەكی گونجاو نەبوو. ئێمە شارەزا نەبووین و نەماندەزانی بە چ مەبەستێك چووینە ئەوێ. ڕۆژەكەی تا ئێوارێ لەوێ ماینەوە و زۆر نیگەران بووین، بەشێك لە پێشمەرگەكان لەو كەسە بە گومان بوون كە وەك شارەزا لەگەڵمان بوو. لێرەدا نامهەوێ ناوی ئەو كەسە بێنم.

دوایی دەركەوت ئێمە بەمەبەستی چوون بۆ ناو شارۆچكەی نەڵاس و بەڕێوەبردنی عەمەلیات لەو شوێنە مابووینەوە. ئێوارێ كە كاتی ئەوە هات بەرەو شوێنی خۆمان بڕۆین، دیتمان كۆمەڵێك چەكداری نەناسراو لە ئێمە نیزیك بوونەوە، پێشمەرگەكان ویستیان تەقەیان لێ بكەن بەڵام كەسی چاوساغ نەیهێشت تەقە بكەین و گەڕاینەوە. شوێنی خۆمان بەجێ هێشت و بەرەو لێڕەواری واوان لە دۆڵی ڕەزان یەكمان گرتەوە. لەگەڵ تاریكیی هەوا چووینە ناو گوندی واوان هەڵكەوتوو لە سەر جادەی پیرانشار- سەردەشت. ئەو شەوە جۆش وخرۆشێكی لە ڕادەبەدر لەو گوندە هەست پێدەكرا. جموجۆڵی پێشمەرگە لەناو گوندەكە بە تەواوی دیار بوو. لەو گوندە شتێكی سەیر و ناوازەم دیت، دووكانێك لەو گوندە هەبوو كە پێشمەرگەكان بۆ

شت کڕین ڕوویان تێکردبوو، ئەو دووکانداره لەنێو دووکانەکەدا هەڵدەسووڕا و شتی بۆ هەموویان دەهێنا، کە سەیرمان کرد دووکاندارەکە هەردوو چاوی کوێر بوو بەڵام شتی دەفرۆشت بێ ئەوەی کەس بتوانێ فێڵی لێ بکات یان هەڵەیەک بکا. داوای هەر شتێکت کردبا فەوری بۆی دەهێنای. بەلامەوە زۆر سەیر بوو ئەو کەسە کە هەردوو چاوی کوێرە چۆن دەتوانێ ئەو دووکانە بەڕێوە بەرێ. دوای نانخواردن و ئەنجامدانی ئەرکە حیزبیەکان بە مەبەستی پەڕینەوە بۆ ناوچەی ڕەبەت لە گوندی واوان وەدرکەوتین. زۆری نەکێشا چووینە سەرچۆمی کەڵوێ، دەبوو لە چۆمەکە بپەڕینەوە، بەهاوکاریی چەند کەسێکی شارەزا کە لەگەڵ خۆمان بوون پەڕینەوە. دوای پەڕینەوە لە نیزیک چۆمەکە تووشی بێستانێک بووین، پێشمەرگە چوونە ناو بێستانەکە و منیش چووم، لەپڕ کەسێک بەتووڕەیی وەنێومان کەوت؛ دیتمان کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی بوو. زۆر تووڕە بوو و هەر کەسەو بۆ لایەک هەڵات، منیش هەڵاتم، بەهەڵاتنەوە پڕم دایە چڵە گیایەک پێم وابوو خەیارە. بڕکەکەم هەڵکەند و بەشانم دادا و هەڵاتم. دیار بوو شتی پێوە بوو و وامزانی خەیارە، کاتێک ڕاوەستام و دەستم بۆی برد دەرکەوت کە لە جیات خەیار کوولەکەم هێناوە و زۆریش ماندووی کردم. دوای چەند کاتژمێر ڕێگەبڕین بۆ مانەوە چووینە نیزیک گوندی کانیسپان کە چەند ماڵێک بوون بە داوێنی چیای برایم جەڵاڵەوە. بۆ من و بەشێکی بەرچاو لە هاوڕێکانم یەکەم جار بوو کە بە جەولە دەچووین بۆ ئەو ناوچەیە. ئەگەر هەڵە نەبم دوانیوڕۆکەی دوو تیم لە پێشمەرگەکان بە مەبەستی بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێک لەنێوان گوندەکانی دۆڵەتوو و چوالان لە خوار خۆمان چوونە سەرجادە و تەئمینەکانی سەرجادەیان کردە ئامانجی خۆیان. زۆری نەکێشا دەنگی تەقە لە ناوچەکە دەستی پێکرد و ئێمەش

زۆربـەی هێزەكـە بـەرەو هەوارەكانـی گۆموشـتر وەڕێ كەوتیـن. ئێمـە لـە ڕێگـەدا بوویـن كـە تەقـە دەسـتی پێكـرد. چووینـە نیزیـك چادرەكانـی گۆموشـتر و دوای بـە ئەنجـام گەیاندنـی ئـەو عەمەلیاتـە پێشـمەرگەكان بەسـڵامەتی و بەبـێ زیـان گەڕانـەوە لای ئێمـە. وابزانـم چەنـد كەسـێك لـە هێـزی دوژمـن كوژرابـوون. دوای گەڕانـەوەی پێشـمەرگەكان دوژمـن لـە هـەر دوو مۆڵگـەی دۆڵەتـوو و چـوالانڕا ناوچەكـەی خومپارەبـاران كـرد. لـەو جەولیـەدا ئـەوە یەكـەم عەمەلیـات بـوو كـە لـە ناوچەكـە لەسـەر هێـزی دوژمـن ئەنجـام درا. دوای ئـەو عەمەلیاتـە مـاوەی سـێ ڕۆژ لـە ناوچـە ماینـەوە. ڕۆژانـە لـە كوێسـتانەكان دەبوویـن و شـەوانەش لـە گۆموشـتر و چواربـەردە و دەوروبـەری میوانـی هەوارچیەكانـی ناوچەكـە دەبوویـن.

دوای گەڕانـەوە لـە ناوچـەی ڕەبـەت، ڕێكەوتـی ٢١ی گەلاوێـژی ١٣٦٥ بۆ مانـەوە چووینـە خـوار گونـدی بەردەسوور و لـە شـوێنك بەنـاوی "كانـی سێویسكە" ماینـەوە. ئێـوارەی شـەوی ٢٢ی گەلاوێـژ ئێمـە پەلێـك لـە پێشـمەرگەكانی لكـی دوو چووینـە گونـدی مـەزرا، دیـارە ئێمـە نەماندەزانـی چوونـی ئێمـە بـۆ ئـەو گونـدە بـە چ مەبەسـتێك بـوو، بـەڵام دوایـی بـاس لـەوە دەكـرا كـە ئێمـە بـۆ هاوكاریـی ئـەو تیمـە چووبووینـە گونـدی مـەزرا كـە هـەر ئـەو شـەوە لـە كەمیـن كەوتـن.

ئـەوەی ڕاست بـێ نـە كاتـی تەقەكـە و نـە پێشـتر هیـچ شتێك بـاس نەكرابـوو، دیـارە ئەگـەر بـاس كرابـا ئێمـە بـە ئاسـانی دەمانتوانـی لـە شـوێنی كەمینەكـە جێگیـر بیـن، بـەڵام ئـەوە بـۆ نەكـرا، ئۆباڵـی كەمتەرخەمیـی ئـەو شـەوە دەكەوێتـە ئەسـتۆی بەشـێك لـە فەرماندەكانـی ئـەو كات.

كاتێـك چوویـن بـۆ نێـو گونـد، وەك زۆر شـەوی دیكـە بەپێـی

بەرنامە دابەشی سەر ماڵەکان بووین، هەم نان و چاییمان خوارد و هەم گەشتێکی باشمان بە نێو گونددا لێدا. زۆر ماڵی ئەو گوندەمان بەسەر کردەوە. کاتێک شەو بەرەو درەنگی دەچوو، بە فەرمانی فەرماندەکەمان هەموومان لەبەردەرگای مزگەوت کۆبووینەوە و وا ساغبووینەوە کە تادرەنگانی شەو لەوێ بخەوین. دیارە ئەوەمان زۆر پێخۆش بوو چونکە ماوەیەکی زۆر بوو لە ناوچە بووین و ماندوو و شەکەت بووین. ئەوە دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی چەند کاتژمێرێک لە شوێنێکی خاوێن پشوویەکی کورت بدەین و پاشان بەرەو لای هاوڕێکانمان بگەڕێینەوە.

لەنێو مزگەوت ڕاکشاین و تەنیا پاسەوانەکان لە دەرێ بوون. زۆری نەکێشا کە هەموومان بە دەنگی تەقەی چەند تفەنگێک وەخەبەر هاتین، بەڵام ئێمە نەماندەزانی ئەو تەقە چییە و دەبێ چی ڕووبدات یان چی ڕووی دابێ. خەیاڵی جۆراوجۆر بە فکری هەمووماندا دەهات.

هەموومان دەمانگوت بلێی چی ڕوو بدات. ئەو کاتە بە هۆی زۆریی حزووری پێشمەرگە لە ناوچەدا لە هەرکوێ تەقە کرابا یەک سەر فکرت بۆ شەڕ و پێکدادانی پێشمەرگە و هێزی دوژمن دەچوو.

تا دەهات شەو لە کۆتایی نیزیک دەبۆوە و ئێمەش دەبوو ئەو گوندە جێ بێڵین و بەرەو شوێنی دیاریکراوی خۆمان بگەڕێینەوە.

دەنگی تەقەکە لە نیزیک بازاڕی "قاسمەڕەش" بوو و کەمێک لە ئێمە دوور بوو.

سەرئەنجام بێ ئەوەی خەبەرێکی ڕاست لە هۆکار و ئاکامی ئەو تەقە بزانین بەرەو لای پێشمەرگەکان گەڕاینەوە.

كاتێك ئێمە گەیشتینەوە لای هێزی پێشمەرگە لە دۆڵی سێویسكە، تازە وڵات ڕووناك دەبوو و هێشتا هیچ خەبەرێك لە ئاكامی ئەو تەقە و تێكهەڵچوونە دەست نەكەوتبوو.

دوای ئەوەی هەتاو كەوت و زۆربەی پێشمەرگەكان لە خەو هەستان، دیار بوو بێسیمچییەكان لەگەڵ كۆمیتەی شارستانی سەردەشت خەریكی پێوەندی گرتن بوون. دوای بردنی پەیامێك بۆ كاك مەلا حەسەن شیوەسەڵی وەزعەكە بە تەواوی گۆڕا و نارەحەتی و نیگەرانی بە ڕوخساری هەموو بەرپرسەكانەوە دیار بوو، بەڵام هیچیان باس نەدەكرد. زۆری نەكێشا هەموومان لە دەوری یەك كۆبووینەوە تا ئاخیرین هەواڵ لەو پێوەندییەدا ڕابگەیەندرێ.

دوای ئەوەی پێشمەرگەكان لە دەوری یەك كۆبوونەوە، كاك مەلا حەسەن قسەی بۆ بەشداران كرد و خەبەری كەوتنە كەمینی دەستەیەك لە پێشمەرگەكانی بنكەی هێزی لە نیزیك بازاڕی قاسمەڕەش بە ئێمە ڕاگەیاند كە بەداخەوە خەبەری شەهید بوونی عەبدوڵڵای سەددیقی سەرپەلی پەلی فەرماندەیی و عومەر شیوەسەڵی بوو كە لەو تەقەی شەوی ڕابردوودا شەهید ببوون.

دیارە ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ ئەو شەهیدانە بوون زۆر كەم بوون، هەرچەند هەوڵی زۆریان دابوو تا جەنازەكان ڕاگوێزن بەڵام بەهۆی كەمیی نەفەرات بۆیان نەكرابوو و سەرئەنجام هەر دوو جەنازەكە كەتبوونە دەستی دوژمن و بۆ شاری سەردەشت ڕاگوێزرابوون.

دوای بڵاوبوونەوەی خەبەرەكە جەوێكی زۆر ناخۆش دروست بوو، هەمووومان بۆ لە دەستدانی ئەو دوو شەهیدە ئەژنۆی خەممان لە باوەش گرت.

ئەو دەستە لە پێشمەرگەكان بە چەند بار تەقەمەنییەوە

بەرەو لای ئێمە دەهات کە ئەگەر هەڵە نەبم بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێکی گەورە بوو لەسەر جادەی پیرانشار-سەردەشت.

دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ هەموو فەرماندەکان لە دەوری یەک کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدەن. ئاخرین بڕیار بوو بە ئەوە کە پێشمەرگەکان بکرێن بە دوو بەش، بەشێک لەگەڵ کاک مەلا حەسەن بگەڕێنەوە بۆ بنکەکانمان لە "سونێ" و دەستەی دووهەم لە ناوچە درێژە بەگەشتی خۆیان بدەن. من لەگەڵ ئەو دەستە کەوتم کە دوای یەک مانگ مانەوە لە ناوچە گەڕاینەوە بنکەکانمان لە گوندی سونێ.

## • یەکەم جار بوو نێرگەلەم "قلیان" دیت، زۆری ترساندم

ساڵی ١٣٦٥ بنکەی هێزی گیارەنک و دەستەی ٣ی شەهید کوێخا خدر کە لە "بێدەلان" بووین، ئەوێمان چۆڵ کرد. ئێمە دەستەی سێ چووینە گوندی گەڵوەڕەز و بنکەی هێزیش چووە کونەمارێ. کۆمیتەی شارستان لە "کونەمارێ" بوو، بنکەی گومرگ لە نێوان کونەمار و گوندی زێوکە لە "گۆمەگا"یە بوو.

ناوچەکە ئاوەدان بوو، هاتووچۆیەکی زۆری پێدا دەکرا و گومرگێکی زۆر وەردەگیرا. ئێمە وەک هێزی گیارەنگ جیا لەوەی تەداروکات و خەرجیی خۆمانمان لێ دەکرد، بەشێکمان تەحویلی دەفتەری سیاسی دەدا. جارجار دوژمن بە شێوەی تیمی بچووک یان لە دوورەوە تەقەی لێ دەکردین و ناوچەکەی نائارام دەکرد هەر بۆیە ئێمە دەبوو زۆربەی وەختەکان کەمینمان هەبایە، بەڵام دیسانیش هەموو ناوچەکەمان بۆ کۆنترۆڵ نەدەکرا. شەوێک دوو جاش بە سواریی ئەسپ دێن بۆ نیزیک گومرگی گۆمەگایە و

لـە عەمەلیاتێکـی تیرۆریستـیدا لـە سـەنگەری پاسـەوانیدا ڕسـووڵ لاوە شـەهید دەکـەن و بـۆی دەربـاز دەبـن. شـەهید ڕەسـووڵ لاوە پێشـمەرگەیەکی بەنـەزم و تێکۆشـەر بـوو. بـە دوای شـەهیدبوونی ڕەسـوو لاوەدا چەنـد شـەو تیمێـک لـە هەمـوو پـەل و لکـەکان بـۆ پاراستی بنکـەی گومـرگ دەچووینـە بنکـەی گۆمەگایـە. جارێـک بـۆ مـاوەی چەنـد شـەو نـۆرەی دەستـەی سێ هـات، ئێمـە چـوار کـەس چووین؛ تەنیـا نـاوی شـەهید هەمـزە گۆرانـم لەبیـر مـاوە. چووین بـۆ بنکـەی گومـرگ و ئێـوارێ خوالێخۆشبوو مـەلا خـدری مامکاوێ کـە بەرپرسـی گومـرگ بـوو بـۆی بـاس کردیـن کـە شـەوێ چـۆن پاسـەوانی بدەیـن و ڕسـوو لاوە چـۆن و لـە کـوێ شـەهید بـووە. منیـش سـاڵێک دەبـوو پێشـمەرگە بـووم. لـەوێ دەستبەکار بوویـن. ئەرکـی ئێمـە تەنیـا پاسـەوانی بـوو، دەنـا کەسـی دیکـەی لـێ بـوو کـە کاروبـاری گومـرگ و ئاشـپەزی و بەرپرسـایەتییان لـە ئەستـۆ بـوو، بـەڵام شـەوانە دەبـوو زۆر وریـا بیـن. بەڕاسـتی زۆریـش خەتـەر بـوو و نەدەکـرا کەمتـەر خـەم بیـن. وریـای و پاراستنی ئـەو شـوێنە کاری سـەرەکیمان بـوو. بۆیـە شـەو و ڕۆژمـان خستبووە سـەر یـەک بـۆ ئـەوەی زەربـە نەخۆیـن و ئەرکـی خۆمـان بـە باشـترین شـێوە بەڕێـوە بەریـن. بێجگـە لـە ئێمـەش کـە ئەرکـی ئـەو شـوێنەمان لـە سـەر شـان بـوو، بـە چەنـد جێگـەش کەمیـن دادەنـرا بـۆ ئـەوەی جارێـک ئـەو کەسـانە بخەینـە داوی خۆمـان، بـەڵام بەداخـەوە جێبەجـێ نەبـوو. شـەوێک مـن پاسـەوان بـووم و تفەنـگ بـە دەسـت هـەر چاوێکـم کردبـوو بـە دوو چـاو و سـەدان شـتی خـۆش و ناخۆشـم بـە خەیـاڵدا دەهاتـن و فکـرم لـە هەمـوو ئەگـەرەکان دەکـردەوە. گوێـم هەڵدەخسـت و چـاوم دەگێـڕا بزانـم چـی بـەدی دەکـەم. ڕاسـت لـەو سـەنگەرە دابـووم کـە ڕسـووڵ لاوەی تـێدا شـەهید ببـوو، ئەویشـم هەرلـە بیـر بـوو، هەمـوو ئەوانـە لـە مێشـکمدا بـوون و منیـان لـە ڕادەبـەدر وریـا کردبـۆوە. لـە

فکر و خەیاڵی خۆمدا بووم، لە پڕ دەنگێک بەر گوێم کەوت کە وەک دەنگی ڕەگبار دەچوو!!! گوێم هەڵدەخست بزانم چی ڕوو دەدات. چەک لە دەست و تەواو ئامادەی کاردانەوە بووم. دەنگەکە دووبارە بۆوە و وەک بڵێی بە کلاشنیکۆف ڕەگبار بکەی. تەواو باوەڕم هێنا کە بەڵێ دەنگی تفەنگە و پێموابوو لە بەری "بێدەلان"ەوە دێ!!. دەمگوت ڕەنگە کەمینی پێشمەرگەکانی خۆمان بێ و لەگەڵ ئەو کەسانە دەرگیر بووبن کە قەرارە هێرش بکەنە سەر بنکەی گومرک. دوای ماوەیەک بێ دەنگی، دیسان دەنگی ڕەگبارێکم گوێ لێبوو. ناچار بە ڕاکردن چووم کاک "هەمزە گۆران"م لەخەو هەستاند، هات بۆ لام و لێی پرسیم چ باسە؟! گوتم هەمزە! دەنگی ڕەگباران دێ!!! ئەویش کە گوێی هەڵخست گوتی وایە. پاشان پێیگوتم تۆ وریا بە، من دەچم کوڕەکان هەڵدەستێنم. زۆری پێنەچوو بە پێکەنین هاتەوە. گوتم چییە بۆ پێدەکەنی، کوان کوڕەکان؟! گوتی؛ ڕاوەستە، ئەوەی گوێت لێ بووە نە دەنگی تفەنگە و نە ڕەگبارە. دەزانی چیە؟! منیش گوتم ناوەڵڵا، چیە؟! گوتی ئەوە سەید عەلی لە سەر جێگاکەی ڕاکشاوە و نێرگەلە"قلیان" دەکێشی، ئەوە دەنگی قوڵتەقوڵتی قلیانی عەلیە. منیش ئیمانم لا نەما و بە تووڕەییەوە چوومە لای عەلی و لێی قەڵس بووم و چەند قسەی ناخۆشم پێی گوت و ئەوانیش زۆر پێکەنین. بەیانی دەنگۆ بڵاو بۆوە کە خدر بەگ دەنگی قلیانی سەید عەلی لێ بووە بە ڕەگبار و ترساوە. یادی ئەو ڕۆژانە بەخێر. سەید عەلی خەڵکی مەهاباد و لە هێزی گیاڕەنگ بوو و برایەکیشی بە ناوی وەلی شەهید ببوو.

## • تێکشکاندنی هێزێکی گەورەی دوژمن بە دەستی ڕۆڵەکانی هێزی گیاڕەنگ لە گوندی گۆڕەشێری ناوچەی سەردەشت

بەهاری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی تازە سازماندەیی هێزی گیاڕەنگ کرابوو. لەو سازماندەییەدا من لە لکی سێ بووم، کاک حوسێن پەیرەوان فەرماندەی لک و شەهید حەمە نارستی جێگری لک بوو. لکی سێ لە "کونەماریێ" واتە لە پشتی بنکەی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بنکە و مەقەڕاتی بۆ دروستکرا بوو. پێشمەرگەکان بەرەبەرە خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ ناوچە، جموجۆڵ لە لک و پەلەکان کەوتبوو.کۆبوونەوە لەسەر کۆبوونەوە دەگیرا. زۆر کەس کە ساڵانی پێشتر بەرپرسایەتییان هەبوو لە سازماندەیی تازەدا بەرپرسایەتییان پێنەدرابۆوە و زۆر کەسی تازەش کرابوون بە بەرپرس و فەرماندە لە یەکێک لە لک و پەلەکانی هێزی "گیاڕەنگ"دا. لەو ساتەوەختەدا ئەو سازماندەییە یەکێک لە باشترین بڕیارەکانی حیزب بوو بۆ ئەو سەردەمە چونکە هەلومەرجی ئەوکات پێویستیی بە خۆئامادەکردنێکی لەو چەشنە هەبوو.

لەو کاتەدا دوژمن هێزێکی زۆری لە گوندەکانی "دۆڵەتوو" و "ساوان" بەمەبەستی دانانی مۆڵگە لەگوندی "گۆڕەشێر" لە نیزیک بنکە و بارەگاکانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ کۆکردبۆوە.

ئەو هێزەی کە لە گوندی گۆڕەشێر بە نیازی دانانی مۆڵگەکە بوون زیاتر لە ٣٠٠ کەس دەبوون. فەرماندەکەیان ناوی کەلهوڕ بوو، لە گوندی دۆڵەتووێ لێی دەپرسن بۆ هەر یەک خەشاب "دەراغ" لەگەڵ خۆت دەبەی؟ لە وەڵامدا دەڵێ جاخۆ هەر سێ

٣٠ کەس دەکوژم و ئەو ٣٠ کەسەش ٣٠ فیشەکی بەسە. بەیانیەکی زوو واتە ڕێکەوتی ١٣٦٦/٢/١١ی هەتاوی ئێمە تازە لەخەو هەستابووین، کەسێک کە لە بازاڕی "پشکاوێ" خەریکی کار و کاسبی بوو و خۆیشی لە حکوومەت قاچاغ بوو، خۆی گەیاندە بنکەکانی ئێمە و گوتی هێزێکی زۆری دوژمن هاتووە لە گوندی گۆڕەشێر مۆڵگە دابنێ.

بەیانی زوو تازە تیشکی خۆر لە چیاکانی "مامەندە"و "جاسووسان"ی دابوو. بەهارێکی جوان و دڵگیر بوو. ناوچەکە ئاوەدان بوو و خەڵک خەریکی کاروکاسبی بوون. ڕۆژانە کەلوپەلێکی زۆر لەنێوان ئێران و عێراق ئاڵوگۆڕ دەکرا.

لە داوێنی ئەو دوو چیاییە دوو هێزی نابەرانبەر خەریک بوو بەرەوڕووی یەک دەبوونەوە. دەستەیەک هێزی پۆشتە و پەرداخ و داگیرکەری کوردستان و دەستەکەی دیکەش خاوەن ئیرادە و ئیمان و هێزی پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان بوو.

ئێمە تیمێک بە فەرماندەیی شەهید "حەمە نارستی" خۆمان ئامادە کرد و بەرەو گوندی گۆڕەشێر وەڕێکەوتین. ئەو تیمە ئەوانەی لەبیرم مابن بریتی بوون لە: حەمە نارستی، خالید نێوچوانی، عەلی باساوەیی، غەفوور واوەیی، خدرە چکۆڵ، عومەر کانیبی، عومەرە چکۆڵ، سەعدوون مارەغانی، محەممەد مام ئاغا، محەممەد غەمبار، خدر بەگ و دوو کەسی دیکە کە لە ناوهێنانیان خۆم دەپارێزم. لە شوێنێک بە ناوی "قونەسپی" بووین بە دوو بەش، من و دووکەسی دیکە چووین بۆ تەپکی "گۆڕگێوژێ" کە بە سەر گوندی گۆڕەشێریدا دەڕوانی و ئەوانەی دیکەش بە ڕێگای "بێدەلان"دا بەرەو بازاڕی "پشکاوێ" وەڕێکەوتن. ئەو هێزەی دوژمن کە هاتبوو بۆ گوندی گۆڕەشێر بەشێکیان چووبوون بۆ نێو بازاڕی پشکاوێ و هێندێک کەلوپەلی خەڵکیان

لەگـەڵ خۆیـان بردبـوو بـۆ نـاو گونـد. چەنـد کەسـێکیش دەگـرن و دەیـان بـەن بـۆ نێـو گونـد. بـە خەڵکـی گوندەکـە دەڵێـن دەبـێ گوندەکەتـان چـۆڵ بکـەن.

بەشـێک لـە خەڵکـی گونـدی گۆڕەشـێر بـەرەو گونـدی دۆڵەتـوو وەڕێ کەوتبـوون و بەشـێکیش لەگوندەکـە مابوونـەوە. هێزەکـەی دوژمـن خەریکـی خۆشـکردنی جێگـەی مۆڵگەکـە بـوو و بەشـێکیش چاودێـری ناوچەکەیـان دەکـرد. ئـەو هێـزەی دوژمـن پێکهاتبـوو لـە جـاش و پاسدار و زۆربـەی جاشـەکان خەڵکـی ناوچـەی سەردەشـت بـوون. لـە لایـەک دوژمـن خەریکـی دروسـتکردنی مۆڵگەیـە و لـە لایەکـی دیکـەش هەڵـۆ تیژباڵەکانـی هێـزی گیاڕەنـگ، پێشـمەرگە تێکۆشـەر و بـە بیروباوەڕەکانـی مەڵبەنـدی قارەمانـان بـە شـێوەیەکی پارتیزانـی گەمـارۆی دوژمنیـان داوە تـا بـۆ جارێکـی دیکـەش سەروەرییەکی دیکـە بـۆ مێـژوو تۆمـار بکـەن. شێرەکوڕانی دێموکـرات دەسـت لـە سـەر پەلاپیتکـەی چەکەکانیـان چاوەڕوانـی دەسـتووری فەرماندەکەیـان بـوون تـا دەرسـێک بـە دوژمـن بـدەن کـە قـەت لەبیریـان نەچێتـەوە.

پێشمەرگەکانی لکـی یـەک بـە فەرماندەیی کاک ڕەحمـان مارەغانی لـەو شـەڕەدا دەورێکـی کاریگەرییـان هەبـوو. ئەوانـەی لـە بیـرم مابـن کاک ڕحمـان خـۆی، عەلـی حاجـی، حەسـەن قەلەڕەشـی، عەبدوڵـڵای مـام ئاغـای، کاوە پەیـرەوان، عەلـی سەردەشـتی، حەسـەن مارەغانـی و چەنـد کەسـێکی دیکـە لـەو شـەڕەدا بەشـدار بـوون.

دوژمـن کـە بـە خەیاڵـی خـۆی دەیهەویسـت ئـەو تاقـە گونـدە ئازادکـراوەی ناوچەکـەش داگیـر بـکا، بێخەبـەر لـەوەی کـە لـە دەوروبـەری ئـەو گونـدە هەڵـۆ تیژباڵەکانـی هێـزی گیاڕەنـگ ئـەو تێکۆشـەرانەی کـە بـە دەیـان داسـتانی کەموێنەیـان بـۆ مێـژوو

تۆمار کردوە بێ ئەوەی هەست بە بوونیان بکات گەمارۆ دراوە. ڕۆڵەکانی دیموکرات دەیانەویست داگیرکەران تەفروتونا بکەن تا جارێکی دیکە غیرەتی ئەوەیان نەبێ ڕووبەڕووی تێکۆشەرانی کورد ببنەوە. هەروەک پێشتر باسم کرد هێزەکەی دوژمن کە چووبوون بۆ بازاڕی پشکاوێ، گەڕانەوە گوندی گۆڕەشێر و ئەو خەڵکەی کە لە بازاڕ گرتبوویانن ئازادیان کردن.

هێزی دوژمن بێ خەم خەریکی دانانی مۆڵگەکە بوو کە لە ناکاو کاتژمێر ٩ی بەیانی لە چەند لایەکەوە کەوتە بەر هێرشی پێشمەرگەکانی لکی سێی هێزی گیاڕەنگ و لەماوەیەکی زۆر کورتدا لەنێو گوندی گۆڕەشێر و دەوروبەری کەوتە پەلەقاژە و ئەوەی کوژرا دەنا بەرەو گوندەکانی دۆڵەتوو، داوداوێ و مامکاوێ هەڵاتن، بەڵام بێخەبەر لەوەی کە هەڵاتنیش فریایان ناکەوێ. ئەو هێزەی کە بەرەو گوندی دۆڵەتوو هەڵدەهاتن لە نیزیک "دووئاوی دۆڵەتوو" کەوتنەبەر پەلاماری پێشمەرگە تێکۆشەر و قارەمانەکانی لکی یەکی هێزی گیاڕەنگ بە فەرماندەیی ڕەحمان مارەغانی و لەو شەڕگەشدا ژمارەیەک لە هێزەکانی دوژمن کوژران و بەدیل گیران. فەرماندەی ئەو هێزە بە ناوی کەلهوڕ کە بە خەیاڵی خۆی بە سی فیشەک سی پێشمەرگەی دەکوشت، لەوێ بێ ئەوەی خوێن لە لووتی پێشمەرگەیەک بێ، کوژرا.

سەرئەنجام ئەو هێزەی دوژمن بە دەستی تێکۆشەرانی هێزی گیاڕەنگ تەفروتونا کرا. لەو شەڕەدا زیاتر لە چل کەس لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران، دوو کەس بەدیل گیران و چەکوچۆڵێکی زۆریش کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە. لەو شەڕەدا چەند جاشێکی بەناوبانگ کوژران. ئەو سەرکەوتنە لەو کاتەدا وەک تۆپ لەناو خەڵکدا تەقیەوە. لەو شەڕە قارەمانانەیەدا لە هێزی پێشمەرگە تەنیا کاک عومەر کانیبی بریندار بوو.

دوای سازماندەیی هێزی گیاڕەنگ ئەوە یەکەم شەڕی هێزی گیاڕەنگ بوو لە دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە و بەرچاو بوو. ئەوەی جێی تێڕامانە ئەو هێزە گەورەی دوژمن کە زۆر بەهێزەوە هاتبوون بۆ گوندی گۆڕەشێر بەدەستی دەستەیەک لە شێرەکوڕانی هێزی گیاڕەنگ بە جۆرێک لووتیان شکا کە قەت چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد! چەند کەس لە کوردە هەڵخەلەتاوەکان کە لەگەڵ ئەو هێزە دابوون و دوایی بوون بە پێشمەرگە باسی ئەو شەڕەیان دەکرد. گێڕانەوەی ئەو شەڕە لە زمان ڕەوانشاد عەلیە سوورەی بێوران زۆر خۆش بوو، باسی دەکرد کە چۆن هەڵاتوون و کەس لە سەر کەس نەوەستاوە.

سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە لەو شەڕەدا ڕۆڵیان گێڕا و لە درێژەی خەبات و تێکۆشاندا شەهید بوون.

ئەو داستانە باسی ڕۆژگارێک بوو کە بۆ نەتەوەکەمان گرینگیی خۆی هەیە و تا ئێستاش لەبیر و فکر و خەیاڵمان دا هەر زیندووە. ئەو سەردەمە سەردەمی بەرخۆدان بوو، ڕۆژ نەبوو لە سەرانسەری کوردستان سەرکەوتنی گەورە و کەموێنە تۆمار نەکرێ. ئەو سەرکەوتنە کەموێنەی گوندی گۆڕەشێریش یەکێک لەو سەرکەوتنانە بوو کە لەسەر دەستی تێکۆشەرانی هێزی گیاڕەنگ تۆمار کرا.

- **شەڕی گەورە و بەربڵاوی جادەی خدراوێ– میراوێ – ئاڵواتان**

بۆ گێڕانەوی بیرەوەری ئەو جارە دەگەڕێمەوە بەهاری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، بۆ ئەو کاتەی کە لەگەڵ پۆلێک لە هاوڕێ،

هاوسەنگەر و فەرماندە بەوەجەکانی ڕۆژە سەخت و دژوارەکانی خەبات باکمان لە مەرگ نەبوو.

ئەو کاتانەی کە ڕۆژ نەبوو لە ناوچەیەکی کوردستان لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە زەربە لە هێزی داگیرکەری کوردستان نەدرێ.

هەرچەندە گێڕانەوە و نووسینەوەی ئەو هەموو خۆڕاگری و فیداکارییە ڕەنگە کاری کەسێکی وەک من نەبێ، بەڵام ئەوەندەی بۆم بکرێ و لە دەستم بێ بۆ زیندووڕاگرتنی خەباتی ئەو دەورانە و ناساندنی بە نەسڵی تازەی نەتەوەکەمان ئەرکی خۆم جێبەجێ دەکەم. باش دەزانم هەر کارێک کە بیکەی حەتمەن کەموکورتی خۆی دەبێ، بەڵام بەهەرحاڵ من ئەوەندەم لە دەست دێ.

ئەو جارەش چەند ڕۆژ دوای شەڕی گۆڕەشێر کە یەکەم گورزی بەهێز بوو بەر هێزی دوژمن کەوت، تیمێکی ١٥ کەسی لە تێکۆشەرانی لکی ٣ی هێزی گیاڕەنگ و پەلی فەرماندەیی لەگەڵ بەڕێز و تێکۆشەر کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی لە "سونێ" بەرەو "قەندیل" "سێ کوچکەی سەردەشت- پیرانشار- باشووری کوردستان" وەڕێ کەوتین.

ئێمە نەماندەزانی ئامانجی سەرەکی لەو جەولەیە چییە. بە ئارامی لە کەشێکی بەهاریدا هەورازی چیاکانی "کەنێرێ، چەکوچ و سادر"مان گرتەبەر. بۆ بەرەبەیان چووینە نیزیک "دەشتێ خواری". هێشتا بەفر لە دوڵ و لاپاڵەکانی کوێستانی قەندیل مابوو و هەوا زۆر سارد بوو. دوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە و بۆ نان و چا خواردن و دابینکردنی تەداروکات دەچووینە چادرەکانی ئەو دەڤەرە.

شەوانە کەشێکی زۆر سارد زاڵ دەبوو، لە سەرمان خەومان لێ نەدەکەوت و لە دەوری ئاور کۆدەبوینەوە و شۆخییەکانی

سەعدون مارەغانی و سەید تەها كە خەڵكی مەهاباد بوو بەزمی شەوانەی خۆش دەكرد. سەید تەها بەقسەی سەعدون تووڕە دەبوو. چەند جارێک شكایەتی لێ كردبوو. بەڵام سەعدون وازی لێ نەدەهێنا و لە گاڵتەكردن بەردەوام بوو.

دوای دوو شەو مانەوە لە كوێستانی قەندیل ئێوارەیەک بەرەو چادرەكانی "كاولان" وەڕێ كەوتین، شەوێ میوانی هەوارچییەكانی گوندی كاک سلێمانی كاولانێ و چەند ماڵێكی دیكە بووین، دوای نان و چا خواردن بەرەو شوێنی مانەوە وەڕێ كەوتین.

بۆ مانەوە چووینە دەوروبەری "خدراوێ" و لە "سێپەكان" ماینەوە تا كاتژمێر یەكی دوای نیوەڕۆ هەروەک ڕۆژان لە دەوری یەک كۆدەبووینەوە، تا ئەوكاتیش ئێمە پێشمەرگەكان نەماندەزانی بۆچی هاتووین بۆ ئەو ناوچەیە، لە كاتژمێر یەكی دوانیوەڕۆ مەسەلەكە گۆڕا. كاک مەلا حەسەن و چەند كەس لە فەرماندەكان كۆبوونەوە، دوای ماوەیەک ئێمەیان بەجێهێشت و بە دووربین چاودێریی ناوچەكەیان دەكرد بە تایبەت جادەی سەردەشت – پیرانشار و جادەی خدراوێ بۆ ئاڵواتان. ئەو جار بۆمان دەركەوت كە شتێک لە گۆڕێدایە، بەڵام خۆ ئێمە نەماندەپرسی بەرنامە چییە چونكە نەدەكرا پرسیار بكەین، بۆمان دەركەوت كە دەیانهەوێ بەرنامەیەكی عەمەلیاتیی گەورە لە خدراوێ و جادەی ئاڵواتان بەڕێوە بەرین.

ئێوارێ هێندێک تەقەمەنی كە بە ولاغ هێنابوومان لەوێ شاردمانەوە و هەر ئەو ئێوارەیە ئەو شوێنەمان بەجێهێشت، بۆ شەوێ چووینە چادرەكانی ئالیەمەران و سێپەكان، بۆ بەیانی چووینە كێوی كاسەبەردین و لەوێ ماینەوە.

ئێوارەكەی چووینە چادرەكانی سووورە زەویان. بەڵام كاک مەلا حەسەن لەوێ مایەوە و نەهات، ئێمە چەند كەسێک

چووین بۆ لای چادرەکان. هەر کە چووینە نێو چادرەکان، خەڵک هەموویان بە گومانەوە چاویان لە من دەکرد، منیش زۆرم پێ سەیر بوو!!.

پرسیارم لە قادر مەمۆ کرد و گوتم قادر ئەوە بۆ ئەو خەڵکە بەو شێوەیە تەماشای من دەکەن؟!

قادر مەمۆ یەک لە پێشمەرگە ئازا و شارەزاکانی هێزی گیارەنگ بوو کە لە ساڵی١٣٧٣ لە نیزیک گوندی دۆڵەتوو شەهید بوو. گوتی ئەو نەفەرە دەبینی دەڕوا، ئەوە زاواکەتە گوتوویەتی با خدر بەگ نەمبینێ.

منیش هەر زوو بە نەفەرێکم گوت بڕۆ بیگێڕەوە. گێڕایانەوە و من هەر لەوێ لەگەڵی ئاشت بوومەوە و هەر بە خۆیدا وێنەیەکی خۆم بۆ خوشکم نارد، زاوا بەخێر و ئەمن بەسلامەت!

جا بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئازیز بزانن بۆچێ زاوا زێڕینە خۆی لە من دەشاردەوە هەر خۆشە بەسەرهاتەکە وەک خۆی بگێڕمەوە. من زۆر منداڵ بوومە کە ئەو زاوایەمان لە دێی ئێمە گاوان دەبێ و خوشکم دەڕفێنێ "هەڵیدەگرێ"، یان بە کوردییەکەی خۆمان خوشکم ڕەدوو دەکەوێ و چەندین جار بۆ مەسڵەت دەچێتە گوندی ئێمە بەڵام براکانم ڕازی نابن و دەستی بە سینگەوە دەنێن.

دوای ئەوەی من لەگەڵی ئاشت بوومەوە بەردی بناغەی ئاشتبوونەوەی یەکجاری سەری گرت و خوشکم دوای زیاتر لە بیست ساڵ گەڕایەوە بۆ ماڵە باوان و وەریانگرتەوە.

دوای داڕشتنی گەڵاڵەیەکی عەمەلیاتیی گەورە لە لایەن فەرماندەکانەوە و کارێکی ئینسانی کە من کردم بە خێروخۆشی گەڕاینەوە بنکەکانمان لە "سونێ".

ئێستا لەگەڵ نووسینەوەی ئەو بیرەوەرییە کەوتوومە یادی ئەو ڕۆژەی کە هەموومان لێک دابڕاین و هەرکەسەو بەرەو

شـوێنی خـۆی وەڕێكـەوت. ئـای چەنـدە ناخۆشـە كـە كۆمەڵێك هـاوڕێ و پێشمەرگە كـە شـەو و ڕۆژ بـە یەكـەوەن و دەڕۆن و نازانـن داخـوا جارێكـی دیكـە یەكتـر دەبیننـەوە یـان نـا. ئایـا دەتوانـن چۆنیەتیـی جێبەجێكردنـی ئـەو داسـتانە بـۆ یـەك بگێڕنـەوە؟! چونكـە ئەوەمـان زۆر جـار بـە چـاوی خۆمـان دیتـوە؛ كاتێـک دوای تـەواو بوونـی عەمەلیـات هاوڕێكانمـان شـەهید بـوون، ئەوانـەی لـە هەمـوو خۆشـی و ناخۆشـیەكان‌دا پێكـەوە بوویـن و ئێسـتا زۆریـان لـە ژیـان‌دا نەمـاون، ئەگـەر بیروبـاوەڕ نەبـێ چـۆن بەرگـەی ئـەو هەمـوو سـەختی و ناخۆشـیانەمان دەگـرت.

ڕێكەوتـی ٤/٩/ ١٣٦٦بـە مەبەسـتی جێبەجێكردنـی گەڵاڵـەی ئـەو عەمەلیاتـە لـە بنكەكانـی "سـونێ" بـەرەو شـوێنی مەبەسـت وەڕێ كەوتیـن. ئـەو چەكوچۆڵـەی كـە بـۆ بەڕێوەبردنـی ئـەو عەمەلیاتـە ئامـادە كرابـوو، لـە وڵاغـەكان باركـران و هەموومـان بـە یەكـەوە وەڕێ كەوتیـن. لـە درەنگانێكـی شـەودا دوای ماندووبوونێكـی زۆر گەیشـتینە "بەردەسـووران"ی نیزیـک "دەشـتێ خـواری" كـە زۆر سـارد بـوو، ڕۆژەكـەی لـەوێ مایـنـەوە.

ئێوارەی ئـەو ڕۆژە لەگـەڵ تاریكبوونـی هـەوا بـەرەو لای خدراوێ – ئاڵواتـان وەڕێ كەوتیـن. ئـەو شـەوەش دوای درەنگانێكـی شـەو هەموومـان بـە یەكـەوە گەیشـتینە ئـەو شـوێنەی مەبەسـتمان بـوو. ڕۆژەكـەی ئەسـڵی كار دەسـتی پێكـرد، هەمـوو پێشـمەرگەكان كـران بـە شـەش دەسـتە. لـەو شـەش دەسـتەیە، سێ دەسـتە بـۆ سـەر جـادە وەک تیمـی كەمیـن، سێ دەسـتەش وەک دەسـتەی پشـتیوان دیـاری كـران. دەسـتەی یەكـەم لـە پێشـمەرگەكانی لكـی سێ، بـە فەرماندەیـی حوسـێن پەیـرەوان و حەمـە نارسـتی بـۆ سـەر جـادەی ئاڵواتـان بـۆ خـدراوێ دیـاری كـران، دەسـتەی دووهـەم بەسەرپەرسـتیی كاک سـاڵح ڕەبەتـی و كاک خـدر میراوەیـی لـە

نیزیـک ئەسـحابەی گۆڕەمـەر، دیاریکـران، دەسـتەی سـێهەم بـە سەرپەرسـتیی کاک ڕەحیـم قاڕنجـی و عەلـی حاجـی، بـۆ سـەر جـادەی خـدراویێ –میـراویێ ئەرکدار کران و سێ دەستەی دیکەیـش وەک هێـزی پشـتیوان بـۆ لێدانـی مۆڵگەکانـی چەکـۆ، گۆڕەمـەر و گورهانـی ئاڵواتـان دیـاری کـران. دوای دابەشکردنی ئەرکـەکان هەمـوو تیمـەکان بـەرەو شـوێنی خۆیـان وەڕێ کەوتـن.

ئەوانـەی بـۆ جارێکیـش ئـەو ناوچەیـان دیتبـێ دەزانـن کـە دەربازبـوون بـە ڕۆژی ڕوونـاک لـەو ناوچەیـە چەنـدە سـەختە، مەگەر کەسێکی شارەزا لەگەڵ بێ، دەنا لەو لێڕەوار و دارستانە چڕ و پڕەدا هاتوچۆ زۆر دژوارە، بەڵام ئەوە بیروباوەڕ و ئەرکی حیزبییە کە لە هیچ سەختییەک سڵ ناکەیتەوە. ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبێتـم شـوێنی ئێمـە واتـە لکـی سـێ، لـە هەموویـان دوورتـر و ناخۆشتر بـوو. ئێمـە زۆر بـە زەحمـەت توانیمـان بگەینـە شـوێنی خۆمـان. ڕۆژی ١٣٦٦/٤/١٢ هەمـوو تیمـەکان لـە شـوێنی خۆیـان ئامـادە بـوون. لـە کاتژمێـر ٢ی دوانیـوەڕۆ فەرمانـدەی عەمەلیـات، بەڕێـز کاک مەلاحەسـەنی شیوەسـەڵی فەرمانـی هەڵمەتـی بـۆ سـەر لەشکری داگیرکـەری کوردسـتانی دا و لـە یـەک کاتـدا لـە هەمـوو شـەڕگەکانەوە پێشـمەرگەکانی دێموکـرات بەورئاسـا پەلامـاری هێزەکانـی دوژمنیـاندا. ئێمـەش کە بەشێک بووین لەو تێکۆشـەرانە، لـە پێشـدا هێرشمان بۆسـەر ڕێگرەکانـی "تأمیـن" سـەر جـادە دەست پێکـرد، لـەو کاتـەدا ماشـێنێکی هێزەکانـی دوژمـن کەوتـە کەمینـی پێشـمەرگەکانی لکـی سـێ و درایـە بـەر دەسترێژی چەکـەکان. لـەلای ئێمـە چەنـد کەسـێک لـە هێزەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی کـوژران و ماشـێنەکەش سـووتێنرا.

لەنیزیـک "گۆڕەمەر"یـش ماشـێنێکی دیکـەی دوژمـن کەوتـە کەمینـی پێشـمەرگەکانی لکـی دوو کـە ئەوانیـش ماشـێنەکەیان سـووتاند و

چەند كەسێک لە هێزەكانی كۆماری ئیسلامی كوژران.

لكی یەک بە سەرپەرستی هاوڕێیان ڕەحیم قارنجی و عەلی حاجی كە دیاری كرابوون بۆ سەر جادەی خدراوێ-میراوێ، پێش ئەوەی بچنە سەر جادە، دەستەی بە ناو زەربەتی میراوێ بە مەبەستی هەڵگرتنی پێ و شوێنی پێشمەرگە هاتبوون بۆ مووچەكانی پشتی جادەی كە ئەوانیش كەوتنە بەر هێرشی پێشمەرگەكانی لكی یەک و تەفروتوونا كران. لەو دەستەی بە ناو زەربەتە ئەوەی كوژرا كوژرا و هێندێكیان بەدیل گیران و ئەوانی دیكە هەموویان بە هەڵەداوان خۆیان لە دەستی هێزی پێشمەرگە دەرباز كرد. سێ دەستەكەی دیكە ئاوربارانی گورهانی "ئاڵواتان"، مۆڵگەی گۆڕەمەر و مۆڵگەی چەكۆیان دەكرد بۆ ئەوەی هێزی دوژمن نەتوانێ بە هاواری ئەو هێزەوە بێ كە لە كەمینی هێزەكانی پێشمەرگە كەوتبوون.

لەو عەمەلیاتە دا دەیان كەس لە هێزەكانی كۆماری ئیسلامی كوژران، سێ ماشێن سووتان و چوار كەسیش بەدیل گیران.

لەو عەمەلیاتە گەورەدا زیانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان تەنیا برینداربوونی پێشمەرگەی ئازا و بەجەرگی ئەوكاتەی هێزی گیاڕەنگ كاک سەید خدر نەبیپوور بوو.

دوای بەئەنجام گەیاندنی ئەو عەمەلیاتە و ئەو ئەركەی كە بۆمان دیاری كرابوو، بەرەو كوێستانەكانی پشتی ئاڵیەمەران گەڕاینەوە. دواتر ناوچەكە بە سەختی لە لایەن هێزەكانی كۆماری ئیسلامییەوە تۆپباران كرا.

ئەو عەمەلیاتە یەكێک لەو چالاكییە بەنێوبانگانەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بوو كە هەم فەرماندەی عەمەلیات، كاک حەسەن شیوەسەڵی و فەرماندەكانی دیكەی ئەو هێزە شارەزایانە گەڵاڵەكەیان داڕشتبوو و هەم پێشمەرگە قارەمانەكانیش ڕۆڵی

ئازایانەی خۆیان تێیدا گێڕا.

- داستانێکی دیکەی ڕۆڵەکانی هێزی گیارەنگ لە جادەی سەردەشت – پیرانشار بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە

یادگاری و بیرەوەرییەکانی ئەوکات قەت کۆن نابن. ئەگەر سەیری مێژووی ئەو سەردەمە پڕدەسکەوتە بکەین بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆڵەکانی دێموکرات لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ی هەتاویدا ڕۆژ نەبووە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان زەبری بەهێز و گورچکبڕ لە پەیکەری دوژمن نەدەن.

ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی دوای سازماندەیی تازەی کۆمیتەی شارستان و هێزی گیارەنگ، بڕیاردرا بەشێک لە هێز و کۆمیتەی شارستان بگوازنەوە بۆ قەندیلی سەرکەش، ئەو قەندیلەی کە بە درێژایی مێژوو پشت و پەنای شۆڕشگێڕانی کوردستان بووە.

جموجۆڵ لە لک و پەلەکان کەوتبوو، ئێمەش لە لکی سێ بووین بە دوو بەش، بەشێک لە پێشمەرگەکان بەرەو قەندیل و بەشێکیش بەرەو ناوچە وەڕێکەوتین. من لەگەڵ ئەو بەشە بووم کە بەرەو ناوچە دەچوون.

ئەگەر لەبیرم بێ زیاتر لە بیست کەس دەبووین، فەرماندەی لک کاک حوسێن پەیرەوان و جێگری لک کاک حەمە نارستی هەردووکیان لەگەڵمان بوون. بەرەو ناچە وەڕێکەوتین و لە سنووری "کانیەزەرد" چووینە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دوای چەند ڕۆژێک سەردان و گەڕان لە ناوچەکە و پێشوازیی گەرمی خەڵک لە ئێمەی پێشمەرگەی دێموکرات، ڕۆژێکیان بۆ مانەوە چووینە پشتی گوندی "نارست" کە شوێنکی باش نەبوو، لەوێ ماینەوە بێخەبەر لەوەی کە دوژمن هەستی بە بوونی

ئێمە کردوە، هێزێکی زۆری هێنابوو کە لەو شوێنە گەمارۆمان بدات بەڵام ئێمە زوو هەستمان پێکرد و بە لێزانیی فەرماندە بەوەجەکانی ئەو کات شوێنی خۆمان بەجێهێشت و بەرەو لای گوندی "دیوالان" وەڕێکەوتین. لە ڕێگادا بووین کە "برایم نەزمی" بێهۆش بوو و ماوەیەکی پێچوو تا وەهۆش هاتەوە. لەوێوە چووین بۆ شوێنێک بە نێوی "خێلە" و تا ئێواری لەوێ ماینەوە. ئەو شەوە چووینە گوندی دیوالان و دوای نانخواردن بەرەو دەوروبەری گوندی "کۆدەلێ" وەڕێکەوتین. لە دەوروبەری ئەو گوندە ماینەوە و شەوێ چووینە گوندی "ئەحمەدبریو" و دوای ماوەیەک مانەوە لەنێو گوند پاشان ڕێگەی دووردرێژی "دۆڵەبی"مان گرتەبەر و بەرەو "پڕکانیان" کە ناوچەیەکی هەرچەند بڵێی دڵگیر و خۆش و پڕ ئاوی سازگارە، وەڕێکەوتین. شەو درەنگانێک لەگەڵ بەشێک لە فەرماندە بەرچاو و تێکۆشەرەکانێ هێزی گیاڕەنگ بە سەرپەرستی فەرماندەی بەوەج و دوژمن تۆقێنی هێزی گیاڕەنگ کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی یەکمان گرتەوە. کاک حەسەن شیوەسەڵی یەکێک لە فەرماندە ئازا و لێهاتوەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە لەنێو ڕیزەکانی دێموکراتدا وێنەی دەگمەن بوو. بە دەیان گەڵاڵەی گەورەی شەڕی داڕشت و لە هەموویاندا سەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێنا، بەتایبەتی لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا کە لە بەشەکانی دیکەی بیرەوەرییەکانمدا باسی هەموویان دەکەم.

ئەو ڕۆژە دیار بوو کە شتێک لە گۆڕێ دایە. لەو ڕۆژەدا لە نیزیک چیای سەرکەشی "گۆمێ" کە زاڵە بەسەر ناوچەکەدا لەبن دارگێوژێکی داوێنی ئەو چیا سەرکەشە کۆبوونەوەی فەرماندەکان گیرا و گەڵاڵەی عەمەلیاتێکی گەورە لەسەر جادەی سەردەشت – پیرانشار داڕێژرا کە لەو عەمەلیاتەدا گورزێکی گورچکبڕ لە هێزەی دوژمن درا و دوژمنی تاساند.

پێویستە بگوترێ ئەو عەمەلیاتە ڕێکەوتی ٢٢ی گەلاوێژ بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەڕێوەچوو.

ڕۆژی ٢١ی مانگی گەلاوێژی ١٣٦٦ هێزێکی ئازا و زەبروەشێن بۆ جێبەجێکردنی ئەو گەڵاڵەیە لە قەندیلەوە گەیشتە لای ئێمە.

بەیانی کۆبوونەوەی فەرماندەرانی نیزامی دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.

هەموو پێشمەرگەکان بەسەر چەند تیمێکدا دابەش کران. بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو عەمەلیاتە چوار تیم بۆ سەر جادەی پیرانشار – سەردەشت ئامادەکران، دەستەی یەک لە نیزیک گوندی "عەلیاباد"، دەستەی ٢ لە نیزیک گوندی "مووسالان"، دەستەی ٣ لە نیزیک گوندی "نەبیاوا" و دەستەی ٤ لە نیزیک گوندی "شێواوکان" دامەزران. ئەو گوندانە هەموویان لەسەر جادەی پیرانشار – سەردەشت هەڵکەوتوون. چەند دەستەی دیکەش وەک هێزی پشتیوان بۆ پشتیوانی لەو تیمانە دیاری کران. سەرجەم کارەکان تەواو کران و ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ لە دەوری یەک بووین.

ئێوارێ هەموو دەستەکان بۆ شوێنی خۆیان وەڕێکەوتن و شەوەکەی هەر تیمە لەجێگەی خۆی دامەزرا و هەموو دەستە و تیمەکان چاوەڕوانی دەستووری فەرماندەی عەمەلیات مانەوە.

دەستەی ئێمە لە لکی سێ بە سەرپەرستی کاک حوسێن پەیڕەوان و شەهید حەمە نارستی بوو کە لە قەراغ گوندی نەبیاوا چووینە سەر جادە و تیمێک لە نیزیک گوندی شێواوکان بە سەرپەرستی کاک عومەر باڵەکی و تیمێکی دیکە بە سەرپەرستی کاک ساڵح ڕەبەتی لە نیزیک گوندی مووسالان چوونە سەر جادە.

دەستەی چوارم بە سەرپەرستی شەهید ڕەحیم قاڕنجی و خدر میراوەیی و چەند کەسێکی دیکە لە سەرپەل و جێگر پەلەکان لەنیزیک گوندی عەلیاباد چوونە سەر جادە.

دەستەکانی پشتیوانییش هەموویان لە جێی خۆیان ئامادە بوون. سەرئەنجام عەمەلیات لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دەستی پێکرد، لە هەموو شەڕگەکان تەقە دەستی پێکرد و هێزەکانی پشتیوانییش لە نیزیک میراوێ ڕا تا دەگاتە گوندی دێگە سەرجەم مۆڵگەکانی ئەو ناوچەیان ئاورباران دەکرد تا تیمەکانی هێرش بتوانن بەباشی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. لە ئاکامدا لە گورهانی عەلیاباد چەند ماشێنی دوژمن بە ئاوری هێزی پشتیوان سووتان کە دووکەڵی سووتاوی ماشێنەکان لە تەواوی ناوچەی نەڵێن بەباشی دیار بوو. لە هەڵمەتی تیمەکانی هێرشدا چەند ماشێنی دوژمن کەوتنە کەمینی هێزەکانی پێشمەرگە و بە تەواوی سووتان و تێکشکێندران.

لە کەمینی گوندی عەلیاباد ماشێنێکی هێزەکانی دوژمن کەوتە کەمینی پێشمەرگەکانی لکی یەک و لکی دوو کە دوازدە پاسدار تێیدا کوژران. لەو شەڕگەدا کەسێک بەناوی "شەمس" کوژرا کە وابزانم فەرماندە گوردان بوو و هەروەها چەند پلەداری دیکەش کوژران.

لە لای ئێمەش ماشێنێکی دیکە کەوتە کەمینی پێشمەرگەکانی لکی سێ و هەر زوو ئاگری گرت و حەوت کەس کوژران و کەسێکش بە بریندارى بەدیل گیرا.

لە کەمینی گوندی شێواوکان بە سەرپەرستی کاک عومەر باڵەکی هێرش کرایە سەر ڕێگرەکانی "تامین" سەرجادە و ژمارەیەکیان لێ کوژران و چوار کەسیش بەدیل گیران. ئاگر و دووکەڵی ماشێنە سووتاوەکانی هێزەکانی دوژمن لە تەواوی

ناوچـەی نەڵێـن دیـار بـوو و خەڵـک بـە خۆشـحاڵییەوە شـاهیدی قارەمانەتیـی هێـزی پێشمەرگە و زەبوونیـی هێزەکانـی ڕێژیم بـوو.

لـەو عەمەلیاتـەدا ژمارەیەکی زۆر لـە هێزەکانـی کۆماری ئیسلامی کـوژران و برینـدار بـوون و چەندیـن ماشـێنی دوژمـن سـووتان. لـەو شـەڕەدا بەخۆشـیەوە هێـزی پێشـمەرگە بـێ زیـان بـوو و دوژمـن زەبرێکـی بەژانـی وێکـەوت. ئـەو عەمەلیاتـە لـەو سـاڵەدا یەکێـک لـە گەورەتریـن عەمەلیاتەکانـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـوو. پـاش تەواوبوونـی ئـەو عەمەلیاتـە هەمووومـان بـەرەو "پڕکانیـان" و "سـەری گۆمـێ" پاشەکشـەمان کـرد و لـەوێ لەگـەڵ کاک مـەلا حەسـەن فەرمانـدەری هێـز و فەتـاح ڕیحانـی کـە جێگـری هێـز بـوو یەکمـان گرتـەوە.

ئـەو عەمەلیاتـە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێـژ وەک "سـەرنج بـدەن" لـە "ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان" بـە دەنگـی زوڵاڵـی کاک ئەحمـەد شـێربەگی خوێندرایـەوە.

کـوژراوی دوژمـن دەیـان کـەس بـوون و پێنـج کەسـیش بەدیـل گیـران و چەکوچۆڵێکـی زۆریـش کەوتـە دەسـتی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان. بـە دوای تەواوبوونـی شـەڕەکەدا کۆمـاری ئیسـلامی ناوچەکـەی بەسـەختی تۆپبـاران کـرد.

ئێمـە ئێـوارێ هەمووومـان کۆبووینـەوە و بەسـەرکەوتوویی و بـێ زیـان بـە "دەشـتی وەزنـێ"دا گەڕاینـەوە بنکەکانمـان لـە یەکێـک لـە چیاکانـی قەندیلـی هەمیشـە سـەربەرز و پشـتیوانی پێشـمەرگە.

## دەستبەسەرداگرتنی جاشخانەی گوندی ئەحمەدبریو

جارێکی دیکە دوای ساڵانێکی زۆر بە خەیاڵی ڕابردوو گەڕامەوە دەڤەری بەرخۆدان و مەڵبەندی فیداکاری، ئەو دەڤەرەی کە هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە و قەت لەبیر ناکرێ. ئەو ناوچەیە کە هەردەم مەکۆی بەرخۆدانی نەسڵ بە نەسڵی ڕۆڵەکانی گەل و نیشتمان بووە. ئەو مەڵبەندە واتە "سەردەشت"ی سەرسەوز لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد بە درێژایی مێژووی جووڵانەوەکان پێشەنگ و پێشڕەو بووە. لەو ناوچەیە دەیان ڕۆڵەی بە ئەمەگ و شۆڕشگێڕ بەدەستی دوژمن خوێنیان ڕژاوە و چوونەتە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە.

بۆ گێڕانەوەی داستانێکی دیکەی پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ، کەمێک دەگەڕێمەوە بۆ پێش دەستپێکردنی عەمەلیاتەکە.

ماوەیەک پێش بە ئەنجام گەیاندنی ئەو عەمەلیاتە، دەستەیەکی تێکەڵاو لە هەموو لکەکان بە سەرپەرستی تێکۆشەر و فەرماندەی ڕۆژە سەختەکانی خەبات کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی، بەرەو ناوچە وەڕێکەوتین؛ ئەوانەی لە بیرم بن کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی، کاک عومەر باڵەکی، کاک حوسێن پەیرەوان و ئێمەش چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵ ئەو بەڕێزانە بووین.

دووهەم شەو لە شوێنی مەبەست واتە گوندی "کۆدەڵێ"، نیزیک بووینەوە، شەو لە سەر کانیە "سڵاوکێ" دانیشتبووین، یەکێک لە کوڕەکان کە بەشی تەداروکات بوو، گوتی: "کتریمان لە بیر چووە".

کاک مەلا حەسەن زۆر تووڕە بوو، کاک عومەر باڵەکی لەسەرەخۆ گوتی من دەچم کتری دێنم بێ ئەوەی کەس بمبینێ،

ئـەوان مانـەوە، مـن و کاک عومـەر باڵەکـی و دوو پێشمەرگەی دیکـە چووین بـۆ نێو گونـد؛ کـە چووین لەنێو گوندەکـە دوو ژن لـە سـەر بانیـژە خەریکی قـاپ شـۆردن و قسـە کـردن بـوون، دیار بوو زۆر بە قووڵی چووبوونـە نێو باسـەکەیان و هۆشـی دەوروبەریـان نەبـوو، کترییـەک ئـاوی گەرمیـان لـە لای خۆیـان دانابـوو و سـەرگەرمی قسـەکردن بـوون. لـە بـن سوانەی بانیژەکـە کاک عومـەر کترییەکـە کـە پڕ لـە ئـاوی گـەرم بـوو بەهێواشـی هێنایـە خـوارێ، ژنـەکان لەبـەر قسـە کـردن هەسـتیان نەکـرد. کەمێـک دوور کەوتینـەوە کـە ئـەوان هەسـتیان پـێ کـرد، یەکێـک لـە ژنـەکان هـاواری کـرد کـوا کتریەکـەم؟ تـازە کار لـە کار ترازابـوو، ژنـەکان دوو سـێ جنێویـان دا و وایانزانـی وڵاغـدار کتریەکـەی لـێ دزیـون.

چووینـەوە بـۆ لای پێشـمەرگەکان، پرسـیاریان کـرد، هێناتـان؟ گوتمـان بەڵـێ. گوتیـان ئـەدی کـەس ئێـوەی نـەدی؟ نـاوەڵا، زۆریـان پـێ سـەیر بـوو، بەهـەر حـاڵ بـێ ئـەوەی خاوەنـی هەسـت پـێ بکا کتریـە ڕەش بـوو بـە فریـادڕەس و هاوسـەفەرمان.

دیـار بـوو شـتێک لە گـۆڕێ دابـوو، بەهەرحاڵ ئـەو ڕۆژە بەرنامەی عەمەلیاتێکـی گـەورە دانـرا، دوای ئامادەکردنـی پێداویسـتییەکانی ئـەو عەمەلیاتـە و دیاریکردنـی شـوێنەکان، بـە دەشـتی "وەزنـێ"دا گەڕاینـەوە بـۆ بنکەکانـی خۆمـان لـە قەندیـل. ناوچەکـە لەگـەڵ ئـەوەی کـە چەنـد مۆڵگـەی دوژمنـی لـێ بـوو، دوو دەسـتەی زەربـەت پێکهاتـوو لـە جـاش و جاشسـەرباز لـە گوندەکانـی نێوچـوان و ئەحمەدبریـو جێگیـر کرابـوون.

مەبەسـتی ئەسڵیی ئێمـەش لێدانـی زەبـر لـەو دەسـتەی زەربەتـە بـوو کـە لـە مزگەوتـی گونـدی ئەحمەدبریـودا بـوون. ڕۆژانـە وەدوای پێوشـوێنی تێکۆشـەرانی دێموکـرات دەکەوتـن و ئـازاری خەڵکـی ناوچەکەیـان دەدا و لـە هیـچ کردەوەیەکـی نـاڕەوا درێغیـان نەدەکرد.

کاک مەلا حەسەن کاتێک نیازی عەمەلیاتێکی هەبوایە، لە پێشدا هەموو بەرنامە و پلانەکانی دادەڕشت. ئەوانەی کە ئاگاداری مەسەلەکە بایەن، زۆر بە باشی بۆی باس دەکردن و پێیڕادەگەیاندن کە هیچ کەس نابێ باسی بکات، کەسیش باسی نەدەکرد، چونکە ئەگەر باسی کردبا لێپرسینەوەی لێ دەکرا و هەر بۆیە کەس نەیدەوێرا باسی بکات.

ڕێکەوتی ١٧/ ١٣٦٦/٦ی هەتاوی ئێمە هێزی جێبەجێکاری ئەو عەمەلیاتە، لە "قەندیل"ەوە بۆ تۆمارکردنی داستانێکی دیکەی لەبیرنەکراو وەڕێکەوتین، ئەو پێشمەرگانەی کە بە دەیان جار هێزی دوژمنیان لەنێو دۆڵ و لێرەوارەکانی ناوچەی سەردەشتدا تەفروتونا کردبوو، ئەو هێزەی کە خاوەنی بیروباوەڕ و ئیرادەیەکی پتەو بوو و هەرگیز دوژمن نەیتوانی بەچۆکی دابێنی، ئامادەی هەر فەرمانێکی حیزبی بوون.

ئەو هێزە پێکهاتبوو لە هەموو لک و پەلەکان. لە ئێوارەیەکی درەنگدا بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێکەوتین و لەگەڵ تاریکیی هەوادا بەرەو دەشتی وەزنێ شۆڕ بووینەوە. دەشتی وەزنێ چەند مۆڵگەی دوژمنی لێ بوو و هەوڵی ئەوەمان دەدا کەس نەمانبینێ.

سەرئەنجام بەبێ ئەوەی کەس هەستمان پێ بکات دەشتی وزنێمان تێپەڕکرد و بەرەو گوندی گردێنە ڕۆیشتین. لەوێوە لەنێوەشەوێکی درەنگدا لە "کانی نیسێ" هەمووومان یەکمان گرتەوە.

شەوەکەی لەبەر ئەوەی زۆر ماندوو بووین، دوای دانانی پاسەوان خەوتین. بەیانی کە هەستاین وەک هەمیشە فەرماندەکان کۆبوونەوە.

هەموو هێز کرایە شەش دەستە؛ دوو دەستە بە مەبەستی

هێرش بۆ سەر ئەو جاشانەی کە لە مزگەوتی ئەحمەدبریو مۆڵدرابوون. دستەیەک لە شوێنی دابەشکردنی ئەرکەکان بۆ لێدانی مۆڵگەی گوندی سوورەبان دیاریکرا کە زۆر لە گوندی ئەحمەدبریو نیزیک بوو. دەستەیەک لەنێوان گوندەکانی ئەحمەدبریو و نێوچوان دامەزران بۆ ئەوەی ئەو جاشانەی لەنێو گوندی ئەحمەدبریو هەڵدێن بکەونە کەمینی ئەو دەستەیە. دەستەیەکیش لە پشتی گوندی مەمەنداوێ بۆ لێدانی مۆڵگەکانی ئاغەڵان و پوورەپانێ دیاریکرا، بۆ ئەوەی لەوێوە هێزی یاریدەدر نەتوانێ بە هاواری جاشەکانی گوندی ئەحمەدبریو بگات. دەستەی شەشەم بۆ سەر کێوی جەنگی دیاریکرا بۆ ئەوی ئەگەر هێزێکی دوژمن لە دەشتی "ساوان"ڕا هات، نەتوانێ هاوکاریی ئەو هێزەی دوژمن بکات.

بەمجۆرە ئەرکەکان دابەش کران کە دەکرێ بڵێم جوانترین گەڵاڵەی عەمەلیاتی بوو کە جێبەجێ کرا. ئەو فەرماندانەی بەشداری ئەو گەڵاڵەیان کرد، ئەوانەی لەبیرم مابن، مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی، حوسێن پەیرەوان، حەمە نارستی، ساڵح ڕەبەتی، عومەر باڵەکی و چەند سەرپەل و جێگرپەلی دیکە بوون کە بەداخەوە ناوی هەموویانم لەبیر نییە.

ئەو تیمانەی کە ڕێگەیان دوور بوو شەوەکەی چوونە جێگەی خۆیان و باقی تیمەکان لەو شوێنە ماینەوە.

هەر دوو تیمی هێرش و تیمی کەمین و ئەو تیمەی دیاریکرابوو بۆ لێدانی مۆڵگەی نێوان سوورەبان و ئەحمەدبریو، لە شوێنی خۆمان ماینەوە.

ئێوارەی ١٣٦٦/٦/١٧ ئێمە هەر دوو تیمی هێرش بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێکەوتین. دیارە زۆر دوور نەبوو، بەڵام هەوڵی هەموومان ئەوە بوو کەس نەمانبینێ. کاتێک هەموو دەستەکان لە

شوێنی خۆیان ئامادە بوون، چاوەڕوانی ئەوە بوون فەرماندەی عەمەلیات دەستووری هێرش بدات. لە یەک کاتدا لە هەموو شەڕگەکانەوە هێرش کرایە سەر هێزە بەکرێگیراوەکانی دوژمن.

ئێمە کە دوو تیمی هێرش بووین هەر زوو خۆمان گەیاندە نێو گوند و ئەو جاشانەی لەنێو مزگەوتدا بوون، ئەوەی کوژرا کوژرا و ئەوانی دیکە زوربەیان بەدیل گیران و هەروەها ئەوانەی کە هەڵاتن لە خوار گوند کەوتنە کەمینی دستەیەک لە پێشمەرگەکان کە زۆربەیان کوژران. لەوێدا بەداخەوە هاوڕێ حەسەن کەریمی پێشمەرگەی ئازای حیزبەکەمان شەهید بوو.

مۆڵگەکانی سوورەبان و پوورەپانێ بە خەستی لە لایەن هێزی پشتیوانەوە ئاورباران دەکران. ئاگر و دووکەڵی سووتانی مۆڵگەی سوورەبان بە جوانی لە تەواوی ناوچەکەوە دیار بوو. لەو دوو مۆڵگەیەشدا ژمارەیەک لە هێزی دوژمن کوژران و بریندار بوون.

لەنێو گوندی ئەحمەدبریودا حەمە نارستی بە سەختی بریندار بوو. لەو عەمەلیاتەدا زیاتر لە ٣٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران و ١٧ کەسیش بەدیل گیران و چەک وچۆڵێکی باشیش کەوتە دەستی هێزی پێشمەرگە. هەر وەک باسم کرد ئەو عەمەلیاتە بە شەهید بوونی حەسەن کەریمی و بریندار بوونی حەمە نارستی بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات.

ئەو عەمەلیاتە لە کاتی خۆیدا یەکێک لە گەورەترین سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بوو. دوای کۆتاییهاتنی ئەو عەمەلیاتە هەموومان بەرەو گوندی گردێنە وەڕێکەوتین. لەوێ بووین بە دوو تیم و زۆربەی هێزەکە بەرەو قەندیل، شوێنی کاتیی ناوەندی هێز و بنکەکانی سەر بە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ گەڕانەوە.

ئێمە تێمێک لە پێشمەرگەکانی لکی سێ و پەلی فەرماندەیی کە کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵیشمان لەگەڵ بوو لە شوێنک ماینەوە کە بتوانین جموجۆڵ و ڕووداوەکانی ئەو دەوروبەرەمان لە بەرچاوێ بێ.

بەیانیی ڕۆژی دواتر هێزێکی زۆری دوژمن هاتە ناوچەکە و بە سەختی شوێنی شەڕەکە و بەرزاییەکانی دەوروبەری تۆپباران کرد و کەلاکی هەموو کوژراوەکانی خۆیان کۆکردەوە.

## • دەسبەسەرداگرتنی هەر دوو مۆڵگەی گوندی زێوە لە لایەن هێزی گیارەنگەوە

بەرەو پاییز دەچین و هەوا لە قەندیل گۆڕاوە و وەرزی سەرما و سەهۆڵ بەڕێوەیە. هەوارچییەکانی هەر دوو دیوی ڕۆژهەڵات و باشوور بارگە و بنەیان تێکەوە پێچاوە و بەرەو گوندەکانیان دەگەڕێنەوە. کۆمەڵێک بەرەو گەرمێن و هێندێکیان بەرەو گوندەکانی دەوروبەری جادەی سەردەشت –پیرانشار دەگەڕانەوە. بناری قەندیل بەرەو چۆڵبوون دەچوو. تەنیا ئێمە و پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵێ گیانداری ڕاهاتوو بە سەرمای کوێستان لە قەندیل مابووینەوە.

هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرانسەری کوردستان بەرەو بنکەکانیان دەگەڕانەوە بناری قەندیل، بەڵام دیاربوو کە پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ دەیانهەویست دوایین گورزی سەربازیی خۆیان لە دوایین ڕۆژەکانی پاییزی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا لە دوژمن بوەشێنن. پێشتر لە لایەن کۆمەڵێک لە فەرماندە چاونەترسەکانی هێزی گیارەنگەوە گەڵاڵەی عەمەلیاتێک داڕێژرابوو و هەموو ئامادەکارییەکی بۆ کرابوو.کۆمەڵێک لە

پێشمەرگەکان لە ناوچە بوون، ئێمەش لە قەندیل چاوەڕوان بووین هەتا بەرەو ناوچە وەڕێ کەوین و ئاخیرین گورزی خۆمان لەو ساڵەدا لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بوەشێنین.

بۆ عەمەلیاتی ئەمجارە هەر دوو مۆڵگەی "زێوە" کە یەکیان لەنێو گوند بوو و ئەوەی دیکەیان لەپشتی گوندەکە بوو، دیاری کرابوون. ئێوارەی ١٣٦٦/٧/٣ لە قەندیلەوە بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین. ژمارەی ئەو هێزەی کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو عەمەلیاتە دیاری کرابوو زیاتر لە ٨٠ کەس دەبوو. زۆربەی فەرماندەکان لەگەڵ بوون. لە درەنگانێکی شەودا "دەشتی وەزنێ"مان تێپەڕکرد. دەشتی وەزنێ مۆڵگەی زۆری لێ بوو، دەبوو زۆر بە وشیاری بڕۆین تا دوژمن هەست بە بوونمان نەکات. لە نیوەشەوێکی درەنگدا بەرەو "پڕکانیان" وەسەر کەوتین بەڵام زۆرمان پێچوو، چونکە هێز ئەگەر زۆر بوو ڕێگەبڕینی سەختترە. دەبوو بۆ مانەوە ڕۆژەکەی بچینە چیای گۆمێ و هەوڵماندەدا کە کەس نەمان بینێ.

ئێستاش ناخۆشییەکانی شەوی پێشووم هەر لە یادە، بە تایبەتی بێئاوی و تینوویەتی هیلاکی کردبووین.

ڕۆژی دواتر وەک هەمیشە فەرماندەکان کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی چۆنیەتیی دەستبەسەرداگرتنی ئەو دوو مۆڵگە جێبەجێ بکەن و هەموو ڕێکارەکان بگرنەبەر بۆ ئەوەی هەم گورزی خۆمان بوەشێنین و هەم تا بۆمان بکرێ زەربە نەخۆین.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەگەرەکان، هەموو پێشمەرگەکان لە چەند تیمی جیاوازدا سازمان دران و هەر تیمە و شوێنی خۆی پێ ڕاگەیەندرا و هەر بەرپرسەی نەفەراتی خۆی پێ ناسێندرا. ئەگەر هەڵەم نەکردبێ هەموو پێشمەرگەکان بە سەر هەشت تیمدا دابەش کران.

تیمی یەکەم بۆ گرتنی مۆڵگەی پشتی ماڵان، بە سەرپەرستی کاک حوسێن پەیرەوان و هاوکاریی چەند کادر و فەرماندەی دیکەی وەک کاک عومەر باڵەکی و کاک ڕەحمان شۆکە کە بەداخەوە ناوی هەموویانم لەبیر نییە. منیشن لەو تیمەدا بووم.

تیمی دووهەم بۆ گرتنی جاشخانەی نێو گوند، بە سەرپەرستی کاک ساڵح ڕەبەتی و هاوکاریی کاک خدر میراوەیی و چەند کەس لە فەرماندە و پێشمەرگەکانی دیکە دیاری کرابوون.تیمێکی تێکەڵاو، هەم وەک تیمی فەرماندەیی و تیمی پشتیوان بۆ لێدانی ڕیگرەکانی "تەئمینەکان" نێو قەبرستانی پێش ماڵان کە دواتر ئەوانیش لێک جیا بوونەوە و هەر بەشەی بەرەو شوێنی خۆی وەڕێکەوت.کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی کە فەرماندەی گشتیی عەمەلیاتەکەی لە ئەستۆ بوو لەگەڵ ئەو تیمە بوو بۆ ئەوەی پانتایی شەڕەکەی لەبەرچاو بێ.

چوار تیمی دیکەیش بۆ لێدانی مۆڵگەکانی هەڵوێ، گەڵوو، بێشاسپ، نارست و ئەستێرۆکە دیاری کرابوون، لەو تیمانەشدا چەندین پێشمەرگەی تێکۆشەر و ئازا سازمان درابوون تا هێزی دوژمن نەتوانێ بە هاواری هێزەکانی لەو دوو مۆڵگە بگا.

ئێوارەکەی دوای ماڵئاوایی لە یەکتر هەموو تیمەکان بەرەو شوێنی خۆمان وەڕێ کەوتین. لە شوێنی مانەوەمان تا دەوروبەری گوندی زێوە زۆر دوور بوو، لە نیوەشەوێکی درەنگدا هەموومان چووینە شوێنی مانەوەی خۆمان. ئێمە لە پاش گوندی زێوە ماینەوە. شوێنی مانەوەی ئێمە زۆر لەو مۆڵگەیە دوور نەبوو کە دەمانهەویست هێرشی بۆ بکەین. ڕۆژەکەی ماینەوە و هەموومان چاوەڕوانیی ئەوەمان دەکرد تا لە لایەن فەرماندەی عەمەلیاتەوە دەستووری هێرشمان پێبدرێ.

بۆ کاتژمێر چوار تا پێنچی ئێوارێ هەموو تیمەکان لە شوێنی

خۆیـان ئامـادە بوون.

سـەرئەنجام لــە لایــەن فەرمانــدەی عەمەلیاتــەوە دەسـتووری هێـرش بۆ سـەر دوژمـن ڕاگەیەنـدرا. لـە هەمـوو شـەڕگەكانەوە بـە پانتاییەكـی زۆر، هێـزی دوژمـن كەوتـە بـەر هێرشـی پێشـمەرگە تێكۆشـەر و چاونەترسـەكانی هێـزی گیارەنـگ. لـە سـەرەتادا هـەر دوو مۆڵگـەی دیاریكـراوی ڕێژیـم لــە لایــەن هێــزی پشـتیوانەوە ئاگربـاران كران، دوای كزبوونـی ئـاوری هێـزی پشـتیوان، هەڵمەتی تیمەكانــی هێـرش بـۆ سـەر هــەردوو مۆڵگەكـە دەسـتی پێكـرد. لەماوەیەكـی كورتـدا دوای شـەڕێكی سـەخت و دژوار دەست بەسـەر مۆڵگەكانـدا گیـرا، هێزەكـەی نێـو مۆڵگەكانیـش شـەڕیان دەكـرد تـا مۆڵگەكەیـان نەكەوێتـە دەسـتی هێـزی پێشـمەرگە، بـەڵام هەرچـی كردیـان نەیانتوانـی پێـش بـە هەڵمەتـی شۆڕەسـوارانی دێموكـرات بگـرن. سـەرئەنجام هــەردوو مۆڵگـەی دوژمـن لــە گونـدی زێـوە دەسـتیان بەسـەردا گیـرا و زۆربـەی چەكدارەكانـی نێـو مۆڵگـەكان یـان كـوژران یـان بەدیـل گیـران و چەكوچۆڵێكـی زۆریـش كەوتـە دەسـتی هێـزی پێشـمەرگە. ئەگـەر بـە هەڵـە نەچووبێتـم، ١٧ كـەس بەدیـل گیـران و ئەوانـی دیكـەش لەنێـو مۆڵگـەكاندا كـوژران.

پاشــان هــەر دوو مۆڵگەكــە لــە لایــەن هێــزی پێشـمەرگەی كوردسـتانەوە ئاوریـان تێبەردرا، ئاگـر و دووكەڵـی سـووتانی دوو مۆڵگەكـە لــە تــەواوی ناوچــە كــە دیــار بــوو و دەبینــرا.

تـا ئـەو جێگایـەی لـە بیرم بێت هێزی پێشمەرگە هیـچ زیانێكی بـەر نەكـەوت. ئـەو عەمەلیاتـە یەكێـك لـە بـە بەرنامەتریـن و پـڕ دەسـكەوتترین عەمەلیاتەكانـی سـاڵی ١٣٦٦ی هەتـاوی هاتـە ئەژمـار. دوای تەواوبوونـی عەمەلیـات هەمووەمـان لــە گونـدی دیـواڵان كـۆ بووینـەوە و دوای نانخـواردن بـەرەو شـوێنی مەبەسـت وەڕێكەوتیــن.

بۆمانەوە هاتینەوە شوێنی ڕۆژی پێشوو. لەوێ ماینەوە و هەموو دیل و دەسکەوتەکانمان لەگەڵ خۆمان هێنابوون. بەیانیەکەی کاک مەلاحەسەنی شیوەسەڵی وەک فەرماندەی گشتی قسەی بۆ پێشمەرگەکان کرد و دەستخۆشی لێ کردین، پاشان بە سێ زمانی کوردی، فارسی و تورکی لە سەر سیاسەتەکانی حیزب و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی قسەی بۆ دیلەکان کرد و دوای تێگەیاندنیان لە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات و هەروەها سیاسەتە دژی گەلییەکانی ڕێژیم، لەگەڵ خۆمان بردمانن بۆ بنکەکانمان و دواتر ئازاد کران.

ئێوارێ، پێش گەڕانەوە، ئێمە تیمێک لە پێشمەرگەکان ئیجازەمان وەرگرت تا لە ناوچە بمێنینەوە، بۆیە ئەوان بەرەو قەندیل و ئێمەو بەرەو گوندەکانی "زەلێ و نێوچوان" وەڕێ کەوتین.

دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە ناوچە، ڕۆژێک چووین بۆ گوندی کۆدەڵێ. پاشان بە مەبەستی گەڕانەوە، لە کاتێکدا خەریک بوو لە گوند وەدەرکەوین، هێزێکی دوژمن هاتبووە پێش ماڵان و بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین تەقەیان لێ کردین، بەڵام توانیمان بەبێ ئەوەی زیانمان پێ بگا لەو شوێنە دەرباز بووین و بۆ شەوەکەی چووینە گوندی مامکاوێ و بۆ بەیانی گەڕاینەوە بنکەکانمان لە "سونێ" کە بنکەی سەرەکی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ بوو.

عەمەلیاتی زێوە یەکێک لە گەورەترین چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا.

ئێستا کە ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو عەمەلیاتەدا تێدەپەڕێ، سڵاو دەنێرم بۆ ئەو فەرمانده و پێشمەرگانەی کە ئەو داستانە قەت لەبیرنەکراوەیان تۆمار کرد. سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو

ئـەو پێشمەرگانەی کـە بەشداری ئـەو داستانەیان کرد و لـە ساڵانی دوایـی دا شـەهید بـوون.

سـڵاو بـۆ هەمـوو ئـەو کادرو پێشـمەرگانەی کـە بەشـداری ئـەو عەمەلیاتـە بـوون و تـا ئێستاش لـە ڕیزەکانـی حیزبـی دێموکراتدا درێـژەدەری ڕێـگای شـەهیدانن.

دەستخۆشـی لـە فەرمانـدە، ئەدیـب و سیاسـەتوان و تێکۆشـەر، مامۆستا مەلاحەسـەن شیوەسـەڵی دەکـەم کـە بەڕاستی بـە لێزانـی و کارامەیـی خـۆی و بـە هاوکاریـی هاوسـەنگەرانی توانـی زۆر داسـتانی کەموێنـە و لەبیرنەکـراو تۆمـار بـکات کـە تـا ئێسـتاش وێـردی سـەر زمانـی خەڵکـی ناوچەکـەن.

- **تێرۆری کاک مەلاحەسەن شیوەسەڵی یەکێک لە فەرمانده بوێرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

لـە بەشـەکانی پێشوودا لەڕوانگـەی خۆمەوە وەک پێشمەرگەیەکی بەشـدار لـە زۆربـەی کار و تێکۆشـانی حیزبـی لـە ناوچـەی سەردەشت کـە ئـەو کات لاوێکـی تازە پێگەیشتوو بـووم و زۆر لەمێژ نەبـوو هاتبوومـە نێـو ڕێزەکانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان، باسـی کاک مـەلا حەسـەنم کـردوە. هـەر چەنـد دەزانـم گێڕانـەوەی بیرەوەرییەکانـی دەیـەی شەسـت کـە تـا ئەمـڕۆ ماوەیەکـی زۆری بەسـەردا تێدەپـەڕێ ڕەنگـە کارێکـی زۆر ئاسـان نەبـێ.

ئـەوەی بـاش دەزانـم کـە نووسـینی ئـەو یادەوەریانـە کـەم و کورتیـی خـۆی دەبـێ، بەڵام باسکردن و گێڕانەوەیان باشترە لەوەی کـەس نەزانـێ ئـەو سـەردەمە چـۆن گـوزەراوە و ئـەو خەباتـە بـە چ شـێوەیەک بەڕێوەچـووە. هـەر بۆیـە بـە ئەرکـی سەرشـانی خۆمـی دەزانـم کـە وەک ڕێبوارێکـی ڕێگـەی ئـازادی ئـەوەی لـە دەسـتم بـێ

مێژووی خەبات و تێکۆشانی خۆم و هاوڕێکانم و بەشێک لەو ڕووداوانە بگێڕمەوە بۆ ئەوەی لانیکەم نەسڵی نوێ پێی ئاشنا بێ و بزانێ کە لە ڕابردوودا نەسڵەکانی پێش ئەوان چۆن ئەو خەباتەیان بەڕێوە بردووە و چ تێچوویەکی بۆ داوە.

خۆشەویستان!

گێڕانەوەی بیرەوەری ئەم جارە کە دەبێتە ئاخیرین بیرەوەری لە ساڵی١٣٦٦ی هەتاویدا، یەکێک لە ناخۆشترین بیرەوەرییەکانی دەیەی شەستی هەتاوییە کە دوای ئەو هەموو عەمەلیات و چالاکییە لە ناوچەی سەردەشت کە بۆ دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان لەسەر هێزەکانی دوژمن جێبەجێ کران، بەداخەوە زیانێکی قورس لە حیزبی دێموکرات و بەتایبەت هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوت.

دوای ئەو زەبرە قورسانەی کە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە ناوچەی سەردەشت لە هێزەکانی ڕێژیم درا و دوژمنی بەتەواوی تووشی شڵەژان کرد، کاتێک زانی کە لە ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەوە ناتوانێ قەرە لە قەرەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بدات، کەوتە پیلانگێڕی و توانی لە ڕێگەی تێرۆرەوە کاری خۆی بکات.

بەداخەوە لەو کردەوە تێرۆریستییەدا فەرماندەی ڕۆژە سەختەکانی خەبات، تێکۆشەری ناسراوی قۆناغە جیاجیاکانی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، کاک مەلاحەسەنی شیوەسەڵی کەوتە داو و پیلانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو پیلانە، دوژمن توانی هەوڵی خۆی بە ئامانج بگەیەنێ و لە کەسە هەرە نیزیکەکانی کاک مەلا حەسەن بۆ بەجێگەیاندنی ئەو پیلانە، واتە تێرۆری ناوبراو کەڵکیان وەرگرت.

کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی کە ڕایسپاردبوو کتێبی "سپید دندان"ی لەنێوخۆی وڵاتەوە بۆ بێت کە دواتر بە ناوی "دانچەرمووو" لە لایەن مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە وەرگێڕدرایەوە سەر زمانی کوردی، نەیاران و دوژمنانی حیزبی دێموکرات و کاک مەلا حەسەن کە لە ڕێگای خۆفرۆشانەوە ئاگاداری ئەو ڕاسپاردەی ناوبراو بوون بیریان لە چۆنیەتیی پیلانێک کردبۆوە. پیلانەکەش ئەوە بوو کە ئەو کتێبەیان- بۆمبڕێژ کردبوو و ڕێکەوتی١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦ی هەتاوی ئەو کتێبە بۆمبڕێژکراوە لە لایەن دوو کەسی خائین بە ناوەکانی سەمەد کاژەیی و حەسەنی سالحی ڕەمەزانی خەڵکی دیوالان کە دۆست و باوەڕپێکراوی خۆی بوون، دەگاتە دەستی کاک مەلا حەسەن لە بنکەی هێز لە گوندی سونێ. لەگەڵ کردنەوەی کتێبەکە بۆمبەکە لە دەستی کاک مەلاحەسەندا دەتەقێتەوە و بە داخەوە زۆر بەسەختی بریندار دەبێ و هەر دوو دەست و هەر دوو چاوی لە دەست دەدات.

تەقینەوەی ئەو بۆمبە لەو کاتەدا یەکێک لە ناخۆشترین ڕووداوەکان بوو کە بۆ حیزبی دێموکرات بەگشتی و پێشمەرگەکانی هێزی گیاڕەنگ بەتایبەتی، زەربەیەکی زۆر قوورس و لەبیرنەکراو بوو. تەقینەوەی ئەو بۆمبە لەو ساتەوەختەدا هێندە ناخۆش و زیانبار بوو کە بۆماوەیەکی زۆر هەموومانی تووشی سەرسوڕمان کرد، چونکە قەت بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێک لە لێهاتوویی و گەورەیی ئەو فەرماندە بە وەجەی هێزی پێشمەرگە بێبەش بین، قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان بە بیرماندا نەدەهات کە ئەو ئینسانە زیت و وریایە، ئەو فەرماندە هەمیشە لەسەر هەستە ئاوا بە ئاسانی تووشی وەها داوێک بێت. بەڵام دەڵێی چی، ئێمەی کورد زیاتر خۆبەخۆ ویمان دەکەوێ!!

تا ئێستاش باوەڕکردنی ئەو ڕووداوە سەختە، چۆن کاک مەلا حەسەن کە کەسێکی زیرەک، لێهاتوو، خوێندەوار، فەرماندە و کەسایەتییەکی بە نفووز و خاوەن ئێعتبار و خۆشەویستی خەڵکی ناوچەی سەردەشت بوو ئاوا بە ئاسانی تووشی ئەو کارەساتە هات.

لێرەدا پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە زۆر جار خۆشمان خەتابار و کەمتەرخەمین، بەرانبەر بەو هەواڵ و زانیاریانەی کە سەبارەت بە هێندێک لە کەسانی نیزیک و دەوروبەرمان پێمان دەگات زۆر جار بایەخیان پێ نادەین.

لێرەدا و هەر لەو پێوەندییەدا بۆ وەبیرهێناوەش بێ شتێک هەیە کە بە پێویستی دەزانم باسی بکەم. هەر ئەو ساڵە کە لە ناوچە بووین، کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگە بووین کە کاک مەلا حەسەن بەرپرسمان بوو و ئێمە لە خزمەتی‌دا بووین. دوای ماوەیەک گەشت و گەڕان لە ناوچە، شەوێک چوین بۆ دەشتی دیوالان، لەبەر ماڵەکانی دیوالان ڕاوەستاین، کاک مەلا حەسەن بە چەند پێشمەرگەیەکی گوت بچنە نێو ماڵان و کەسێک بە ناوی "حوسێنی مروەتێ" بگرن.

کاک برایم زێوەی کە ئەوکات بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی "بوڵفەت" بوو، بە کاک مەلاحەسەنی گوت؛ بۆ حوسێنی مروەتێ؟! کاک مەلا حەسەن گوتی؛ کەسێکی خراپە. لەبیرمە کاک برایم زێوەیی گوتی؛ مامۆستا! ئەگەر ئێمە بمانهەوێ خەڵکی خراپ لە دیوالان بگرین، کەسی لە حوسێن خراپتر هەن. مامۆستا گوتی: وەک کێ؟... کاک برایم گوتی: حەسەنی ساڵحی ڕەمەزانی. کاک مەلا حەسەن زۆری پێ ناخۆش بوو. لە وەڵامدا گوتی؛ هەرکەس دۆستی من بوو ئێوە بەخراپی دەزانن!!.... بەهەرحاڵ چەند مانگ دوای ئەو شەوە، هەمان کەس "حەسەنی ساڵحی ڕەمەزانی"

بۆمبەکەی بۆ کاک مەلا حەسەن هێنا و بەداخەوە ئەو زەربەیەی لێدایـن.

دیارە ئەو باسەی من بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە لە گەورەیی و بەتوانایی و خۆشەویستیی کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی کەم بکاتەوە، تەنیا بۆ ئەو مەبەستەیە کە هەرچی بەسەرمان هاتوە، بەشێکی خەتای خۆمان و، دڵپاکی و سادەیی خۆمان بووە کە تووشی زیانی زۆر گەورەی کردووین و تائێستاش نەمانتوانیوە کەلێنی گەورەپیاوانی خۆمان پڕ بکەینەوە.

بەم جۆرە کاک مەلاحەسەنی شیوەسەڵی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرمەندەری لێهاتوو و بەوەجی هێزی گیاڕەنگ لەو تێرۆرەدا زامێکی هێندە قورسی هەڵگرت کە تا ئێستاش بەداخەوە بەدەست ئەو زامە قورسەوە دەناڵێنێ.

## • جەولەیەکی پێشمەرگانە بۆ ناوچەی بولفەتی سەردەشت

ئێستا بۆ جارێکی دیکە دەچمەوە نێو یادەوەرییەکانی ئەو ڕۆژانەی کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە خەباتکارانی دێموکرات بەرگریمان لە بست بە بستی خاکی پیرۆزی کوردستان دەکرد. سەردەمێک پڕاوپڕ لە فیداکاری و گیانبازی، ئەو دەورانەی کە لە مێژووی نەتەوەی کورددا جێگای تایبەتیی خۆی هەیە. لە هەرکوێ دادەنیشی و هەر کە چەند کەس لە دەوری یەک کۆدەبنەوە ئەو باس و سەربردانە کۆڕی دانیشتنەکە دادەگرێ و بیرەوەرییەکان وەک زنجیرە فیلمەکان یەک لە دوای یەک دێنە بەرباس و هەر کاممان ئەوەی لە بیرمان ماوە بۆ یەکتری دەگێڕینەوە.

کات دووهەم مانگی بەهاری ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بوو. بەیانییەک کە لە خەو هەستام هاورێ عەلی باساوەیی پێیگوتم خۆت ئامادە بکە دەچینەوە ناوچە. زۆری نەکێشا جموجۆڵ پەیدا بوو و خۆمان ئامادە کرد. ئێمە بە فەرماندەیی هاورێیان عەلی باساوەیی و خالید نێوچوانی بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین. ئەوانەی لەبیرم مابن تیمەکەی ئێمە لەو چەند کەسە پێکهاتبوو، هاورێیان عەلی باساوەیی، خالید نێوچوانی، کەریم تووژەڵی، لایەق، خدر هەمزەنژاد، شێخە قەلەڕەشی، ئەحمەد ڕەزگەیی، "ح– د"، بەکرە و خدر خاڵدار. چەند کەسێکی دیکەشمان لەگەڵ بوون کە ناوەکانم لەبیر نەماون هەر بۆیە دەبێ بمبوورن.

بەیانیی ڕۆژی دوایی بەرەو "دۆڵەکۆگێ" وەڕێکەوتین. ئەوانەی بۆ جارێکیش بە دۆڵەکۆگێدا ڕەتبووبن دەزانن ڕێگەیەکی چەندە سەختە ئەویش بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا. دۆڵێکی سەخت، تەلان و هەڵدێر، دوور و هەوراز بەڵام سەرەڕای هەموو ناخۆشیەکانی ڕێگە، دیمەنێکی جوانی بەهاریی هەبوو. هەموو شوێنێک ئاو و کانی و بەهاراو و سەرتاپا گیای بەهاری بە تایبەتی ڕێواس سروشتی ئەو دەڤەرەی ڕەنگاندبوو. بەدەم خواردنی ڕێواس و گیای بەهاری گەیشتینە جێ مەقەڕە کۆنەکانی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" کە چەند ساڵ لەمەوبەر لەوێ بوون و دواتر چۆڵکرابوون. تا ئێوارێ لەوێ ماینەوە و ئێوارێ بەرەو بەرزایی "زڕوێنە" وەڕێ کەوتین. لەگەڵ ڕۆژئاوابوون خۆمان گەیاندە سەرێ واتە بەرزایی زڕوێنە کە بە سەر دەشتی وەزنێدا دەڕوانێ و هەموو جموجۆڵی هێزەکانی دوژمن لە دەشتی وزنێ لە بەر چاوی خۆمان بوو. زۆر دانیشتین و پشوویەکی باشماندا. لە دیمەنی جوانی دەشتی وەزنێ تێر نەدەبووم. دەشتێکی پڕ ئاو، مێرگ و چیمەن، پێدەشتێک کە بە گوڵی

خۆڕسک و سروشتی خەمڵیوە. بەڕاستی سەفایەکی جوانی هەبوو. چاوەڕوانی تاریکیی هەوا بووین تا بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێ کەوین. زۆربەی دۆڵەکان ڕنووی بەفری لێ مابوو، هەوا زۆر سارد بوو، بەڵام نە هەوای سارد، نە هەتاوی گەرم، نە ڕێگەی دوورودرێژ، نە بێخەوی و ماندووبوون نەیاندەتوانی کار بکەنە سەر هێز و هەنگاو و بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانی دێموکرات. سەرئەنجام لەگەڵ تاریکبوونی هەوا بەرەو دەشتی وەزنێ شۆڕ بووینەوە، کزەبایەکی بەهاری تێکەڵاوی بۆنی گوڵ و مێرگ و چیمەن ئارامی دەدا بە ڕوحی تامەزرۆی ئێمە بۆ نیشتمانی داگیرکراومان. لە چەند جێگەیەک لەنێو جۆگە و مێرگەکاندا پێشمەرگەکان پێڵاوەکانیان تەڕ بوون بەڵام درێژەمان بە ڕێگەی خۆماندا.

لە درەنگانێکی شەودا دەشتی وزنێمان بەرەو گوندی گردێنە جێهێشت. بۆ مانەوە و شوێنی پشوودان چووینە کێوی جەنگی. ئای ئەو شەوە چەندە سارد بوو. خەومان لێنەدەکەوت و نەشدەکرا ئاگر بکەینەوە، هەرچۆنێک بێ خۆمان ڕاگرت هەتا گزینگی خۆری بەیانی دەرکەوت و ئەوجار زوو ئاگرمان کردەوە.

بەیانی زوو بەهۆی تەزووی ساردی هەوا وەخەبەر هاتین و ئاگرێکی بێ دووکەڵمان کردەوە و هەموومان لە دەوری ئاورەکە کۆبووینەوە. پاسەوانیش چەند سەد میترێک لە دووری خۆمان چاودێری ناوچەکەی دەکرد. لە چیای "جەنگی" دەنگی قاسپەی کەو تێکەڵ بە دەنگی زەنگوڵەی مێگەلە مەڕێکی ناوچەکە ببوو. ئێمەش بە دەم چایی خواردنەوە چاوەڕوانی هاتنی سێبەرشۆڕی ئێوارەمان دەکرد تا بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ تاریکبوونی هەوا میوانی خەڵکی زەحمەتکێش و پێشمەرگەپەروەری یەکێک لەو گوندانە بین. هەروەک سالآنی پێشوو فەرماندەکان کۆبوونەوە

و بڕیاری پێویستیاندا، سەرئەنجام ساغ بوونەوە کە بچینە گوندی "نێوچوان" بەڵام دەبێ وریا بین چونکە ئەو دەڤەرە زۆر گرینگ بوو، هەر بۆیە هێزەکانی دەوڵەت بەردەوام لەو ناوچەیەدا دەسووڕانەوە.

ئێوارەیە، پۆلێک پارتیزان بەرەو گوندی نێوچوان وەڕێ کەوتین تا جموجۆڵەکانی ئەو گوندە بخەینە ژێر چاوەدێریی خۆمان. دوای ماوەیەک مانەوە لە دەوروبەری گوندەکە، لەگەڵ تاریکبوونی هەوا چووینە نێو گوند و لەگەڵ پێشوازیی خەڵکی ئەو گوندە بەرەوڕوو بووین. ئەو پێشمەرگانەی بۆ جارێکیش چووبنە گوندی نێوچوان دەزانن کە خەڵکی ئەو گوندە چەندە پێشمەرگەپەروەرن. دوای ماوەیەک مانەوە وەک هەمیشە دەبێ گوند بەجێ بێڵین و بەرەو شوێنی خۆمان وەڕێکەوین. بە شێوەی پارتیزانی بەرەو گوندی "زەلێ" لەگوند وەدەرکەوتین. لە پشت ماڵەکانی زەلێ کەوتینە کەمینی هێزەکانی دوژمن و دوای تەقە و لێکدانێکی کورت بەبێ زیان دوور کەوتینەوە.

دوای ماوەیەک کە ڕۆیشتین بیرمان لە شتێک کردوە، ئەویش ئەوە بوو کە چۆن بتوانین زەربەیەک لەو هێزەی دوژمن بدەین. دەمانزانی بەیانی زوو هێزی دوژمن بۆ هەڵگرتنی پێوشوێنی ئێمە دێتە گوندی نێوچوان بەڵام چونکە دەترسان دەمانزانی پێش ئەوەی بچینە نێو گوند، گرووپێک چەکدار دەنێرێتە تەپۆلکەکەی ڕووبەڕووی ماڵان. ئێمەش هەر شەوێ سێ تا چوار مینی نەفەریمان بۆ دانان و خۆمان لە یەک کیلۆمیتری ئەو شوێنە ماینەوە. دوژمن بەهیچ جۆر فکری ئەوەی نەدەکرد ئێمە ئاوا لە نیزیک ئەو شوێنە بمێنینەوە. شوێنی مینەکان لە بەرچاوی خۆمان بوو. هێشتا گزینگی خۆری بەیانی لە چیاکان سەری دەرنەهێنابوو کە دەنگی چەکدارەکانی هێزی دوژمن لە شوێنی

مینەكان پەیدا بوو.كاتێک كە هەوا ڕووناک بوو دەركەوت كە هێرێكی زۆری دوژمن هاتۆتە ناوچەكە و زیاتر لە ١٢ كەس لەو هێزە بۆ پشتیوانی لە هێزەكەی نێو گوند لە شوێنی مینەكان لە هاتووچۆدا بوون. ئێمە چاومان لێبوو كە ڕەوەیەک جاش لەوێ خەریكی هاتوچۆ بوون. كاتژمێر دەوروبەری ٩ی بەیانی دوو لە مینەكان تەقینەوە، هاوار هاوار پەیدا بوو و ئێمەش بە تەواوی ئەوانمان لەژێر چاودێریدا بوو. دواتر هێزێكی زۆر هات بۆ بردنەوەی بریندارەكان كە دوو كەس لە هێزەكانیان لاقیان پەڕیبوو. دوای ئەوە ناوچەكەیان بە سەختی تۆپباران كرد بەڵام بە هیچ جۆر فكری ئەوەیان نەدەكرد كە ئێمە لە نیزیک گوند ماوینەتەوە. ئەوان پشتی گوندی "كۆدەڵێ" و چیای "جەنگی"یان تۆپباران دەكرد.

دوای ئەوەی بەرە بەرە ڕۆژ بەرەو ئێوارە دەچوو، دەبوو فەرماندەكان كۆببنەوە و بۆ شەو و ڕۆژی داهاتوو بڕیار بدەن. دوژمن ناوچەكەی تۆپباران دەكرد. فەرماندەكانی ئەو تیمە كۆبوونەوە و بڕیاریاندا بۆ شەوێ بچینە گوندی "بەردەسوور". كەمێک دوور بووین بەڵام چار نەبوو دەبوو بڕۆین. ناوچەكە لێرەوار بوو و نەدەبوو هێزی دوژمن بمانبینێ. خۆمان پێچایەوە و گەڵای دارانمان لەخۆمان هاڵاند واتە خۆمان "استتار"كرد و وەڕێكەوتین.

هێواش هێواش بە دووریی چەند سەد میترێک لە یەكتر بەرەو گوندی بەردەسوور وەڕێكەوتین.گوندەكەمان لەژێر چاودێری گرت و لەگەڵ تاریكبوونی هەوا چووینە نێو گوند. دوای چەند كاتژمێر مانەوە لە نێو خەڵک و سەردان و نانخواردن، لەگوند وەدەركەوتین و بەرەو دۆڵی "سێویسكە" كە جێگەیەكی زۆر ئەستەمە، وەڕێ كەوتین. گەیشتینە شوێنی مانەوە بەڵام شەوەكەی

زۆر سارد بوو و دیسان لە سەرمان خەومان لێنەکەوت. بەیانی ئاورمان کردەوە و هەموومان لە دەوری ئاورەکە کۆبووینەوە. لەو کاتەدا بارانی بەهاری دەستی پێکرد، چ ڕێژنەبارانیکی توند بوو، دەتگوت ئاسمان کون بووە، ئاو بە لێزمە دەهاتە خوارێ. چەندە ناخۆش بوو لە سەرمان خەو نەتباتەوە و لەبەر ئاگر بارانی بەهاری لەگەڵ تەزووی ساردی بەیانی بتخووسێنێ. ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ باران باری، وەزعێکی ناجوورمان هەبوو، ئەوەندە بارانمان بەسەردا باریبوو کە لە سەرمان نەماندەزانی چی بکەین. ئای کە ڕۆژێکی چەندە ناخۆش بوو، دەتگوت زەوی بیابانێکی وشکارۆیە و لە تینوان داوای ڕووبارێک ئاو لە خوا دەکا، بەڕاستی ئەوانەی ئەو ڕۆژانەیان دیتوە دەزانن کە مانەوە و خۆڕاگری لەو کاتە هەستیارانەدا چ هێز و ئیرادەیەکی دەوێ.

جارێکی دیکە بە خەیاڵی ڕابردوو چوومەوە داوێنی چیاکانی "لانک" و "گیارەنگ" مەکۆی شێرەکوڕان و شێرەکچانی دێموکرات، بە دەم ئەو نووسینەوە کەوتمەوە یادی شۆڕەسوارانی ڕێگەی خەبات وتێکۆشەرانی ئەو دەوران کە چەندە سەختیمان تەحەممول کرد، گەلۆ بە چ بیروباوەڕێک پەروەردە کرابووین کە هیچ شتێک کاری لەسەر ئیرادەمان نەدەکرد.

لەو کاتەدا کە ئەو بیرەوەرییە دەنووسم کەوتمەوە یادی شەهیدانی سەربەرزی حیزب و گەل، شەهیدان حەمە نارستی، خالید نێوچوانی، عەلی باساوەیی، هەمزە بووبانەیی، عەلی بەردەسووری، حەسەن چاپەز، قادر مەمۆ، ڕەحمان گڵکەنکی، عەبدوڵڵای فەقێ عەلی و کوێخا خدری داوداوێ کە هەموویان لەو ناوچەیە خەباتیان کرد، زۆر جار لەو شوێنەی ئێمە ماونەوە و زۆر لە ئێمە زیاتر تاڵی و سوێرییان چێشت و بەداخەوە شەهید بوون. کەوتمەوە یادی هەموو ئەو داستانانەی کە لەو

ناوچەیە تۆمار کران وەک شەڕی حەوت ڕۆژەی دۆڵی "مەزرا"، "کانیەزەرد" و "قاسمەڕەش"، دەستبەسەرداگرتنی مۆڵگەی "بووبانە" و بەرگریی ڕۆڵە بوێرەکانی حیزبی دێموکرات لە دەشتی ساوان کە لە هەموویاندا هێزی دوژمن تەفروتونا کرا.

بەو بەیانییە کە کۆمەڵێک پارتیزانی دێموکرات لە داوێنی چیای "لانک" ماونەوە و لەژێر لێزمە بارانی بەهاریی داوێنی چیادا چاوەڕوانی پشوویەکی ئاسمان و ئێوارەیەکی بەهاری دەکەن، بێجگە لە خۆڕاگری هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نییە. دەبێ خۆڕاگر بین و بەرگەی ئەو سەختییانەش بگرین. ڕۆژ بەرەو ئێوارە دەچوو بەڵام باران بە خاتری جوانیی سروشت و ئاودانی گوڵ و گیا و دارودەوەن بەزەیی بە ئێمەدا نەدەهات و ئەویش وەک ئێمە خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی بوو. ئێوارێ لەژێر ڕێژنەی بارانی بەهاریدا بەرەو گوندی "سیرەمێرگ" وەڕێ کەوتین.گەیشتینە نێو گوند و بە سەر ماڵاندا دابەش بووین، پێشوازیی گەرمی خەڵک جەستە و دڵ و دەروونی ئێمەی گەرم کردەوە و دوای نانخواردن و تەواو بوونی کارەکانمان پێویست بوو بڕیار بدەین کە لەو دۆخە ساردەدا جارێ بۆ پشوویەک بگەڕێینەوە بنکەکانمان یان دەمێنینەوە. دەبوو لەو دوانە یەکیان هەڵبژێرین، سەرئەنجام بڕیارماندا جارێ بەرەو بنکەکانمان بگەڕێینەوە. گەڕانەوەش ئەوەند ڕاحەت نەبوو بەڵام سەرەڕای سەختیی ڕێگا چارە نەبوو دەبێ بگەڕێینەوە، چونکە نەماندەتوانی شەڕی سروشت بکەین و لە ئامێزی باراندا بحەوێینەوە.

بەرەو بنکەکانمان وەڕێکەوتین، ئای چ شەوێکی سەخت بوو، هەر لەنێو ماڵان چووینەدەر و باران بۆوە بە هاوڕێمان، دەتگوت ساڵێکە نوێژە بارانە دەکەین، بارینی باران،

هەورەتریشقە و تاریکیی شەوێکی ئەنگوستەچاو ئاوێتەی یەک بوون، وەک ئەوەی کە بیانهەوێ هێز و ئیرادەی ئێمە تاقی بکەنەوە هەموویان بە یەکەوە خەریک بوون بڕستمان لێ ببڕن. مەودای نێوان گوندی سیرەمێرگ تا گوندی مامکاوێ لە حاڵەتی ئاساییدا نیو کاتژمێر ڕێگەیە، بەڵام لەبەر بارینی باران و تاریکیی شەو و هەورەتریشقە زیاتر لە سێ کاتژمێرمان پێچوو تا گەیشتینە مامکاوێ. دەتوانم بڵێم یەکێک لە شەوە ناخۆشەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیمان بوو. چار نەبوو دەبوو بڕۆین. لە نیزیک گوندی مامکاوێ بەکاک عەلی باساوەیی و کاک خالید نێوچوانیم گوت با نەڕۆین، بەڵام بە قسەیان نەکردم و لەوێش وەڕێکەوتین. ئای چ شەوێکی ئەنگوستەچاو بوو. بەرەو پێش ماڵەکانی گوندی "مەزرا" پەڕینەوە، من لە پێشەوە بووم، هەر پێشمەرگە بوو هەڵدەخلیسکا و دەکەوت و هەڵدەستایەوە، باران لە ئاسمان و قوڕ و چلپاو لەسەر زەوی و سەرباری هەموو دەردانیش هەورەتریشقە هەمووومانی هیلاک کردبوو. دوای ماوەیەکی زۆر و بڕینی ڕێگەیەکی سەخت خۆمان گەیاندە "زینوێ قەبری"، هەوا زۆر تاریک بوو، بەهۆی تاریکیی شەو لە یەکێک لە مۆڵگەکانی دوژمن زۆر نیزیک ببووینەوە بەڵام ئەوانیش بەهۆی هەورەتریشقە و تاریکی و باران هەستییان بە ئێمە نەکرد. بە هێواشی کەمێک بەرەو خوار مۆڵگەکە چووینە خوار هەتا هەستمان پێنەکەن. بەری بەیانە، ڕێگا و هەنگاو شەڕیان دەکرد، ڕێگە قوڕ و سەخت و خەتەر، ئێمەش شەکەت و برسی، ئاسمانیش خەریکی مانۆڕی خۆی بوو. بە هەموو هێزەوە هەوڵی دەربازبوونمان دەدا، هەموومان بە دوای یەکدا بووین، بەهۆی تاریکی هەواوە نەمانزانیبوو کە زۆر لە مۆڵگەکە نیزیک بووینەتەوە. ئەوەندە بە بێدەنگی ڕێگەمان دەبڕی کە هەموو لەشمان ببووە چاو و گوێ، دەنگی هیچ گیانەوەرێک

نەدەهـات، تەنیـا دەنگـی ترپـەی دڵ و پێـی ئێمـە و هەورەتریشـقە و بارانێكـی بەخـوڕ نەبـێ، لـەو بەرەبەیانیـەدا لەپـڕ دەنگـی دوو تەقینـەوەی بەهێـز لـە ناومانـدا بـەرز بـۆوە و تێكـەڵ بـە دەنگـی هەورەتریشـقە بـوو، هەمووِمانـی لەیـەك دابـڕی، مـن سـەرەتا بـە تەنیـا بـووم و نەمدەزانـی چ خەبـەرە، سـەد میتـر لـە دووریـی شـوێنی تەقینەوەكـە دانیشـتم. ماوەیـەك كـەس دیـار نەبـوو، زۆری نەكێشـا خـدری هەمـزە نـژاد و خالیـد نێوچوانی پەیدا بـوون، خالیـد نێوچوانـی بێسـیمی پـێ بـوو، پێوەنـدی لەگـەڵ عەلـی باسـاوەیی گرتبـوو و ئـاگاداری دۆخەكـە بـوو. پرسـیم چ خەبـەرە؟ گوتـی مێـن تەقیونـەوە و كەریـم تووژەڵـی و ئەحمـەد ڕەزگەیـی برینداربـوون و هەردووكیـان لاقیـان شـكاوە. ئێمـە كـە شـەڕی تاریكیـی شـەومان بـوو، ئەوجـار بـۆ دەربازكردنـی برینـدارەكان پێویسـتیمان بـە تاریكـی بـوو، چونكـە برینـدارەكان زۆر لـە مۆڵگـەی دوژمـن نیزیـك بـوون و لەگـەڵ ڕووناكبوونـی هـەوا تووشـی كێشـەیەكی گـەورە دەبوویـن. گەڕاینـەوە بـۆ لای برینـدارەكان، كـە چوویـن عەلـی باسـاوەیی و شـێخە قەلەڕەشـی بریندارەكانیـان كەمێـك لـە مۆڵگەكـە دوور خستبوونەوە. هەرچۆنێـك بـێ بـە زەحمەتێكـی زۆر بریندارەكانمـان بـۆ لای گونـدی "نـۆكان" ڕاگواسـتن. ئەوانـەی كـە لـە شـەڕەكاندا بەشداریيان كردبـێ دەزانـن كـە ڕاگواسـتنی بریندار چەنـدە سـەخت و ناخۆشـە ئەویـش بـەو قـوڕ و بارانـە و لەنێـو مەیدانـی مینڕێژكـراو و لـە پەنـا مۆڵگـەی دوژمـن بـێ ئـەوەی هیـچ كەرەسـەیەكی ڕاگواسـتنی برینـدارت بـە دەسـتەوە بـێ. بـە هـاوكاری لەگـەڵ چەنـد دۆستێكی خۆمـان هـەر دوو بریندارەكەمـان لـە مەترسـی ڕزگار كـردن. دوو كەسـمان چوونـە گونـدی نـۆكان دوو وڵاغیـان هێنـان و بریندارەكانمـان بردنـە نـاو گونـدی نـۆكان. ئـەو ڕۆژە جەژنـی ڕەمـەزان بـوو و خەڵـك خۆیـان ڕازاندبـۆوە و بـۆ جەژنـە پیرۆزە دەچوونـە ماڵـی كەسوكار و خـزم و دراوسـێ،

ئێمەش بە جلوبەرگی خوێناوی و قوڕاوی، ماندوو و هیلاک و شەکەت هیوای چایەکی گەرم و ئاگردانێک و بابۆڵەیێ نان و پەنیرمان دەکرد. دوای ماوەیەک مانەوە و نانخواردن بەرەو بنکەکانی خۆمان لە "کونەمار"و "سونێ" وەڕێ کەوتین.

لەو کاتەدا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدان عەلی باساوەیی، خالید نێوچوانی، لایەق و کەریم تووژەڵی کە دواتر لە ڕێگەی خەبات و تێکۆشانی حیزبیدا شەهید بوون و چوونە نێو ڕیزی کاروانی شەهیدان. سڵاو بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ ڕاگواستنی بریندارەکان هاوکارمان بوون.

لەگەڵ نووسینی هەر وشەیەک بیر و خەیاڵم هەر لای ئەو سەردەمەیە کە پڕاوپڕ بوو لە فیداکاری و قارەمانەتیی ڕۆڵەکانی دێموکرات، ئەوانەی بەکردەوە سەلماندیان ڕۆڵەی ڕۆژی تەنگانە و گیانبازین بۆ نەتەوەی خۆیان و لە هیچ سەختییەک سڵ ناکەنەوە و پەشیمان نابنەوە. دەکەومەوە یادی هەموو ئەو خۆشەویستانەی کە سەردەمانێک بەیەکەوە لە یەک سەنگەردا بۆ بەدەست هێنانی مافی نەتەوەکەمان خەباتمان دەکرد. بیرم هەر لای ئەو کەسانەیە کە لە درێژەی خەبات و تێکۆشاندا شەهید بوون و ئازادیی نیشتمانیان بەچاوی خۆیان نەدیت. دەکەومەوە یادی ئەو ساتەوەختانەی کە قرمەی چەکی پێشمەرگە زەندەقی دوژمنی دەبرد.

- چەند ڕووداوی گرینگی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی

ساڵی ١٣٦٧ ساڵێکی پڕ لە ڕووداوی جۆراوجۆر بوو، چەندین ڕووداوی گرینگ ڕوویان دا کە هەر کامەیان بە ئەندازەی خۆی لە سەر ڕەوتی کار و تێکۆشانی ئێمە وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان کاریگەریی خۆی هەبووە. لەو ساڵەدا زۆر ڕووداوی گرینگی مێژوویی و قەت لەبیرنەکراو ڕوویان دا کە تا ئێستاش بە جۆرێک لە جۆرەکان شوێنەواریان هەر ماوە.

یەکێک لەو ڕووداوانە کۆتایی هاتنی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق – ئێران بوو کە دوای ڕاوەستانی ئەو شەڕە هێزێکی زۆری کۆماری ئیسلامی کە پێشتر لەگەڵ عێراق لە شەڕدا بوون گەڕانەوە کوردستان و پەلاماریان بۆ سەر خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دڕندانەتر لە جاران درێژە پێ دا کە لەگەڵ بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستان و وەشاندنی گورزی قورس و قایم و قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە بەرەوڕوو بۆوە.

ڕووداوێکی دیکەی گرینگی ئەو ساڵە، جیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتدا بوو کە هەم بۆ خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی، ڕووداوێکی ناخۆش و پڕ لە خەسار بوو. ئەو جیابوونەوەیە جیا لە هەموو کاریگەرییە خراپەکانی بۆ سەر ڕوحیەی خەڵک و خەباتی حیزبی دێموکرات، شوێنەوارێکی مەیدانیی ناخۆشی لە سەر تێکۆشان و جموجۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دانا کە بەداخەوە ڕووداوی زۆر ناخۆش و نەخوازراوی لێ کەوتەوە.

هەر لەو ساڵەدا بوو کە کۆمار ئیسلامی بەپێی بەرنامە زۆربەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی مینڕێژ کرد کە ئەو پیلانەی کۆماری ئیسلامیش تا ڕادەیەک توانی جموجۆڵی هێزی

پێشمەرگەی کوردستان تووشی بەربەست بکات. سەرەڕای هەموو ئەو ڕووداوانە کە بۆ هێزی پێشمەرگە ناخۆش بوون، دیسانیش ڕۆڵە فیداکار و گیان لەسەر دەستەکانی دێموکرات، قارەمانانە بەرەنگاری هێزەکانی دوژمن دەبوونەوە.

هەر وەک لە بەشی پێشوودا باسم کرد، کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵێ بە هۆی ئەو ڕووداوە تێرۆریستییەی کە ڕێژیم لە ڕێگای دوو خۆفرۆشەوە لە سەری ئەنجامی دا، بەداخەوە نەیتوانی لە پلە فەرمانده‌یی هێزی پێشمەرگەدا بمێنێتەوە و بە کردەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بێت و فەرمانده‌یی بکات هەر بۆیە، بۆ هێزی گیاڕەنگ ئەوە خەسارێکی گەورە بوو کە دەبوو بە بێ کاک مەلا حەسەن و بە خۆڕێکخستنەوەیەکی تازەوە خۆی بۆ درێژەدان بۆ ئەرکەکانی ئامادە بکات.

بە مەبەستی دووبارە خۆ ئامادەکردنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هێزی گیاڕەنگ، پێویست بوو جارێکی دیکە خۆمان سازمان بدەینەوە، دەبوو کەسێک لە جێگەی کاک مەلا حەسەن وەک فەرماندەی هێز دیاری بکرێ. لە سەرەتای بەهاری ١٣٦٧دا کاک "حوسێن پەیرەوان" کە ئەو کات فەرماندەی لکی ٣ بوو، وەک سەرپەرستی هێزی گیاڕەنگ دیاری کرا. دوای دیاریکردنی کاک حوسێن وەک سەرپەرستی هێزی گیاڕەنگ، هێزەکە لە سێ لک و پەلی فەرمانده‌یی سازمان درا.

کاک "حەمە نارستی" وەک فەرماندەی لکی سێ، کاک "ڕەحیم قارنجی" وەک فەرماندەی لکی یەک و کاک "ساڵح ڕەبەتی" وەک فەرماندەی لکی دوو دیاری کران.

هەروەها کاک "ڕەسووڵ عەزیزی" وەک سەرپەلی پەلی فەرمانده‌یی دیاری کرا.

بەم جۆرە دوای سازماندانەوەی هێزی گیاڕەنگ جارێکی دیکە

خۆمان بۆ ساڵێکی دیکە لە خەبات وتێکۆشان ئامادە کرد.

تەواوی سنوورەکانی شوێنی کار و چالاکی و هەڵسووڕانی هێزی گیاڕەنگ لە ناوچەی سەردەشت بە تەواوی مینڕێژ کرابوون و دەرچوون و هەڵسووڕان لەو سنوورانە کارێکی ئاسان نەبوو و زەحمەتێکی زۆری دەویست.

بەپێی هەڵکەوتەی جوغرافیایی ناوچە و شوێنی هەڵسووڕانی ئێمە، هێزی گیاڕەنگ جیا لە جموجۆڵ و هەڵسووڕانی خۆی، ئەرکی بەڕێکردن و هێنانەوەی چەند هێزێکی دیکەی پێشمەرگەی بۆ ناوچەکانی ناوەندی کوردستان کەوتبووە سەر شان. تەنانەت هێندێک جار ناچار دەبووین هاوکاریی پەڕینەوەی بەشێک لە هێزەکانی خوارووی کوردستانیش بکەین بۆ ئەوەی بە سلامەتی لەو سنوورانە دەرباز بن.

ئەو هاوڕێ تێکۆشەرە پێشمەرگانەی کە ئێستا لە ژیان‌دا ماون، زۆرباش دەرکی ئەوە دەکەن کە چەندە دژوار و ئەستەم بوو تا هێزێکی پێشمەرگە لە سنوور دەرباز دەکرا. بەتایبەت کە کار دەگەیشتە پاککردنەوەی ڕێگاکان لە مین و تەڵەکانی تەقینەوە، زۆر جار پێشمەرگەکان شەهید و بریندار دەبوون و تووشی خەساری زۆر گەورە دەبووین.

جێی خۆیەتی و شیاوی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی هەموو ئەو کەسانەیە کە لێرەدا باسی هێندێک لەوانە بکەین کە بەڕاستی لەو کاتە دا ڕۆڵی زۆر گرینگیان دەگێڕا و لەو سنوورانەدا بە مەبەستی دەربازبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەوپەڕی ئازایەتی و گیانفیداییەوە ئەرکی قورس و گرانیان وەئەستۆ دەگرت کە بەداخەوە هێندێکیان شەهید بوون و بەشێکیشیان بە کەمئەندامی و هەڵگرتنی کۆڵێک زام و برینەوە تا ئێستاش ئازار دەکێشن.

بەشێک لەو کەسانە بریتی بوون و هەن لە: حەمە نارستی، مەحموود خاس، قادر مەمۆ، حەسەن چاپەز، محەممەدی مامئاغا، عەلی باساوەیی، هەمزە گۆران و حوسێن باساوەیی کە هەموویان بە لێوەشاوەیی خۆیان ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا بۆ دەربازبوونی هێزی پشمەرگەی کوردستان لەو سنوورانە.

ڕۆژگارە سەختەکان تێپەڕ دەبن، بەڵام سەروەرییەکان لەبیر ناچنەوە. ئەو ڕۆژانەی تێپەڕین پڕ بوون لە فیداکاری و گیانبازی و لەخۆبوردوویی و قوربانیی زۆرمان بۆ دا، بەڵام لە کۆتاییدا بەچۆکدا نەهاتین و نەبەزین.

بنکە و بارەگاکانی هێزی گیاڕەنگ و کۆمیتەی شارستانی سەردەشت هەر لە "سونێ" و "کونەمار" بوون. ناوچەکە بەتەواوی ئاوەدان و لە ژێر کۆنترۆڵی ئێمە دابوو. ئێمە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە تەواوەتی لەو شوێنە ماینەوە و ناوچەکە لە بەردەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوو. لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە بە ئێمە چۆڵ بکات، بۆ جێبەجێ کردنی هەوڵی زۆری دا، ڕۆژ نەبوو تۆپباران نەکرێین. دوژمن بە هەر شێوەیەک بۆی کرابا هەوڵی ئەوەی دەدا کە ناوچەکە چۆڵ بکەین بۆ ئەوەی ئەو دەروازەیە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. بەڵام ئێمەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێ گوێدان بە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی کار و چالاکیی خۆمان لەو ناوچەیە درێژە پێدەدا.

تا دەهات گوشارەکان بۆ سەر ئێمە بۆ چۆڵ کردنی ناوچەکە زیاتر دەبوون. ئێمەش هەر سوور و پێداگر بووین لە سەر مانەوە لەو ناوچەیە.



- **کوژرانی ئەندازیارەکانی سەر بە سپای پاسداران لە**

## جادەی سەردەشت – قاسمەڕەش

کۆماری ئیسلامی لە پاییزی ١٣٦٦دا دەستی کرد بەلێدانی جادە لە "قاسمەڕەش"ەوە بۆ "پشکاوێ"، بە خەیاڵی خۆی بۆ "کونەمار" و سونێ" تا لەو ڕێگەیەوە ئەو ناچەیەمان پێ چۆڵ بکات.

لە بەهاری ٦٧دا دیسان کۆماری ئیسلامی بە بەرنامەی جیاوازەوە هەوڵی دەدا بنکە و بارەگاکانمان لەو ناوچەیە چۆڵ بکەین. ئەو کاتە بنکەکانی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" لە دۆڵی "ناوزەنگ" و "قاسمەڕش" بوون. لەلایەن ئەوانەوە پەیامێک بۆ هێزی گیاڕەنگ و کۆمیتەی شارستانی سەردەشت نێردرابوو. پەیامەکە ئەوە بوو کە بتوانن لەو ڕێگەوە، ناوچەکە بە ئێمە چۆڵ بکەن. کاتێک پەیامەکە دەگات، وەڵامی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت ئەوە دەبێ کە بەهیچ جۆر ناوچەکە چول ناکەین. بۆیە شێلگیرانەتر لە پێشوو لە ناوچەکە خەریکی کار و چالاکیی خۆمان بووین.

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەموو فشارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ بۆ زەربەلێدان لە هێزی دوژمن، دوو گەڵاڵەی عەمەلیاتییان خستە بواری جێبەجێ کردنەوە. گەڵاڵەی یەکەم؛ لێدانی هەموو ئەو ئەندازیار و کاربەدەستانەی کۆماری ئیسلامی بوو کە هەموویان سەر بە سپای پاسداران بوون و خەریکی لێدانی جادە بوون بۆ دۆڵی "پشکاوێ" و "گۆڕەشێر".

گەڵاڵەی دووهەم؛ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێکی گەورە بوو لە گوندی "سێپەکان".

بۆ جێبەجێ کردنی یەکەم عەمەلیات لە ساڵی ١٣٦٧دا

جموجـۆڵ و گەڵاڵـەی عەمەلیاتـی هێـزی گیاڕەنـگ دەسـتی پێکـرد. داڕشـتنی گەڵاڵـەی ئـەو عەمەلیاتـە بـە شـەهید حەمـە نارسـتی و کاک عەبدوڵـڵا شـەققاز سـپێردرا.

بۆ ئـەو مەبەسـتە ڕێکەوتـی٧ی جۆزەردانـی ١٣٦٧ تیمێکـی تێکـەڵاو لـە پێشـمەرگەکانی هێـزی گیاڕەنـگ بـە فەرماندەیـی کاک حەمـە نارسـتی و کاک عەبدوڵـڵا شـەققاز بـەرەو ناوچـە وەڕێ کەوتیـن و دوای تێپەڕکردنـی سـنووری "کانیـەزەرد" چووینـە نێوخـۆی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان.

جموجۆڵـی ئـەو کەسانەی خەریکی لێدانـی جادەکـە بوون لەژێر چاودێـری دابـوو. ئێـوارەی ڕۆژی ٩ی جۆزەردانـی ١٣٦٧ لەنێـوان گوندەکانـی وەردێ و بنەوخەڵێف چووینـە سـەرجادە و بۆسـەمان بۆ هێزەکانـی دوژمـن دانایـەوە. زۆی نەکێشـا ئـەو تیمـەی مەبەسـتمان بـوو، واتـە دوو ماشـێن هەڵگری ئـەو کەسـانە بـوون کـە خەریکـی لێدانـی جادەکـە بـوون بـۆ دۆڵـی "پشکاوێ" و "گۆڕەشـێر"، کەوتنـە کەمینـی پێشـمەرگەکانی هێـزی بەهێـزی گیاڕەنـگ و لـە ماوەیەکـی کورتـدا هەموویـان کـوژران و هـەر دوو ماشـێنەکەش لەلایـەن پێشمەرگەکانەوە ئاگریـان تێبـەردرا. ئاگر و بڵێسـەی گڕ و دووکەڵی ماشـێنە سـووتاوەکان لـە گوندەکانـی دەوروبـەر ڕا بەتـەواوی دەبینـرا.

بـەم جـۆرە لـە سـاڵی ٦٧دا یەکـەم عەمەلیاتـی هێـزی گیاڕەنـگ لـە سـەر هێزەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی بەڕێـوە چـوو. ئـەو زەربەیـە کـە لـە هێزەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی درا ،کاریگەریـی خـۆی دانـا و کۆمـاری ئیسـلامی وازی لـە جادەکـە هێنـا و گوشـارەکانیش کـەم بوونـەوە.

دەبـێ بگوتـرێ لـە هەلومەرجـی ئـەو کاتدا ئـەو عەمەلیاتـە دوژمنـی تووشـی پەشـۆکاوی کـرد.دوای وەشـاندنی ئـەو گـورزە

کاریگەرە لە دوژمن، هەموومان بە سلامەتی گەڕاینەوە بنکەکانی خۆمان.

## • عەمەلیاتی گرتنی مۆڵگەی گوندی سێپەکان لە ناوچەی پیرانشار

دەستەیەک لە تێکۆشەرانی دێموکرات پێکهاتوو لە کاک حوسێن پەیرەوان، سەرپەرستی هێز و، کاک ڕەحیم قارنجی، فەرماندەی لکی یەک و چەند کەسێکی دیکە لە کوێستانەکانی قەندیل بوون بۆ دارشتنی گەڵاڵەیەکی عەمەلیاتیی لە گوندی سێپەکان هەتا بەپێی بریاری پێشووی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیارەنگ دووهەمین عەمەلیات جێبەجێ بکەن.

یادەوەری و بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانی ڕابردوو نە کۆتاییان دێ و نە لەبیر دەچنەوە. ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژووی حیزبی دێموکراتدا بخشێنین بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێبازە پڕشکۆکەی پێشەوا، دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی و شەهیدانی دیکەی ئەو حیزبە چەندە پڕ ڕێبوار و ئاوەدانە.

لە هەموو هەلومەرجێکدا ئەو خەباتەیان بەبێ سڵکردنەوە لە سەختی و دژوارییەکان درێژە پێداوە، ڕۆژ نەبووە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان زەبر لە هێزی داگیرکەری نیشتمانیی کورد نەدەن.

ناوچەی سەردەشت یەکێک لەو ناوچانەیە کە بە درێژایی مێژووی خەبات و تێکۆشانی پڕشکۆی حیزبی دێموکرات، بەربەرەکانی و بەرەنگاری تێیدا هەردەم لە لووتکەدا بووە.

ئەگەر لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ تێکۆشەرانی وەک مەلا ئاوارە و هاوڕێکانی لە "هۆمل" و "سەرشیو" ڕووبەڕووی ژاندارمەکانی ڕێژیمی پاشایەتی دەبوونەوە، ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە تا ئێستاش هەمان ڕێچکە و ڕێبازی ئەو شەهیدانە درێژە پێدەدەن.

دوای ئەو پێشەکییە دەگەڕێمەوە سەر ئەسڵی بابەتەکەم، هەر وەک لە بەشی پێشوودا باسم کرد، بۆ کەمکردنەوەی ئەو گوشارانەی لە سەرمان بوون، بۆ چۆڵنەکردنی سونێ دەبوو بۆ جێبەجێکردنی دووهەمین گەڵاڵەی عەمەلیاتی کە لە پێشدا کاری لە سەر کراوە دەستبەکار بین.

کۆمەڵێک لە فەرماندەکان لە کوێستانەکانی قەندیل بە مەبەستی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی گەڵاڵەی ئەو عەمەلیاتە کۆبوونەوە.

ئێمەش ڕێکەوتی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٧ لە بنکەکانی سونێ، کە ژمارەمان زیاتر لە ٨٠ کەس دەبوو بە هەموو ئەو ئیمکاناتەی کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو عەمەلیاتە پێویست بوو بەرەو کوێستانەکانی قەندیل وەڕێ کەوتین. ڕیزێکی دوورودرێژ لە ڕێبوارانی ڕێگەی ئازادی هەوراز و نشێوەکانمان بڕی بۆ ئەوەی هەرچی زووتر لە شوێنی مەبەست نیزیک بینەوە. بێگوێدان بە کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگە و ماندوویەتی و سەرما و گەرما بەرەو "کانیکەنێر" و کوێستانەکان سەردەکەوتین کە هێشتا شیو و دۆڵەکان پڕبوون لە بەفر و هەوا زۆر سارد بوو.

سەرئەنجام دوای چەند کاتژمێر ڕێگە بڕین، لە کوێستانی قەندیل سەرکەوتین، ئەو قەندیلەی کە هەمیشە پەناگە و مەکۆی پێشمەرگە و ئازادیخوازانی کوردستان بووە.

بەری بەیانی گەیشتینە دەوروبەری "دەشتێ خواری". لەوێ لەگەڵ ئەو بەشەی دیکە واتە کاک حوسێن پەیرەوان و شەهید

ڕەحیم قاڕنجی یەكمان گرتەوە و ئەو ڕۆژە لەوێ ماینەوە. هەر ئەو ڕۆژە فەرماندەكان بۆ باسكردن لە سەر چۆنیەتیی جێبەجێكردنی گەڵاڵەی ئەو عەمەلیاتە كۆبوونەوە. ئێوارەی ڕۆژی دوایی هەموومان بەرەو گوندی سێپەكان وەڕێ كەوتین. ڕێگە زۆر ناخۆش بوو، دۆڵەكان پڕبوون لە بەفر و لە ترسی هەڵدێران، زۆر بە زەحمەت دەمانتوانی بەسەریاندا تێپەڕین. ڕێگەكە زۆر سەخت و ناخۆش بوو و چەند پێشمەرگە هەڵدێران. بە هەرحاڵ دوای چەند كاتژمێر ڕێگەبڕین بەرەو بەرزاییەكانی گوندی "سێپەكان" وەڕێكەوتین. لە نیوەشەوێكی درەنگدا گەیشتینە دەوروبەری گوندی سێپەكان و تا بەیانییەكەی هەر لەوێ ماینەوە. بەیانی ١٤ی جۆزەردان لە بن سێبەری دار گێوژەكانی ئەو دەڤەرە فەرماندەكان بۆ دابەشكردنی شوێنەكان كۆبوونەوە.

دوای كۆبوونەوەیەكی پڕ لە ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕای پێشمەرگانە هەموو پێشمەرگەكەكان بە سەر ٧ دەستەدا دابەش كران و هەر دەستەی شوێنی خۆی بۆ دیاری كرا.

لەو كاتەدا كە دەستەكان دابەش دەكرێن و ماڵ ئاوایی لە یەكتر دەكرێ زۆر ناخۆشە، چاو لە هەر كامەیان دەكەی دنیایەك بیرەوەری لە مێشكتدا زیندوو دەبێتەوە، بیر لەوە دەكەیەوە داخوا بڵێی دوای تەواوبوونی ئەو عەمەلیاتە جارێكی دیكە بەیەك شاد بینەوە و پێكەوە لە كۆڕی پێشمەرگانەدا و پێكەوە باس لە عەمەلیاتەكە و خاڵە بەهێز و لاوازەكانی بكەینەوە؟

بەداخەوە چەند جارێك بەو شێوەیە كاتێك هەموو تیمەكان دوای بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێك كۆبوونەوە، چەند كەس لە هاوسەنگەرانمان شەهید بوون و بە یەكجاری ماڵئاواییان لێ كردووین و هەرگیز یەكترمان نەدیتۆتەوە. لە دەورانی

پێشمەرگایەتی‌دا ئەوە یەکێک لە ناخۆشترین چاوەڕوانییەکانە. لەو عەمەلیاتەش‌دا بەداخەوە ئەو ڕۆژە ناخۆشەمان بەچاوی خۆمان دیتەوە.

ناوچەکە بە تەواوی ئاوەدان بوو، پڕ بوو لە بێری و شوان و ڕەشماڵ و وەرزێر کە لە حاڵی هاتوچۆ و کارکردندا بوون.

ئێوارەیەکی درەنگ هەموو تیمەکان بەرەو شوێنی دیاریکراوی خۆیان وەڕێ کەوتن. ئێمەش کە لە تیمی هێرش‌دا بووین، لە شوێنی خۆمانماینەوە. دیارە زۆربەی تیمەکان بە هۆی نیزیکیی شوێنی دیاریکراویان هەر لە لای ئێمە مانەوە.

ئەو جارەش بە دنیایەک ئاوات و ئارەزووی وەدی‌نەهاتووەوە دەچمە قووڵایی سەردەمێکی سەختی خەبات وتێکۆشان، ئەو دەورانەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەنیا بە چەکی شانی لە بەرانبەر هێزی پۆشتە و تەیاری کۆماری ئیسلامیدا وەک شێر بەرگریان دەکرد بۆئەوەی بە دوژمن بڵێن ئێمە بۆ وەدەستهێنانی مافی گەلی خۆمان خەبات دەکەین و هیچ کەندوکۆسپێک ناتوانێ ئیرادەی ئێمەی شۆڕشگێڕ تێک بشکێنێ.

خەبات لە پێناو ئازادی، بیروباوەڕی نەگۆڕی ئێمەیە بۆیە بەهیچ هێزێک لەبن نایە.

ڕابردوومان پڕە لە شانازی پڕە لە بەرخۆدان و پڕە قوربانیدان.

هەروەک باسم کرد، ڕۆژی ١٥ی جۆزەردان هەر لە بەیانییەوە هەموو تیمەکان لە شوێنی دیاریکراوی خۆیان ئامادەبوون تا لە یەک کات وسات دا بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر، ئەرکی پێسپێردراوی خۆیان جێبەجێ بکەن.

چەند دەستە لە پێشمەرگەکان بۆ لێدانی مۆڵگەکانی "ئاڵیەمەران"، "خدراوێ"، "چەکۆ" و "شیوەمێری" دیاری کرابوون.

دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکان بۆ سەر جادەی "سێپەکان" و سەر جادەی پیرانشار- سەردەشت دیاری کرابوون بۆ ئەوەی هێزی یارمەتیدەری دوژمن بخەنە کەمینەوە.

دوو دەستەش لە پێشمەرگەکان وەک هێزی پشتیوان بە مەبەستی لێدانی مۆڵگەی گوندی سێپەکان دیاری کرابوون تا دەستەکانی هێرش لە ژێر ئاگری ئەو دوو تیمەدا پەلاماری ئەو مۆڵگەیە بدەن.

دەستەیەکیش لە پێشمەرگەکان لەگەڵ فەرماندەی گشتیی عەمەلیاتدا بوون و لە بەرزایی پشتی گوندەوە چاوەدێری هەموو ناوچەکەی دەکرد.

دوو دەستەی دیکەیش لە پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی هەر سێ فەرماندەی ڕۆژە سەختەکانی خەبات، شەهیدان ڕەحیم قاڕنجی و حەمە نارستی و کاک ساڵح ڕەبەتی" وەک تیمی هێرش دیاری کرابوون. منیش لەو تیمەدا بووم کە شەهید حەمە نارستی سەرپەرستی دەکرد.

سەرئەنجام لە کاتژمێر پێنجی ئێوارەدا لە لایەن فەرماندەی عەمەلیاتەوە دەستووری هێرش درا و هەموو تیمەکان هێرشی خۆیان بۆ سەر دوژمن دەست پێکرد. شەڕ لە هەموو شەڕگەکان دەستی پێکرد؛ هەر لە "ئاڵیەمەران"ەوە تا "شیوەمێرێ" هێزی دوژمن لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە هێرشی کرایە سەر.

ئێمەش لە ژێر ئاوری توندی دوو دەستەی هێزی پشتیواندا پێشڕەویی خۆمان بۆ سەر مۆڵگەی گوندی سێپەکان دەست پێکرد.

لە کاتی ئاگربارانکردنی ئەو مۆڵگەیەدا یەکێک لە دۆشکەکانی تیمی پشتیوان گیری کرد و بەو هۆیەوە هێزی نێو مۆڵگەکە کەمێک کەوتنە خۆ و لەگەڵ تیمەکانی هێرش ڕووبەڕووی یەک

بوونەوە. شەڕێکی قورس لە دەوروبەری مۆڵگە دەستی پێکرد، ئێمە کە ١٠ کەس دەبووین بەرەو دەروازەی مۆڵگەکە پێشڕەویمان کرد و خۆمان گەیاندە سەنگەرەکانی دەروازەی مۆڵگەکە. لە کاتی هێرشکردن دابووین کە دەسڕێژێکی گوللە کەوتە نێومان. لە ئاکام دا هەر لە دەروازەی مۆڵگەکە، کاک ڕەحیم قارنجی فەرماندەی بەتوانا و لێهاتووی لکی یەک شەهید بوو و دوو کەسی دیکەش بە ناوەکانی کاک عوسمان ئەحمەدی وکاک محەممەد مامئاغای بەسەختی بریندار بوون.

شەهیدبوونی کاک ڕەحیم و برینداربوونی ئەو دوو هاوسەنگەرەی دیکەمان بارودۆخی شەڕەکەی گۆڕی. ئێمە زۆر کەم مابووین، ئەرکمان زۆر زۆر قورس بوو؛ هەم دەبوو شەڕ لەگەڵ دوژمن بکەین، هەم لە فکری ڕاگواستنی شەهید و بریندارەکاندا بین. بەڕاستی بارودۆخێکی زۆر ناخۆش بوو. چەند کەسێک لە هاوڕێیان شوێنی خۆیان بەجێ هێشتبوو و پاشەکشەیان کردبوو. پاشان فشارێکی لەڕادەبەدر کەوتە سەر ئێمە. ئێمەش بەهەوڵ وهیممەتی هەر هەموومان لە شەڕێکی سەختدا توانیمان شەهید و بریندارەکان ڕاگوێزین. هێشتا زۆر دوور نەکەوتبووینەوە کە کاک عوسمان ئەحمەدی، سەر پەل، لە لکی یەک، بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی بەخت کرد و پەیوەست بە کاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەل بوو.

دوو پێشمەرگەی دیکەش بە ناوەکانی خالید بووبانەیی و ئەبووبەکر خولیسی بۆ ئەوەی هاوڕێیانیان لەو دەستەیە پێیان بزانن، لەنێو ماڵان بە خومپارە شەهید ببوون.

ئێمەش هەموومان کە دوو شەهید و بریندارمان پێ بوون، بەرەو بەرزاییەکانی "کاسەبەردین" پاشەکشەمان کرد. بەڕاستی ڕۆژێکی ناخۆش و سەخت بوو، قەت ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێتەوە،

تیمەكانی دیكەیش هەر هەموویان لەگەڵ تاریكیی هەوادا بۆ شوێنی دیاریكراو پاشەكشەیان كردبوو.

لە بەرەبەیانییەكی زوودا هەموومان لەسەر كێوی كاسەبەردین كە یەكێك لە كێوە بەرزەكانی ناوچەكەیە یەكمان گرتەوە، هەوا زۆر سارد بوو، هەموومان ماندوو و شەكەت، هێشتا بەفر بە كێوانەوە مابوو، لە چەند شوێنێك ئاور كرابوونەوە و پێشمەرگەكان دەستە دەستە لە دەوری ئاورەكە كۆ ببووینەوە، خەمێكی لە ڕادەبەدەر بە ڕووخساری هەموومانەوە دیار بوو. بەداخەوە هەر دوو شەهیدەكەی دیكە كەوتبوونە دەستی هێزەكانی دوژمن.

لە ڕادەبەدەر ماندو و هیلاك بووین، نانمان پێ نەمابوو. پێوەندی بە كۆمیتەی شارستانەوە گیرابوو كە هەم نانمان بۆ بێنن و هەم وڵاغمان بۆ دابین بكەن بۆ ئەوەی تەرمی شەهید و بریندارەكانیان پێ ڕاگوێزین. دوای چەند كاتژمێرێك نان هات و وڵاغیشیان بۆ هێناین.

بە دوو شەهید و دوو بریندارەوە بەرەو بنكەكانمان وەڕێ كەوتین. ناوچەكە پڕ بوو لە هەوارچیی باشوور و ڕۆژهەڵات. كاتێك ئێمە لە ڕیزێكی دوور و درێژدا بە بریندار و شەهیدكانەوە بە نێویاندا دەڕۆیشتین، هەموویان بە چاوی پڕ لە فرمێسكەوە سەیریان دەكردین و حەسرەتی شەهیدبوونی ئەو شەهیدانەیان دەخوارد كە لەسەر پشتی ئەسپەكان بوون و بۆ ئازادیی ئەوان گیانی خۆیان فیدا كردبوو. لەم كاتەدا شێعری "هەورازی كووڕ" ئاوێتەی ئەو ساتەوەختە بوو كە دەڵێ: هەورازی كووڕ پشتی شاخێكی بە عومرە، بۆ پێشمەرگە دانەویوە، ئێوارەیە ڕێچكە و ڕیزی یەك لە دوای یەك، بەرەو بناری ئەو دیوە....

لە ئێوارەیەكی درەنگدا گەیشتینەوە بنكەكانمان لە

"کونەمار"ێ. هەر ئەو ئێوارەیە شەهیدەکان لە گۆڕستانی شەهیدان لە گوندی بەرقسڵ بەخاک سپێردران.

بە بڕوای من لەو عەمەلیاتەدا سێ شت هۆکار بوون بۆ نەگیرانی ئەو مۆڵگەیە و ئەو خەسارانەی لێمان کەوت؛ یەکەمیان گیرکردنی دۆشکەی تیمی پشتیوان بوو کە بۆشاییەکی گەورەی بە زیانی ئێمە لێکەوتەوە، دووهەمیان هەڵکەوتەی شوێنی مۆڵگەکە بوو کە دەبوا وردتر بیر لە گرتنی بکرێتەوە و سێهەمیان پاشەکشەی نابەجێ و نابەوەختی بەشێک لە هاوڕێیان و بەجێهێشتنی شوێنی دیاریکراویان بوو.

چەند ڕۆژ دواتر ئێمە چەند کەس لە پێشمەرگەکان کە هەوڵێکی زۆرماندا بۆ ڕزگارکردنی شەهید و بریندارەکان، لە لایەن شەهید فەتاح عەبدولی و کاک حوسێن پەیرەوان لە کۆبوونەوەیەک دا بەشیوەی زارەکی خەڵات کراین.

بەم جۆرە دووهەمین عەمەلیاتی هێزی گیارەنگ لەساڵی ١٣٦٧دا کۆتایی پێهات.

جێی ئاماژەپێدانە کە لەو عەمەلیاتەدا ژمارەیەک لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون.

## • پێکدادانی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی دوژمن لە گوندی گردێنە

هەروەک لە بەشەکانی پێشوودا باسم کرد ساڵی ١٣٦٧ بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان ساڵێکی ناخۆش بوو، ڕێژیم هێزێکی زۆری لە سنوورەکان جێگیر کردبوو، زۆربەی سنوورەکان مینڕێژ کرابوون و دەربازبوون لە سنوورەکان کارێکی ئاسان

نەبوو، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو بەربەستانە ئێمەش وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کار و چالاکیی خۆمان لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان درێژەمان بە ئەرکەکانی خۆمان دەدا تا پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ بکەینەوە.

هێزی گیارەنگ ئەو کاتە لە "کونەمار" و "سونێ" جێگیر بوون و لە هەموو باریکەوە، گوشاریکی زۆرمان لە سەر بوو. بەڵام بێ گوێدان بەگوشارەکانی کۆماری ئیسلامی درێژەمان بە کاری خۆمان دەدا. بەهۆی ئەوەی کە ئێمە لە سنوور بووین بێجگە لەوەی کە دەبوو خۆمان لە سنوور ڕەت بین، دەبوو بەشێک لە هێزەکانی دیکەی وەک هێزی زمزیران، پێشەوا و بەیان و جاورباریش هێزەکانی دیکە لە سنووری ناوچەی سەردەشتەوە بەرەو نێوخۆی وڵات دەرباز بکەین. هەرچەندە کارێکی زۆر سەخت بوو، بەڵام بیروباوەڕی پێشمەرگە تێکۆشەرەکان بەرگەی هەموو سەختییەکانی دەگرت و هەرگیز بۆ جارێکیش نەماندەتوانی خۆمان لە سەختیەکان بشارینەوە.

ڕێکەوتی ٢١ی پووشپەڕی ١٣٦٧ی هەتاوی هەر دوو هێزی زمزیران و پێشەوا و کۆمیتەی شارستانی نەغەدە گەیشتنە سونێ و بەسەر بنکەکانی هێزی گیارەنگدا دابەش بوون و چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد تا لە سنوورەکانی سەردەشتەوە بەرەو ناوچەکانی خۆیان بگەڕێنەوە. هیزێکی زۆر بوو، لە بیرم نییە بەڵام زیاتر لە ١٢٠ کەس دەبوون. دەربازکردنی ئەو هێزە زۆرە کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام دەبوو هەر دەربازیان بکەین تا بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. ئەرکی ڕەتکردنی ئەو هێزانە بە پێنج کەس لە پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ سپێردرا کە بریتی بوون لە؛ ڕەوانشاد مەحموود خاس، محەممەد مامئاغا، عومەر کانەبی، خدر بەگ و شەهید سالار مارەغانی کە ڕەوانشاد مەحموود

خاس سەرپەلمان بوو. دوای کۆبوونەوە و ڕاوێژ لەگەڵ یەکتر ئێوارەی ٢٣ی پووشپەڕ بەرەو ناوچە وەڕێکەوتین. شوێنی دەربازکردنی ئەو هێزە گوندەکەی ئێمە "دۆڵەتوو" بوو. سەر لە ئێوارێ بەرەو سنووری دۆڵەتوو وەڕێ کەوتین، دوای پشوویەکی کورت لە سەرچاوەی ئاوی "بێدەلان" هەورازی "دارەگردیلە"مان گرتە بەر. هێزەکە زۆر بوو و یەکەم شەو بوو بۆیە ئەو هێزە وەک پێویست نەیدەتوانی ڕێگە ببڕێ. سەرئەنجام هێدی هێدی سەرکەوتین. لێڕەوارێکی پڕ و ناخۆش بوو، زۆر لە مۆڵگەیەکی دوژمن نیزیک ببووینەوە، من یەکەم نەفەر بووم و ئەوانی دیکە هەموویان بەدوای مندا دەهاتن. سەر و خواری ڕێگاکەمان مینڕێژ کرابوو، نەدەبوو لێک دابڕێین چونکە هەرکەس لە ڕێگە لایدابا دەکەوتە سەر مەیدانی مینی دوژمن. ڕێگایەکی سەخت و دژوار بوو، نەمانزانی کە زۆر لە مۆڵگەکە نیزیک بووینەوە یانی ئەوەندە لێی نیزیک ببووینەوە کە تەقەی لێکردین، بەڵام بە هیممەتی هەموومان هەر زوو خۆمان ئاودیوی گوندی دۆڵەتوو کرد و لە چاوی هێزەکانی دوژمن ون بووین و بەرەو دووئاوی دۆڵەتووێ شۆڕ بوینەوە. بە هۆی زۆری هێزەکە ڕێکردن و خۆحەشاردانمان دژوار بوو. هاوڕێیان هاواری ئاویان دەکرد و ڕێگاکە زۆر ماندووی کردبوون، منیش هەر زوو زوو مزگێنی ئەوەم پێ دەدان کە زۆری نەماوەو و دەگەینە سەر کانییەکی ئەو ناوچەیە.

لە خوار ماڵەکانی گوندی دۆڵەتوو ئەو چۆمەی لەنێو ماڵان دەهاتە خوارێ و زۆریش پیس بوو، هەموویان دەستیان کرد بە ئاو خواردنەوە، هەرچەند هاوارم کرد کە ئەو ئاوە بۆ خواردنەوە نابێ و ئەوە کانیەکە لەولاترە، بێفایدە بوو، هەموویان تێر لەو ئاوەیان خواردەوە. دیارە زۆر جار شتی لەو جۆرەم بەچاوی خۆم دیتوە.لەبیرمە کاک ئەحمەد نستانی گوتی: ئەرێ خدر بەگ ئەوە بۆ لەو دێمەکارەت کردین، جێگەی دیکە

نەبـوو ؟!..

بەهەرحـاڵ دوای پشـوویەكی كـورت بـەرەو سـەرمێرگان وەڕێ كەوتیـن كـە شـوێنێكی زۆر خـۆش و پڕئـاوە، لەوێـش پشـوویەكی كورتمـان دا، ئەوجـار بـەرەو "دەشـتی مـردواوێ" كـە هـەر چەنـدی بڵێـی خـۆش و دڵڕفێنـە، وەڕێكەوتیـن. كاتێـك كـە بـەرەو دەشـتی مـردواوێ شـۆڕ بووینـەوە قافلەیەكـی دوور و درێـژی پێشـمەرگە لـە دەشـتەكە بـەرەو گونـدی گردێنـە هەنـگاوی دەنـا. شـەو هەتـا دەهات دەرنگتـر دەبـوو، ئێمـەش هەوڵـی ئەوەمـان دەدا پێـش ڕووناكایـی بگەینـە شـوێنی مانـەوە.

هەنگاوەكانمـان خێراتـر دەكـرد، زۆر جاریـش دەمانگـوت؛ كاكـە زووكـەن، پێشـمەرگەكان زۆر ماندووبـوون.

سـەرئەنجام پێـش ڕووناكیـی هـەوا هەموومـان گەیشـتینە خـوار گونـدی گردێنـە و لـە خـوار گونـد ماینـەوە.

كاتێـك كـە گەیشـتینە شـوێنی مانـەوە هەرچەنـدە شـوێنەكە زۆر بـاش نەبـوو، بـەڵام بـە مەجبـووری لـەوێ ماینـەوە، شـوێنەكە زۆر سـەرەڕێ بـوو، بـەڵام پێشـمەرگەكان هـەر زوو هەركەسـەو لـە شـوێنێك چـوە نێـو كیسـەخەوەكەی بـۆ ئـەوەی ئیسـڕاحەت بـكا.

ئـەو كات كاك ئەحمـەد نسـتانی فەرمانـدەی هێـزی زمزیـران و كاك عومـەر باڵەكـی فەرمانـدەی هێـزی پێشـەوا بـوون.

مەحمـوود خـاس پێـی گوتـم لەگـەڵ دوو پێشـمەرگە بچـۆ بـۆ نێومـاڵان بـۆ هێنانـی هێندێـك نـان و قەنـد و چـا، كاتێـك چووین بـۆ نێومـاڵان نـان و چامـان هێنـا، كـە هاتینـەوە بـۆلای پێشـمەرگەكان دیتـم هەمـوو خەوتبـوون. تەنیـا ئـەوەی مـن دیتـم بەخەبـەر بـوو، مەحمـوود خـاس بـوو. لـە كاك مەحمـوودم پرسـی باشـە پاسـەوانتان لـە كـوێ دانـاوە؟ كاك مەحمـوود گوتـی ئـەوە لەنێـو ئەسـحابەی پاسـەوان دانـراوە!!. بـە كاك مەحمـوودم گـوت

باشە لە سەر ئەو ڕێگەیە نابێ پاسەوان هەبێ! منیش لە پشتی جۆگەکە لێی ڕاکشام، بەڵام هەر نیگەران بووم، هیچمان نەماندەزانی کە تیمێک لە کادرەکانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت لە دەوروبەری ئێمە ماونەتەوە، نە ئەوان هەستیان بە ئێمە کردبوو و نە ئێمە هەستمان بە ئەوان کردبوو.

بەیانییە، تازە خۆر لە چیای سەرکەشی "گۆمێ" ڕووناکی دەرخستبوو تا بە تیشکە بە تینەکەی چیای "جەنگی" و دەر و دۆڵی ناوچەکە گەرم دابێنێ. لە داوێنی ئەو دوو چیایەدا هەڵۆ تیژباڵەکانی زمزیران و پێشەوای هەمیشە زیندوو، ئەویندارانی ڕێگای ئازادی بە هیوای پشوویەک چەک و ڕەختیان کردبووە سەرینی ژێر سەریان و بۆ سەرخەوێک چاوەکانیان لەسەریەک دانابوون. ماندوو و شەکەت، ڕێگایەکی دووریان بڕیوە. دەیانهەوێ بە شکاندنی سەرخەوێک ماندوویەتی شەوی ڕابردوویان لە جەستە دەرکەن. پێشمەرگەکان هەر کەسەو لە گۆشەیەک چۆتە نێو کیسەخەو و خەریکی حەسانەوەن. چەند کەسێک لە تێکۆشەران سەرەڕای ماندوویی و بێخەوی، وەک پاسەوان لە تەپۆلکەیەکی سەرووی خۆمان چاوەدێری ناوچەکەیان دەکرد بۆ ئەوەی هاوڕێکانیان بە ئاسوودەیی پشوویەک بدەن. زۆری نەکێشا کە هێزێکی دوژمن، پێکهاتوو لە دەستەی بە ناو زەربەتی حەمامیانی بۆکان بەنیازی زەربەلێدان لە تیمێکی تەشکیلاتیی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بەرەو شوێنی حەسانەوەی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا و زمزیران هاتبوون، بە لێواری چۆمەکەدا هەتا نیزیکەی چوار پێنج میتری شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەکان هاتبوونە خوار. لە یەکەم دەسڕێژدا جاشەکان هەموو ئەو پێشمەرگانەیان کردە ئامانج کە لە کیسەخەودا نووستبوون.

لە حاڵێکدا کە ئێمە زۆربەمان خەوتبووین، بە دەنگی تەقەی چەکی جاشەکان، پێشمەرگەکان ڕاپەڕین و لە یەکەم دەسکردنەوەدا جاشەکانیان دایە بەر دەستڕێژی چەکەکانیان. سەرەڕای ئەوەی جاشەکان زۆر لە پێشمەرگەکان نیزیک بوون، بەڵام جاشەکان خۆیان لەبەر هەڵمەتی هێزی پێشمەرگە نەگرت و هەر زوو شکان و بەرەو گوندی "ئەحمەدبریو" هەڵاتن و پێشمەرگەکانیش وەدوایان کەوتن تا لە ناوچەکە دووریان خستنەوە.

لەو شەڕەدا ١٧ کەس لە جاشەکان کوژران کە کەلاکی ١١ کەسیان کەوتە بەر دەستی تێکۆشەرانی دێموکرات، چەندین قەبزە چەکوچۆڵی جۆراوجۆریش کەوتنە دەستی هێزی پێشمەرگە. بەداخەوە لەو شەڕەدا دوو کەس لە پێشمەرگە قارەمانەکان بە ناوەکانی؛ حەسەن قامیشەیی لە هێزی زمزیران و برایم قوڵقوڵەیی لە هێزی پێشەوا شەهید بوون و سێ پێشمەرگەش بریندار بوون.

دوای هەڵاتنی جاشەکان فەرماندەکانی هێزی زمزیران و پێشەوا هەر دوو هێزەکەیان بە چەند دەستە دابەش کرد بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێ زەربە لە هێزی پێشمەرگە بدات. هێزی دوژمن لە مۆڵگەکانی "ساوان"ـەوە ناوچەکەیان تۆپباران دەکرد. هەروەها دەستەیەکی دیکە لە جاشەکان کە دەیانهەویست پشتی گوندی گردێنە بگرن، لە لایەن پێشمەرگەکانی ئەو دوو هێزەوە تێکشکێندران.

سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ تەرمی هەر دوو شەهیدەکە لە لایەن هاوسەنگەرانیانەوە لەو نیزیکانە بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردران.

دوای بە خاکسپاردنی شەهیدەکان ئێمە ئەو تیمە لە پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ کە تا گوندی گردێنە لە خزمەتی

هاوڕێکانـی خۆمـان دابووین، دوای ماڵئاوایـی لـە هـاوڕێ و هاوسنگەرانمان لـە هێزەکانـی پێشـەوا و زمزیـران بـەرەو بنکە کانی خۆمـان لـە "کونەمـاریێ" گەڕاینـەوە و ئەوانیـش بـەرەو ناچەکانـی خۆیـان وەڕێ کەوتـن.

ئەگـەر بـۆ هەمووومـان دەربازبـوون لـە سـنوور کارێکـی قـورس بـوو، بـەڵام پەڕینـەوە لـە چۆمـی کەڵـوێ هـەر وەک پەڕینـەوە لـە سـنوور ناخـۆش بـوو. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش دەسـتەیەک لـە پێشـمەرگەکانی هێـزی زمزیـران بـە فەرماندەیـی فەرمانـدەی چاونەترسی ڕۆژە سەختەکانی خەبـات، کاک باییـز قەڵاتاسیان بۆ شکاندنی بەربەستەکانی سەر ڕێگای چۆمی کەڵوێ، شـەوی پێشتر خۆیـان گەیاندبـووە چەنـد میتریـی پـردی قەڵاتاسـیان. هێزەکانـی ڕێژیـم بـۆ ئـەوەی شـەوانە پێـش لـە پەڕینـەوەی هێـزی پێشـمەرگە بگـرن، هەمـوو پردەکانـی سـەر چۆمـی کەڵوێیـان مینڕێـژ دەکـرد، یـەک لـەوان پـردی قەڵاتاسـیان بـوو کـە هەمـوو ئێوارەیـەک مینـی لـێ دادەنرایـەوە. کاتێـک ئێـوارەی ئـەو ڕۆژە جاشـەکانی مۆڵگـەی گونـدی قەڵاتاسـیان دێنـە سـەر پردەکـە و مینـەکان دادەنێنـەوە، پێشـمەرگەکان بـە ڕادەیـەک لـە جاشـەکان نیزیـک دەبـن کـە شـوێنی دانانـەوەی مینـەکان بـە وردی دەخەنـە ژێـر چاوەدێری خۆیـان. دوای ئـەوەی جاشـەکان مینـەکان دادەنێنـەوە و دەگەڕێنـەوە، ئـەو تیمـە لـە پێشـمەرگەکان دەچنـە سـەر پردەکـە و بـە لێزانیـی تـەواوەوە مینـەکان هەڵدەگرنـەوە.

دوای ئـەوەی هەمـوو ئـەو پێشـمەرگانەی کـە هـەر ئـەو ڕۆژە لـە گونـدی گردێنـە تووشـی شـەڕ ببـوون دەگەنـە سـەر پردی قەڵاتاسیان و لـە چۆمـی کەڵـوێ دەپەڕنـەوە، دەسـتەی پێشڕەو مینـەکان لەسـەر ڕێـگای جاشـەکان دادەنێنـەوە. دوای ئـەوەی پێشـمەرگەکان لـە شـوێنەکە دوور دەکەونـەوە، بەیانییەکـەی جاشـەکان بـە مەبەسـتی

هەڵگرتنـەوەی مینـەكان لـە پردەكـە وەڕێدەكـەون، لـە ڕێـگادا مینەكانیـان پێدا دەتەقێتـەوە و چەنـد كەسێكیان بـە تونـدی بریندار دەبـن. بـەم جـۆر لـە ڕۆژی ٢٤ی پووشـپەڕی ١٣٦٧ی هەتـاوی‌دا هێـزی پێشـمەرگەی كوردسـتان هـەردوو پیلانـی هێـزی دوژمنیـان پووچـەڵ كـردەوە.

لێـرەدا جێـی خۆیەتـی سـڵاو بنێریـن بـۆ گیانـی پاكـی ئـەو شـەهیدانەی ئـەو ڕۆژە شـەهید بـوون، سڵاو بـۆ ئیـرادە و خۆڕاگـری هەمـوو ئـەو پێشـمەرگە و فەرمەندانـەی بەشـداری ئـەو شـەڕە بـوون.

گێڕانـەوەی ئـەو بیرەوەرییانـە بـۆ ئەوەیـە كـە لاوانـی ئێسـتا و نەسـڵەكانی داهاتـوو لەگـەڵ ئـەو لـە خۆبوردووییـەی كـە هێـزی پێشـمەرگەی كوردسـتان لـەو سـەردەمەدا لـە خـۆی نیشـان‌داوە ئاشـنا بـن و بەشـێك لـە ڕابـردووی ئـەو خەباتـە بزانـن.

## • دەسبەسەرداگرتنی مۆڵگەی گوندی بووبانە لە لایەن تێكۆشەرانی هێزی گیاڕەنگەوە

بـۆ نووسینی بیـرەوەری ئـەو جـارەش بـە بیـر و خـەیاڵ دەچمەوە دەیـەی شەسـتی هەتـاوی، ئـەو دەورانـەی كـە لێواولێـو بـوو لـە گیانبـازی و فیـداكاری و بەرخۆدانـی شۆڕشـگێڕانە بـۆ پاراسـتنی بستبەبسـتی نیشـتمانی خۆشەویسـتمان.

ئاخـر كام ناوچـەی كوردسـتان دەبینـی كـە لـە دەیـەی شەسـت‌دا دەیـان داسـتان و نەبەردیـی تـێ‌دا تۆمـار نەكرابـن و لمبـۆزی داگیركەرانـی تـێ‌دا لـە خـۆڵ وەرنەدرابـێ.

ناوچـە هەمیشـە سەرسـەوزەكەی سەردەشـت كـە بـە درێژایـی

مێژووی جووڵانەوەکان و بە تایبەتی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ناوچەیە هەمیشە بەرچاو بووە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ مەکۆ و دەروازەی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و زۆر داستان و عەمەلیاتی گەورەی تێدا تۆمار کراون کە دەکرێ سەدان لاپەڕەی لە سەر بنووسرێ.

لە بەشێکی دیکەی بیرەوەرییەکانمدا باس لە داستانێکی دیکەی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی هێزی گیاڕەنگ دەکەم کە لەو شەڕەدا هێزی دوژمن زەربەیەکی قورسی دیکەی لێدرا.

بەدوای عەمەلیاتی مۆڵگەی "سێپەکان"دا و شەهیدبوونی چەند کەس لە فەرماندەکان و پێشمەرگەکانی هێزی گیاڕەنگ، فەرماندەکانی ئەو کاتی هێزی گیاڕەنگ گەڵاڵەی عەمەلیاتی دەست بەسەرداگرتنی دوو مۆڵگەی گوندی "بووبانە"یان خستە بواری جێبەجێ کردنەوە. کاک حوسێن پەیرەوان فەرماندەی هێزی گیاڕەنگ بوو، ئێمە سێ لک بووین، فەرماندەی لکی سێ شەهید حەمە نارستی، لکی دوو کاک ساڵە ڕەبەتی و لکی یەک کاک عەولای شەخسەی "شەققاز" بوون.

گەڵاڵەی عەمەلیاتەکە ئامادە کرابوو. با ئەوەش باس بکەین کە کۆمەڵێکی دیکە لە بەرپرسانی ئەو هێزە وەک جێگری لک و سەرپەل لە ئەسڵی کارەکەدا بەشدار بوون و هەریەک لەوانە بۆ شوێنێک دیاری کرابوون، بەڵام ناکرێ ناوی هەموویان بنووسین.

ڕێکەوتی ١٥ی پووشپەڕی ١٣٦٧ی هەتاوی هێزێکی تێکەڵاو لە هەموو لک و پەلەکان و بەشێک لە کادرەکانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بە هەموو ئەو کەلوپەلانەوە کە بۆ ئەو عەمەلیاتە پێویست بوون لە ئێوارەیەکی درەنگدا بەرەو ناوچە وەڕێکەوتین. بە هۆی سەختیی سنوورەکە نەمانتوانی شەوی

یەکەم لە سنوور دەرباز بین. ڕۆژەکەی لە نیزیک سنوورەکە لە دەوروبەری گوندی تووژەڵ "ناوزەنگ" ماینەوە. ئەو ڕۆژەش وەک زۆر ڕۆژی دیکە تا ئێواریێ زۆر خۆش تێپەڕ بوو. لەگەڵ ئەوەیکە زۆر شۆخی و قسەی خۆش کرا بەڵام دیسانیش ماندوویەتی زۆری تێدابوو.

ئێمە، لکی سێ لە یەک جێگادا بووین. لەگەڵ شەهید خدر چکۆڵ کە لە یەک پەل بووین، ئەو بە منی دەگوت تۆ لەو عەمەلیاتەدا شەهید دەبی!! منیش دەمگوت نا تۆ شەهید دەبی!!. زۆرمان قسەی سەیر و سەمەرە کرد و تا ئێواریێ بەمشێوەیە تێپەڕی. ئێوارەی ئەو ڕۆژە دەبوو خۆمان ئامادە بکەین تا وەڕێ کەوین، هەر زوو دەستەیەک لە پێشمەرگە شارەزاکان بەرەو سنوور وەڕێ کەوتن و سەرەڕای سەختیی سنوورەکە دەبوو ڕێگەیەک بدۆزنەوە کە ئەو هێزە پێیدا دەرباز بێت.

دوای پێوەندیگرتن لەگەڵ تیمی پێشڕەو بەرەو لای ئەوان وەڕێ کەوتین. لەسەر سنوور یەکمان گرتەوە تا هەموومان بە یەکەوە وەڕێ کەوین، سەختیی ڕێگا لێرەوە دەست پێدەکات. ڕێگەیەکی باریک، دوو میتری خوارەوەی و دوو میتری سەرەوەی پڕە لە دوژمنی شاراوە!! واتە مینی ژێر خاک. نابێ لە ڕێگەکە هەنگاوێک لابدەی دەنا کارت تەواوە. هێزێکی زۆر و مەترسییەکی زۆر، نابێ دەنگی پێیەکانت بێت، چونکە مۆڵگەی دوژمن زۆر نیزیکە و دەوروبەریش چەندین جۆر مینی جۆراوجۆری تێیدا ژێر خاک کراوە و شاردراوەتەوە. ئەگەر ژیرانە هەنگاو نەنێین تووشی کێشە و زیان دەبین. بۆیە دەبوو ڕێنوێنییەکانی تیمی پێشڕەو لە بەرچاو بگرین، چونکە هەر شتێک ڕوو بدات، دەرباز بوون چەندە سەخت بوو، گەڕانەوە زیاتر. بۆیە لێرە لەو ساتەوەختەدا ئەوەی بەرەو مەنزڵگەی سەرکەوتنت

دەبا، بەکارهێنانی هوشیاری و گۆێگرتن لە هاوسەنگەرانتە و هاوئاهەنگی دەتوانێ کۆسپەکانی سەر ڕێگا لابەرێ. هەرچۆنێک بێ، بە هێواشی بەرەو شوێنی دیاریکراوی خۆمان وەڕێ کەوتین تا لە مەیدانی مین تێپەڕ بووین و لە چاوی بەکرێگیراوانی مۆڵگەی دوژمن دەرباز بووین. ئەو جار دەبێ وریاتر بین چونکە دەوروبەری گوندی کانیەزەرد ناوەندی کەمین دانانەوەی هێزی دوژمنە. دەبێ لەوێش دەرباز بین، سەرەڕای هەموو سەختیەکان ئەو هێزە زۆرە بەبێ زیان لە جادەی قاسمەڕەش – سەردەشت تێپەڕ بوو و ئەوجار بە هێواشی بەرەو زنجیرە چیای "سووراو" وەسەرکەوتین. لەوێشەوە بەرەو شوێنی خۆمان و دەوروبەری شوێنی عەمەلیاتەکە ڕۆیشتین و لە نیوەشەوێکی درەنگدا گەیشتینە شوێنی مانەوە.

ڕۆژی دواتر فەرماندەکان بە سەرپەرستی فەرماندەری هێز کۆبوونەوە، هەموو پێشمەرگەکان بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو عەمەلیاتە بە چەند دەستە دابەش کران.

لە کاتی نووسینی ئەو بیرەوەرییە وەک هەمیشە دەچمەوە ئەو سەردەمەی کە خەبات و بەرخۆدان لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لووتکەی خۆیدا بوو، هێزی دوژمن لە حاست هەڵمەتی شێرانەی ڕۆڵەکانی دێموکراتدا زەلیل و داماو بوو و بست بە بستی ئەو نیشتمانە داگیرکراوەی کوردیان لێ ببوو بە دۆزەخ، شەو و ڕۆژ لە ترسی تێکۆشەرانی ڕاستەقینەی ڕۆژە سەختەکانی دێموکرات خەویان لێ نەدەکەوت.

تا دێ لە دەستپێکی عەمەلیات نیزیک دەبینەوە و کاتژمێرەکان بە خێرایی تێدەپەڕن. لەنێو دارستانێکی چڕ ماوینەتەوە، نابێ کەس بمانبینێ جیا لەو کەسانەی کە هەمێشە یار و یاوەرمان بوون و بەشێک بوون لە مێژووی ڕۆژە سەختەکان کە زۆر

جار لەگەڵمان بوون و نان و پێخۆر و پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکردین. پێشمەرگەکان وەک ڕۆژانی دیکە بە شێوەی ئاسایی خەریکی حەسانەوە و پشوودان بوون. فەرماندەکان لە کۆبوونەوەدا بوون بۆ ئەوەی گەڵاڵەی عەمەلیاتەکە دابڕێژن و پێشمەرگەکان ڕێک بخەن. زۆربەی پێشمەرگەکان هەوڵی ئەوەیان دەدا لە تیمی هێرشدا بن، بۆیە دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی فەرماندەکان هەموومان هەوڵی ئەوەمان دەدا ئاخۆ لە دابەشکردنی کاردا لە کام تیم سازمان دراوین. ڕۆژی ١٧ی پووشپەڕی ١٣٦٧ی هەتاوی، تا ئێوارێ تەواوی کارەکان دابەشکران و هەر تیمەی بۆ شوێنی خۆی دیاری کرا. ئەوەی لە بیرم بێ هەموو پێشمەرگەکان بە حەوت دەستە دابەش کران، دەستەی یەکەم پێکهاتبوو لە؛ عەبدوڵڵا شەققاز و کۆمەڵێک لە فەرماندە و کادر و پێشمەرگەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی مۆڵگەی نێو گوندی "بووبانە". دوو دەستەی دیکەش لە تێکۆشەرانی هێزی گیارەنگ هەر لەگەڵ ئەو تیمە وەک دەستەی پشتیوان بۆ لێدانی مۆڵگەی نێو گوند و مۆڵگەی گوندی نارست دیاری کران تا لە ژێر ئاوری ئەو دوو دەستەیەدا هێرشی خۆیان بۆ سەر ئامانجی سەرەکی جێبەجێ بکەن. ئەو سێ دەستە لە پێشمەرگەکان دەبوو ئێوارێ لەگەڵ تاریکیی هەوادا بەرەو شوێنی دیاریکراو، لە داوێنی چیای گیارەنگ وەڕێکەون. ئێوارەی ئەو ڕۆژە دوای ماڵاواییکردن لە یەکتر هەموویان بەوپەڕی ئەرک وەخۆگری و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ئامانجی بەرزی شەهیدان و ڕێبازی پیرۆزی دێموکرات، بە ورەیەکی پۆڵایینەوە بەرەو شوێنی خۆیان وەڕێ کەوتن. ئای چەندە سەختە ئەو کاتانەی کە کۆمەڵێک مرۆڤی شۆڕشگێڕ و ڕەفیقی گیانیبەگیانی بەرەو ئامانجێکی پیرۆز واتە دیفاع لە خاک و نیشتمان هەنگاو دەنێن و دیار نییە جارێکی دیکە بە دیداری یەکتر شاد دەبنەوە یان نا....

ئەوانە بەشێک لە ناخۆشترین ساتەوەختەکانی ڕۆژانی سەختی ئەو سەردەمن کە ئێمە لەگەڵی ڕاهاتبووین. دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی شەهید حەمە نارستی، فەرماندە هەمیشە چاونەترسەکەی سەردەشتی سەرسەوز و کاک خدر میراوەیی بۆ دەسبەسەرداگرتنی مۆڵگەی شاخی "کونێ" دیاری کران، کە ئەستەمترین نوختەی ئەو عەمەلیاتە بوو. منیش لەگەڵ پۆلێک لە فەرماندە و کادر و پێشمەرگەکانی دیکە لەو تیمەدا بووم. تیمێکی دیکە بۆ لێدانی مۆڵگەی "خۆڵە پۆل" دیاری کران. مۆڵگەی خۆڵە پۆل بەسەر هەر دوو مۆڵگەکاندا زاڵ بوو، ئەو تیمە ئەرکی کۆنترۆڵ و لێدانی ئەو مۆڵگەیە بوو بۆ ئەوەی نەتوانێ وەک پێویست بە هانای بەکرێگیراوانی ئەو دوو مۆڵگەی دیکەوە بچێ. تێمێکی دیکە وەک تیمی پشتیوان لە سەر ڕەزەکانی بووبانە جێگیر بوون بۆ ئەوەی لەوێوە هەر دوو مۆڵگەکانی شاخی کونێ و نێو ماڵان ئاورباران بکەن. تیمی حەوتەم کە پێکهاتبوو لە فەرماندەی هێز کاک حوسێن پەیرەوان و چەند کادر و پێشمەرگەی دیکە لە داوێنی چیای سووراو جێگیر ببوون تا تەواوی مەیدانی شەڕەکە لە ژێرچاودێری بگرن و هاوئاهەنگی لەنێوان تیمەکاندا دروست بکەن. بۆ ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٦٧ی هەتاوی هەموو تیمەکان لە شوێنی خۆیان جێگیر بوون. هەموو جموجۆڵی هێزەکانی دوژمنیان لە ناوچەکە خستبووە ژێر چاودێری خۆیان تا لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا هێرش بۆ سەر دوژمن دەست پێبکەن. لەو ڕۆژە دا هیچ جموجۆڵێکی بەرچاو لە ئارادا نەبوو و وادیار بوو بەهۆی نهێنیپارێزی و کارقایمی ئێمە دوژمن هەستی بە هیچ نەکردبوو.

ئەمڕۆ دەبێ لە ڕۆژان زۆر وریاتر بین و تەواوی شوێنی عەمەلیاتەکە بخەینە ژێر چاودێریی خۆمانەوە نەوەک ئاڵوگۆڕێک لەو دەوروبەرە بێتە پێشێ و ڕێگر بێ لە بردنە پێشی کارەکەمان.

فەرماندەکان ئەو ڕۆژە لە هەموو کەس وریاتر بوون و بەردەوام لە جموجۆڵدا بوون. ئەرکی ئەوان لە هی ئێمە زۆر قورستر بوو، ئێمە زۆربەمان لاو بووین و غرووریکی زۆرمان هەبوو و تەنیا بیرمان لە تەقاندنی یەکەم فیشەک و دەستپێکی عەمەلیات دەکردەوە، بەڵام بۆ ئەوان مەسەلەکە زۆر قورستر لەو باسانە بوو، چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی عەمەلیات و بەراوردی تێچوو و کاریگەریی ئەو عەمەلیاتانە لەنێو خەڵکدا و لەبەرچاوگرتنی سیاسەتەکانی حیزب و زۆر شتی دیکە دەبوو بە تەواوی بیری لێ کرابایەوە.

هەر وەک پێشوو باسم کرد بەرەبەرە لە کاتی دەستپێکردنی عەمەلیات نیزیک دەبووینەوە. هەموو تیمەکان دەست لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگ چاوەڕوانی دەستووری فەرماندەی عەمەلیاتیان دەکرد. زۆری نەکێشا کە بە فەرمانی فەرماندەری عەمەلیات لە هەموو شوێنەکانەوە هێرش کرایە سەر هێزەکانی دوژمن. دوای ئاگربارانکردنی سەختی هەر دوو مۆڵگەی دوژمن لەنێو گوندی بووبانە، شاخی کونێ لەلایەن چەند تیمێکی هێزی پشتیوان، هێرش و پەلاماری بەورئاسای هەر دوو دەستەی هەڵمەتبەر بۆ سەر ئەو دوو مۆڵگەیە دەستی پێکرد. پێشمەرگەکانی هەر دوو دەستەکە شەڕێکی سەخت و سەنگەر بە سەنگەر و دەستەویەخەیان لەگەڵ هێزی دوژمن بەڕێوە دەبرد، شەڕێک کە تا دەهات دژوارتر دەبوو، بەڵام پێشمەرگەکان نەترسانە و گیان لەسەردەست بۆ تێکشکاندنی هێزە بەکرێگیراوەکانی دوژمن هەڵمەتیان دەبرد. ئێمە کە لە نیزیک مۆڵگەی شاخی کونێ بووین و شوێنێکی زۆر ئەستەم بوو، بۆ ماوەیەکی زۆر شەڕێکی سەخت و دژوارمان لەگەڵ بەکرێگیراوانی ئەو مۆڵگەیە دست پێکرد. دوو هێزی داگیرکەر و ڕزگاریدەر لە بەرزایی شاخی کونێ هێندە لە یەکتر نیزیک ببوونەوە کە بە نارنجەک

پەلاماری یەکترمان دەدا و تەنانەت چەند جارێک چووینە نێو مۆڵگەکە و بەشێکی کەوتە دەستی ئێمە، بەڵام لە بەشەکەی دیکە چەند جاشێکی خۆفرۆش کە ببوونە پشت و پەنای داگیرکەرانی کوردستان، شەڕیان لەگەڵ دەکردین و لە سەنگەرە قایمەکانی خۆیانەوە سێرەیان لە ئێمە دەگرت. ئێمەش تەنیا لە سەنگەری بیر و باوەڕی شۆڕشگێڕانەوە خۆمان و کلاشنیکۆفەکەی دەستمان، بێ سەنگەر و سپەر هەر بەپێوە بە گژیاندا دەچووینەوە.

لە شەڕێکی سەختی سەنگەربەسەنگەردا بووین، بە هۆی قایمبوونی مۆڵگەکە و سەنگەرەکانیانەوە نەمانتوانی بە تەواوەتی دەست بە سەر مۆڵگەکەدا بگرین. لە شەڕی نێو سەنگەرەکانی مۆڵگەی ڕێژیم لە شاخی کونێ پێشمەرگەی تێکۆشەر و ئازای هێزی گیاڕەنگ، خدر عەزیزی ناسراو بە خدر چکۆڵ شەهید بوو و برایم نەزمیش بەسووکی بریندار بوو و لە بەرانبەریش دا ژمارەیەک لە هێزەکانی ڕێژیم لەنێو مۆڵگەکەدا کوژران و بریندار بوون.

کاتێک حەمە نارستی وەک فەرماندەی ئەو بەشە لە دەسبەسەرداگرتنی مۆڵگەی شاخی کونێ دەرکی بەوە کرد کە بەهۆی سەختی و قایمی سەنگەرەکانی دوژمنەوە ناکرێ دەست بەسەر تەواوی ئەو مۆڵگەیەدا بگرین، بۆ پاراستنی گیانی پێشمەرگەکان دەستووری پاشەکشەی‌دا. ئێمەش وێڕای گواستنەوەی تەرمی شەهید خدر، لەنێو ئەو بەشە لە مۆڵگەکە کە دەستی بەسەردا گیرابوو وەدەرکەوتین و لە شوێنەکە دوور کەوتینەوە.

بەڵام شێرەکوڕانی تیمەکانی دیکە بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا شەقاز و چەند تێکۆشەری دیکە، توانیان بە تەواوی دەست بەسەر مۆڵگەی نێومالاندا بگرن و هەموو بەکرێگیراوانی نێو مۆڵگەکە بە تاوانی داگیرکاری و خیانەتکردن بە گەل و نیشتمان سزا بدەن و

ئاگریان لە مۆڵگەكە بەردا. لەو عەمەلیاتەدا نیزیك بە ٣٠ كەس لە هێزەكانی دوژمن كوژران و چەكوچۆڵێكی بەرچاوی مۆڵگەی نێومالاْن كەوتە دەستی هێزی پێشمەرگە. لەو بەشەدا بەداخەوە پێشمەرگەیەكی دیكەی ئازا و قارەمان بە ناوی خالید ئەحمەدی "زوورەیی" كە لەگەڵ هێزی پشتیوان لە سەر ڕەزەكانی گوندی بووبانە بوو، بە قەنناسەی هێزەكانی مۆڵگەی شاخی كونێ، شەهید بوو.

تیمەكانی دیكەش كە بۆ مۆڵگەی نارست و خۆڵەپۆل دیاری كرابوون تا كۆتایی عەمەلیات ئەو دوو مۆڵگەیان بەسەختی ئاورباران كرد و ئەركی خۆیان بە باشی جێبەجێ كرد. لەگەڵ تاریكبوونی هەوا هەموومان لە پشتی گوندی دۆڵێ خانوان یەكمان گرتەوە و لەوێ كۆبووینەوە.

دوای ڕاوێژكردنی فەرماندەكان دەبوو ناوچەكە چۆڵ بكەین، ناوچەكە بە سەختی لە ژێر ڕەهێڵەی تۆپبارانی هێزەكانی كۆماری ئیسلامیدا بوو. سەرئەنجام بڕیاری گەڕانەوە بۆ بنكەكانمان لە "سونێ" درا. گەڕانەوەیەكی سەخت، دوای عەمەلیاتەكە دەبوو وریا بین نەكا دوژمن دەرفەتی دەست بكەوێ و زەربەمان لێ بدات. بە شێوەیەكی پارتیزانی هێزێكی زۆر، دوو شەهید لە سەر پشتی ئەسپەكان بەرەو سنووری "قاسمەڕەش و باسكی ڕێوی" وەڕێ كەوتین. هەموو قاییمكارییەك كرابوو بۆ ئەوەی ئەو جارەش بێكێشە لە سنوور دەرباز بین، نەكا دوژمن دوای ئەو زەربەیەی كە وێیكەوتبوو دەرفەت بێنێ و تۆڵەی خۆی بكاتەوە. بە ئارامی و هێواشی خۆمان گەیاندە "چەقالاوێ" واتە شوێنی دەرباز بوون كە زۆر نیزیكی مۆڵگەی پشتی قاسمەڕەش بوو. دەبوو ئەوەندە بەبێ هەستی و بە وریایی بڕۆین كە چەكدارەكانی ڕێژیم لەنێو مۆڵگەكە هەستمان

پێنەکەن. بە بێدەنگی و بێ زیان لە سنوور دەرباز بووین. لە نیوەشەوێکی درەنگدا گەیشتینەوە کونەمارێ. لەگەڵ ئەوەی کە سەرکەوتنێکی گەورەمان وەدەست هێنابوو بەڵام زۆر ناخۆش بوو کە دوو کەس لە هاوسەنگەرانمان شەهید ببوون. شەهید خدر چکۆڵ چەند مانگێک بوو ژیانی هاوبەشی پێکهێنابوو، هاوژینەکەی چاوەڕوانی ئامێز و دەستەملانی تازە زاوا و پێشمەرگە ئازاکەی هێزی گیاڕەنگ بوو، بەڵام مخابن دڵدارەکەی بە بەرگی خوێناوی و جەستەیەکی بێ گیان گەڕایەوە و ئاواتە و ئارەزووەکانی بردە ژێر گڵ و لەجێی باوەشی دڵدارەکەی چووە باوەشی دایکی نیشتمان. کەش و هەوایەکی زۆر ناخۆش باڵی بەسەر بنەماڵە و بنکە و بارەگاکاندا کێشابوو. بەڵام جیا لە قەبووڵکردنی واقعیەتێکی تاڵ هیچی دیکە نەدەکرا.

بەیانیی ڕۆژی ١٩ی مانگ لەنێو کۆڕی پڕ حەسرەتی هاوسەنگەرانیاندا تەرمی هەر دوو شەهید، لە گۆڕستانی شەهیدانی "بەرقسڵ" بەخاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردران. ڕوحی شەهیدەکان شاد و ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە لەو حەماسە قارەمانانەیەدا بەشدار بوون و فیداکاری و ئازایەتیان لەخۆیان نیشاندا. ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ئێستا لە ژیاندا ماون.

بەم جۆرە ئەو حەماسە لەبیرنەکراوەش وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە لاپەڕەکانی داستانەکانی دیکەی ئەم نیشتمانە داگیرکراوە، چووە ڕیزی داستانە لەبیرنەکراوەکانی دیکەی ناوچەی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ و گەلی کوردەوە.

وەک پیشەی هەمیشەیی، هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەڵوێستیان دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بنەماڵەی پێشمەرگەکانی حیزب دوای وەها زەربەخواردنێک، بەو پەڕی

بێڕێزیکردنـەوە هەڵسوکەوتیان لەگـەڵ بنەماڵـەی پێشـمەرگە فیداکارەکانـی دیموکـرات کـرد. کاک حوسـێن پەیـرەوان، یەکێـک لـە فەرماندەرانـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـەو پێوەندییـەدا کـە چۆن باوکـی لەگـەڵ سـێ کـەس لـە تێکۆشـەرانی حیـزب لـە ئیـدارەی ئیتلاعاتـی شـاری سەردەشـت بـێ ڕێزیـان پـێ کـراوە لـە سـەر ئـەو عەمەلیاتـە ئـاوا دەنووسـێ:

"باوکـم بـۆی گێڕامـەوە و گوتـی ڕۆژێـک بـۆ ئیـدارەی ئیتلاعاتـی سەردەشت بانگیـان کـردم، کە چووم بـۆ ژوورەوە باوکی کاک کاوەی پەیـرەوان، خاڵـە حەمـە لەگـەڵ باوکی کاک حەسـەن قـادرزادە "مینـە هەلـلاج"، لـە ژوورەکـە بـوون، زۆری نەکێشـا پاسدارێکی منداڵکارە هـات و ملـی خاڵـە حەمـەی گـرت و بـە دیواریـدا کێشـا، خاڵـە حەمـە هەسـتایەوە و گوتـی: کەریـم عەلـی! کـەی ئـەوە ژیانـە؟! پاشـان هەر ئـەو پاسـدارە لـە باوکـی کاک حەسـەنیدا کـە بەهـۆی نەخۆشییەوە شـەقەی بەدسـتەوە بـوون. شـەقەکانی لـە دەسـت پەڕیـن و کەوتنـە سـەر عـەرز. منیـش بـە پاسـدارەکەم گـوت: بـۆ وادەکـەی؟ تاوانـی ئێمـە چییـە؟ پاسـدارە مشـتەکۆڵەیەکی لـە دەمـی مـن دا و ددانەکانـم کـە دەسـکرد بـوون کەوتنـە خـوارێ. دیسـان پێمگـوت؛ بـۆ وادەکـەن؟ باوکـم گوتـی: پاسـدارەکە لیسـتی کوژراوەکانـی مۆڵگـەی گونـدی بووبانەیـان لـە پێـش دانایـن".

ئـەوان کـە لـە مەیدانـی شـەڕدا دەرەقەتـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان نەدەهاتـن بـەم جـۆرە ئـازار و ئەزیەتـی بنەماڵـەی پێشـمەرگەکانیان دەدا و بـە خەیاڵـی خۆیـان تۆڵەیـان دەکـردوە.

## • دەربازبوون لە پیلانێکی گەورەی دوژمن لە ناوچەی سەردەشت

بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی، ئەو قۆناغەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕاوپڕ بوو لە گیانفیدایی و حەماسەخوڵقێنیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەگژداچوونەوەی داگیرکەرانی کوردستان، قۆناغێک بوو بۆ دروستکردنی تەشکیلاتێکی بەهێز هەتا لاوانی ئەو سەردەمە لە شانە تەشکلاتییەکاندا لە دەوری یەک کۆببنەوە و بە بیری نیشتمانپەروەری پەروەردە بکرێن. لەو سەردەمەدا سەرەڕای بەڕێوەبردنی خەباتێکی بەربڵاوی چەکداری، بەڵام کادرەکانی حیزبی دێموکرات قەت لە کاری ڕێکخستنی خەڵک غافڵ نەبوون و ئەو ڕاستییەیان زۆر باش دەرک کردبوو کە بەبێ تەشکیلاتێکی بەهێز، خەباتی سیاسی و چەکداری ناتوانێ وەک چاوەڕوان دەکرێ ئاکامی باشی هەبێ. لەو پێوەندییەدا هێزی پێشمەرگە هەمیشە یاریدەدەرێکی گیانفیدای بەشی تەشکیلات و کادرەکان بوو. زۆر جار دیتراوە کە پۆلێک پێشمەرگە لەگەڵ کادرەکان بۆ دیتنی چەند کەسێکی تەشکیلاتی لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیانیان کەوتۆتە مەترسییەوە، یان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان شەهید بوون. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە تێکۆشاوە لە هەموو شێوەکانی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کەڵک وەرگرێ. گێڕانەوەی بیرەوەری ئەو جارەم تایبەتە بەم بابەتەوە.

دوایین مانگی هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی یان ١٩٨٨ی زایینی، کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ کە ئەو کاتە لە "سونێ" و "کونەمارێ" بووین، لەگەڵ بەرپرسی ئەو کاتەی

کۆمیتەی شارستانی سەردەشت، شەهید فەتاح عەبدولی و کاک حوسێن پەیرەوان فەرماندەری هێز و کۆمەڵێک لە فەرماندە و کادر و پێشمەرگەی دیکە بەرەو ناوچە وەڕێکەوتین. کاک فەتاح لەگەڵ ئەوەی خەڵکی ناوچەی سەردەشت نەبوو، بەڵام بە هۆی لێهاتوویی و کەسایەتیی بەرزی خۆیەوە هەر زوو ناسرابوو و یەکێک لە باشترین کادر و بەرپرسەکانی ئەو سەردەمە بوو. کاک فەتاح هەم لە بواری سیاسی و هەم لە بواری تەشکیلاتییەوە کەسێکی زیرەک و داهێنەر بوو. ناوبراو زۆر زوو بوو بە جێگای باوەڕی خەڵکی ناوچەی سەردەشت و سەرنجی خەڵکی ئەو ناوچەیە و کادر و پێشمەرگەکانی بۆ لای خۆی و حیزبەکەی زیاتر ڕاکێشا. تەنانەت توانیبووی نفووز بکاتە سەر بەشێک لە مۆرەکانی ڕێژیم و بە قازانجی جووڵەی هێزی پێشمەرگە هاوکارییان دەکرد و زانیارییان لە سەر جموجۆڵی هێزەکانی ڕێژیم و پیلانەکانیان پێ دەگەیاند، ئەو کارە یەکێک لە باشترین کارەکانی کاک فەتاح عەبدولی بوو کە زۆریش تێیدا سەرکەوتوو بوو.

لە سنووری "دەشتی وەزنێ" بەبێ زیان چووینە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دوای ماوەیەک گەڕان و سەردان لە گوندەکانی ناوچەی بوڵفەتی سەردەشت، ڕۆژێک بۆ مانەوە چووینە داوێنی چیای "لانک" و لەوێ ماینەوە. ئەو ڕۆژە هەر زوو فەرماندە و کادرەکان کۆبوونەوە، دیار بوو خەریکی ڕێکخستنی بەرنامەیەکن، لەو کۆبوونەوەیەدا وا بڕیار درابوو کە پێشمەرگەکان بکرێن بە چەند دەستە و، بۆ هەموو دەستەکانیش کار دیاری کرابوو. من لەگەڵ ئەو دەستەیە کەوتم کە کاک فەتاح عەبدولی و کاک حوسێن پەیرەوانی تێدابوون. ئەگەر باش لە بیرم مابێ هەر ١٥ کەس دەبووین، بەڵام ئێمە پێشمەرگەکان نەماندەزانی بۆ کوێ دەچین و کاری ئێمە چییە. ئێوارێ عەلی

باساوەیی کە ئەو کات سەرپەلی ئێمە بوو، بە منی گوت لەگەڵ کاک محەممەد کەسرایی و کەسێکی دیکە دەچن بۆ شوێنێک. ئێواری ئەو سێ کەسە بەرەو گوندی "دیوالان" وەڕێ کەوتین. لە ڕێگادا کاک محەممەد کەسرایی پێی گوتین کە بۆ کارێکی تایبەت دەچینە گوندی "سەرشیو"، بەڵام دەبێ زۆر وریا بین. لەگەڵ تاریکبوونی هەوا گەیشتینە خوار گوندی سەرشیو. لە خوار مالان ڕا بەرەو گوند دەچووین، لە چەند ماڵێک بەرەو نێوەڕاستی گوند ڕەت بووین، کە چاومان لێکرد، سەربانی چەند ماڵێک پڕ لە جاش و پاسدار بوو. دیار بوو چاوەڕوانی شتێکیان دەکرد. ئێمە لەوان تێپەڕ ببووین. بێخەبەر لەوەی نێومالانیش لە جاش و پاسدار جمەی دێ. دەستەیەکی سێ کەسی بەرەو شوێنێک دەچین کە هێزێکی گەورەی دوژمن بۆمان لە بۆسە و کەمین دان و دەیانهەوێ زەربەی خۆیان بوەشێنن. نێوانی ئێمە لەگەڵ جاشەکان هەر پەنجا میتر دەبوو، بەڵام ڕێگاکە کەمێک قووڵ بوو و ئێمە باش لەوان دیار نەبووین. بڕیاری گەڕانەوەمان دا. گەڕانەوەمان دەبوا بە هێواشی بێ بۆ ئەوەی هەست نەکەن کە بۆ دواوە دەگەڕێینەوە. دەمەساتێکی زۆر ناخۆش و پڕمەترسی بوو. بەڵام خۆ ناکرێ ورە بەردەین، لەو ساتەوەختە ناسکەدا پێویست بوو خێرا بڕیار بدەین کە چ دەکەین. بۆیە بەهێواشی یەکە یەکە کشاینەوە و بێ ئەوەی هەست بە بوونی ئێمە بکەن لە چاوی دوژمن ون بووین. دوایی بۆمان دەرکەوت کە ئێمە بۆ دیتنی کەسێکی تەشکیلاتی چووینە گوندی سەرشیو، بەڵام ئێستاش ڕوون نەبۆوە کە دوژمن چۆن پێی زانیبوو ئێمە دەچینە ئەو گوندە!!. کاتێک لەو داوە کە بۆمان دانرابوو ڕزگارمان بوو، سێ کەسی بەرەو گوندی کاژێ وەڕێ کەوتین، لە سەر کانییەک ئاومان خواردەوە و کاک محەممەد کەسرایی گوتی؛ کاک فەتاح عەبدولی و کاک حوسێن پەیرەوان و پێشمەرگەکانی دیکە بەرەو

گوندەکانی بێشاسپ و تووژەڵەوە دێن و دەبێ ئێمەش بڕۆین لەگەڵ ئەوان یەک بگرینەوە. لەوێوە بەرەو ئەو شوێنە وەڕێ کەوتین کە زۆریش نیزیک نەبوو، لە ڕێگادا بە بێسیم پێوەندیمان لەگەڵ گرتن و پێمان گوتن کە تووشی شتێکی لەو جۆرە بووین. کە ئێمە چووین ئەوان لە پشتی گوندی تووژەڵ چاوەڕوانمان بوون، لەوێ یەکمان گرتەوە و چۆنیەتیی بەسەرهاتەکەمان بۆ باس کردن. دوای پشوویەکی کورت بەبێ بیرلێکردنەوە و لێکدانەوەی حزووری ئەو هێزەی ڕێژیم لەو شوێنە و مەبەست و ئامانجە شاراوەکانیان، دیسان ڕێگەی خۆمان نەگۆڕی و بۆ دیتنی کەسێکی دیکە هەمان ڕێگامان گرتەوە بەر کە بە بڕوای من کارێکی زۆر هەڵە بوو. هەموومان بەرەو شۆێنی مانەوە وەڕێ کەوتین و چووین لە نیزیک گوندی بێشاسپماینەوە کە بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێشمان بۆ پێش‌هات.

ساتە هەستیارەکانی سەردەمی خەباتی پێشمەرگانە و تەشکیلاتی هێندە زۆرن ڕەنگە لە توانای نووسینی کەسانی وەک مندا نەبێ. گێڕانەوە و نووسینەوەی ئەو هەموو سەروەرییانە ڕەنگە کارێکی هەروا ئاسان نەبێ، بەڵام باشترین خزمەت بە درەوشاوەترین خەباتی ئەو سەردەمەی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسینەوە و وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی ئەو خەباتەیە کە شێرەکوڕان و شێرەکچانی دێموکرات لە قووڵایی ناوچەکانی کوردستان لە دەیەی شەستدا بەڕێوەیان برد.

دوای پشوویەکی کورت بە بێ بیرلێکردنەوە کە بەڕاستی هەڵە بوو بەرەو ئەو شوێنە چووین کە ڕۆژی پێشتر قسەی لێ کرابوو. دەکرا ئێمە ڕێگەکەمان بگۆڕین و بەرەو شوێنێکی دیکە بچین، بەڵام ئێمەش زۆر جار هەڵەمان کردوە کە بۆتە هۆی ئەوەی زەربەمان وێ کەوێ. سەرەڕای ئەو کەمتەرخەمییە

لەنێوان گوندەکانی تووژەڵ و بێشاسپماینەوە. ئەو کاتەی کە ئێمە چووینە شوێنی مانەوە، کاتژمێر نیزیک دوازدەی شەو بوو. دوای دانانی پاسەوان، هەموومان خەوتین. بەیانی تازە تیشکی خۆر لەسەر چیاکانی کەپری و مەیدانچۆغە دەردەکەوت، ئێمەش چەند کەسێک لەخەو هەستابووین، یەک لەوان کاک حوسێن پەیرەوان بوو، ئاورمان کردبۆوە، زۆری نەکێشا کە دەنگی زەنگوڵەی مێگەلە بزنێک لە دەوری ئێمە پەیدا بوو. ئێمەش بێدەنگ بووین تا شوانەکە هەستمان پێ نەکات. شوانە پەیدا بوو، لە نیزیک ئێمە هەڵوێستەیەکی کرد وەک ئەوەی هەستێکی کردبێ، یان شتێکی دیتبێ، دوای وەستان و ڕوانینێکی کورت بە گۆرانی گوتن وخۆگێلکردن لە ئێمە دوور کەوتەوە و ڕۆیشت. هەر کە ڕۆیشت ئێمە گوتمان ئەو شوانە ئێمەی دیت، با بانگی بکەین، گوتیان نا ئێمەی نەدیوە و بەقسەیان نەکردین. شوانە ڕۆیشت و ئێمە هەر لە شوێنی خۆمان ماینەوە! ڕۆژ خەریک بوو درەنگ دەبوو. دەوروبەری کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ دەنگی دوو گوللە تۆپ لەلای گوندی هەڵویەوە هات!. لێی وەگومان کەوتین، کاک حوسێن پەیرەوان بە منی گوت وەرە با بچین تەماشای دەوروبەر بکەین. هێشتا دووسەت میتر دوور نەکەوتبووینەوە کە تەماشامان کرد، دەورەمان بە هێزێکی زۆری دوژمن گیراوە، بە پەلە خۆمان گەیاندەوە لای پێشمەرگەکان، خۆمان بەست و وێڕانەگەیشتین شتەکان کۆبکەینەوە، دووسەت میترێک چووینە خوار شوێنی خۆمان. لێرەوارێکی پڕ بوو، لەوێ خۆمان مات کرد. نەماندەویست جارێ خۆمان تووشی شەڕ بکەین، چونکە هێزی دوژمن زاڵ بوو بەسەر ئێمەدا و ناوچەکەش زۆر پڕمەترسی بوو. زۆری نەکێشا جاشەکان هاتن بۆ شوێنی ئێمە و تەواو لێمان نیزیک بوونەوە و شتەکانی ئێمەیان دیتەوە. ئەوان لە ئێمە دیار بوون، زۆر نیزیک بوون، بەڵام نەدەکرا لێیان

ودەست بێین، چونكە هێزێكی زۆر لە دەوری ئێمە بوو. بەڕاستی دەمەساتێكی زۆر ناخۆش بوو، جاشەكان باش دەیانزانی ئێمە لە خوار ئەوانین، بەڵام چونكە خوارەوەی شوێنی ئێمە مۆڵگەیەكی كۆنی لێ بوو و پڕ لە هێز و تۆپخانە بوو، هەر جووڵاباین لەوان دیار دەبووین. مەودایەكی زۆر كەم بوو، بەڵام جاشەكان لە شوێنی خۆیان نەجووڵان. دوو كەسیان هاتنەخوار بۆ لای ئێمە، ئێمە خۆمان بۆ شەڕی مان و نەمان ئامادە كردبوو. گوێمان لێبوو فەماندەكەیان بە جاشەكانی دەگوت؛ وەرن با بڕۆین لێرە نەماون ئەوانە ئێرەیان چۆل كردوە!. كە چووینە نێو پۆلە دەوەنەكە، كاك فەتاحی عەبدولی گوتی؛ جا كوڕینە ئەگەر تووش بووین، هەمووومان تا ئاخیر فیشەك شەڕ دەكەین. لەو كاتە سەختەدا كە دەورمان گیرابوو، ئەوە قسەی بەرپرسی ئەوكاتی كۆمیتەی شارستانی سەردەشت بوو. دیارە هەموومان بۆ شەڕێكی خوێناوی خۆمان ئامادە كردبوو بەڵام ئەو جارە جاشەكان شەڕیان لەگەڵ ئێمە نەكرد دەنا هەر زوو تووشی شەڕ دەبووین. بەرەبەرە هەوا بەرەو تاریكی دەچوو و هێزی دوژمن دەگەڕایەوە. لەگەڵ خۆیان هێستریكی ئێمەیان لەگەڵ هێندێك كتری و كەلوپەل برد و ڕۆیشتن. ئێمەش لەگەڵ تاریكیی هەوا بەرەو گوندی تووژەڵ وەڕێكەوتین. خۆمان لە ماڵان نیزیك كردەوە، ئێوارێ هێزەكانی ڕێژیم بە خەڵكیان گوتبوو كە ئەمشەو كەس هەقی نییە لە ژوورێ بێتە دەرێ. زۆر نیزیك لە گوند لە پشتی ماڵان بووین. من و عەلی باساوەیی و دوو كەسی دیكە چووین بۆ نانهێنان؛ لە یەكەم ماڵ كە وەژوور كەوتین، ئاگاداریان كردین كە گوندەكە پڕە لە جاش و پاسدار؛ ئێمەش دەستبەجێ گەڕاینەوە. نانەكەمان بۆ نەهات، لە چەند میتری ماڵەكە بووین كە جاشەكان هاتن، گوێمان لێ بوو دەیانپرسی ئەوانە كێ بوون هاتنە ئێرە؟ جاشەكان ئێمەیان

دیتبوو، بەڵام بۆیان ڕوون نەبوو کە پێشمەرگەین. هاتینەوە لای کوڕەکان و بەرەو شوێنی خۆمان وەڕێ کەوتین. دیارە ئەو شەوە تەواوی گوندەکانی ئەو دەوروبەرە بە هێزی دوژمن تەنرابوو، چونکە وایان دانابوو ئەو تیمە کە فەرماندەی هێز و بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی لەگەڵە، بیانکوژن. بەرەو گوندی دیوالان وەڕێکەوتین، چووین لەوێ هێندێک نان بێنین کە ئەوێش پڕ بوو لە جاش و پاسدار. دیار بوو داو و پیلانێکی زۆر گەورەیان بۆ دانابووین. لەوێش نەوەستاین و بۆ مانەوە چووینە بناری چیای لانک و لەوێ ماینەوە.

بەم جۆرە جارێکی دیکە لە داوێکی گەورەی دوژمن ڕزگارمان بوو. هەرچەند هەڵەی خۆشمانی تێدابوو. دوژمن بەرنامەی لەنێوبردنی ئەو تیمەی دارِشتبوو بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوون. کاک محەممەد کەسرایی دەڵێ؛ ئێمە بۆ دیتنی مۆرەیەکی دوژمن چووینە ناوچەکە کە تەنیا من و کاک حوسێن پەیرەوان دەماننناسی و قەرار بوو کاک فەتاحی عەبدولی چاوی پێی بکەوێ. ئەوەی ڕاستی بێ تا ئێستاش ڕوون نەبۆوە کە ئایا ئەو ڕاپۆرتە ئەو کەسە دابووی کە قەرار بوو ئێمە چاومان پێی بکەوێ یان شوانەکە ڕاپۆرتی لێ دابووین!

سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەو تێکۆشەرانەی کە ئەو کاتە لەو جەولەیەدا بەشدار بوون و دواتر شەهید بوون. سڵاو بۆ ئەو کادر و فەرماندە و پێشمەرگانەی لەو جەولەیەدا بەشدار بوون و بە وریایی خۆیان نەیانهێشت پیلانێکی دیکەی دوژمن سەر بگرێ. ئەوکەسانەی لەو جەولەیەدا بەشدار بوون، بریتی بوون لە؛ شەهید فەتاح عەبدولی، حوسێن پەیرەوان، محەممەد کەسرایی، شەهید عەلی باساوەیی، کەریم کۆدەڵەیی، خدر بەگ و چوارکەسی دیکە کە لە ڕۆژهەڵاتن و ناوی دوو بۆ سێ

کەسی دیکەیانم لەبیر نەماوە. کاک محەممەد گرویسی کە یەکێک بوو لە پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی هێزی گیارەنگ ئەو کاتە لە ڕۆژهەڵات بوو، سەرباز بوو و پێوەندی لەگەڵ حیزب هەبوو، ئەو دەڵێ؛ من لەگەڵ ئەو هێزە بووم کە بۆ ناوچەکە هاتین و دەڵێ؛ هێزێکی زۆر بوو و پیلانێکی گەورەیان بەدەستەوە بوو...

- دەربازبوونی دوو دەستەی پێشمەرگە لەنێو بەفر و کڕێوەی دەشتی "مردواوێ"دا

لە درێژەی خەبات و تێکۆشان لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کادر و پێشمەرگەکانی حیزب زۆر کەند و کۆسپی جۆراوجۆریان هاتۆتە ڕێ، بەڵام هەموو جارێ بە ئیمان بە سەرکەوتن و وەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلەکەمان توانیویانە هەموو کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشان وەلابدەن و درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن. بەهۆی هەڵکەوتەی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێزی پێشمەرگە لە وەرزی سارد و سەرمادا هەموو کاتێک نەیدەتوانی لە ناوچەکاندا وەک پێویست درێژە بە خەباتی خۆی بدا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هێزی پێشمەرگە هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە بۆ ساتێکیش خەڵکی خۆی بەجێ نەهێڵێ. پێشمەرگەکان پێیان‌خۆش‌بوو هەمیشە لەنێو خەڵکی خۆیان و لە مەیدانی ئەسڵیی خەباتدا بن. زۆرجار لە وەرزی سارد و سەرمادا لە کوێستانەکانی کوردستان تووشی کێشە دەبوون و چەند پێشمەرگە بەهۆی سەرمای بەهێزی زستانەکانی سەختی ئەو کاتە گیانیان بەخت کردوە.

بیرەوەری و سەفەری ئەو جارەی پێشمەرگەکانی هێزی زمزیران و گیارەنگ لە دووهەمین مانگی پاییزی ساڵی ١٣٦٧ی

هەتاوی واتە ١٩٨٨ی زایینیدا یەکێک لەو جەولانە بوو کە زۆر بە سەختی توانیمان دەرباز بین و لە مەرگ نەجاتمان بێ. لە کۆتایی وەرزی پاییزدا دەستەیەکی تێکەڵاو لە کادر و پێشمەرگەکانی هێزەکانی گیارەنگ و زمزیران کە ژمارەمان ٢٠بۆ ٢٥ کەس دەبوو، بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین. ئامانجی ئەسڵیی ئەو جەولەیە هەم گەشتێک بوو لەنێو خەڵک و هەم بردنەوەی هێندێک تەقەمەنی بوو بۆ ناوچە بۆ ساڵانی داهاتوو، چونکە ئەو وەرزە کاتێکی باش بوو.

لە ئێوارەیەکی درەنگدا لە بنکەکانی "کونەمار"ێ بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین. شوێنی ڕۆیشتنی ئێمە "دووئاو"ی دۆڵەتوێ، بوو. کە وەڕێکەوتین هەوایەکی ساف و خۆشی هەبوو. هەرچەند سارد بوو، بەڵام زۆر کەم پێشبینی ئەوە دەکرا کە بەفر و باران دەست پێبکات، وەک ئێستا کەرەسەی پێشبینیی هەوا لەدەستدا نەبوو. ئارام ئارام بەرەو دووئاوی دۆڵەتوێ وەڕێکەوتین، زۆری نەکێشا گەیشتینە سەرمێرگان کە مووچەیەکی خۆشە لە دەوروبەری گوندی دۆڵەتوو. لەوێ لەسەر کانیاوێکی سازگاری ناوچەکە نانێکی پێشمەرگانەمان خوارد و زۆری نەکێشا هەور لە ئاسمانی ناوچەکە پەیدا بوو، هەواکە ساردی کرد و ئێمەش بەرەو شوێنی خۆمان وەڕێکەوتین. هێشتا زۆر دوور نەکەوتبووینەوە کە پرووشەی بەفر دەستی پێکرد. تا سەرکەوتین بۆ "دەشتی مردواوێ"، بارینی بەفر بە تەواوی دەستی پێکرد. کاتێک بەرەو دەشتی مردواوێ شۆڕ بووینەوە دەشتەکە بە تەواوی سپی هەڵگەڕا، ئەو دەشتەی کە لە کاتی زستاندا زۆر مەترسیدار بوو و هەر لەو ساڵانەی دواییدا چەند کەسێکی خەڵکی ناوچەکە لەوێ لە سەرمان ڕەق هەڵاتبوون. ئێمەش بێ گوێدان بە بارینی بەفر، بەرەو شوێنی خۆمان وەڕێ کەوتین. بەفر خۆش خۆش دەباری، تا گەیشتینە چۆمی "وەزنێ"، بەفر بە تەواوی ناوچەکەی داپۆشی.

ئێمە بەرەو گوندی گردێنە وەڕێ کەوتین، بەفریش هەر دەباری، کاتێک گەیشتینە شوێنی هەوارەکانی گردێنە هەوایەکی سارد و ناخۆشی هەبوو. لەوێ لە هەوارەکان ئاغەڵە مەڕێک دروست کرابوو، فەرماندەکان و چاوساغەکان کۆبوونەوە کە چی بکەین! ئەوەی لە بیرم بێ لە سەردەشت کاک خدر میراوەیی، وەک جێگری لک لەگەڵ بوو، ڕەوانشاد مەحموود خاس و کاک عومەر سێونەیی لە هێزی زمزیران، وەک سەرپەل لەگەڵ بوون و ناوی ئەوانی دیکەم لە بیرە نییە، ئەوانە بەرپرسانی ئێمە بوون. ئەو چەند کەسە کۆبوونەوە، دیارە منیشیان بانگ کرد، چونکە من شارەزای ناوچەکە بووم، دەنا من پێشمەرگەی سادە بووم و هیچ بەرپرسایەتییەکم نەبوو. لە کۆتاییدا وا ساغ بوونەوە؛ تا بەیانی لەو ئاغەڵە بین، ئەگەر بەفربارین بەردەوام بێ بەیانی بچینە نێو گوندی گردێنە و ئەگەر هەوا خۆشی کردەوە لە شاخ بمێنینەوە. چووینە نێو ئاغەڵەکە و لەوێ کەمێک داری لێبوون، بەو دارانە لە ژوورەکە ئاورمان کردەوە. بەفر هەر دەباری، هەوایەکی زۆر ساردی هەبوو، دڵۆپە و دووکەڵی ئاورەکە لە سەرماکە زیاتر ئازاری دەداین. کاتێک ڕۆژ ڕووناک بوو، بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆر، بەرپرسەکان وا ساغ بوونەوە بچینە گوندی گردێنە. لەگەڵ چوونمان بۆ نێو گوندی گردێنە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکی ئەو گوندە بەرەوڕوو بووین و بەسەر ماڵەکاندا دابەش بووین. بەفر هەر دەباری و تا ئێوارێ نیزیک بە نیو میتر بەفر باری. ئەو بەفرەی دەباری بەفرێکی وشک بوو، ئێوارەکەی بایەکی هەڵکرد کە هێندەی دیکە جەوەکەی بەرەو ناخۆشی گۆڕی و ئێمەش نەدەکرا بێخەیاڵ دانیشین. هەر بۆیە بەرپرسەکان دەستیان بە ڕاوێژ کرد تا بڕیاری کۆتایی بدەن، کە چی بکەین؛ ئایا دەگەڕێینەوە یان لەنێو گوند دەمێنینەوە. چەند کەسێک پێیان وابوو بگەڕێینەوە باشترە، هێندێکیش دژی

گەڕانەوە بوون، بەڵام سەرئەنجام بڕیاری گەڕانەوە درا.

گوندی گردێنە یەکێک لەو گوندانە بوو کە هەمیشە جێگەی حەسانەوەی پێشمەرگەکان بوو، خەڵکی هەمیشە بەخزمەتی ئەو گوندە لە ڕۆژێکی ناخۆشی زستاندا دەرگای ماڵەکانیان بۆ ئێمە کردەوە و خزمەتی زۆریان کردین. بڕیاری گەڕانەوە لە لایەن فەرماندەرانی نیزامی درا کە هەر چۆنێک بێ دەگەڕێینەوە. ئەو تەقەمەنیەی پێمان بوو لە ناوچە شاردمانەوە و ئامادەی گەڕانەوە بووین. هەرچەند چەند کەس لە پیاوە بە ئەزموونەکانی گوندی گردێنە بە تایبەتی خاڵم، خواڵێخۆشبوو "عەلی عەبدولی" داوای کرد نەڕۆین، گوتی تووشی کێشە دەبن، بەڵام ئێمە لە کۆتاییدا لە ئێوارەیەکی ناخۆشی زستاندا بەرەو دەشتی مردواوێ وەڕێ کەوتین!! کاتێک وەڕێ کەوتین من و سەلیمئاغا لە پێشێ بووین، لەبیرمە کاک عەبدوڵڵا شەقاز، کاک هەمزە گۆران، کاک خدر میراوەیی و کاک مەحموود خاس کە بەرپرسی ئێمە بوون، پێمگوتن؛ لێرە تا ماشێنە شکاوەی "دەشتێ" ڕەنگە کێشەمان نەبێ، بەڵام لەوێ ڕێگە بزر دەکەین و هەرواش بوو. بە هەرحاڵ وەڕێ کەوتین، بایەکی تووش هەڵیکرد، ئەو بەفرەی دێنا و لوولی دەدا، بە زەحمەت پێش خۆت بۆ دەبینرا. بەرەبەرە جەوەکە ناخۆشتر دەبوو، ناوچە تەنیا سپی دەچوو، تا لە دەشتی مردواوێ نیزیک دەبووینەوە هەوا تووشتر و ناخۆشتر دەبوو. لەو دەوروبەرە چەند مۆڵگەیەکی دوژمنی لێبوون، سەرەڕای ئەو ناخۆشیەی بەسەرمان هات دەبوو حیساب بۆ ئەوانیش بکەین. تا لە چۆمی وەزنێ بەرەو سەرەتای دەشتی مردواوێ پەڕینەوە هەر باش بوو و بە هەزار زەحمەت خۆمان گەیاندە ماشێنە شکاوە. هەوا تاریکی کردبوو، لە بەفر زیاتر هیچی دیکەمان بەدی نەدەکرد، بارینی بەفر و گێژەڵووکەی بەفر سەری لێ شێواندین، نەماندەزانی بۆ کوێ دەچین، سەرمان

لـێ شێوا و ڕوومـان لـە هـەر لایـەک دەکـرد، هـەر دەهاتینـەوە سـەر شـوێنی پێشـووی خۆمـان و لـە بازنەیەکـدا دەخولاینـەوە! موحمـوود خـاس دەیگوت؛ نابـێ ڕاوەسـتین دەنـا لـە سـەرمان ڕەق دەبینـەوە، ڕاستیشـی دەکـرد. دووجـار بەسـەر تێلـدڕووی مۆڵگـەی دوژمنـدا کەوتیـن، دەمانزانـی ئـەوە مۆڵگەیـە لـە کوێـی ناوچەکـە هەڵکەوتـووە، بـەڵام بـاش بـوو لەبـەر بەفـر و سـەرما و کرێـوە پاسـەوانەکان هەسـتیان پـێ نەدەکردیـن. ڕوومان لە هـەر کوێ دەکرد سـوودی نەبـوو، هەمووممـان هەوڵـی ئەوەمـان دەدا کـە هـەر چۆنێـک بـێ خۆمـان ڕزگار بکەیـن. چـارە نییـە، نابـێ وره بەردەیـن، دەبـێ هەوڵـی ئـەوە بدەیـن خۆمـان ڕزگار بکەیـن. کاک خـدر میراوەیـی و مەحمـوود خـاس و مـن کـە زیاتـر لـە هەموویـان شـارەزای ناوچەکـە بوویـن، ئەرکـی قورسـترمان لـە سەرشـان بـوو. زۆربـەی پێشـمەرگەکان ڕوویـان لـە ئێمـە دەکـرد هەتـا بەڵکـوو چارەیـەک بدۆزینـەوە. بـەڵام چـارەی چـی؟! هـەر هەوڵێکـی دەمانـدا ئاکامـی نەبـوو. هەتـا دەهات شـەو درەنگتـر دەبوو، پێشـمەرگەکانیش هیلاک ببـوون هێنـدەی بـڕۆن و بگەڕێینـەوە شـوێنی پێشـووی خۆمـان. هەموومـان بـە تـەواوی ترسـمان لـێ نیشـتبوو، چونکـە ئەگـەر ڕۆژمـان بەسـەردا هاتبـا، لـەو دەشـتە تووشـی کێشـە دەبوویـن؛ دەوروبەرمـان هەمـووی مۆڵگـەی دوژمـن بـوو، سـەر ڕێگامـان هـەر هەمـوو مۆڵگـە بـوو، تەنیـا گوندێکـی نیزیـک لـە ئێمـە، گوندەکـەی ئێمـە، "دۆڵەتـوو" بـوو. ئەگەریـش دیتبامانـەوە هـەر بێگرفـت نەدەبوویـن، دوو مۆڵگـەی دوژمنـی لێبـوو و بۆ ئـەوە نەدەبوو بچێنە ئـەوێ. هەوڵـەکان بـۆ ڕزگاربـوون هـەر بـەردەوام بـوون؛ لەو دەشـت و سـەرمایەدا هـەر کەسـە شـتێکی دەگـوت. تـا دەهـات ناخۆشـتر دەبـوو، شـەومان بـە تـەواوی بەسـەردا هـات و هـەواش سـاردتر دەبـوو، کـەس نەیدەزانـی سـەر لـە کـوێ وەدەردەنێیـن. چاوەڕێـی بینینـی چـرای گوندێـک، ئاوەدانییـەک یـان دەنگـی سـەگێک بوویـن،

بەڵام هیچ دیار نەبوو. هیواکان وردەوردە بێهێز دەبوون، نایشارمەوە کە ترس و خۆفێکی زۆر لە دڵی هەمووماندا پەیدا ببوو. بەڕاستی کات و ساتگەلێکی زۆر ناخۆش بوو. گەڕانێکی زۆری چەند کاتژمێری لەنێو ئەو بەفر و سەهۆڵبەندانەدا وای لێهاتبوو کە هێندێک لە پێشمەرگەکان دەستیان تفەنگی نەدەگرت، ئەوە یەکێکیتر لە شەوە ناخۆشەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیم بوو. هەوڵەکان بۆ دەربازبوون کۆتاییان نەدەهات و هەر بەردەوام بوون. دوای گەڕانێکی زۆر بیرمان لە کۆخەکانی پشت ئاوایی دۆڵەتوو کردەوە، گوتمان ئەگەر ئەو کۆخانە وەبینین دەچین بۆ ئەوێ، بەڵام دیتنەوەی ئەوانیش کارێکی ئاسان نەبوو. کاک عومەر سێونەیی گوتی؛ وەرن دوام کەون بزانین چۆن دەبێ. ئەو وەپێش کەوت و ئێمەش بە دوایدا، دوای ماوەیەک کە نەماندەزانی بەرەوکوێ دەڕۆین لەپڕ بەسەر "ڕێ قووڵەکە"ی نێوان مردواو و سەرمێرگاندا کەوتین. من خێرا ئەو شوێنەم ناسیەوە، هیواکان پشکووتنەوە، ئاهێکمان هاتەوە بەر و لەوپەڕی بێهێزی و ماندووبووندا بە مانای ڕزگاربوون سەیری یەکترمان کرد، بەڵام کەس سیما و چاوی یەکتری نەدەدیت. بەڵێ ئەو جارەش لە مەرگ و لە شەوێکی تووم و بەفرێکی تووش ڕزگارمان بوو. لەوێڕا ئەوجار من بەرەو دووئاوی دۆڵەتوێ وەپێش کەوتم، بەڵام پێشمەرگەکان هێندە ماندوو ببوون نەیاندەتوانی زۆر ڕێگە ببڕن. لە ئێوارێوە ئێمە لەو کوێستانە سەختە تا کاتژمێر پێنجی بەیانی دەست و پەنجەمان لەگەڵ سەرما و بەفر نەرم کردبوو. دوای دەربازبوون لە دووئاوی دۆڵەتوێ بەهیلاکی چووینە گوندی گۆڕەشێر و دڵنیابووین لەوەی کە ئیدی ڕزگارمان بووە. کە گەیشتینە ئاوایی گۆڕەشێر وەک هەمیشە خەڵکی بە ئەمەگ و پێشمەرگەپەروەری ئەو گوندە بە گەرمی وەریان گرتین. ئەوجارەش بە هەوڵی کاک عومەر سێونەیی نەجاتمان بوو کە

جێی پێزانین و شانازی پێوەکردنە و دەکرێ بڵێم گیانێک بە کاک عومەر قەرزدارین. لێرەدا جێی خۆیەتی دوای تێپەڕینی ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو جەولە و ڕووداوەدا، سڵاو بنێرین بۆ هەموو ئەو کادر و فەرماندانەی کە لەو شەوە سەختەدا بەشداربوون؛ سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو ئەو پێشمەرگانەی لە ساڵانی دواییدا شەهید بوون. لەو جەولەدا بەڕاستی هاوڕێیان؛ خدر میراوەیی، مەحموود خاس، حوسێن باساوەیی، عومەر سێونەیی و حەسەن غەمبار زۆریان هەوڵدا کە لە مردن ڕزگارمان بێ. دیارە منیش وەک پێشمەرگەی شارەزای ناوچەکە هاوکاریان بووم و ئەوەی لە دەستم هات درێغیم نەکرد. لە کۆتایی ئەو جەولەیەدا دوای مانەوەی زیاتر لە دوو شەو و ڕۆژ لە بەفر و سەرمادا بە سڵامەتی گەیشتینەوە بنکەکانمان لە "سونێ" و بە هاوڕێیانمان شاد بووینەوە.

- **سووتاندنی ماشێنێکی دوژمن لە جادەی قاسمەڕەش**

هەر کە لە وەرزی سارد و سەرما نیزیک دەبووینەوە، هەوڵەکانی خۆمان چڕتر دەکردەوە تا ئاخیرین جەولە لەنێو خەڵک و ناوچەی خۆمان لێدەین و ئەگەر بۆمان بکرێ زەربەیەک لە هێزی داگیرکەر بدەین. دیارە هێزەکانی کۆماری ئیسلامیش هەموو هەوڵیان ئەوە بوو بە هەر جۆرێک بێ ئێمە لە خەڵکی خۆمان داببڕن و بە کەیفی خۆیان ئەسپی خۆیان تاو بدەن. هەروەک باسم کرد ڕێژیم هەوڵی زۆری ئەوە بوو تا لە ڕێگەی مینڕێژ کردنی ڕێگەکان بتوانێ پێش بە هێزی پێشمەرگە بگرێ. زۆربەی ناوچە سنوورییەکانی مینڕێژ کردبوو بە تایبەتی ناوچەی سەردەشت یەکێک لەو ناوچانە بوو کە زۆرترین

مینی دوژمنی تێدا ژێر خاک کرابوو، هەر بۆیە دەربازبوون لە سنوورەکانی سەردەشت کارێکی هەروا ئاسان نەبوو. کۆمەڵێک فەرماندە و پێشمەرگە لە هێزی گیاڕەنگ هەبوون کە بە فیداکاریی خۆیان بە دەیان جار گیانیان لە خەتەر کەوتووە و مەیدانەکانی مینیان بە فیداکاری خۆیان پاک کردۆتەوە. جێی خۆیەتی ئاماژە بە ناوی بەشێک لەو تێکۆشەرانە بکرێ کە سوارچاکی بەکردەوەی ئەو مەیدانە بوون؛ قادر مەمۆ، کە بەداخەوە هەر لەو سنوورە شەهید بوو، محەممەد مامئاغا کە لەو پێناوەدا خوێنی لێچۆڕا و چەند جارێک بریندار بوو، ڕەوانشاد مەحموود خاس، ئەحمەد چکۆڵ کە هەر لەو سنوورە شەهید بوو، شەهید حەسەن چاپەز، شەهید سەعدون مارەغانی، سەلیم ئاغا و ڕەوانشاد برایم کانیەزەردی. منیش وەک برا چووکە زۆر جار لە خزمەت هاڕێکانمدا بووم، جار هەبووە بە چەند ڕۆژێک تیمێکی پێشمەرگە بۆ سنوورەکان بەڕێ دەکرا بۆ ئەوەی ڕێگەیەک پەیدا بکا و تیمێک پێشمەرگە بەو ڕێگەیەدا دەربازی ناوچەکەکانی دیکە بکەن.

ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی سێی هێزی گیاڕەنگ بە فەرماندەیی شەهید حەمە نارستی کە فەرماندەی لکی سێ بوو بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین. دیارە بارانێکی زۆر باریبوو و هەوا زۆر ساردی کردبوو. لە ئێوارەیەکی درەنگدا بەرەو "قاسمەڕەش" وەڕێ کەوتین. دوای ماوەیەک ڕێگەبڕین لە شاخی قاسمەڕەش کە دەکەوێتە نیزیک دەروازەی قاسمەڕەش، نیزیک بووینەوە کە زۆر مەترسیدار بوو، لەو شوێنە چەند مۆڵگەی دوژمنی لێ جێگیر کرابوون. لەوێ گوتیان بەو شاخەدا سەردەکەوین. سەرکەوتن لەو شاخە زۆر دژوار بوو، بەرەبەرە بە هەزار زەحمەت سەرکەوتین؛ زۆر باشم لەبیرە هەموو پێشمەرگەکان دەکەوتن، زۆر ناخۆش

بوو، ئەو شەوەم قەت لەبیر ناچێ کە بە چ سەختییەک لە سنوور دەرباز بووین. پلەشاخێکی ڕژدی بەرزی لێبوو کە دەبا لێی وەسەرکەوین. پێشمەرگەکان دەبوو یەک یەک لە پلە شاخەکە سەرکەون و وریا بن بەرنەبنەوە. لە سەرەوە یەکێک دەستی پێشمەرگەکانی دیکەی دەگرت و سەری دەخستن. هەموو سەرکەوتن، تەنیا من و شەهید حەمە نارستی مابووین، یەکێک لە پێشمەرگەکان کە پۆتینی لەپێدا بوون لە کاتی سەرکەوتندا بەردێک لەژێر پێی دەرپەڕی و لەو سەرەوە ڕاست وەسەری من کەوت! سەرم زۆر خراپ شکا، ئەگەر حەمە نارستی لە دوامەوە نەبایە هەڵدەدێرام و ڕەنگە لە فریای نووسینی ئەو بەسەرهاتانە نەکەوتبام، چونکە لەگەڵ بەرکەوتنی بەردەکە یەکسەر بەرچاوم تاریک بوو، گەلێک ئازاری هەبوو. دوای کەمێک سووکبوونی ئازاری سەرم، پێشمەرگەکان منیشیان سەرخست. جامانەکەم لە برینەکەم بەست. خوێنێکی زۆر لەسەرم دەهات، کادری دەرمانیشمان لەگەڵ بوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نەدەکرا لەوێ دەرمانم بکەن، چونکە دەوروبەرمان هەموو مۆڵگەی دوژمن بوو و هەر بۆیە درێژەمان بەڕێگەی خۆمان دا. سەرم ئازارێکی زۆری هەبوو، برینەکەم خوێنی لێ دەهات و سەرئێشە خەریک بوو بە تەواوی بێهێزی دەکردم، بەڵام چارە نەبوو دەبوو خۆڕاگر بم تاکوو شوێنێکی باش پەیدا دەبێ و دەرمان دەکرێم. دوای پەڕینەوە، چووین لە ماڵێکی سەر ڕێگا کادری دەرمانی سەری بۆ دەرمان کردم و دەوروبەری برینەکەی سەرمی هەڵپاچی. لە تاو خراپ بوونی مووی سەرم ئازارەکەم لەبیر چۆوە!! دوای دەرمانکردنی سەرم، بەرەو شوێنی مانەوە کەوتینە ڕێ. زۆری نەبرد چووینە شوێنی مانەوە و دوای دانانی پاسەوان پێشمەرگەکان خەوتن. منیش ڕاکشام و دوای نیو کاتژمێر سەرم دەستی بە ئازارێکی زۆر کرد، نەمدەزانی چی بکەم و هەواکەش

زۆر سارد بوو. هاوڕێی کادری دەرمانی دوو دەرزی ئازاری لێدام بەڵام بێفایدە بوو. ئەو شەوە تا بەیانی لە سەرمان و لەبەر ئازاری سەرم هەر قەدەمم لێدان. نەدەکرا ئاور بکەینەوە، چونکە لە زۆر شوێن دیار دەبوو. هەرچۆنێک بێ هەتا بەیانی خۆم ڕاگرت. ڕاستە کە بە گوللە بریندار نەبووم، بەڵام زۆری ئەزیەت کردم.

هەموو پێشمەرگەکان ئەو شەوە بەهۆی سەرماوە بە باشی خەویان لێ نەکەوتبوو. بەیانی کاتێک هەوا ڕووناک بوو، ئاورێکی خۆشیان کردەوە. دوای خواردنەوەی چایەکی گەرم و خۆ گەرمکردنەوە کەمێک ئازاری سەرم شکا. با شتی خۆش ون نەبێ؛ ئێمە هێزی گیاڕەنگ کەمتر کیسەخەومان هەڵدەگرت و لەجێی کیسەخەو زۆرتر تەلیسمان هەڵدەگرت، لە هەر کوێ دەخەوتین بەیانی تەلیسە زەردەکان دیار بوون. جارێکیان بۆ عەمەلیاتێکی هاوبەش چووینە ناوچەی ڕەبەت، کاتێک چووینە کوێستانی مەیدانچۆغە کە هاوینانیش هەر ساردە، ئێمە لە شوێنێک خەوتین و بەیانی کە هەستاین، ئەبووبەکری یاسیناوێ کە کادرێکی ئازا و خۆش ناوی ناوچەی ڕەبەت بوو، هەر کە چاوی بەو تەلیسە زەردانە کەوتبوو، گوتبووی وامزانی پێشمەرگەکانی هێزی گیاڕەنگ بۆ کاکێشانێ هاتوون!! بەیانی کە هەستاین حەمە نارستی تۆڕە دەکرد و دەیگوت وەڵڵا باشە بەشی هەمووماڵەکانی نستانێ بۆ کا داگرتن، تەلیست هێناوە.

ئێوارێ فەرماندەکان کۆبوونەوە و وایان بڕیار دابوو کە ئەو شەوە بچینە گوندی بنەوخەڵێف و دوای نانخواردن بگەڕێینەوە چونکە بەڕاستی لە دەرەوە مانەوە نەدەکرا. گوتیان دەچینە سەر جادەی سەردەشت بۆ قاسمەڕەش، ئەگەر هیچمان بۆ تێکەوت لێی دەدین، دەنا دەچینە گوندی بنەوخەڵێف. ئێوارێ

کە چووینە سەر جادە زۆری نەکێشا ماشێنێکی هێزەکانی دوژمن کە لە قاسمەڕەش بەرەو سەردەشت دەگەڕایەوە، کەوتە کەمین و چوار کەسی تێدابوون کە هەر چواریان کوژران و ماشێنەکەش ئاوری تێبەردرا. دوایی بەرەو گوندی وەردێ وەڕێکەوتین و لە گۆشەیەکی ماڵەکان بە پەلە نان و چامان خوارد. ئاوری ماشێنە سووتاوەکە لە دوورەوە دەبینرا. دەگەڵ ئەوەی کە چەندین مۆڵگەی ڕێژیمی لێ بوو بەڵام هیچ هێزێکی دوژمن نەیوێرا بە هانای کوژراوەکانەوە بێ، بەڵام تۆپبارانی دەوروبەر دەستی پێکرد. ئێمەش دوای وەشاندنی ئەو زەبرە لە هێزی دوژمن هەر ئەو شەوە بەبێ زیان گەڕاینەوە بنکەکانمان.

- **شەڕی هاوبەشی هێزەکانی گیاڕەنگ و زمزیران و چەند ڕووداوێکیتر**

بە دڵێکی پڕ لە تاسەوە بیرەوەرییەک دەگێڕمەوە کە بۆ ساتێک لەبیر و زەینمدا فەرامۆش ناکرێ. دەکەومەوە یادی ئەو کاتەی کە "کونەمار" و "سونێ" تا دەگاتە "گۆڕێ کچان" جمەی دەهات لە تێکۆشەرانی هێزەکانی گیاڕەنگ و زمزیران. دوای ساڵانێک تێپەڕین بەسەر ئەو ڕۆژگارەدا خەمی شەهیدبوونی هاوسەنگەرانم لە ڕادەبەدر ئازارم دەدات. لە لایەکی دیکەوە خۆشحاڵم کە من لە ڕێبازی پڕشکۆی هاوسەنگەرە شەهیدەکانمدا باس لە فیداکاری و ئازایەتی و تێکۆشانی بێوچانی هاوڕێکانم بۆ ئێوە خۆشەویستان دەگێڕمەوە کە ئەوان لەپێناو خاک و خەڵکی کوردستاندا گیانی خۆیان بەخت کرد.

زۆرجار واهەڵکەوتووە کە دوو هێز یان چەند هێز بە یەکەوە بۆ بەرنامەیەکی عەمەلیاتیی هاوبەش لە دەوری یەک

کۆبوونەتەوە. زۆر جار پێشمەرگەکانی ئەو دوو هێزە بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێک تێکەڵ کراون و بێ فەرق و جیاوازی لە ژێر فەرماندەیی یەک فەرماندەدا ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان بەجێ گەیاندوە.

گێڕانەوە و نووسینی ئەو جارە باسی عەمەلیاتێکی هاوبەشی هێزەکانی گیارەنگ و زمزیرانە کە لە ناوچەی ڕەبەت جێبەجێ کرا.

لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی، دوای گەڕانەوەی هێزی زمزیران لە ناوچە، فەرماندەکانی هەر دوو هێز کۆبوونەوە بۆ ئەوەی گەڵاڵەی عەمەلیاتێکی هاوبەش لە ناوچەی ڕەبەت بەڕێوە ببەن. ئەو کات بەڕێزان کاک ئەحمەد نستانی، فەرماندەی هێزی زمزیران، کاک ڕەحمانی مەحموودخەجی جێگری هێزی زمزیران و کاک حوسێن پەیرەوان فەرماندەی هێزی گیارەنگ بوون. ئەوان و بەرپرسەکانی دیکە کۆبوونەوە بۆ دارشتنی گەڵاڵەی عەمەلیاتەکە و پرس و ڕاوێژی تایبەت لەو پێوەندییەدا. پێشمەرگەکانی هەر دوو هێز لە چەند تیمی جیاوازادا سازمان دران. بڕیاردرا کە لە نیزیک گوندی نێزێ تا دەگاتە جادەی بانە- سەردەشت لە چەند شوێنی ناوچەکە بە چەند تیم بچینە سەر جادە.

ڕێکەوتی١٣٦٧/٧/٢ی هەتاوی لە ئێوارەیەکی پاییزیدا هەموو تیمەکان لە سنوورەکانی سەردەشتەوە بەرەو ناوچەی ڕەبەت وەڕێکەوتن. تیمێکی دیکەش وەک تیمی فەرماندەیی دیاریکرابوو کە منیش لەگەڵ ئەو تیمە بووم. ڕۆژێک دواتر لە بنکەکانی "سونێ" بەرەو ناوچە وەڕێکەوتین کە لەو کەسانە پێک هاتبوو؛ هاوڕێیان ئەحمەد نستانی، حوسێن پەیرەوان، حەمە نارستی، ڕەحمانی مەحموود خەجی و چەند کادر و پێشمەرگەی دیکە کە

هەر وەک باسم کرد منیش لەگەڵ ئەو تیمە بووم. ئێمە دوای بەڕێکردنی ئەوان بەرەو ناوچە کەوتینە ڕێ. ڕۆژی یەکەم لە نیزیک گوندی "تووژەڵ" ماینەوە، شەوی دووهەم لە سنووری "کانیەزەرد" لە سنوور دەرباز بووین. دەبوو بۆ ئێوارەی ڕۆژی ٧ی مانگ ئێمەش لە شوێنی خۆمان بین و لەوێوە لەگەڵ هەموو تیمەکان لە پەیوەندیدا بین. ئێوارەی ئەو ڕۆژە ئێمە لە دەشتی دیوالان لە شوێنێک بووین بەناوی "گردەقووڵە"، چونکە لەوێوە بە گشتی هەموو ناوچەی ڕەبەت دیارە و دەبینرێ. دەوری کاتژمێر چواری سەر لە ئێوارە هەموو تیمەکان چوونە شوێنی خۆیان بۆ ئەوەی لەسەر ئەو جادانە هێزەکانی دوژمن بخەنە داوی خۆیان. جیا لە تیمێک لە پێشمەرگەکان نەبێ کە لە نیزیک گوندی گەنکێ کە چەند کەسێک لە ڕێگرەکانیان "تەئمینی سەرجادە" خستە کەمینی خۆیان و دوای زەربەلێدانیان چەند کەلاک لە هێزەکانی دوژمن کەوتە بەردەستیان، تیمەکانی دیکە هیچیان بە دەستیانەوە نەهات.

دوای ئەوەی شەو داهات، هیچ هێزێکی دیکەی دوژمن نەکەوتە کەمینی پێشمەرگەکان. تیمەکان بەرەو شوێنەکانی خۆیان گەڕانەوە و دوای قسەکردنی فەرماندەکان لەگەڵ بەرپرسی تیمەکان، ئێمەش شوێنی خۆمان بەجێهێشت و بەرەو لای دیوالان وەڕێ کەوتین. لە نیزیک گوندی دیوالان لەنێوان چیاکانی لانک و گیاڕەنگ، کە بەرەو دۆڵی سپیدارێ دەهاتینە خوارێ، شوێنەکە زۆر ئاستەم بوو، ئەگەر کەمینی دوژمن لەوێ هەبا زۆر بە سەختی دەمانتوانی خۆمان دەباز بکەین. ئێمە لە پێشەوە بووین هەتا ئەو شوێنە تاقی بکەینەوە. لەپڕ دوو کەسمان بینی، ئەوانیش ئێمەیان دیت، هەم ئێمە و هەم ئەوان ڕاپەڕین؛ نە ئەوان تەقەیان بۆ کرا و نە ئێمەش فریای تەقە کەوتین. ئێمە کە هەروا ڕاوەستابووین، ئەوان فەوری بە دۆڵەکەی دیکە دا سەرکەوتن. ئێمە کەمێک بۆ

دوایە گەڕاینەوە، پاشان وەدوایان کەوتین کە بەڕاستی هەڵە بوو. بەرەو پشتی خۆمان هەڵدەکشاین، کە سەرکەوتین، ئەوان پێش ئێمە سەرکەوتبوون. لە پڕ ئەوان یەک دەسڕێژیان لە ئێمە کرد و هەڵاتن. ئەگەر ئێمە تەقەشمان کردبایە بێ فایدە بوو، لەو دەستڕێژەدا بەداخەوە "هەمزە بووبانەیی"، پێشمەرگەی ئازا و قارەمانی لکی ٣ دەستبەجێ شەهید بوو! دوایی جەنازەی شەهید هەمزەمان بەرەو دۆڵەکە هێنایە خوارێ. شەهید هەمزە کەسێکی بەخۆوە بوو، بە کۆڵێ بۆمان هەڵنەدەگیرا، تەنیا یەک هێسترمان پێ بوو کە لەگەڵ تەقەکە هەڵات و نەماندیتەوە. بە ناچاری جەنازەی شەهید هەمزەمان لەو نیزیکانە شاردەوە و بە دوو کەسی شەخسیمان سپارد کە بەیانی بۆمان بێننە خوارێ و خۆشمان بەرەو دەشتی دیوالان، گەڕاینەوە. هاتین لە نیزیک ئەو شوێنە ماینەوە کە شوێنی جەنازەی شەهید هەمزەمان لێ دیار بوو. ئەگەر شتێک ڕووی دابا، دەمانتوانی نەهێڵین جەنازەکە بەرن و زەربەی باشیان لێبدەین. تا نیوەڕۆ هیچ خەبەر نەبوو، زۆری پێ نەچوو ئەوانەی کە پێمان سپاردبوون جەنازەی شەهید هەمزە بێننە خوارێ، کارەکەیان جێبەجێ کرد و لە درەنگانی ئێوارەیەکی پڕ لە خەم و ناڕەحەتیدا جەنازەی شەهید هەمزەمان بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپارد و پاشان هەموو تیمەکان بەرەو بنکەکانی خۆمان گەڕاینەوە.

دەکرێ بگوترێ ئەو گەڵاڵە هاوبەشە بە شەهیدبوونی یەکێک لە پێشمەرگە ئازاکانی هێزی گیارەنگ بە ناوی هەمزە بووبانەیی کۆتایی هات، شەهید هەمزە یەکێک لە پێشمەرگە ئازاکانی لکی ٣ی هێزی گیارەنگ بوو.

ڕۆژێک دواتر خوشکی شەهید هەمزە لە بووبانەوە دەچێ بۆ دیوالان، لە ڕێگە چاوی بە خوێنی براکەی دەکەوێ، بێ ئەوەی

بزانێ ئەوە خوێنی براکەیەتی کە شەوی ڕابردوو شەهید بووە!! لە لای دوو کەس دەڵێ: "ڕێگەی دۆڵی نێوکوڕێ خوێنی لێ ڕژاوە". دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدبوونی هەمزە، خوشکی بۆی دەردەکەوێ کە ئەو خوێنەی دیتبووی خوێنی برا شەهیدەکەی بووە.

لە کۆتاییدا ڕێز و سڵاو بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە بەشداری ئەو قۆناغە سەختەی خەباتیان کرد.

## • جەولەیەک بۆ ناوچەی ئالانی سەردەشت و چەند ڕووداوێکی ناخۆش

لە درێژەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکاندا ئارەزووم دەکرد توانیبام هەموو ڕۆژەکانم نووسیبایە و لەبەر دەستم بایەن بۆ ئەوەی هەموو جەولە و کار و تێکۆشانی ئەو سەردەمەم وەک خۆی نووسیبایەوە هەتا زیاتر خزمەتی گەلەکەم و هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانم کردبا و مێژووی خەبات و تێکۆشانی ئەو نەسڵە لە مێژووی حیزبەکەمان کە کۆمەڵێکی زۆر لە هاوڕێ و هاوسەنگەری ئەو سەردەمە گیانی خۆیان تێدا بەخت کرد یان تێیدا کەمئەندام بوون یان بەشی زۆری تەمەنی خۆیان بەختی شۆڕش و خەبات کرد، بە جوانی قسەم لە سەر کردبان. دیارە زۆر کەم نووسراوەم لەبەردەستدایە و ئەوەی دەینووسم زۆریم لەبیر ماوە و بۆ هێندێک لە کات و شوێنەکان لە دۆستان دەپرسم و هاوکاریم دەکەن کە پڕ بە دڵ سپاسیان دەکەم. هەرچەند دەزانم نووسینەکان بێ کەموکووڕی نین، بەڵام هەر ئەوەندەم لە دەست دێ کە هەیە و دەیاننووسم و بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم.

ناوچـەی ئـالان یەکێـک لـەو ناوچانـەی سەردەشتە کە لـە مـاوەی شـەڕی ئێـران و عێراقـدا بـە هـۆی میلیتاریزەبوونـی و زۆریـی هێـزی دوژمـن لـەو ناوچـەیـە زۆر بـە کەمـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەیتوانـی هەڵسووڕانی تێیـدا هەبـێ. تەنیـا لـە سـاڵی١٣٦٧دا یـەک جـار تێمێکـی کادر و پێشـمەرگەی هێـزی گیاڕەنـگ چوونـە ناوچەکـە کـە زۆر کـەم توانیـان لـەو ناوچـەدا بگەڕێـن و تووشـی زۆر کێشـە و سـەختی بـوون. کاک عەلـی سوورەچۆمی یەکێـک لـە پێشمەرگەکانی ئـەو هێـزە لـە چەنـد بەشدا بـە وردی باسـی ئـەو جەولـەی کـردوە. دوای ئـەو جەولەیـە بـۆ جـاری دووهـەم لـە سـاڵی ١٣٦٨ تێمێکـی تێکـەڵاو لـە کادر و پێشـمەرگەکانی هێـزی گیاڕەنـگ بـە سەرپەرستی هـەر دوو تێکۆشـەری ڕۆژە سـەختەکانی خەبـات؛ کاک حەمـە نارستی کـە جێگـری هێـزی گیاڕەنـگ بـوو و کاک خـدر میراوەیـی کـە جێگـری لکـی ٢ی هێـزی گیاڕەنـگ بـوو و چەنـد کـەس لـە سـەرپەل و جێگرپەلەکانـی دیکـەی هێـزی گیاڕەنـگ کـە منیـش هـەر ئـەو سـاڵە وەک جێگرپـەل دیـاری کرابـووم، بـە مەبەسـتی چـوون بـۆ ناوچـەی ئـالان وەڕێ کەوتیـن. مـن یەکەمجـارم بـوو کـە بە جەولە بۆ ناوچەی ئـالان دەچـووم. ئـەوەی لـە بیـرم بـێ، شـەهید عـەوڵا بناوەیـی و چەنـد پێشـمەرگەیەکی دیکـە وەک شـارەزای ناوچەکـە لەگەڵمـان بـوون. ئـەوەی لەبیـرم بـێ نیزیـک بـە چـل کـەس دەبوویـن، دوای چەنـد ڕۆژ گەشـت وگـەڕان لـە ناوچـەی بوڵفـەت و دوای نانخـواردن لـە گونـدی بنەوخەڵێـف بـەرەو ناوچـەی هۆمـل وەڕێ کەوتیـن. ئـەو شـەوە ڕێگەیەکـی دوورمـان بـڕی، لـە گونـدی بنەوخەڵیفـەوە چووینـە پشـتی گونـدی قەڵەڕەشـێ و لـە شـوێنێک بە نـاوی پیرەفات مایـنـەوە. بـۆ یەکەمجـار بـوو دەچوومـە ئـەو ناوچـە کـە بـۆ مـن و زۆر لـەو کەسـانەی کـە بـۆ یەکەمجـار بـوو دەچووینـە ئـەوێ، تـازە بـوو. ئێـوارێ دوای کۆبوونـەوەی فەرمانـدەکان کـە ئەوجـار منیـش بـۆ کۆبوونـەوەکان بانـگ دەکـرام و ئێوارانـە کۆدەبووینـەوە

و بەرنامەی کاری خۆمان دادەڕشت، ئێمە کە تازەکار بووین لەژێر ڕێنوێنیی فەرماندەکاندا بەرەبەرە ڕادەهاتین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین دوای ئەوانیش ئەرکی حیزبی لە ناوچەکە بەڕێوەبەرین. شەوێ چووینە گوندی قەلەڕەشێ کە بەڕاستی گوندێکی خۆش و خەڵکێکی بەهەستم بەرچاو کەوت. هەر کە چووینە نێو گوند، خەڵک پێشوازییەکی ئەوندە گەرمیان لێ کردین کە لە گێڕانەوە نایە. خەڵکی ئەو گوندە بە پیر و لاو و ژن و پیاوەوە بۆ پێشوازیی برا پێشمەرگەکانیان لە ماڵەکانیان هاتبوونەدەر. ئەو شەوە بە پێچەوانەی شەوەکانی دیکە زۆر لەنێو گوند و خەڵکەکەیدا ماینەوە و دواتر وەرێکەوتین بەرەو قولایی ناوچەی هۆملی سەردەشت.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە کاتێکە کە شەهید حەمە نارستی بێسیمەکەی هەڵدەکا لە ناکاو دەنگێکی نامۆ دێت کە لە تیمەکەی ئێمەدا نەبوو. کەریم فەرخەپوور و کەریم شەهرنیا ماوەی چوار مانگ و نیو بوو بۆ کاری تەشکیلاتی لە ناوچە بوون، کەریم فەرخەپوور شانس و بەخت دوو کوڕی گەنج دەنێرێتە بەرزاییەک و دەڵێ بزانن هیچ دەنگێک نایە. ئەو گەنجانەش کە بێسیمەکە هەڵدەکەن لەگەڵ کاک حەمە نارستی قسە دەکەن و بە ڕەمز پێی دەڵێن کە لە لایەن چ کەسێکەوە نێردراون، کاک حەمە دەڵێ بچن پێی بڵێن با بێت قسەی لەگەڵ دەکەم. دوای چەند خولەکێک شەهید حەمە نارستی و کەریم فەرخەپوور بە یەکەوە قسە دەکەن و بۆ شوێنی مانەوەی سبەینێ جێگەیەک بە نێوی "پیرکی" لە ڕووبەڕووی گوندی قازان دیاری دەکەن. لەو کاتەدا کەریم شەهرنیا لاقی لەجێ چووە و ناتوانێ بە باشی بە ڕێگەدا بڕوا، کاتێک کەریم فەرخەپوور دەگەڕێتەوە لای، پێی دەڵێ کە پێشمەرگەکان هاتوون، تۆش ناتوانی بڕۆی، لێرە لەژێر ئەو دار و چرپییەدا خۆت حەشار دە هەتا من دەچم دەیانبینم و

دوای یەک دوو ڕۆژی دیکە دەگەڕێینەوە ئێرە. کەریم فەرخەپوور لە خۆشی دیداری هاوڕێکانی هەر ئەو شەوە لە نزیک گوندی ڕەزگەوە بە تەنیا ملی ڕێگە دەگرێ و لە نیوەشەودا دێتە شوێنێک لە نیزیک شوێنەکەی ئێمە لە ماڵێک دەخەوێ. کاتژمێر نزیک ١٠ی بەیانی کە لە خەو هەڵدەستێ تازە خەڵک لە دەرەوەن و ناتوانێ بە چەکەوە بێتە دەرێ. هەر ئەو کات لەگەڵ شەهید حەمە نارستی قسەی کرد و پێی ڕاگەیاند کە لەو نیزیکانەیە و ئێستا بە شێوەیەک خۆی دەگەیەنێتە لای ئەوان. بۆ دەرباز بوون و بۆ ئەوەی کە ئاشکرا نەبێ و خەڵک نەیناسێ چەک و ڕەختەکەی دەخاتە نێو تەلیسێک و سواری کەرێکی خەڵکی گوندەکە دەبێ و بە کچێک دەڵێ وەرە ئەو کەرەم بۆ ڕاکێشە. لەو کاتەدا من پاسەوان بووم، دیتم کچێک هەوساری کەڕێکی بەدەستەوە و نەفەرێکیش سواری کەرەکە بووە. یەکەم جار نەمناسی، کاک ئەحمەد کوردنژاد گوتی مەهێڵن ئەوانە بێنە نێو پێشمەرگەکان، کاتێک لێمان نزیک بۆوە، کەریم فەرخەپوور بوو. دوای ماوەیەکی زۆر لە یەکدابڕان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە لەگەڵ پێشمەرگەکان یەکتریان لە باوەش گرت و بە دیداری یەکتر شاد بووینەوە و ئەوجار ئەو بوو بە چاوساغی ئێمە. ئێوارەکەی چووینە گوندی خڕێ ئاغەڵان و دیارە ئێوارێ کەریم فەرخەپوور خەڵکی گوندەکەی ئاگادار کردبۆوە کە بۆ شەوێ میوانیان هەی کە دیارە خەڵکێکی جێی باوەڕ و دڵسۆز بوون و جێی نیگەرانی نەبوون. شەوێ خەڵک بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێکردین. دوای نانخواردن بە دۆڵی ڕەشەگەڵوویدا کەریم فەرخەپوور لەگەڵ تیمێک پێشمان کەوت و لە خوار "سابنێ" کەسێکیان دەنگدا بەڵام ئەوان زوو یەکتریان ناسییەوە و ئەویش کەریم شەهرنیا بوو کە تاقەتی نەهێنابوو و ویستبووی هەرچی زووتر بە دیداری هاوڕێیانی شاد بێتەوە. لەوێ

ئەویشمان دیتەوە و لەنیزیک گوندی شڵماش ماینەوە. هەر ئەو شەوە کەریم فەرخەپوور لەگەڵ ئەییووب سووری بۆ ئاگادار بوون لە دۆخی ناوچەکە و زانیاری وەرگرتن چوونە نێو گوندی شڵماش و سبەینێ ئەوان هەر لەنێو گوند مانەوە و ئێمەش ئێوارەکەی بەرەو شڵماش وەڕێکەوتین. کە چووینە نێو گوند لەگەڵ پێشوازییەکی زۆر گەرمی خەڵک بەرەوڕوو بووین و تا درەنگ لەو گوندە ماینەوە. لە ماوەی چەند ڕۆژ مانەوە لە ناوچەکە هەمیشە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەرەوڕوو دەبووین. ڕوومان لە هەر گوندێک دەکرد، زیاتر هەستمان بە خۆشحاڵی و شانازی دەکرد، ئەوکات بۆت دەردەکەوت کە حیزبەکەمان چەندە ڕەگ و ڕیشەی لەنێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا هەیە. شەوێک چووینە گوندی نێوکوردار، لەو گوندە کوڕێکی جەوان بەناوی عەبدوڵڵا بە مەبەستی پێشمەرگایەتی لەگەڵمان کەوت.لە درێژەی ئەو گەشتەدا ڕۆژێک لە خوار گوندی شڵماش ماینەوە، ئێوارێ دوای کۆبوونەوەی فەرماندەکان و قسە و باس لەسەر گەشتی ئەو چەند ڕۆژە لە ناوچەکە و چۆنیەتیی کارکردن و دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان، وا بڕیار درا بۆ شەوێ بچینە گوندی ڕەزگە و دوای نانخواردن و کاروباری حیزبی، بەرەو ناوچەی ئالان وەڕێ کەوین. دیارە لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا هێزی دوژمن هەر بە دوای ئێمەوە بوو و هەوڵیان دەدا لە داومان بخەن. دوای نانخواردن و بەڕێوەبردنی ئەرکە حیزبییەکان لە گوندی ڕەزگە، بە مەبەستی چوون بۆ ناوچەی ئالان بەرەو گوندی شێخەسوور وەرێکەوتین. دوای چەند کاتژمێر ڕێگەبڕین لە نیوەشەوێکی درەنگدا بۆ مانەوە چووینە خوار ماڵان و لەنێو باغێکدا بە ناوی کرێوە ماینەوە. ئامانجی ئەو جەولەیەمان گەشتێکی سیاسی – نیزامی لە ناوچەکە و پەیوەندیگرتن لەگەڵ خەڵکی ناوچەی ئالانی سەردەشت بوو، هەر چەندە ناوچەی

ئالان زۆر بەرتەسکە و لە هەمانکاتدا زۆریش سەختە کە بتوانی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە ناوچەکە بمێنیەوە. دوای کۆتایهاتنی شەڕی عێراق – ئێران ئەوە دووهەمین تیمی هێزی پێشمەرگە بوو کە دەچوە ئەو ناوچەیە.

گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەم جەولەیە چەند بەشێک لەخۆ دەگرێ کە شتی سەرنجڕاکێشی تێدایە. ڕەنگە کەمێک ئێوەی بەڕێز ماندوو بکات بەڵام ئەو مێژووە، مێژووی کۆمەڵێک تێکۆشەری ماندوویینەناسی سەردەمی خویەتی کە بە حەق شانازیی گەورە و سەروەریی زۆریان بۆ حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان تۆمار کردوە، بۆیە ناکرێ نەخرێتە بەرچاوی ئێوەی ئازیز. لە ڕووی ئەو بەسەرهاتانەیە کە دەکرێ خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئەو خەباتە دەستنیشان بکرێن. ئەم نەسڵەی ئێستا کە پێویستە ئەو ڕابردوویە بزانێ، دەتوانێ خاڵە بەهێزەکانی بکاتە سەرمەشقی خەبات و تێکۆشانی سەردەمی خۆی و خۆی لە دووبارەکردنەوەی هەڵە و خاڵە لاوازەکان ببوێرێ. ناوی بەشێک لەو پێشمەرگە و فەرماندە و کادرانەی بەشداری ئەو جەولەیە بوون و ناوەکانم لەبیر ماون بە داخەوە بەشێکیان شەهید بوون، بریتین لە: حەمە نارستی، خدر میراوەیی، عەوڵا بناوەیی، عەلی سوورەچۆمی، حەسەن خۆشکەلام، ئەییووب شڵماشی، قادر مەمۆ، خالید پەردەدار، دلێر شڵماشی، کەریم کۆدەڵەیی، هەمزە بخوور، ڕەحمان ڕەجەب، عومەر کانیبی و مستەفا دۆڵەیی. بە داوای لێبووردن لە تەواوی ئەو کەسانەی لەو جەولەیەدا بەشدار بوون و بەداخەوە ناوەکانیانم لە یاد کردوە.

لە ناوچەی ئالانی سەردەشت لە گەشت و گەڕاندا بووین، شەوی پێشتر خۆمان گەیاندە خوار گوندی گرتکی و ڕۆژەکەی لەوێ ماینەوە. ئێوارێ کۆبووینەوە بۆ ئەوەی بە هاوکاریی

چاوساغەکانی ناوچەکە بەرنامەی کاری خۆمان دابڕێژین. وا بڕیاردرا بۆ شەوێ بچینە گوندی گرتکی. ئێواریێ بەرەو گوند وەڕێکەوتین، چووینە نێو گوند و بەسەر ماڵەکاندا دابەش بووین. دوای ماوەیەک مانەوە و ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبی، بەرەو شوێنی خۆمان، واتە خوار گوندی دیناران وەڕێ کەوتین. دوای چەند کاتژمێرێک ڕۆیشتن لە باغێکی خوار گوندی دیناران ماینەوە. هەرچەند شوێنێکی باش نەبوو، بەڵام هەرچۆنێک بێ ماینەوە. ئەو شوێنە چەند مۆڵگەی دوژمنی لێ دیار بوو و لە مۆڵگەی بناوێ تەئمینێک دەهات بۆ پێش گوندی دیناران کە ئەویش بە سەر ئێمەدا زاڵ بوو، بۆیە نەدەبوو بە ڕۆژ جموجۆڵ بکەین.

ڕۆژ بەرەو کۆتایی دەچوو، وەک هەمیشە کۆبووینەوە و بڕیاردرا ڕێکەوتی ١٣٦٨/٣/٢٩بۆ شەوەکەی بچینە گوندی دیناران. ئێوارێ چووینە گوندی دیناران و لەگەڵ پێشوازی خەڵک ڕووبەڕوو بووین کە ماوەیەکی زۆر بوو بەهۆی شەڕی چەند ساڵەی عێراق – ئێران لە بینینی هێزی پێشمەرگە بێبەش بوون. گوندی بناوێ کە زۆر لە گوندی دیناران نیزیکە، مۆڵگەیەکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لێبوو. عەبدوڵڵا بناوەیی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک چوونە گوندی بناوێ. وا دیاربوو دوژمن هەستی کردبوو کە ئێمە لەو گوندەین، هێزێکی دوژمن لە دەوروبەری گوند پەیدابوو و دەستی کرد بە تەقەکردن و هاوکات تۆپ و خومپارەبارانیش دەستی پێکرد. ئێمەش لەنێو ماڵان بووین، خۆمان ئامادە کرد، بەڵام لە گوند نەچووینە دەرێ. هێزەکانی دوژمن بە هەموو جۆرە چەکێک نێو گوند و دەوروبەری گوندیان بەخەستی دەکوتا. ئێمەش چاوەڕوانی ئەو پێشمەرگانەمان دەکرد کە چوبوونە گوندی بناوێ. دەستەیەک چوون بۆ هێنانەوەی ئەو پێشمەرگانەی چووبوونە بناوێ. ئەگەر هەڵە نەبم لەگەڵ

دوژمن پێکدادان ڕوویدا و پاش هاتنەوەی پێشمەرگەکان بەرەبەرە لە گوند وەدەرکەوتین، بەڵام دوژمن بەخەستی دەوروبەری گوندەکەی بە چەکی جۆراوجۆر دەکوتا. سەرئەنجام بەبێ زیان لە گوند دوور کەوتینەوە و بەرەو چۆمی ئالان شۆڕ بووینەوە، بەڵام دیسانیش دوژمن بە سەختی ئەو شوێنەی تۆپباران دەکرد. لە نیزیک چۆمی ئالان کە زۆر تەلان و ناخۆش و هەڵدێر بوو بۆ چەند ساتێک پشوویەکمان دا، بۆ ئەوەی بزانین کە دەبێ چ بکەین. ناوچەکە بەرتەسکە، مۆڵگەی زۆری لێ بوون و هی دەورانی شەڕی عێراق – ئێران بوون بۆیە بە هیچ جۆر نەدەکرا لە بەری ڕۆژهەڵات وەمێنین. بیرمان لەوە کردەوە کە لەوبەری چۆمی واتە لە بەری باشووری کوردستان خۆمان حەشار بدەین بەڵام نابێ مۆڵگەکانی حکومەتی عێراقیش هەست بە بوونی ئێمە بکەن کە دەچینە ئەوبەر. چونکە لەبەری باشوور هیچ ئاوەدانییەک بەدی نەدەکرا، تەنیا مۆڵگەکانی حکومەتی بەعسی عێراق نەبێ، هاتوچۆش لەو ناوچەیە سەخت بوو بەڵام چارە نەبوو دەبوو ئەو کارە بکەین. سەرئەنجام بڕیاری ئەوە درا لە چۆمەکە وەپەڕین و لەوبەری خۆمان حەشار بدەین. بە هەر جۆرێک بێ لە ڕێگەیەکی ڕژدی زۆر سەخت چووینە خوارێ بۆ سەر چۆمەکە کە بەڕاستی ئاسان نەبوو. جیا لەوەش ئەو جار ترسی پەڕینەوە لە چۆمەکەمان لە دڵدا پەیدا بوو. بەڕاستی ئەوەیان زۆر سەخت بوو. بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە وەک من مەلەیان نەدەزانی. چۆمی کەڵوێ لەوێ زۆر کۆدەبێتەوە و پەڕینەوە لێی زۆر سەختە. کە چووینە سەر چۆمەکە ئەوانەی بە شەوێ ڕێگەیان لە شوێنی بەو جۆرە کەوتووە دەزانن، ئینسان چەندە لەو ئاوە دەترسێ، چونکە بەڕاستی هیچمان نەماندەزانی ئەو ڕاستەبوارە بۆ پەڕینەوە دەبێ یان نا. بەڵام چەند کەسێک لە کوڕەکان کە زۆر باش مەلەیان دەزانی بە هاوکاریی یەکتر

ئێمەیان لە چۆمەکە پەڕاندەوە. هەرچەند تەواوی گیانمان تەڕ بوو بەڵام هەوڵی زۆریاندا هەتا پەڕاندیانینەوە. لەبیرمە کاک حەمە نارستی دەیگوت؛ تا خۆشکەلام – مەبەستی کاک حەسەن خۆشکەلام بوو– دەستم نەگرێ، ناپەڕمەوە. زۆر لە ئاوەکە دەترسا. بە هەرحاڵ زۆر بە سەختی لە چۆمی کەڵوێ پەڕینەوە و لە دۆڵێکداماینەوە کە نەدەبوو لە مۆڵگەکانی ئێران و عێراق دیار بین. وا بزانم دوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە.

خەریک بوو بۆ خواردن پەکمان دەکەوت، ئێوارەیەک لە شوێنی خۆمانەوە بەرەو "کانی ماشان" کە زۆریش دوور نەبوو، وەڕێ کەوتین، دوای دوو کاتژمێر بە خاکی باشووردا چووینە کانی ماشان و لەوێ ماینەوە. زۆربەی کوڕەکان بێ نان و خۆراک بوون، چەند کەسێک نەبێ کە نانێکی کەمیان پێ مابوو، هەموو دەستبەتاڵ بوون. بەیانییەک کە تازە لەخەو هەستابووین، کاک خدر میراوەیی لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی ڕەجەب چایان دەخواردەوە، کاک خدر دەستی بۆ قەندەکە برد، ڕەجەب گوتی بەسە با ئەو دوو کڵۆیەمان پێبمێنێ بۆ جارێکی دیکە. ئەوەی کە قەت لەبیرم ناچێ، من لەگەڵ پێشمەرگەیەک بەناوی هەمزە بخور هاوخەرج بووم، تەنیا یەک دانە کۆنسێری ماسیمان پێ بوو و هیچی دیکە. هەمزە خەوتبوو، زۆرم برسی بوو، ناچار بەدزی هەمزەوە گەرمم کردەوە و خەریک بوو بە ڕووتی دەمخوارد کە هەمزە وەخەبەر هات. زۆرم لێ تووڕە بوو، زۆری قسە کرد؛ دیار هەقی بوو، بەڵام خۆم بۆ ڕانەگیرا و جوابم دایەوە.

دوای دوو ڕۆژ ئێوارەیەک دەستەیەک لە پێشمەرگەکان ئامادە کران کە بچن لە گوندی دیناران کەمێک نان بێنن. ئەوەندی لەبیرم بێ کەریم کۆدەڵەیی، عەوڵا بناوەیی، حەسەن خۆشکەلام

و چەند کەسی دیکە چوون. هەر لە یەکەمماڵەکانی ئاوایی کەمێک نانیان هێنابوو بەڵام زۆر کەم بوو. گوتیان کە ئێمە گەیشتینە نێو دێ، هێزێکی دوژمن هاتە نێو گوندەکە. کە نانەکەیان بەش کرد، وەک ئێستام لەبیرە من و هەمزە بخور یەک نانمان بەرکەوت.

ڕۆژی دواییش هەر لەوێ ماینەوە، دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بەرپرسەکان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە چی بکەین. لە کۆتاییدا وا ساغ بووینەوە کە جێگەکەمان بگۆڕین بۆ شوێنێکی نیزیک خۆمان. بۆیە هێواش هێواش بەرەو ڕووبەڕووی گوندی گوێزلێ کە زۆر لە خۆمان دوور نەبوو کەوتینە ڕێ. نەماندەتوانی زۆر دوور بکەوینەوە، چونکە بەڕاستی ئەگەر زۆر دوور بایە، نەماندەتوانی بڕۆین، برسی و بێهێز بووین. ئەگەر لەبیرم بێ مەودای ڕێگاکە هەر چل خولەک دەبوو، لەوێ لەنێو پۆلە دار بییەک و ڕۆژەکەی لەوێ ماینەوە، نان و پێخۆرێکی زۆر کەممان پێ مابوو، بەڵام هیچ نەدکرا.

هێزێکی زۆری دوژمن لە ناوچەی ئالان بڵاوەی پێ کرابوو بۆ ئەوەی پێش لە چوونی ئێمە بۆ نێو گوندەکان بگرێ، لەو بارەشەوە فشارمان زۆر لەسەر بوو.

سەرەڕای هەموو سەختییەکان، بەڵام هەزار خۆزگەم بەو سەردەمە کە کوڕەکان لە هیچ سەختیەک نەدەترسان و هەمیشە ئامادەی فیداکاری بوون. ئەوانەی من باسیان دەکەم قەترەیەکی بچووکن لە دەریایەکی گەورە. کاتێک بە گێڕانەوە دەچینە نێو ناخی مێژووی ئەو سەردەمانە و هەموو ڕۆژگاری ئەو سەردەمە دێنینەوە بەرچاوی خۆمان، ئەو کاتە دەزانین ئەو هەموو ڕۆژە سەختانە مەگەر بە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە و ئیرادە و لەخۆبوردوویی پێشمەرگە تێکۆشەر و هەمیشە ئامادەکانی

کوردستان بکرێ دەنا کێ تەحەمولی ئەو ڕۆژگارە سەختەی دەکرد.

با شتی خۆش ون نەبێ؛ هەروەک پێشتر باسم کرد، کوڕێکی لاو بە ناوی عەبدوڵڵا بە مەبەستی پێشمەرگایەتی لەگەڵمان هاتبوو. کاکە عەبدوڵڵا لە بن بەردێک "چیلکەی لە عەرزی وەردەدا"!!. حەمە نارستی پێیگوت ئەوە چیە عەبدوڵڵا بۆ وا داماوی؟! گوتی؛ وەڵڵا خاڵە خەونم بەدایکمەوە دیوە، دەبێ بڕۆمەوە. حەمە نارستی گوتی وەرە مادام دەڕۆیەوە دوو گۆرانیمان بۆ بڵێ. کاکە عەبدوڵڵا دوای گوتنی دوو گۆرانی، ماڵئاوایی لێکردین و بەرەوماڵ گەڕایەوە.

لە ڕووبەڕووی گوندی گوێزڵێ لەنێو پۆلە دارێکداماینەوە، زۆربەمان بێنان و پێخۆر بووین، چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد ئێواری دەستەیەک لە پێشمەرکەکان بۆ هێنانی نان بچنە گوندی گوێزڵێ، ئەگەر یەک نانی وشک لەو کاتانەدا دەست کەوتبا نرخی زۆر بوو، بەڵام ئەویش دەست نەدەکەوت. کاتێک ئێوارە داهات دەستەیەک لە پێشمەرگەکان بۆ هێنانی نان و شتومەک بەرەو گوندی گوێزڵێ وەڕێکەوتن. دیسان دەبوو لە چۆمی کەڵوێ بپەڕنەوە. پێشمەرگەکان چوون بۆ نێو گوندی گوێزڵێ، بە بێسیم لەگەڵ ئێمە لە پێوەندیدا بوون. دیار بوو نان و پێخۆریان کۆکردبۆوە. کاتێک لە چۆمەکە نیزیک بوونەوە بە بێسیم قسەیان لەگەڵ ئێمە کرد کە چەند کەسێک بێن بۆ سەر چۆمەکە بۆ هەڵگرتنی نان و ئەو پێداویستیانەی کە هێنابوویان. کاتێک چووین بۆ سەرچۆمەکە ئەوان بە شتەکانەوە خەریکی پەڕینەوە بوون، کەچی لە کاتی پەڕینەوەدا بەشی زۆری نانەکە کەوتە نێو ئاوی چۆمی کەڵوێ و بەئاودا ڕۆیشت!! زۆر ناخۆش بوو، بەداخەوە ئەویشمان بە نسیب نەبوو. ئای کە چەند

ناخۆش بوو. هەموومان چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەوانمان دەکرد کە چۆمەکە ئەوەندەشی پێ ڕوا نەبینین. هەروەک ڕۆژانی دیکە بێ نان ماینەوە، تەنیا نانی نێو کۆڵەپشتی ئەو چەند پێشمەرگەیە نەبێ کە چووبوون بۆ نێو گوند هیچی دیکەمان پێ نەبوو، ئەویش بەشی هیچی نەکرد.

ئێواریٚ وەک ڕۆژەکانی دیکە فەرماندەکان کۆبوونەوە کە چی بکەین. لە کۆبوونەوەکەدا وا ساغ بوونەوە کە هەر لە بەری باشوور بەرەو شوێنی چۆمانی بانە بڕۆین، بەڵکوو بتوانین بچینە گوندی ئاڵۆت. ئێواریٚ وەڕێ کەوتین، ناوچەکە گژوگیایەکی زۆری تێدا بوو و بەشی زۆری مینڕێژ کرابوو، دەبوو زۆر وریا بین و نابێ مۆڵگەکانی حکومەتی عێراقیش هەست بە بوونی ئێمە بکەن، لە ناوچەکە نابێ زۆر ڕێگە ببڕین و دەبوایە بە وریایی و لەسەرەخۆیی ڕێگە ببڕین. هەرچۆنێک بێ خۆمان گەیاندە نیزیک "چۆمان"ی بانە. لەو شوێنەی کە ڕووبارەکانی چۆمان و کەلوێ تێکەڵ دەبنەوە، لەنێو پۆلەدارێکدا ماینەوە، ئاوێکی خۆشی لێبوو و مووچەکەش زۆر پڕ بوو، ئەو ڕۆژە هیچمان پێ نەبوو بۆ خواردن، ڕۆژی پێشتریش هیچمان پێ نەبوو مەگەر کەسێک شتێکی کەمی پێ بووبێ، دەنا هەموومان بێ نان بووین، لە ڕاستیدا فشارێکی زۆرمان لە سەر بوو.

بەیانی کە تەماشامان کرد لە ڕووبەڕووی خۆمان لە بەشی ڕۆژهەڵات دوو ماڵ دیار بوون کە لەژێر کەپر و ساباتدا دەژیان، بڕیار درا چەند پێشمەرگەیەک بچن بۆ ئەو دوو ماڵە بەڵکوو بتوانن هێندێک نان و شت پەیدا بکەن. بە هەرحاڵ چەند کەسێک چوون، هەرچەند دوور بوو بەڵام چار نەبوو خۆناکرێ دەست لە سەر دەست دابنێین. دوای چەند کاتژمێرێک گەڕانەوە. کە هاتنەوە نانێکی کەمیان هێنابوو، بەسەریاندا دابەش کردین،

شتێکی وا نەبوو بەڵام دیسانیش شوکرانەبژێر بووین.

کەمێک نانمان خوارد و بەرەو گوندی ئاڵۆتی بانە وەڕێکەوتین، دوای چەند کاتژمێرێک هەرچۆنێک بێ خۆمان گەیاندە گوندی ئاڵۆت و بەسەر ماڵاندا دابەش بووین. نان و چایەکی باشمان خوارد و کەمێک هاتینەوە سەرەخۆ. دوای ماوەیەک مانەوە لەنێو گوند بەرەو شوێنی دیاریکراو وەڕێکەوتین. دیسان لە چۆمی کەڵوێ پەڕینەوە. بۆ مانەوە چووینە خوار گوندی شڵماش، لەوێ ماینەوە و لەگەڵ تیمێکی دیکە لە پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ یەکمان گرتەوە. ئەوانەی لە بیرم مابن؛ کاک حوسێن پەیرەوان، فەرماندەی هێز، کاک نەبەز مستەفاپوور، ئەندامی کۆمیتەشارستان، محەممەد بایەزیدی، ڕەحمان مەحموودی، ڕەسووڵ ئیزەدپەنا، حوسێن فەقێعەلی و چەندکەسێکی دیکە بوون.

ئەو ڕۆژە ئێوارێ فەرماندەکان کۆبوونەوە و بە وردی باسی زۆر شت کرا و دوای باسێکی زۆر بڕیار درا کە لە "باسکی کۆڵەسە"وە بەرەو ناوچەی بوڵفەت جەولەکەمان درێژە پێبدەین. قەرار درا بۆ شەوێ بچینە گوندی زێڕەمێرگ. ئێوارێ بەرەو گوندی زێڕەمێرگ وەڕێ کەوتین. ئێمە تیمێکی شەش کەسی کە تیمی پێشڕەو بووین لە گوند نیزیک بووینەوە، هەوا تاریکی ببوو و ئێمە تازە گەیشتبووینە نێو گوند بەڵام پڕ بوو لە هێزی ڕێژیم و لە ناکاو. دەنگیان داین، ئێمەش تەقەمان لێکردن. ئەو کەسەی ئێمەی دەنگ دا لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەسەختی بریندار بوو. بەم جۆرە تەقە و لێکدان دەستی پێکرد. سەرەتا ئێمە گەڕاینەوە دواوە. ئەوجار ئەوان بەرەوڕووی ئێمە دەستیان کرد بە تەقە کردن. لەو تەقەکردنەدا کاک نەبەز مستەفاپوور بریندار بوو. ناوچەکەش بەسەختی تۆپباران دەکرا. لەو

ئاگربارانەدا پاشەکشەمان کرد و کەمێک لە گوند دوور کەوتینەوە. تازە بەهیچ جۆر نەماندەتوانی لەو دەوروبەرە ڕەد بین. دوای ئەوەی کاک نەبەز لە لایەن کادری دەرمانییەوە دەرمان کرا، بڕیاردرا کە بۆ مانەوە بچینە "سابنێ" لە بناری زنجیرە کێوی هۆمل. دیارە شوێنێکی زۆر باش نەبوو، بەهەرحاڵ بەرەو ئەو شوێنە وەڕێکەوتین کە لە ڕووبەڕووی گوندی شڵماش تووشی هەڵدێرێکی زۆر ناخۆش بووین. زۆر بە زەحمەت لێی دەرباز بووین. چووینە شوێنی مانەوە کە شوێنێکی زۆر نەگونجاو بوو. دیارە کاک نەبەز لەگەڵ ئەوەی بریندار بوو بەڵام لە هەموو بارێکەوە هاوکار بوو بۆ ئەوەی تووشی کێشە نەبین.

درەنگانێکی شەو گەیشتینە شوێنی مانەوە. دەمانزانی بەیانی دوژمن لە هەوڵی لە داوخستنی ئێمەدا دەبێ، چونکە ناوچەکە بەرتەسکە و زۆریش لە شاری سەردەشت نیزیکە هەر بۆیە ئێمە دەبوو زۆر وریا بین.

بەمجۆرە دوای تەقە و لێکدان لە گوندی زێڕەمێرگ، لە ناوچەکە خۆمان حەشاردا. شەوەکەی زۆر ماندوو بووین. دوای چەند کاتژمێر ڕێگەبڕین تا شوێنی مانەوە، بەدوای ئێمەدا دوژمن تۆپبارانی ناوچەکەی دەکرد.

لە بیرم نییە بەڵام ژمارەمان لە پەنجا کەس کەمتر نەبوو. بەیانیی زوو لەخەو هەستاین، خاوەن مووچە هات و ئێمەی لە مووچەکەی بینی. ئێمە بووین بە دوو دەستە. دەستەی ئێمە لەگەڵ کاک حوسێن پەیرەوان و شەهید حەمە نارستی لە گۆشەی خوارێ لە ئاودڕێکدا کە بە داری گوێز داپۆشرابوو خۆمان حەشاردابوو. دەستەکەی دیکەش کە کاک خدر میراوەیی سەرپەرستی دەکرد، لە سەرووتر بوون. بەم جۆرە بە بێدەنگی ماینەوە. کەسێکی باوەڕپێکراوی خۆمانمان بەبێ چەک لەو

دەوروبەرە كردە پاسەوان هەتا هەرچی بوو ئاگادارمان بكاتەوە. لە دەوروبەری ئێمە چەند مۆڵگەی هێزی دوژمنی لێ بوون. لە دەوری كاتژمێری ١١ی پێشنیوەڕۆ كابرای پاسەوان بە هێواشی هات و گوتی؛ هێزێكی زۆری دوژمن هاتە خوارێ كە پێكهاتوون لە جاش و پاسدار. لە جادەی هۆمل لە ماشێن دابەزیبوون و بەرەو خوارێ هاتن. ئەو هێزەی دوژمن لەو دەوروبەرە لە ئێمە دەگەڕان. ئێمەش واساغ بووینەوە كە ئەگەر چاویان بە ئێمە كەوت تەقەیان لێ دەكەین و ئەگەریش پێیان نەزانین، تەقە ناكەین. زۆری نەكێشا هێزێكی زۆری دوژمن هات و دەستیان كرد بە پشكنینی مووچە و مەزرا و خڕ و دۆڵی ناوچەكە، لە چەند میتری ئێمە زۆربەیان لەسەر جێخەرمانێك كۆبوونەوە و قسەیان دەكرد. دیار بوو كە بڵاو ببوونەوە. ئەو هێزەی دوژمن لە دووسەد میتری ئێمە وەستا بوو. یەكیان دەگەڕا و بانگی ئەوانی دیكەی دەكرد كە وەرن، ئەوەند بە وردی نێو ئەو دار و پووش و پەڵاشە دەگەڕان دەتگوت لە "مار"ی دەگەڕێن! ئێمەش دەمانگوت ئێستا چاویان پێمان دەكەوێ و شەڕ دەستپێدەكات. لەو قسانەدا بووین كە ئەوانەی سەرێ بێسیمان كرد و پێیان ڕاگەیاندین كە دوو كەسیان بێ تەقە گرتوون. ئێمەش دەست لە سەر پەلاپیتكەی چەك ساتبەسات چاوەڕێی شەڕمان دەكرد. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێكرد ئێمە لەژێر دارگوێزێك و لە ئاودڕێكدا خۆمان حەشار دابوو. لەپڕ دوو كەس خۆیان بەنێو ئێمەدا كرد!! هیچیان بۆ نەكرا، تەواو پەشۆكا بوون. دەستبەجێ لێیان وەخۆكەوتین و بێ ئەوەی مەجالی دەستكردنەوەیان پێبدەین هەڵۆ ئاسا پەلامارمان دان و چەكمان كردن. یەك لەوان بێسمی كۆڵەپشتی پێبوو واتە یەكێك لە بێسیمچییەكانی هێزەكەی دوژمن بوو، بە بێدەنگی لای خۆمان ڕامانگرتن و داوامان لێكردن بێدەنگ بن. هێزەكەی دوژمن بەرەو جادەی

شڵماش وەڕێکەوت. کاتێک گەیشتنە سەر جادە، پێوەندییان بەو بێسیمەوە گرت کە ئێمە دەستمان بەسەردا گرتبوو، پرسیاریان دەکرد کە بۆ نەهاتن و چییان لێ بەسەر هاتووە. کاک حوسێن پەیرەوان وغەفوور ڕیشی بە بێسیمچییەکەیان گوت کە بڵێ ڕێگەمان هەڵە کردوە و ئەوە بەرەو گوندی گوڵینێ دەڕۆین. هەر کە بێسیمچییەکە ئەوەی پێ گوتن، هێزەکەی دوژمن بەرەو گوندی گوڵینێ وەڕێکەوتن. مەبەستی ئێمە ئەوە بوو کە بیانخافڵێنین و دووریان بخەینەوە بۆ ئەوەی بۆ خۆدەربازکردن کاتەکە وەدرەنگ بخەین. تا دەوروبەری کاتژمێری ١ی دوانیوەڕۆ ئەوان "بەرپرسانی هێزەکەی دوژمن" هەر قسەیان لەگەڵ ئەو بێسیمچیە دەکرد کە لای ئێمە بوو!!. دواتر بۆیان دەرکەوت کە ئەوانە گیراون و لەبەر دەستی ئێمە دان. لە شاری سەردەشتەوە لەلایەن ڕێژیمەوە پێیان گوترابوو کە ئەوانە کەوتوونەتە دەستی "مشکەکان". ناوی ئێمە بە ڕەمز لای ئەوان "مشک"! بوو بەڵام هەر ئەوانە کە خۆیان بە شێر دەزانی، لە ترسی پێشمەرگە کوردگوتەنی "کونەمشکیان لێدەبێتە قەیسەری". ئیدی دوای ئەوەی زانیان بیسیمەکەیان گیراوە ڕەمز و فرێکانسی بێسیمەکانیان گۆڕی و پێوەندی لەگەڵ ئەو چوار کەسەی کە لە لای ئێمە بەدیل گیرابوون، کۆتایی هات. ئێمەش بەرەبەرە بە دیل و دەسکەوتەکانەوە بەرەو بەرزایی هۆمل هەڵکشاین و ئەو شوێنەمان بەجێهێشت. لەبەر قەدی چیای هۆمل درەنگانێکی ئێوارێ فەرماندەکان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر جووڵەی داهاتوومان بدەن و بڵێن کە چی بکەین. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کە جارێکی دیکە بەرەو ناوچەی ئالان وەڕێکەوین و لەوێوە لە چۆمی کەڵوێ بپەڕینەوە و بەرەو باشووری کوردستان و بنکەکانمان بگەڕێینەوە. بە چەند هۆکار ئەو بڕیارە درا؛ یەکەم ئەوەیکە کاک نەبەز بریندار بوو و پێویستیی بە چارەسەر هەبوو،

دووهەم ئەوەیكە زۆر ماندوو بووین و فیشەكمان كەم پێمابوون و هەروەها ئیمكانی گەڕانەوەش بەرەو ناوچەی بوڵفەت نەبوو. ئێواریێ هەمان ڕۆژ بە زنجیرە چیای هۆملدا بەرەو "بێندروێ" لە پشتی "بێژوێ" وەڕێ كەوتین. دوای چەند كاتژمێر ڕێگەبڕین بەرەو گوندی بێژوێی ناوچەی ئالان شۆڕ بووینەوە و چووینە نیزیك گوندەكانی گرتكی و سنجوێ. ئەگەر باشم لەبیر مابێ لەوێ تووشی كەمینی دوژمن بووین، بەڵام بە هۆشیاریی تیمی پێشڕەو لە كەمینەكە دوور كەوتینەوە. لە یەكێك لە گوندەكان بە هاوكاریی شارەزا و چاوساغەكان توانرا هێندێك نان وەدەست بخەین و دوو سەر بزنیشیان پەیدا كرد و بەرەو چۆمی كەڵوێ شۆڕ بووینەوە. دیسان ترس و خۆف لای ئەو كەسانە درووست بوو كە مەلەیان نەدەزانی. من یەكێك لەوان بووم. چووینە سەر چۆمەكە و بە هاوكاریی ئەو كەسانەی مەلەیان دەزانی جارێكی دیكە لە چۆمی كەڵوێ پەڕینەوە. بەری باشووری كوردستان كە ناوچەیەكی چۆڵەوانی بوو تەنیا لەسەر چیاكانی ئەو دەوربەرە مۆڵگەی هێزەكانی عێراقی لێ بوو. ئەو ناوچەیە كە ماوەی چەند ساڵ بوو كەس نەیدەتوانی بۆی بچێ، پووش و پەڵاشێكی زۆری لێبوو و زۆریش ناخۆش بوو. سەرئەنجام لە نیوەشەوێكی درەنگدا دوای ماندووبوونێكی زۆر لەنێو مووچەیەك ماینەوە كە پشتی ئێمە تەواو مۆڵگەی حكومەتی عێراق بوون و ڕووبەڕووشمان مۆڵگەكانی حكومەتی ئێران، واتە لەنێوان هێزی دوو حكوومەتدا مابووینەوە كە دەبوو هیچكامیان نەمانبینن. هەر چوار دیلەكەش هەر لەگەڵ خۆمان بوون واتە بەوانەوە زیاتر لە ٥٠ كەس دەبووین. وەزعمان باش نەبوو، ماندووبونێكی زۆرمان پێوە دیاربوو. چونكە لەو جەولە جیا لە ماندوو بوون و بێ خەوی، لە باری خۆراكیش فشاری زۆرمان لەسەر بوو.

لەو جەولەدا كە نیزیك بە مانگێك بوو لە ناوچە بووین

و بەهۆی فشاری زۆر کە لە سەرمان بوو شەوەکەی لە چۆمی ئالانی لە خوار گوندی سنجویّ پەڕینەوە بۆ بەری باشوور. لەنێو پۆلەداریکدا ماینەوە. شەوەکەی هێندێک نانمان وەرگرتبوو، بەیانی کە لەخەو هەستاین دیاربوو پێشمەرگەکان بەشێک خەریکی نان و چا خواردن بوون و ئاوریان کردبۆوە و دووکەڵەکەی دیاربوو. هەر لەو کاتەدا کۆبوونەوەیەکی چەند خولەکی گیرا کە چۆن هێزەکانی حکومەتی عێراق ئاگادار بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەگەر دیتیانین تەقەمان لیّنەکەن. ئەو کارە ئاسان نەبوو. سەرئەنجام وا ساغبوونەوە کە چەند کەسێک لە کوڕەکان بچنە لای سەربازە عێراقییەکان، ئەوانەی لەبیرم ماون بریتی بوون لە: حەمە نارستی، محەممەد بایەزیدی کە کەمێک ئینگلیزی دەزانی، خدر بەگ، محەممەد ئەراک و مەحموود قەلەڕەشی. لە باغەکە هاتینە دریّ و بەرەو مۆڵگەکان کە زۆر لە ئێمە دوور نەبوون، سەرکەوتین. هەستمان کرد کە ئێمەیان دیتوە، لە هەموو مۆڵگەکان هێزێکی زۆر دیاربوو، وەک ئەوەی شتێک لە گۆڕێدا بیّ، هیچیان نەگوت هەتا کەمێک لەوان نیزیک بووینەوە، لەپڕ لە سیّ لاوە تەقەیان لێکردین. تەقەیەکی زۆریان لێکردن و ئێمەش خۆمان لە عەرزی دا و دەمانهەویست تێیانبگەیەنین کە هێزی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانین و تەقەی نەکەن. کەسمان عەرەبی نەدەزانی، تا ماوەیەک تەقە بەردەوام بوو، ئێمەش هەر بە دەنگی بەرز دەمانگوت "معارزە"ین واتە دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانین. ئەوجار هاتنە خواریّ و لێمان نیزیک بوونەوە. دەوریان داین، ئەوان زۆر بوون و ئێمەش پێنج کەس. لەویّ هەر چونێک بوو کاک محەممەد بایەزیدی حاڵی کردن کە ئێمە کێین و دەمانهەویّ بەرەو کویّ بڕۆین. بەڵام ئەوان باوەڕیان نەدەکرد. هەوڵماندا دڵنیایان بکەین؛ چەکەکانمان پیّدان و بە حاڵەتێکی

دەستبەسەرکراو هەر پێنج کەسمانیان بردە بن دارێک. سەرەتا هەڵسوکەوتیان لەگەڵمان زۆر خراپ بوو. تەنانەت داوای ئاومان کرد بەو گەرمایە ئاویان پێنەداین. پرسیاریان لێ دەکرین و ئێمەش عەرەبیمان نەدەزانی. دواتر کەسێکیان هێنا کە ئینگلیزی دەزانی، بایەزیدی حاڵی کرد کە ئێمە کێین و دەمانهەوێ بەرەو کوێ بچین. هەر خێرا هەڵسوکەوتیان گۆڕا، دەستیان کردینەوە و سواری ماشێنیان کردین و بردیانین بۆ شوێنێ فەرماندەیی خۆیان. بە مریشک و برینج پێشوازییان لێ کردین و ئێمەش وەک ئەوان عەرەبانە بە دەستی بەربووینە خواردن چونکە کەوچک و چەنگاڵ و شتی وایان نەبوو. لەوێ کاک محەممەد پێیگوتن کە ئێمە هەر ئەوندە نین و لە فلان شوێن چاوەڕوانی وڵامی ئێمەن. ئەوانیش دەستبەجێ بە ماشین چوون بەدوایاندا و هێنایانن. هەمووومانیان بە بێ چەک سواری ماشێن کرد و بەرەو قەڵاچوالان وەڕێکەوتین. بەڵام ئەو چوار کەسەی ڕۆژی پێشتر بە دیلمان گرتبوون لەگەڵمان بوون. ترسی ئەوەمان لە دڵدا بوو، نەوەک بزانن ئەوانە پێشمەرگە نین و لای خۆیان ڕایان بگرن. چونکە ئەوە بۆ حیزب باش نەدەبوو؛ ئەوان لە دەستی ئێمەدا دیل بوون و نەدەکرا تەحویلی هێزەکانی عێراق بدرێن کە ئەوە زۆر دوور دەبوو لە هەڵوێست و ڕەفتاری حیزبی دێموکرات. دیاربوو نوێنەرایەتیی حیزب لە شاری سلێمانی کە ئەو کات کاک جەعفەر حامیدی لەوێ بوو ئاگاداریان کردبۆوە. کە ئێمە گەیشتینە قەڵاچوالان، کاک جەعفەریش گەیشتێ و لەوێ وەریگرتینەوە و چووینە مەقەڕی حیزب لە سلێمانی. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە دواتر عێراقییەکان باسی ئەوەیان کردبوو کە بەیانیەکەی لەنێو باغەکەدا هەستیان بە بوونی ئێمە کردبوو و سەرووی خۆیان ئاگادار کردبۆوە کە دەستەیەک چەکدار لەنێو باغەکەدان. هێزێکی زۆریان

لـە سلێمانییەوە هێنابـوو بـۆ ئـەوەی لەوێـدا دەورەمـان بگـرن و دەسـتمان لێبوەشـێنن. وایـان دانابـوو ئێمـە پێشـمەرگەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانین. شـەوەکەی لـە مەقـەڕی سلێمانی ماینـەوە و ڕۆژی دواتـر عێراقییـەکان چەکەکانیـان بـۆ هێنایـنـەوە بـەڵام بـە شـپرزەیی و زۆر شـتی باشـیان لـێ دزیبوویـن، وەک؛ سەرشـان، فانووسـقە و شـتی دیکـە. دوای وەرگرتنـەوی شـتەکان سـواری ماشـێن بوویـن بـۆ بنـاری قەندیـل. سـەرەتا چووینـە "لێـوژێ" بـۆ مەڵبەنـدی سپیسـەنگ. چونکـە ئـەوان زۆربەیـان لـە ناوچـە بـوون و حکومەتـی عێراقیـش ماوەیـەک بـوو ڕێگـەی سونێ بـۆ قەڵادزێـی گرتبـوو. هەرچـی بەشـی پێوندییەکانـی حیـزب هەوڵـیدا بمانباتـەوە سـونێ بـەڵام بێسـوود بـوو، بۆیـە دوو سێ شـەو لـەوێ ماینـەوە. خۆمـان ئامـادە کـرد کـە لـە قەندیلـەوە بگەڕێینـەوە "سـونێ" کە وەک ئامـاژەم پێکـرد زۆر سـەخت و دژوار بـوو، ئێمـە زۆر هیـلاک بوویـن، بۆمـان سـەخت بـوو بـەڵام چـار نەبـوو دەبـوو ئـەو ڕێگەیـە ببڕیـن. هـەر ئـەو ڕۆژە کـە قـەرار بـوو بڕۆیـن، کاک موعتەسـەم نوورانـی کـە ئـەو کات کادری کۆمیتـەی سەردەشـت و بەرپرسـی تـەداروکات بـوو و ڕۆژانـە هاتوچۆی شـارەکانی ژێردەسـەڵاتی حکومەتـی عێراقی دەکـرد، دۆسـتایەتی زۆری لەگـەڵ بەرپرسـانی بازگەکانـی حکومەتـی عێـراق پەیـدا کردبـوو و هـەر جـارە شـتێکی بـۆ دەکڕیـن و ڕازی دەکـردن. کاک موعتەسـەم هاتـە لامـان و داوامـان لێکـرد کـە بـۆ گەڕانەوەمـان هاوکاریمـان بـکا، ئەویـش بـە دڵسـۆزییەوە وەدوای کارەکـە کـەوت و کـە هاتـەوە چەنـد ماشـێنێکی دیکەشـی لەگـەڵ خۆی هێنابـوون. سـواری ماشـێنەکان بوویـن و بەرەو سـونێ وەڕێکەوتین. کـە هاتینـە قـەڵادزێ ئـەو شـارە چـۆڵ کرابـوو و بەعـس خەریکـی خاپوورکردنـی بـوو و ئـەوەش کاریگەریـی زۆر ناخۆشـی لەسـەر ڕوح و ڕەوانـی ئێمـە هەبـوو کـە بـە بەرچـاوی ئێمـەوە یەکێـک لـە شـارەکانی کوردسـتان بـە دەسـت یەکێـک لـە دوژمنەکانـی وێـران و

خاپوور دەکرێ. لە کۆتاییدا دوای ماندووبوون وناخۆشییەکی زۆر، گەیشتینەوە مەقەڕەکانی خۆمان لە سونێ. لەو جەولەیەدا بەڕاستی زۆر هیلاک بووین، ڕێگەبڕین،بێنانی و بێئاوی و شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم زۆری ماندوو کردبووین. دوای چەند ڕۆژێک لە کاک موعتەسەم نوورانیم پرسی چۆن توانیت کارەکە جێبەجێ بکەی؟! گوتی؛ سێ بازگە (سەیتەرە) بوون، هەر یەکەی یەک کیلۆ چای سەیلانم بۆ کڕین و ڕازیم کردن.

## • هەواڵی کارەساتی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملووی ڕێبەر

لەو بەشە لە نووسینەوەی بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاویدا دەگەمە ناخۆشترین بیرەوەری کە ئێستاش زامی ئەو برینە قووڵە ساڕێژ نەبۆتەوە و بە جەستەی حیزبەکەمانەوە دیارە و هەر دەمێنێ. ڕووداوە کارەسەتبارەکەی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی واتە تیرۆری ڕێبەری گەورەمان شەهید دوکتۆر قاسملوو کە بیر و ئەندێشەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنە بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونەتە مەشخەڵی ڕێی خەبات و تێکۆشان و گەلی کورد شانازی پێوە دەکا.

هەروەک لە بەشی پێشوودا باسمکرد،دوای جەولەیەکی یەک مانگە لە ناوچەی سەردەشت و ماندووبوونێکی زۆر، ڕێکەوتی ١٧ی پووشپەڕی ١٣٦٨ گەیشتینەوە بنکەکانی سونێ و کونەمار و جارێکیتر لەگەڵ هاوڕێیان و بنەماڵەکانمان دەستەملانی یەکتر بووینەوە. ئێمە کە پێشمەرگەی لکی ٣ بووین، مەقەڕمان لە کونەمارێ لە خوار کۆمیتەی شارستان بوو. ئەوکاتە هەر دوو پەلی ٣١ و ٣٢ کەپرێکی گەورەمان دروست کردبوو، نان و چامان

پێکـەوە دەخـوارد و زۆربەشمان هـەر لـەوێ دەخەوتیـن.

هێشـتا ماندوویەتـی و هیلاکیـی ئـەو جەولەیـە لـە لەشـمان دەرنەچووبـوو و بـە ڕوخسـاری هەموومانـەوە دیـار بوو،ڕۆژێکیـان کـە دەوری ٣٠ کـەس دەبوویـن، لەبن کەپرەکـە خەریکی نانخـواردن بوویـن و پێکـەوە لەسـەر شتی جۆراوجـۆر قسـەمان دەکـرد. یەکێـک لـە کـوڕەکان گوتـی کـوا ڕادیۆکە،بـا بزانیـن خەبـەر و بـاس چیـە!! ئێمـە هیچمـان نەزانیبـوو، کاتێـک گوێمانگـرت بەرنامەکانـی "ڕادیـۆی دەنگـی کوردستان" ئاسـایی نەبـوون!! وەک ڕۆژانـی پێشـوو نەبـوو، سروودی شۆڕشگێڕی و تایبەتـی بڵاو دەکـردەوە. لەپڕ بـە دەنگـی کاک ئەحمـەد شێربەگی هەواڵێکـی ناخـۆش بڵاوکرایـەوە کـە، دوکتـۆر قاسملوو، سکرتێری گشـتیی حیـزب لـە وڵاتـی ئوتریـش تەقـەی لێکـراوە و برینـدارە!!.

هەواڵێکـی ناخـۆش و باوەڕپێنەکـراو بـوو، کـۆڕی پێشـمەرگان شـێوا. ناڕەحەتـی و نیگەرانـی لـە ڕووخسـاری هەمووماندا بـەدی دەکـرا. ناخۆشـترین خەبـەر بـوو کـە لـە ژیانـی پێشـمەرگایەتیمدا بیبیسـم. هەمووومـان نیگەرانـی و دڵەڕاوکـێ دایگرتیـن، بەشـێک لـە پێشـمەرگەکان دەگریـان. لەپڕ بڵاوبوونـەوەی خەبەرێکـی لـەو جـۆرە هێنـدە ناخـۆش بـوو کـە بـاوەڕ پێکـردن و تەحەمولکردنـی ئاسـان نەبـوو. وردەوردە جموجۆڵێکـی سـەیر هەمـوو ئۆرگان و مەقەڕەکانـی داگـرت. هەموومـان بەبیسـتنی ئـەو خەبـەرە دڵ بەخـەم و نیگـەران بوویـن. سـەرئەنجام کۆمیتـەی شارسـتان هەواڵـی شـەهیدبوونی کاک دوکتۆریـان پـێ ڕاگەیاندیـن. ڕووت لـە هەرکوێ دەکـرد، دەنگـی گریـان دەهـات، پێشـمەرگە و ژن و منـداڵ هەمووومان بۆ لە دەسـتدانی دوکتـۆری شـەهید دەگریایـن. دۆخێکـی دژوار، ڕۆژێکـی سـەخت و هەواڵێکی ناخـۆش بـوو، هەمووومـان یەکترمـان لـە بـاوەش دەگـرت. ئـای کـە چەنـدە ڕۆژێکـی تـاڵ و لەبیرنەکـراو بـوو.

لەبیرمە ئەو ڕۆژە بایەكی زۆر توندی دەهات. ئێمەش هەریەكە لە سووچ و گۆشەیەك بۆ لەدەستدانی ڕێبەری شەهیدمان بەپەرۆشەوە دانیشتبووین و دڵنیگەران و چاو بەفرمیشك بووین. لەو ڕۆژە ناخۆشەدا یەكێك لە پێشمەرگەكان كە جگەرەی دەكێشا لە نیزیك كەپرەكە دانیشتبوو، بە قووڵی مژی لە جگەرەكەی دەدا، لە نارەحەتیان دوای تەواوبوونی جگەرەكەی، بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت، قونچكە جگەرەكەی فڕێ دایە لای كەپرەكە، لەپڕ ئاگر لە كەپرەكە بەربوو و هەرچی لەنێویدا بوو سووتا. كەس هۆشی كوژاندنەوەی ئاگرەكەی نەبوو، جگە لە چەند كەسێك كە ئەوانیش بەهۆی ئەو "با" توندەی كە هەڵیكردبوو، هیچیان بۆ نەكرا و تەنیا توانیان خدری عەوڵڵای مام ئاغا كە لەمێژ نەبوو لاقێكی پەڕێبوو لە كەپرەكە بهێننە دەرێ.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ، دەستەیەك پێشمەرگە چووین بۆ گوندی بەرقسڵ، كۆمەڵێك خەڵكی خۆمان لەو دەوروبەرە بوون، هەموومان لەوێ كۆبووینەوە. لە بیرمە شەهید برایم زیوەیی كە ئەندامی كۆمیتەی شارستان بوو و بەداخەوە لە مووشەكبارانەكەی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویدا لە قەڵای دێموكرات شەهید بوو، قسەی بۆ بەشداران كرد. كاك برایم لەوێ باسی كەسایەتیی شەهید دوكتۆر قاسملووی گەورەمانی كرد. هەموومانی بۆ درێژەدان بە خەبات و تێكۆشان هاندا و داوای لێكردین كە دەبێ دان بەخۆماندا بگرین و ڕێگا و ڕێبازی شەهیدی ڕێبەر دوكتۆر قاسملوو درێژە پێ بدەین. پێیگوتین كە دەبێ بە هەوڵ و تێكۆشانی خۆمان نیشان بدەین كە ئەگەر ڕێژیم توانیویەتی ڕێبەرەكەمان لێ بستێنێ، بەڵام حیزبەكە و خەبات بۆ ڕزگاریی كورد و كوردستان هەروا لە جێی خۆیەتی. دەتوانم بڵێم قسەكانی كاك برایم هەتا ڕادەیەك

ئارامی کردینەوە و هیوا و هومێدی پێ بەخشین. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای شەهیدبوونی ڕێبەری گەورەمان، دەستەدەستە خەڵکی ناوچەکە دەهاتنە کۆمیتەی شارستان و هاودەردی خۆیان لەگەڵ ئێمە دەردەبڕی. ئەو کاتە بنکە و بارەگاکانی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" لەو دەوربەرە بوون. ئەوانیش پۆلپۆل دەهاتن و وێڕای ئێمە بۆ لەدەستچوونی ڕێبەرە بەناحەق شەهید کراوەکەمان بە پەرۆش بوون و هاودەردیی خۆیان بە ئێمە ڕادەگەیاند.

ئەو کاتە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی لە قاسمەڕەش بوو، لەبیرمە لە ڕادیۆکەی خۆیان "ڕادیۆی دەنگی گەلی کودستان"ــەوە سێ ڕۆژ ماتەمینیی گشتی ڕاگەیاند.

بە دوای شەهیدبوونی ڕێبەری گەورەمان، لە سەرانسەری کوردستان هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەندین زەربەی قورس و گرانیان لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی وەشاند و پۆل پۆل لاوانی وڵات لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستانەوە ڕوویان لە ڕیزەکانی حیزب کرد و چەکی دیفاع لە مان و مەوجوودییەتی خەڵکی کوردستانیان کردە شان و بە دوژمنیان سەلماند کە، ڕاستە ئێوە دوکتۆرتان لێ شەهید کردین، بەڵام خەبات بە دژی ئێوەی داگیرکەر هەر بەردەوامە و بەگوڕتر لە جاران بەردەوام دەبێ. بەمجۆرە لە سەردەمێکی سەخت و دژواردا کە گەلەکەمان و بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لە هەموو کات زیاتر پێویستیی بە ڕێبەرێکی لێهاتووی وەک دوکتۆر قاسملوو هەبوو، شەهید کرا.

چەند ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی خەبەری ئەو کارەساتە سامناکە و ناخهەژێنە ئێمە تیمێکی چەند کەسی بە فەرماندەیی کاک عەلی باساوەیی کە جێگری لک بوو، بەرەو ناوچە وەڕێکەوتین. لە

سنووری "کانیە زەرد" ئاودیوی ناوچەی سەردەشت بووین. یەکەم گوند کە چووین، گوندی "بنەوخەڵێف" بوو. هەر کە چووینە نێو گوند خەڵک بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە پێشوازییان لێ کردین و هاودەردییان لەگەڵ دەکردین. ڕوومان لە هەرکوێ دەکرد، خەڵک بەگریانەوە بەرەو پیری ئێمە دەهاتن و بۆ لەدەستدانی ڕێبەرمان بە پەرۆش بوون. ئێمەش ئەوندەی بۆمان کرابا قسەمان بۆ دەکردن و سووربوونی خۆمان بۆ درێژەدان بە خەبات بەوان ڕادەگەیاند. ئەوەی زۆر سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا؛ شەوێک لە نیزیک کوێستانی "تاژەندەر" بەرەو لای "گەڵوو" دەچووین، تووشی شوانێک بووین کە مەڕەکەی لەوێ مۆڵدابوو. سەگەکانی شوانەکە هەستیان بە بوونی ئێمە کرد و بۆمان هاتن، چار نەبوو تازە ئاشکرا بووین. چووینە لای شوانەکە، شوانە هەر کە ئێمەی بینی باوەشی بۆ کردینەوە و دەستی کرد بەگریان. دوای چەند چرکەیەک لەو تاریکە شەوەدا لە قوڵپەی گریانی دا و گوتی: ئەلفاتیحا... و هەر بە دەم گریانەوە سەرەخۆشی لێکردین. بەڕاستی بە پەرۆشبوونی ئەو شوانە بۆ لەدەستدانی ڕێبەری شەهیدمان ئەوندەی دیکە پشتێندی تۆڵەی زیاتر توونـد کردینەوە.

لە کۆتایی ئەو بەشەدا، وێڕای دانواندنی سەری کڕنۆش بۆ گیانی پاکی شەهیدی گەورەمان دوکتۆر قاسملووی مەزن، بۆ جارێکی دیکە سپاس و پێزانین بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە ورەیان پێبەخشین و زیاتر لە هەمیشە بوونە پشتوپەنای هێزی پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات.

## • هەڵمەتی ڕۆڵەکانی هێزی گیاڕەنگ بۆ دەسبەسەرداگرتنی دوو مۆڵگەی گوندی دۆڵەتوو

لە دەیەکانی شەست و حەفتادا هێزی پێشمەرگە بە چڕی لەگەڵ دڕندەترین هێزی داگیرکەر لە شەڕدا بوو. سەرەڕای نابەرابەریی هێز و جبەخانەکان و تەیاربوونی دوژمن بە چەکی جۆراوجۆر، بەڵام تێکۆشەرانی دێموکرات بە فیداکاری و لەخۆبوردوویی و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دوژمنیان تووشی سەرشۆڕی و شەرمەزاری کردبوو.

دوای شەهیدبوونی ڕێبەری گەورە و زانامان، دوکتۆر قاسلوو، لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی نیشتمانی و حیزبیدا، کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ بڕیاریاندا عەمەلیاتێکی دیکە لەسەر هێزەکانی دوژمن لە ناوچەی سەردەشت بەڕێوە ببەن. بۆ ئەو مەبەستە دەست بەسەرداگرتنی هەردوو مۆڵگەی گوندی "دۆڵەتوو" وەک ئامانجی گەڵاڵەیەکی عەمەلیاتی دیاریکران کە یەکیان لەنێو گوندی دۆڵەتوو بوو و ئەوەی دیکەشیان لە تەپۆلکەی پشتی ماڵان بەناوی گردی "بزنەشەلان" بوو.

بەهۆێ هەڵکەوتەی جوغرافیایی ئەو گوندە و میلیتاریزەبوونی، بۆ ئەوە نەدەبوو پێشمەرگە لە دەوروبەری گوند بمێنێتەوە و گەڵاڵەی چۆنیەتیی گرتنی ئەو دوو مۆڵگەیە دابڕێژێ، هەربۆیە لەو عەمەلیاتەدا زیاتر بیر لە ڕۆڵگێڕانی چەند کەسێکی نێوخۆ وەک تەشکیلات و دوو پێشمەرگەی شارەزای ناوچەکە کرایەوە. دیار لەو بارەوە زۆرترین ڕاوێژ لەگەڵ من و قادر مەمۆ کرا کە هەردووکمان خەڵکی ئەو گوندە بووین و شارەزایی باشمان هەم لە سەر مۆڵگەکان و هەم لە سەر ڕێگاکان هەبوو. ئێمەش ئەوەی بۆمان کرا بۆ جێبەجێ کردنی ئەو عەمەلیاتە هاوکاریی

فەرماندەکانمان کرد. دوای ڕوایژ کردن، هێزێکی تێکەڵاو لە هەموو کادر و پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ و کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بۆ جێبەجێکردنی ئەو عەمەلیاتە لە گوندی دۆڵەتووی مامەشان ئامادە کرا. ناوچەکە زۆر هەستیار بوو؛ بە هۆی نیزیکی لە سنوور هەم مۆڵگەی زۆری لێبوو و هەم ناوچەکەش مینرێژ کرابوو، دەبوو لەو عەمەلیاتەدا حیساب بۆ هەموو ئەوانە بکرێ بۆ ئەوەی بە کەمترین زیان بتوانین ئەو عەمەلیاتە جێبەجێ بکەین.

لە مانگی خەرمانانی ١٣٦٨دا هێزێکی پێشمەرگە بە سەرپەرستی فەرماندەی هێز، کاک حوسێن پەیرەوان و فەرماندە لک و جێگر لک و سەرپەلەکان بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێکەوتین. دیارە شوێنی ڕۆژی یەکەم زۆر دوور نەبوو، دوای دوو کاتژمێر ڕێگەبڕین گەیشتینە چۆمی گۆڕەشێر و لەوێ ماینەوە. بۆ ڕۆژی دواتر فەرماندەکان بە سەرپەرستی فەرماندەری هێز کۆبوونەوە. ئامانجی سەرەکیی ئەو کۆبوونەوەیە کە من و قادریشی تێدا بەشدار بووین، دیاریکردنی تیمەکان و پێسپاردنی ئەرکەکان بوو. دوای باس و ڕاوێژێکی زۆر، هەموو پێشمەرگەکان بەسەر پێنج تیمدا دابەش کران و شوێنی جێگیربوونیان دیاریکرا. دەستەی یەکەم بە سەرپەرستی فەرماندەی ڕۆژە سەختەکانی خەبات، شەهید حەمە نارستی بۆ هێرش کردنە سەر مۆڵگەی نێومالان، کە منیش لەگەڵ ئەو دەستەیە بووم، دەستەی دووهەمیش کە هەر بۆ لێدانی ئەو مۆڵگەیە لە پشتی مالان دیاریکرا بوو و شەهید قادر مەمۆیان وەک چاوساغ لەگەڵ بوو، دەستەی سێهەم بە فەرماندەیی عەبدوڵلا شەققاز و حوسێنی فەقێ عەلی و محەممەد ماماغا و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە وەک مەلا زورار، لوقمان کەسرایی و کاوە پەیرەوان و کۆمەڵێک لە پێشمەرگە چاونەترسەکانی دیکە بۆ دەستبەسەردا گرتنی مۆڵگەی

گردی بزنەشەلان دیاری کران کە بەداخەوە ناوی هەموویانم لە بیر نییە و داوای لێبووردنیان لێدەکەم. هەر ئەو دەستەیە بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان بە سەر دوو تیمدا دابەش بوون، دەستەی چوارەم وەک کەمین بۆ سەر جادەی خوار مالان واتە "کانیەباریکان" دیاری کرا بۆ ئەوەی ئەگەر هێزێکی دوژمن بە هانای ئەو دوو مۆلگەوە هات، پێشی پێ بگرن و لە کەمینیان بخەن. دەستەی پێنجەمیش کە لە بەشێکی دیکە لە بەرپرسان و فەرماندەکان پێکدەهات دوور و نیزیک چاودێری عەمەلیاتەکەی دەکرد.

بەمجۆرە هێزەکان دابەش کران و هەموومان چاوەڕوانی ئەوە بووین کە بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێ کەوین. لە ئێوارەیەکی درەنگدا هەموو هێزەکە بەرەو گوندی "دۆڵەتوو" وەڕێکەوت. شارەزای ئەسڵی من و شەهید قادر مەمۆ بووین، دەبوو زۆر وریا بین چونکە بەڕاستی ناوچەیەکی پڕمەترسی بوو. بێجگە لە مەیدانی مین و مۆڵگەی دوژمن، لە چەندین جێگە نارنجەکی تەڵەیی لەنێو لێڕەوارەکە لە دارەکان بەسترابوون. بۆیە دەبوو بە وریایی و وشیارییەوە بۆ پووچەڵکردنەوەی هەموویان هەوڵی خۆمان بدەین. دیارە هەر ئەو ڕۆژە ڕادیۆی دەنگی کوردستان، هەواڵی شەهیدبوونی شەش پێشمەرگەی هێزی کێلەشینی بلاو کردەوە. بۆیە بڕیار درا ئەو عەمەلیاتە بە یاد و بیرەوەری و تۆڵەی ئەو شەهیدانەی هێزی کێلەشین بەڕێوە بچێ.

هەموو تیمەکان لە جێی دیاریکراوی خۆیان ئامادە بوون و چاوەڕوانی فەرمانی فەرماندەی عەمەلیاتیان دەکرد تا کاتی هێرش بۆ سەر شوێنە دەستنیشانکراوەکانی دوژمن ڕابگەیەنێ. بۆ دوایین جار و دڵنیابوون لە وەزعی تیمەکان، فەرماندەی هێز قسە لەگەڵ بەرپرسانی تیمەکان کرد، چونکە زۆر جار وابووە کە

پەلەکردنی تیمێک یان نەفەرێک بۆتە هۆی تێکدانی گەڵاڵەیەکی عەمەلیاتی. سەرئەنجام بە دروشمی "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" لە سێ قۆڵەوە هێرش بۆ سەر هەردوو مۆڵگەی گوندی دۆڵەتوو دەستی پێکرد. هێرشێک کە دوژمنی تووشی سەرسووڕمان و داماوی کرد. دەنگی تەقە لەنێو گوند و گردی بزنەشەلان دڵی دوژمنی خستە لەرزینەوە. هێزی دوژمن وەها سەریان لێ شێوا کە لە مۆڵگەی گردی بزنەشەلان نەک فریای بەرگری نەکەوتن بەڵکوو زۆر بە زەحمەت فریای هەڵاتن کەوتن. بەم جۆرە لە ماوەی چەند خولەکێکدا ڕۆڵەکانی دێموکرات دەستیان بەسەر ئەو مۆڵگەیەدا گرت و دوای هێنانی چەند پارچە چەکی بەجێماوی نێو مۆڵگەکە کە ئیمکانی ڕاگواستنیان هەبوو، ئاگریان لە مۆڵگەکە بەردا و بڵێسەی ئاگری ئەو مۆڵگەیە دەوروبەری ڕووناک کردبووەوە و چەکوچۆڵێکی زۆر کە ئیمکانی ڕاگواستنی نەبوو لە ئاگردا سووتان و تەقینەوە. بەکرێگیراوانی ئەو مۆڵگەیە هەموویان هەڵاتبوون و خۆیان حەشار دابوو. دوای گیرانی مۆڵگەی بزنەشەلان ئەو تیمە لە پێشمەرگەکان بەرەو گوند هاتنە خوارێ.

هێرش بۆ سەر مۆڵگەی نێومالان هەر بەردەوام بوو، مۆڵگەی نێومالان لە خانوویەکی زۆر قایمدا بوو، بۆیە گیرانی زۆر سەخت و دژوار بوو. بەڵام هەتا دەهات هێرش لەلایەن هەر دوو تیمەکەوە بۆ سەر مۆڵگەکە درێژەی هەبوو. لەنێو گوند لەگەڵ تیمێک کە کاک خدر میراوەیی سەرپەرستی دەکرد، یەکمان گرتەوە. هەر دوو تیم بە بەرزکردنەوەی دروشمی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە" بەرەو مۆڵگەی دوژمن لە پێشڕەویدا بووین. کاتێک ئێمە دروشممان دەدا "قاسملوو، قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە" ئەو مۆڵگەیە لە لایەن پێشمەرگە قارەمانەکانی گەلەوە بە گوللەی "ئاڕ بی جی" ئاوری تێبەردرا،

بە هۆی ئاگرتێبەردانییەوە تەقەمەنی و چەکوچۆڵی نێو مۆڵگەکە دەتەقینەوە. تیمی پێشڕەوی پێشمەرگەکان هەڵۆئاسا بەرەو مۆڵگەکە هەڵمەتیان برد. چەند کەسێک لەنێو مۆڵگەکەوە بەرەو لای ئێمە تەقەیان دەکرد، تیمەکانی هێرش خۆیان گەیاندە چەند میتری مۆڵگەکە و لە کاتی هێرش بۆ سەر مۆڵگەکە، کاک کەریم کۆدەڵەیی، پێشمەرگەی ئازا و تێکۆشەری ڕۆژە سەختەکانی خەبات، بە گوللەی هێزی دوژمن بریندار بوو. بە بریندابوونی کاک کەریم کەمێک بۆ دواوە کشاینەوە، هەر لەوێ کەریم لە لایەن کادری دەرمانییەوە چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا.

شەڕ هەر بەردەوام بوو، تا دەهات ئاگری مۆڵگە زیادی دەکرد، تەقینەوەی تەقەمەنیی نێو مۆڵگەکە پێشی هێرشی تیمەکانی گرتبوو و پێشڕەوی ئەستەم بوو. چەند کەسێک لە هێزی دوژمن بەرگرییان لە گیرانی مۆڵگەکە دەکرد. دوای ئەوەی دەرکەوت کە تازە بەهۆی تەقینەوەی بەردەوامی تەقەمەنیی نێو مۆڵگەکە پێشڕەوی سەخت و دژوار بووە و لەوانەیە زیان بەر پێشمەرگەکان بکەوێ، دەستووری پاشەکشە درا و بەرەو نێوەڕاستی گوند پاشەکشەمان کرد.

با شتی خۆش ون نەبێ: لە کاتی هێرش بۆ سەر مۆڵگەکە کە ئێمە هێرشمان دەکرد و دروشممان دەدا "قاسملوو، قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە"، ژنێکی ئەو گوندە وێڕای ئێمە بە خۆشحاڵییەوە دروشمی دەدا و دەیگوت "درێژەی هەیە، درێژەی هەیە"!!. برایمە لاو کە پیاوێکی قسە خۆشی گوندەکە بوو، بە هێواشی بە ژنەی دەگوت؛ ژنەتیو! کورتی بکەوە لەبەر بەیانی، مەبەستی ئەوە بوو کە بەیانی ئەوان لێرە نامێنن و هێزەکانی دوژمن تووشی کێشەمان دەکەن.

بەمجۆرە عەمەلیات کۆتایی هات و هەموومان بەیەکەوە بەرەو

شوێنی دیاریكراوی خۆمان درێژەمان بە جەولەكەمان دا. هێزی دوژمن لە مۆڵگەكانی دەوروبەر ڕا شوێنی گەڕانەوەی ئێمەی تۆپباران دەكرد.

لەو عەمەلیاتەدا كۆمەڵێك لە هێزەكانی دوژمن كوژران و بریندار بوون كە بە هۆی تاریكیی شەو و ئەو دۆخە تایبەتەی كە بەسەر مۆڵگەكاندا هات نەتوانرا كوژراوەكانی دوژمن بناسرێن. هەر دوو مۆڵگە بە تەواوی سووتێندران و چەند پارچە چەكیش كەوتنە دەستی هێزی پێشمەرگە و ئێمەش بە برینداریێكەوە گەڕاینەوە.

لەو عەمەلیاتەدا دوو خاڵی لاواز بەرچاو دەكەوتن كە پێویستە لەبیر نەكرێن؛ یەكەم؛ دیاریكردنی كاتەكە بوو كە شەو بوو و دەركەوت كە هێرشكردنە سەر مۆڵگەی دوژمن لە شەودا كارێكی دژوارە. بە تاریكایی شەو گیرانی مۆڵگە زۆر سەختە، چونكە تۆ هیچ نابینی و هێزی دوژمن دەتوانێ بە ئاسانی خۆی حەشار بدا. بەڵام ئەگەر ڕۆژ بایە ئەوانەی لە مۆڵگەكەوە هەڵدەهاتن دەبینران كە یان دەكوژران یان بەدیل دەگیران. دووهەم؛ كەمیی گوللە "ئار بی جی" بوو. ئێمە لەنێو گوند هەر زوو گوللە ئار بی جیمان لێ بڕان. بوونی ئاربیجی وەک چەكی كاریگەر بۆ گرتنی شوێنە گرینگەكانی دوژمن بەكار دەهات و كەڵكی لێ وەردەگیرا.

دوای دەرچوونی ئێمە لە گوندی دۆڵەتوو، دوژمن بە هێزێكی زۆرەوە دەگاتە نێو گوند و هەر كەس بەردەستیان دەكەوێ، بە لێدان هیلاكی دەكەن. بەڵام زۆربەی لاوەكانی گوند هەر شەو گوندەكە چۆڵ دەكەن، چونكە دەیانزانی بەیانی! چی ڕوو دەدات. ئێستاش خەڵكی ئەو گوندە دەگێڕنەوە كە ئەو شەوە چەندە لە لایەن هێزە بەكرێگیراوەكانی ڕێژیمەوە ئەزیەت و ئازار دراون.

دیاره لەو کاتەدا کە تازە کاک دوکتۆر قاسملوو شەهید ببوو، بەڕێوەبردنی چالاکییەکی لەو جۆره کاریگەریی خۆی هەبوو. چونکە دوژمن پێیوابوو بە شەهیدکردنی دوکتۆر قاسملوو تازە حیزبی دێموکرات بەرگە ناگرێ و تەواو دەبێ. بەڵام بەڕێوەبردنی ئەو عەمەلیاتە و چەندین عەمەلیاتی دیکەی هێزە جیاجیاکانی حیزب لە ناوچەکانی کوردستان، وورەی خەڵک و پێشمەرگەی بەرز کردەوە، سەلماندی کە دوای شەهیدکردنی قاسملووی ڕێبەریشمان گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی دەست لە خەبات هەڵناگرێ و خەباتی خۆی درێژە پێدەدات.

## • تەقینەوەی مین و لاق پەڕینی کوڕی شەهیدێکی ڕێبازی دێموکرات

خەباتی پێشمەرگانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەیەکانی شەست و حەفتادا هەموو قۆناغەکانی فیداکاری و بەرخۆدانی بڕی و خۆی لە لووتکەی هەره بەرزی شۆڕشی کورددا دیتەوە. ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژووی ئەو سەردەمەدا بخشێنین بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە هێزی پێشمەرگە چەند فیداکارانە و قارەمانانە، هێزی داگیرکەریان وەپەلەقاژه خستبوو ئەوەش نرخێکی گرانی پێویست بوو.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ ئەوەیکە ئەرکی بەرگری لە مانوەمەوجوودییەتی گەلەکەی و ڕاوەستان بەرانبەر بە هێزە چەکدارە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم هەبووە و هەیە، لە هەموو هەلومەرجێکدا هەوڵی داوه بە حزووری خۆی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا پێشانبدا، تێکۆشاوه سیاسەتە دژیگەلییەکانی ڕێژیم لەقاو بدات و خەڵک بۆ بەربەرەکانێ

هـان بـدات و لـەو پێوەندییـەدا کادرەکانی حیـزب هەوڵـی کاری ڕێکخسـتن و تەشـکیلاتییان لەنێـو ڕیزەکانـی خەڵکـدا داوە. لـە لایەکـی دیکەشـەوەکۆماری ئیسـلامیش بـەردەوام هەوڵـی داوە هێزێکی زۆرتـر لـە ناوچەکانـی کوردستان جێگیر بکات بۆ ئـەوەی پێـش لـە هەمـوو تاکتیـک و بەرنامەیەکـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بگـرێ. لـەو بـارەوە دوژمـن زۆربـەی تواناکانـی خـۆی بـۆ میلیتاریزەکردنـی سـنوورەکانی کوردسـتان تەرخـان کـردوە، تـا لـەو ڕێگەیـەوە پێـش بـە جووڵـەی هێـزی پێشـمەرگە بگـرێ و حزووری پێشـمەرگە لەنێـو کۆمەڵانـی خەڵکدا کـەم بکاتـەوە. بـەڵام هێـزی پێشـمەرگە بـێ گوێـدان بـە پیلانەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی، ئـەرک و بەرنامەکانـی خـۆی بـە پشـتیوانیی خەڵکـی کوردسـتان درێـژە پێـداوە.

لـە مانگـی جۆزەردانـی سـاڵی ١٣٦٨ی هەتاویـدا، تیمێکـی تێکـەڵاو لـە کادر و پێشـمەرگەکانی کۆمیتـەی شارستانی سەردەشت و هێـزی گیاڕەنـگ، بـە سەرپەرسـتی فەرمانـدەی هێـز و جێگـری هێـز؛ کاک حوسـێن پەیـرەوان و کاک حەمـە نارسـتی، ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە کادر و پێشـمەرگە و فەرماندەکانـی دیکـەی ئـەو هێـزە بـەرەو ناوچـە وەڕێ کەوتیـن. زۆر جـار بەهـۆی میلیتاریزەبوونـی سـنوورەکانی ناوچـەی سەردەشـتەوە، شـەوی یەکـەم لـە نیزیـک سنوور دەماینـەوە بـۆ ئـەوەی ڕۆژی دووهـەم لـە ئێـوارەدا خۆمـان لـە سنوورەکان نیزیـک بکەینـەوە و هەمـوو جموجۆڵـەکانی دوژمـن بخەینـە ژێـر چاوەدێـری خۆمانـەوە.

ڕۆژی یەکـەم لـە پشـتی سـەرچاوەی ئـاوی گونـدی "تـووژەڵ" ماینـەوە. دیـارە چەنـد ماڵێکـی مـەڕداری چادرنیشـین لـە نیزیـک سـەرچاوەی ئاوەکـە بـوون. بـارەگای هێزەکانـی باشـوور بـە تایبەت یەکێتیـی نیشـتمانی و حیزبـی شـیوعی لـە "نـۆکان" و "زەڵـێ" و

"ناوزەنگ" لە خوار ئێمەوە بوون، چووینە شوێنی مانەوەی خۆمان. بە ڕۆژ نەدەکرا جووڵەی زۆر بکەین، بۆیە بەشی پێداویستیی خۆمان ئاومان لە کانیەکە هەڵگرت. ئێمە هەمیشە هەوڵی ئەوەمان بوو کەس لەو سنووورە نەمانبینێ تا دەرباز دەبین. بەڵام ناوچەکە ئاوەدان بوو و حەتمەن چەند کەسێک ئێمەیان هەر دەدیت.

ئێواریٚ بەرەو سنووری "کانیەزەرد"، سنوورێکی تەواو میلیتاریزەکراو کە دەکریٚ بڵێم یەکێک لە سەختترین سنوورەکانی ناوچەی سەردەشت بوو، وەڕیٚ کەوتین. تیمێکی پێشڕەو لە پێشەوەبووین کە منیش لە خزمەتیاندا بووم. خۆمان لە سنوور نیزیک کردەوە و باقی هێزەکەش بەدوای ئێمەدا دەهات. بەرەبەرە بەرەو بەرزایی سەردەکەوتین. ماندو و هیلاک، شاخ و دۆڵی ناوچەکەمان بە وریای جیٚدەهێشت. لەگەڵ هاوڕێیانی دواوەی خۆمان لە پێوەندیدا بووین. بەرەبەرە ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو، ئێمەش لە سنوور نیزیک دەبووینەوە. سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان لە مینە چێنراوەکانی دوژمن نیزیک دەبووینەوە، بە هێواشی دەچووینە پێشیٚ، نەفەری پێشەوە لاقی لە کویٚ دانابا، ئەوانی دیکەش دەبوو لاقیان لە هەمان شوێن دانابا. بەو جۆرە دەچووینە پێشیٚ، دیارە ئەوەمان زۆر جار بۆ پێش هاتوە کاتێک سەیرمان کرد سەرەڕای ئەو هەموو مین و مۆڵگەیە، هێزێکی دوژمن خەریک بوو لە سەر ڕێگەی ئێمە کەمین دابنیٚ یان گەمارۆمان بدا، بۆیە نەدەکرا خۆمان بەقەزا و قەدەر بسپێرین. بڕیاری گەڕانەوە درا بۆ ئەوەی ڕێگەکەمان بگۆڕین، گەڕاینەوە، شەو داهات، تازە ئەو شەوە بە هیچ جۆر مەجالی دەربازبوون نەبوو، جیا لە گەڕانەوە و ڕۆژێکی دیکە مانەوە لەو سنوورە.

بەرەو "تووژەڵ" گەڕاینەوە، لە شوێنک کە زۆر لە سنوور دوور بوو بەڵام هاتوچۆی پێدا هەبوو. دانیشتین تا پشوویەک بدەین و بزانین بۆ مانەوە بەرەو کوێ بچین. هەموومان لە دەوری یەک دانیشتبووین، قەت بە خەیاڵماندا نەدەهات لەوێ تووشی کێشە بین. چونکە لە سنوورەوە دوور بوو. دوای حەسانەوەیەکی کورت، بڕیارماندا بجوولێین، لەگەڵ جوولە و هەستانمان، تەقینەوەیەکی گەورە لەنێوماندا ڕووی دا!!. تەقینەوەکە لەنێو هەمووماندا بوو، هەموومان خۆمان بە زەویدا دا. سەرەتا وامانزانی "ئار بی جی"یان پێوە ناین، کەچی خدری هەمزەنژاد، کوڕی شەهید عەبدوڵلای مام ئاغای گوتی؛ مین بوو لە ژێر پێی مندا تەقیەوە!! لێی کۆبووینەوە، تەماشامان کرد لاقی پەڕیوە و هەموو گیانی بریندارە. دیار بوو ئەو ڕۆژە مینەکە دانرابۆوە دەنا پێشتر مینی لێ نەبوو. ناوچەکە زۆر هەڵدێر و ناخۆشە، تازە نەدەکرا بە ڕێگەکەدا خدری بریندار و شەلاڵی خوێن ڕاگوێزین. ترسی ئەوەمان هەبوو مینی دیکەی لێ بێ. بە ناچاری بەو هەڵدێرەدا هەڵمانگرت. بەڕاستی لە ڕادەبەدر سەخت بوو، کەسێک کە لاقی پەڕیوە و هەموو گیانی شەلاڵی خوێنە بە ناو ئەو دۆڵ و دەڕەدا ڕایگوێزی. هەرچۆنێک بێ بە هیممەتی هەموو کوڕەکان بە تایبەتی ئەوانەی کە توانای هەڵگرتنی برینداریان هەبوو و بە تایبەتی‌تر کاک عەلی سوورەچۆمی زەحمەتی زۆری کێشا و فیداکاری زۆری کرد تا کاک خدرمان گەیاندە نێو چادرەکانی گوندی تووژەڵ. لەوێ کاک خدر تیمارێکی سەرەتایی کرا و ئێمەش بووین بە دوو تیم؛ کاک خدرمان سواری وڵاغ کرد بۆ نەخۆشخانەی حیزبی شیوعی لە گوندی نۆکان کە ئەودەم نەخۆشخانەیەکی بچووکیان لە نۆکان هەبوو، بەڵام دوکتۆری زۆر باشی لێبوون و هاوکارییەکی باشیان کردین. پێش ئەوەی بگەینە نەخۆشخانەکە لە نۆکان

لەوبەری ئاوەکە لە چەند لاوە دەنگیان داین کە "ئێوە کێن"؟!
ئێمەش گوتمان دیموکراتین، بەڵام دەمانزانی پێشمەرگەی یەکێتی لەوێ هەن، ئێمەش ڕاوەستاین تا ئەوان بگەنە لامان. هاتن و دوای ئەحواڵپرسی، کە ئێمەیان بینی بە برینداریکەوە خێرا یەک لەوان بەناوی سلێمانی عەلیاغای شەرویت کە ئێستا نەماوە و شەهید بووە و ڕوحی شاد بێ، چووە خوارێ و هاتەوە. گوتی؛ برادەران سڵاویان بۆتان هەبوو. دیاربوو ئەوان لە کۆبوونەوەدا بوون. پێم وابێ کۆنفرانسی گشتییان هەبوو. بۆیە ناوچەکەیان کۆنترڵ کردبوو. هاوکاریی باشیان کردین و لەگەڵمان هاتن بۆ نەخۆشخانەکە. لە نەخۆشخانەکە کاک خدر زۆر باش چارەسەر کرا و دوای هاوکاریی دوکتۆرەکانی "نەخۆشخانەی شۆڕش" بەرەو بنکەکانمان گەڕاینەوە.

با ئەوە بڵێم لەو سەردەمەدا هاوکاریی هێزە سیاسییەکان لەوپەڕی خۆیدا بوو.

لە کۆتایدا سڵاو بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەی لەو جەولەیەدا بەشدار بوون.

سڵاو بۆ هاوکاریی دوکتۆرەکانی شۆڕش کە لەو سەردەمەدا توانیان کەمێک لە ئازارەکانی تێکۆشەرێکی بریندار کەم بکەنەوە کە بەخۆشیەوە کاک خدر ئێستاش هەر لە ژیاندا ماوە و لە وڵاتی ئوتریش کاروباری حیزبی بەڕێوە دەبات.

هەزارسڵاو بۆ ورەبەرزیی کاک خدر کە برینێکی قورسی هەڵگرتبوو بەڵام ورەی بە قەد کێوێک بەرز بوو.

## • عەمەلیاتێک لەسەر جادەی پیرانشار–سەردەشت لە نیزیک گوندی واوان

بە تێپەڕبوونی زەمان جۆش و خرۆشی خەبات تا دەهات زیاتر پەرەی دەستاند، دوو هێز لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حاڵی بەربەرەکانیدا بوون؛ یەکیان هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بە چەک و ئیمکاناتێکی کەم و بە هاوکاری و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان دیفاعیان لە مان و مەوجوودییەتی گەلەکەیان دەکرد و، ئەوەی دیکەیان هێزی پۆشتە و پەرداخی دژی گەلیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە هێزێکی بێگانە بە خەڵکی کوردستان بوو. هێزی دوژمن کە بە هێز و ئیمکاناتی زۆر دەیهەویست خۆی بە سەر نیشتمانی کورداندا فەرز بکات، ئێستا دوای دەیان ساڵ ئەو ئاواتەیان بەدی نەهاتووە و قەتیش نایەتە دی و جۆش و خرۆشی لاوانی کورد و هەستی نەتەوەیی زۆر لەو سەردەمە بەهێزترە. نەورۆزی هەموو ساڵێک و لە زۆر بۆنەی‌تردا لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کیژ و کوڕان بە جامانە و هەورییەوە دەیسەلمێنن کە هێزی سەرکوتکەری ڕێژیم و ڕێژیمەکە لە تەواوییەتی خۆیدا نەیتوانیوە ئیرادەی ئەو نەتەوە دەستەمۆ بکا.

لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆمدا ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی بە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە بەجێ دێڵین و بەرەو ساڵێکی نوێ هەنگاو دەنێین.

لە کۆتایی ساڵی ١٣٦٨دا گۆڕانکاری لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیارەنگدا پێکهات. هەردوو بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و فەرماندەی هێز گۆڕدران؛ کاک فەتاح عەبدولی و کاک حوسێن پەیرەوان ئەرکی دیکەیان پێ ئەسپێردرا و لە

جێگەی ئەوان هاورێیان؛ کاک عەبدوڵڵا شەریفی، وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و کاک کاوە بەهرامی، وەک فەرماندە هێز دیاری کران. لەسەرەتای بەهاری ساڵی ١٣٦٩دا ئەوانیش وەک سالانی پێشوو سازماندەیی کاروباری حیزبی و پێشمەرگانەیان لەو هێزە دەست پێکرد. دوای تەواوبوونی سازماندەیی هێز و کۆمیتەی شارستان کە کاک حەمە نارستی وەک جێگری هێز دەستبەکار بوو. دوای کۆتایی هاتنی هەموو کارەکان، لە مانگی جۆزەردانی ١٣٦٩دا هێزێکی تێکەڵاو لە سەرجەم هێز و کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین. دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە سنووری "گۆڕەشێر" ئاودیوی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووین. ماوەی چەند ڕۆژێک لە ناوچەی بولفەتی سەردەشت لە حالی گەشتێکی سیاسی _ نیزامیدا بووین، لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا سەردانی چەند گوندی ناوچەکەمان کرد. هەمووی ئەو کارانەی حیزبی کە دەبوو بیانکەین، بەپێی ئیمکان هەوڵیان بۆ دەدرا. خەڵکی ناوچەکەش بە باوەشێکی ئاوەڵاوە وەریان دەگرتین و هاوکار و پشتیوانمان بوون. هەروەک هەمیشە هێزە زەربەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە دوای پێ و شوێنی ئێمەوە بوون و دەیانەویست زەربەمان لێ بدەن، بەڵام هەموو پیلانەکان بە وشیاری و ئازایەتیی هێزی پێشمەرگە و هاوکاریی خەڵک پووچەڵ دەکرانەوە. دوای ماوەیەک گەشت و گەڕان لە ناوچەکە، ڕۆژێک بۆ مانەوە چووینە "دۆڵی ڕەزان"ی پشتی گوندی واوان لە نیزیک گوندی شاتمان کە شوێنێکی گونجاوە بۆ مانەوەی پێشمەرگە و بە دارستانێکی چڕ داپۆشراوە. ڕۆژەکە لەوێماینەوە و شەوەکەش بۆ هیچ گوندێک نەچووین. دیاربوو شتێک لە گۆڕێدا بوو، شەوێ چەند کەسێک چوون لە گوندی شاتمان هێندێک شتیان هێنا و هاتنەوە، بەیانیەکەی کۆبوونەوەی فەرماندەرانی نیزامی بە بەشداریی سەرجەم بەرپرسان کە منیش لەگەڵ بووم

بەڕێوەچوو. دوای باسێکی زۆر بڕیار درا کە سەر لە ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە سەرجادەی پیرانشار _ سەردەشت لە قەراخ گوندی واوان بچینە سەر جادە و عەمەلیاتێک لەسەر هێزەکانی دوژمن بەڕێوە بەرین. ئەو کاتەش بە هۆی زۆربوونی هێزێکی زۆری دوژمن لە ناوچەکە، ڕۆژانە ماشێنێکی زۆر لە هاتوچۆدا بوون. ئەو تیمەی دیاری کرا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو عەمەلیاتە، باشم لە بیرە کە ١٠ کەس بووین. بەرپرسی ئەو تیمە فەرماند و تێکۆشەری ڕۆژە سەختەکانی خەبات شەهید خالید نێوچوانی بوو لەگەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی ئەو سەردەمە وەک خالید پەردەدار، عومەر کانیبی، غەفوور ڕیشی و من و چوار کەسی دیکە. بۆ شوێنی دیاریکراوی خۆمان وەڕێ کەوتین. بۆ ئەوەی لە هێزی دوژمن دیار نەبین، بە گەڵای داران خۆمان داپۆشی واتە خۆمان "استتار" کرد، دیارە زۆر جار ئەوەمان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی دوژمن هەست بە بوونمان نەکات. ناوچەکە کەمێک ئاوەدان بوو، بۆیە بە وریاییەوە هەنگاومان دەنا. لە نیزیک شوێنێ دیاریکراوی خۆمان بووین بە دوو دەستە؛ چوار کەس بۆ لێدانی مۆڵگەی تەنیشت مالان کە زۆر لە شوێنی کەمینەکە نیزیک بوو و ئێمەش شەش کەس چووین بۆ سەر جادە. لە نیزیک جادە لێڕەوارەکە زۆر چڕ نەبوو، تەنیا لە تەنیشت جادە پۆلە دارێکی لێ بوو، دەبوایە ئێمە چووباین بۆ بن ئەو پۆلە دارە. سەرئەنجام خۆمان گەیاندە ئەو شوێنە و کەمینمان دانایەوە. لە مالان ڕا زۆر باش دیار بووین، بەڵام ڕەنگە کەم بە فکر دابێ لەو شوێنە کەمین دابنرێتەوە چونکە مەودای نێوان مۆڵگەکە لەگەڵ ئێمە زۆر کەم بوو، بەڕاستی سەرەتا نەمدەزانی کە ئاوا نیزیک بێ. لەوێ پێوەندیمان لەگەڵ تیمەکەی دیکە گرت کە لە شوێنکی زاڵ بەسەر مۆڵگەکەدا سەنگەریان گرتبوو، بۆ ئەوەی لە کاتی خۆدا بە ئاگری چەکی خۆیان مۆڵگەکە

ئاورباران بکەن و پشتیوانی لە تیمی سەر جادە بکەن.

دوای ماوەیەک مانەوە لەسەر جادە، ماشێنێکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە هەڵگری پێنج کەس بوو کەوتە کەمینەوە و درایە بەر دەستڕێژی چەکی پێشمەرگەکان کە لە ماوەی چەند خولەکێکدا بێ ئەوەی فریای هیچ بکەون هەر پێنج کەسەکە کوژران و ماشێنەکە ئاگری تێبەردرا. بەداخەوە لەو تێکهەڵچوونەدا کەسێکی شەخسی کە شۆفیری مینیبووس بوو، بەهۆی گوللەیەکی وێڵەوە کوژرا.

جادەی نێوان پیرانشار – سەردەشت لە ماوەی ساڵەکانی ٦٠ هەتا ٦٨ چەندین عەمەلیاتی جۆراوجۆری تێدا ئەنجام درا. ئەو جادەیە بۆ دوژمن یەکێک لە مەترسیدارترین جادەکانی کوردستان بوو. لە خدراوێ تا دەگاتە سێڕێی شاری سەردەست، چەندین ماشێنی هێزە سەرکوتکەرەکان بەدەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاگریان تێبەردرا. هاوکات لەگەڵ هێرش بۆ سەر ئەو ماشێنە مۆڵگەکەش بەتوندی لەلایەن دەستەی پشتیوانەوە ئاگرباران دەکرا. لەنێو مۆڵگەکەش ژمارەیەک لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران و بریندار بوون. دوای سووتاندنی ئەو ماشێنە و زەربەلێدان لە مۆڵگەکە، بەرەو لای پێشمەرگەکانی دیکە گەڕاینەوە. لە کاتی گەڕانەوەی ئێمەدا لە چەند لاوە ناوچەکە تۆپباران کرا، بەڵام ئێمە بێ زیان خۆمان گەیاندەوە لای هاوڕێیانی دیکەمان و درێژەمان بەگەشتی خۆمان دا.

ئەوەندەی لەبیرم بێ، ئەوە یەکەمین عەمەلیاتمان بوو لە ساڵی ١٣٦٩ی هەتاویدا.

لە کۆتایدا سڵاو بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە و فەرماندانەی لەو جەولەیەدا بەشداریان کرد و سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو ئەو کەسانەی کە لە ساڵانی دواییدا شەهید بوون، بەتایبەت شەهید

خالید نێوچوانی، فەرماندەی ئێمە لەو عەمەلیاتەدا کە وەک لە بیرم بێ مانگێک دوای ئەو شەڕە شەهید بوو.

## • گرتنی گوردانی "وەردێ" بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە

گەڕانەوە بۆ نووسینەوەی مێژوویەک کە چەند دەیە بەسەریدا تێدەپەڕێ ڕەنگە کارێکی وەها ئاسان نەبێ بەڵام بە ئەزموونوەرگرتن لە خەباتی زۆر نەتەوەی ژێردەست کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان خەباتیان کردوە و چوونە پێشێ تا بە مافی خۆیان گەیشتوون، هەموو ئەوەی کردوویانە، نووسیویانەتەوە تا نەسڵەکانی دوای خۆیان یان نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی دنیاش لەوە حاڵی بکەن کە هەموو قوناغە سەختەکانیان تا ئێرە بڕیوە. کەوابوو ئێمەش وەک بەشێک لە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەیان ساڵە بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەمان خەبات دەکەین، ئەرکی سەرشانمانە خەباتی نەسڵ بە نەسڵی پێش خۆمان بنووسینەوە کە بە هیممەتی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان هەر لە سەرپێ وەستاوە و هەر کەس لە قەدەر توانای خۆی بە نەسڵەکانی دوای خۆی بیناسێنی، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕۆژێک سەرکەوتین بڵێین ئەو سەرکەوتنە بە هەوڵ و هیممەتی هەموان تا ئێرە هاتوە و هەمووومان شانازی پێوە دەکەین.

پێویستە قەدری ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانەی ڕۆڵەکانی کورد بگیرێ و هەمیشە بەڕێزەوە یادی بکرێتەوە. ڕۆڵەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو سەردەمەدا بە فیدارکاری و لەخۆبوردوویی خۆیان و بە هاوکاریی خەڵکی هەمیشە تێکۆشەری کوردستان، توانیان خەباتێکی خوێناوی دژ بە کۆماری ئێسلامی

لـە سەرانسـەری کوردسـتان بەڕێوەبـەرن و لـە هیـچ سـەختییەک نەپرینگێنـەوە.

ئێوارەیـە، لـە داوێنـی چیـای جاسووسـان ڕێبوارانـی ڕێگـەی ئـازادی، تێکۆشـەرانی هێـزی گیاڕەنـگ لـە هەمـوو شـوێنەکان لـە جموجـۆڵ دان، خەریکـی خۆئامادەکردنـن تـا لـە کاتـی خۆیـدا هەموومـان بـە یەکـەوە ڕێگـە سـەخت و دژوارەکان بگرینـە بـەر بـۆ جێبەجێکردنـی عەمەلیاتێکـی گـەورە و بەرچـاو لەسـەر هێزەکانـی دوژمـن کـە لـەو کات و سـاتەدا یەکێـک لـە عەمەلیاتـە گەورەکانـی تێکۆشـەرانی هێـزی گیاڕەنـگ بـوو کـە بـە بۆنـەی ٢٥ی گەلاوێـژ، سـاڵڕۆژی دامەزرانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان ئەنجـام درا. ئـەوەی لەبیـرم بـێ پێشـتر دەسـتەیەک لـە فەرمانـدە بەوەجەکانـی ئـەو کاتـەی هێـزی گیاڕەنـگ؛ کاک کاوەی بەهرامـی و کاک حەمـە نارسـتی فەرمانـدە چاونەتـرس وهەمیشـە دووربیـن بـە چاوەکـەی هێـزی گیاڕەنـگ، هەڵـۆ تیـژ باڵەکـەی "تاژانـدەر" و "بوڵفـەت" لەگـەڵ باقـی فەرماندەکانـی دیکـە بـۆ وەدەسـتخسـتنی زانیـاری لەسـەر هەلومەرجـی ناوچـە و جێبەجێکردنـی گەڵاڵـەی عەمەلیاتەکـە کۆبوونـەوە. دەوروبـەری ئـەو شـوێنە کـە هەمـووی لێـڕەواره، هەڵسووڕانـی تێـدا دەکـرا. لـە مـاوەی ئـەو دوو ڕۆژەدا زۆرتریـن کات بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری لەسـەر دەوروبـەری ئـەو گوردانـە لەبەرچـاو گیـرا. زۆرتـر فەرمانـدەی هێـز و جێگـری هێـز و فەرمانـدەی لکـەکان، شناسـایی شـوێنەکەیان دەکـرد. دوای تەواوبوونـی ئەرکـی خۆمـان و مانـەوەی چەنـد ڕۆژ لـە ناوچـە، بـەرەو بنکەکانمـان لـە "کونەمارێ" گەڕاینـەوە.

دوای پشـوویەکی کـورت هێزێکـی تێکـەڵاو لـە هەمـوو کادر و پێشمەرگەکانی کۆمیتـەی شارسـتانی سەردەشـت و هێـزی گیاڕەنـگ بـە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی ئەسـڵی کار، واتـە گرتنـی گوردانـی

"وەردێ" ئامادە كرا و هەموو ئەو هێزەی كە بۆ ئەنجامدانی ئەو عەمەلیاتە دیاری كرابوو بەرەو سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات وەڕێ كەوتین. ڕۆژی یەكەم لە پشتی گوندی گۆڕەشێر ماینەوە بۆ ئەوەی لە ڕۆژی دووهەمدا شوێنی دەربازبوونی ڕۆژی دواتر بخەینە ژێر چاودێرییەوە هەتا بە بێزیان لەو سنوورە دەرباز بین كە بە تەواوی میلیتاریزە كرابوو. ئێوارێ هەر زوو چەند كەس لە پێشمەرگە شارەزاكان كە منیش لەگەڵیاندا بووم بەرەو سنوور وەڕێ كەوتین. هێزەكە هێزێكی كەم نەبوو، دەربازبوونی كارێكی ئاسان نەبوو، بەڵام بە ئیرادەی تێكۆشەرانی هەڵسووڕ هەموو ئەو كەند و كۆسپانەی لەسەر ڕێگای ئێمە بوون كە بریتی بوون لە مۆڵگە و دوژمنی شاراوە واتە مین و تێلدڕوو كە لە زۆربەی سنوورەكان بوونیان هەبوو، هەڵگیرانەوە. سەرئەنجام بە زەحمەتێكی زۆر هەموو هێزەكە ئاودیوی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بوو. دوای ئەوەی لە سنوور پەڕینەوە بۆ مانەوەی ڕۆژی دوایی چووینە نیزیک گوندی ئاشەدینە، لەوێ ماینەوە و ئێوارەكەی بەرەو شوێنی دیاریكراوی خۆمان وەڕێ كەوتین. دیارە پێشتر هەموو ئەو شتانەی كە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو عەمەلیاتە پێویست بوون، لەوێ ئامادە كرابوون.

ئەمجارەیان بۆ لێدانی زەبرێكی دیكە لە هێزەكانی دوژمن گوردانی هێزە بەكرێگیراوەكانی سپای پاسداران لە گوندی "وەردێ" هەڵكەوتوو لەسەر جادەی سەردەشت بۆ قاسمەڕەش دیاری كرابوو. لەنێو ئەو گوردانەدا ژمارەیەک لە هێزەكانی سپای پاسداران كە لە هەموو بوارەكانی شەڕدا شارەزاییان هەبوو، لەنێو مۆڵگەكەدا جێگیر كرابوون كە دەكرێ وەک بە ئەزموونترین هێزی ئەوكاتەی دوژمن كە بۆ سەركوتی خەڵک و بەربەرەكانی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی كوردستان هاتبوون،

ناو ببەین. ڕۆژانە بە بیانووی جۆراوجۆر ئازاری خەڵکیان دەدا. بێجگە لەو گوردانە لە دەوروبەریشی چەند مۆڵگەی دیکە جێگیر کرابوون. بەگشتی ناوچەکە هێزێکی زۆری لێ کۆکرابۆوە.

سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکانی سەر ڕێگەی کار و تێکۆشانمان، فەرماندەکانی ئەو کاتەی هێزی گیاڕەنگ بۆ جێبەجێکردنی گەڵاڵەی ئەو عەلیامەتە لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستبەکار بوون.

شەوی دووهەم چووینە دەوروبەری ئەو گوردانە و لەوێ ماینەوە. لە شوێنێک ماینەوە لە گوردانەکە زۆر نیزیک بوو و هەر لەوێش زۆربەی کارەکان جێبەجێ کران.

ڕۆژی ٢٠ی گەلاوێژ کۆبوونەوەیەکی گشتی بە بەشداری هەموو فەرماندەکان پێکهات؛ لە فەرماندە هێزەوە تا جێگری پەل بەشداربوون. لەو کۆبوونەوەدا زۆرترین قسە و ڕاوێژ سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەو گەڵاڵەیە کرا. هەموو پێشمەرگەکان بە سەر دەستەکاندا دابەش کران و شوێنی خۆیان بۆ دیاری کرا. بۆ ڕۆژی دوایی و دوای ئەو کۆبوونەوەیە قسە بۆ هەموو پێشمەرگەکان کرا و ناوی هەموو پێشمەرگەکان خوێندرایەوە کە لە کام تیمە دان و ئەرکیان چی دەبێ. بەم جۆرە دوای ماوەیەک بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێکی بەرچاو لە شوێنێکی گرینگی ناوچەکە دەستبەکار بووین.

ئەوەی لەبیرم بێ هەموو پێشمەرگەکان بە شەش دەستە دابەش کران؛ دەستەی یەکەم بە فەرماندەیی کاک عەلی باساوەیی لەگەڵ کۆمەڵێک لە پێشمەرگە هەرە ئازاکانی هێزی گیاڕەنگ، وەک تیمی هێرش بۆ دەستبەسەرداگرتنی گوردان دیاری کران. دوو دەستە بۆ دوو تەپۆلکەی زاڵ بەسەر مۆڵگەکەدا وەک دەستەی پشتیوان دیاری کران تا لەژێر ئاوری ئەو دوو دەستەیەدا هێرش

بۆ سەر گوردانەكە دەست پێ بكات. دەستەیەكی دیكە بۆ سەر جادەی سەردەشت بۆ قاسمەڕەش دیاری كرا هەتا ئەگەر هێزێكی دوژمن بە هاواری گوردانەكەوە بێ بكەونە كەمینی ئەو دەستە لە پێشمەرگەكان. بەرپرسی ئەو دەستە، خدر خانەیی بوو و منیش لەخزمەتیدا بووم و لەوێ بووین بە دوو دەستە. دەستەی چوارەم بۆ لێدانی مۆڵگەی پێش گوندی كانیەزەرد دیاری كرا. دەستەی پێنجەم لەگەڵ فەرماندەی هێز لە شوێنێكی زاڵ بەسەر ناوچەكەدا مانەوە تا لەوێوە تەواوی شوێنی شەڕەكە لە ژێر چاوەدێری بگرن. لە هەموو تیمەكاندا كۆمەڵێك لە پێشمەرگە و فەرماندەی بە توانای ئەوكات بەشدار بوون كە ئەزموونی زۆریان لە هەموو شێوەكانی شەڕدا هەبوو كە نامهەوێ ناوی كەس بێنم لەبەر ئەوەی غەدر لە كەس نەكەم. دوای ئەو دابەشبوونە شەوەكەش لەوێ ماینەوە و لە شوێنی خۆمان چاوەڕوانی كاتی دیاریكراومان دەكرد. پێشمەرگەكان لەنێو ئەو دارستانەدا هەر كامەیان بە شتێكەوە خەریك بوون، ئێمە كە پێشمەرگەی لكی سێ بووین هەموومان لە گۆشەیەكدا بووین. لای كاتژمێری ١٠ی بەیانی زۆرم خەو دەهات، لەسەر پشت بۆی خەوتم؛ جاروبار سەرەڕای هەموو ناخۆشییەكان كاتێك لە دەوری یەك كۆ دەبووینەوە شۆخی و گاڵتەمان لەگەڵ یەكتر دەكرد. عەلی باساوەیی كە فەرماندەی لكی سێ بوو لەگەڵ من و یەك دوو نەفەری دیكە زۆری شۆخی دەكرد، زۆر ڕەفیق بووین، كاتێك من لە خەودا بووم لەتە تەپاڵەیەكی خستبووە سەر زارم، منیش بێ ئەوەی هەست پێ بكەم بە هەناسەكێشانم تەواوی لەتە تەپاڵەكەم تەڕ كردبوو. لەپڕ كە وەخەبەر هاتم شتێك لەسەر زارم دانرابوو و بۆنێكی زۆر ناخۆشی لێدەهات، زانیم كاری عەلی باساوەیی بووە. لەگەڵ وەخەبەرهاتنی من هەموو پێشمەرگەكان كە لە لامان بوون پێدەكەنین. منیش یەكسەر

پەلاماری کاک عەلیم دا و لە دەستم هەڵات. گەڕامەوە و کتریەکەم خستە سەر ئاگر بۆ سازکردنی چایی، کاتێک چایەکە ئامادە بوو عەلی باساوەیی هاتە لام، منیش گوتم چاییت نادەمێ. دوای چایی خواردنەوە دیتم عەلی نیگەران دیار بوو، خەیاڵێکی قووڵ هەڵیگرتبوو و ویدەچوو لە دڵی خۆیدا بیر لە شتێک بکاتەوە، بە ئارامی لەژێر سێبەری دارێک دانیشتبوو، منیش چووم بۆلای و لێم پرسی بۆ ئاوا لە فکر دای؟! یەکسەر گوتی دەزانی بیر لە چی دەکەمەوە، دەستی نایە سەر نێوچاوانی و گوتی بیر لەوەی دەکەمەوە دەڵێم پێمخۆشە دوای شەهید خالید نێوچوانی لەو عەمەلیاتەدا گوللەیەک لەنێوچاوانم بدرێ و شەهید بم و نەمێنم. خالید نێوچوانی هاوڕێی نیزیک و گیانیبەگیانیی عەلی بوو. بەداخەوە هەر لەو عەمەلیاتەدا عەلی ئارەزووەکەی هاتە دی و بەداخەوە گوللەیەک ڕاست لەنێوچاوانی درا و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد و بە هاوڕێ خۆشەویست و بەوەفاکەی خۆی شاد بۆوە. ئەو شەڕە قارەمانانەی تێکۆشەرانی هێزی گیارەنگ لەنێو گوردانەکەدا دەکرێ وەک سەختترین شەڕی دەستەویەخە چاوی لێبکرێ کە بە هیممەتی کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات ئەنجام درا. ئەو شەڕە لەلایەن حەسەن کتابی کە یەکێک لە فیلمهەڵگرە بەتواناکانی حیزب بوو لەو سەردەمەدا فیلمبەرداری کرا کە تا ئێستاش ڕۆڵی بوێرانەی پێشمەرگە بێ سەروشوێنکراوەکەی حیزبی دێموکرات وێردی سەرزمانی هەموو ئەو کەسانەیە کە لەگەڵیدا بوون.

هەتا دەهات لە کاتژمێری سیفر واتە دەستپێکردنی عەمەلیات نیزیک دەبووینەوە. بەهۆی نیزیکیی شوێنی هەموو تیمەکان لە بەرەبەری ئێوارەیەکی درەنگدا هەموومان بەیەکەوە بەرەو شوێنی خۆمان کەوتینە ڕێ. ناوچەکە لێڕەوار بوو، دەمانتوانی خۆمان لە چاوی دوژمن ون بکەین، سەرەڕای ئەوەش بۆ ئەوەی لە چاوی

دوژمن دیار نەبین خۆمان بە گەڵای داران داپۆشیبوو. لە نیزیک "کانیە نووری" هەموو تیمەکان لێک جیا بوونەوە. بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە کە لێک جیا دەبووینەوە و نەماندەزانی ئاخۆ کامەمان جارێکی دیکە باوەش بە ڕەفیقەکانی خۆیدا ناکاتەوە و ماڵئاوایی یەکجاری دەکات. ئەو تیمەی ئێمە کە بۆ سەر جادەی قاسمەڕەش – سەردەشت دیاریکرابوو بەهۆی دووریی شوێنەکە زووتر وەڕێ کەوتین، بە نیزیک گوردانی دوژمندا تێپەڕین و خۆمان گەیاندە شوێنی مەبەست.

کاتێک هەموو تیمەکان لە شوێنی خۆیان ئامادەبوون، لە لایەن فەرماندەری هێز، کاک کاوە بەهرامییەوە قسە لەگەڵ بەرپرسی تیمەکان کرا. لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا عەمەلیات دەستی پێکرد. لە هەموو بەشەکانەوە هێرش بۆ سەر هێزی بەکرێگیراوی دوژمن دەستی پێکرد. هەر وەک پێشوو باس کرا دوو تەپۆلکەی زاڵ بە سەر گوردانەدا ڕۆژانە تا ئێوارێ پاسەوانی لێ دادەنرا. بۆیە ئەو دوو تیمە دەبوو لە پێشدا لەو دوو پاسەوانە بدەن و زوو خۆیان لە جێگەی ئەوان جێگیر بکەن تا لەوێوە بە ئاوری چەکی خۆیان هێرش بۆ سەر گوردانەکە دەست پێبکەن. هەرچەندە سەرەتا تووشی گرفت بوون بەڵام ئەو دوو کەسە یەکیان کوژرا و یەکیان بەدیل گیرا، ئەوجار گوردانەکە ئاگری بەسەردا باری، ئاگرێک کە هەرگیز چاوەڕوانییان نەدەکرد، چونکە هێزێکی لەخۆبایی و دژیگەلی تێدا جێگیر کرابوون.

لە ژێر ئاگری بێ پسانەوەی ئەو دوو تیمە لە تێکۆشەرانی دێموکراتدا ئەو جار نۆرە گەیشتە تیمی هێرش تا هەڵۆئاسا لە ژێر ئاوری چەکی دەستیاندا هێرش و پەلاماری خۆیان دەست پێبکەن. لە دەوروبەری گوردان شەڕێکی قورس لەنێوان هێزی دوژمن و پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی هێزی گیاڕەنگ بەسەختی

بەردەوام بوو، لە گەرمەی شەڕدا گوللەی پاسدارێک قەڵافەتی شێرانەی فەرماندەی لکی سێی هێزی گیارەنگ، عەلی باساوەیی شەڵاڵی خوێن کرد. دوای شەهیدبوونی عەلی کە فەرماندەی دەستەی هێرش بوو، پێشمەرگەکان کەمێک پاشەکشە دەکەن، خەبەری شەهیدبوونی فەرماندە عەلی کە لە بێسیمی هەموو تیمەکاندا بڵاوبۆوە، هەموومانی غەمبار کرد. کاتێک عەلی باساوەیی شەهید بوو لە لایەن فەرماندەی هێز دەستووری پاشەکشە درا تا لەوە زیاتر زەربە نەخۆین. کاتێک خەبەری شەهیدبوونی عەلی بەگوێی حەمە نارستی، تێکۆشەری ڕۆژە سەختەکان دەگا، دەچێتە لای تیمی هێرش و پێیانەوە پەیوەست دەبێ.

ئەو پێشمەرگانەی کە قورسترین ئەرکیان لەسەرشان بوو بە قارەمانەتی خۆیان دەستبەردار نەبوون تا دەستیان بەسەر گوردانەکەی دوژمندا نەگرت. تیمی هێرش جارێکی دیکە خۆیان کۆدەکەنەوە و هێرش بۆ سەر دوژمن دەست پێدەکەنەوە. سەرئەنجام دوای شەڕێکی سەخت و دژوار و سەنگەر بەسەنگەر دەچنە نێو گوردان و قارەمانانە دەست بەسەر گورداندا دەگرن. هێزی دوژمن لەنێو گورداندا بێجگە لە چەند کەسێک کە هەڵاتن ئەوانی دیکە هەموویان بە دەستی هێزی پێشمەرگە کوژران. ژمارەی کوژراوانی دوژمن لەنێو ئەو گوردانەدا لە چل کەس زیاتر بوو، زۆربەی ئەو کەسانەی لەنێو گوردانەکەدا کوژران لەلایەن پێشمەرگەکانەوە شناسایی کران. چەکوچۆڵێکی بەرچاو کەوتە دەستی هێزی پێشمەرگە و باقی شتەکانی دیکە کە ئیمکانی ڕاگواستنیان نەبوو ئاگریان تێبەردرا.

ئەو تیمەی کە بۆ لێدانی مۆڵگەی پێش گوندی کانیەزەرد دیاری کرابوو، تا کۆتایی شەڕەکە ئاگریان بەسەر مۆڵگەکەدا

باراند. ئێمەش تا کاتی دیاریکراو لەسەر جادە ماینەوە و دوابەدوای دەستبەسەرداگرتنی گوردان و کۆتایی عەمەلیات بەرەو شوێنی دیاریکراوی خۆمان گەڕاینەوە.

لە نیزیک گوندی دۆڵیخانوان، یەکمان گرتەوە، کاتێک ئێمە گەیشتینەوە لای هاڕێیانی دیکە و جەنازەی شەهید عەلیمان بینی، لە ڕادەبەدەر ناڕەحەت بووین، من بۆ لەدەستدانی شەهید عەلی زۆر بە پەرۆش بووم، چونکە نەک هەر وەک فەرماندە، فەرماندم بوو، بەڵکوو لە خۆشەویستترین ڕەفیقەکانیشم بوو. ڕۆژانێکی خۆش و ناخۆشمان بەیەکەوە تێپەڕاندبوو؛ چەند کاتژمێر پێش بە یەکەوە گاڵتەمان دەکرد،کەچی ئێستا دەبینم شەڵاڵی خوێن بووە و لەنێو دۆڵێک لە تەنیشت هاوسەنگەرانی جەنازەکەی دانراوە و بۆ هەمیشە چاوەکانی لەسەریەک داناوە. هەرچی بیر دەکەمەوە ڕۆژ لەو ڕۆژانە ناخۆشتر نابن، بەڵام ئازادی بۆ گەلێکی ژێردەست نرخی خۆی دەوێ. لە بیرمە شەهیدی فەرماندە حەمە نارستی ڕووی لە من کرد و بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە گوتی؛ بەگە! عەلیش وەک شەهید خالید ماڵئاوایی لێ کردین.

دوای پشوویەکی کورت، بووین بە دوو دەستە؛ دەستەیەک لە کادر و پێشمەرگەکان بە سەرپەرستی هەر دوو تێکۆشەری ڕۆژە سەختە کان، خدر خانەی و مەلا حوسێنی زێوەیی لەگەڵ چەند کەسی دیکە بە مەبەستی بە خاکسپاردنی جەنازەی شەهید عەلی و مانەوە لە ناوچە لە ئێمە جیابوونەوە. ئێمەش زۆربەی هێزەکە بەرەو بنکەکانمان لە "کونەماری" گەڕاینەوە. هەرچەند گەڕانەوەمان بەو سنووردا زۆر سەخت بوو، بەڵام بڕیاری گەڕانەوە درا. گەڕانەوەمان بە نیزیک "قاسمەڕەش"دا بوو، زۆر لە مۆڵگە نیزیک بووین و هێزی زۆر دەبێ تا دەتوانێ خۆی

لە چاوی دوژمن بپاریزێ. سەرئەنجام لەسنوور دەربازبووین و گەڕاینەوە بنکەکانی خۆمان.

لە کونەمارێ هەواڵی شەهیدبوونی عەلی باساوەیی، فەرماندەی ڕۆژە سەختەکانی خەبات و گرتنی گوردان و چۆنیەتیی ئەو عەمەلیاتە بە خێرایی بڵاوبۆوە و هەتا ماوەیەک هەر باسی ئەو قارەمانەتییەی هێزی پێشمەرگە دەکرا و هاوڕێیانی شەهید عەلی لەوەی کە هاوڕێ و فەرماندەکەیانیان لەنێو خۆیاندا نەدەدی خەمبار بوون بەڵام خۆیان بۆ تۆڵە و درێژەدانی ڕێگەکەی ئامادە دەکرد.

- **دەسبەسەرداگرتنی مۆڵگەی پشتی ئاوایی گرژاڵ**

دوای تێپەڕینی ساڵانێکی دوورودرێژ هەروا دەزانم ئێستایە، هیچکام لە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکانی ئەو کاتە لە فکر و خەیاڵمدا کۆن نابن. هەنگاو بە هەنگاوی ئەو کاتەم هەر لە یادە و قەت فەرامۆشی ناکەم. چونکە ڕابردووی خۆم و هاوڕێکانی ئەو کاتە بۆم بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانم، هەربۆیە قەت نە لە خوێندنەوە و نە لە نووسینەوەی ماندوو نابم. هەمیشە شانازی دەکەم کە لەگەڵ هەڤاڵەکانم لە دروستکردنی مێژوویەکدا بەشدار بووم کە نەسڵ بە نەسڵ تا ڕۆژی ڕزگاری نەتەوەکەم بە بەردوامی دەچێتە پێشێ.

دوای گرتنی گوردانی وەردێ، جارێکی دیکە تێکۆشەرانی هێزی گیارەنگ هەنگاو بۆ گرتنی مۆڵگەیەکی دیکەی دوژمن هەڵدێننەوە بۆ ئەوەی نە تەنیا نەهێڵن دوژمن بە خەیاڵی ئاسوودە لە ناوچەکە ڕمبازێن بکات، بەڵکوو وایلێبکەن کە لە سێبەری خۆیشی بترسێ.

هێشتا خەمی لەدەستچوونی شەهید عەلی باساوەیی لە ڕوخساری هەموومانـدا بـەدی دەکـرا، هـەر واماندەزانی خەیاڵە و هـەر دێتەوە و وەک جاران پێشڕەو و پێشەنگمان دەبێ. بەڵام داخـی گرانم سەفەرێکی بێ کۆتایی بوو، تـازە هەرگیز جارێکی دیکە لەنێو کۆڕی هاوسەنگەرانیدا بـەدی ناکرێ. بەڵام لەوە دڵنیا بووین کە ڕێگە و ڕێبازی هـەر بەردەوامە.

ئەمجارەیان بۆ وەشاندنی گورزێکیتر لە دوژمن، مۆڵگەی پشتی ئاوایی گرژاڵ لە لایەن فەرماندە چاونەترسەکانی ئەو کاتی هێزی گیاڕەنگ زانیاریی وردی لەسەر کۆکرابۆوە کە بەهۆی چڕی ناوچەکە دەکرا بەرنامەی زۆر گەورە لە سەر هێزی دوژمن بەڕێوە بچێ.

لە ناوچەی سەردەشت زۆر بە کەمی دوژمن توانیویەتی بەرنامە لەسەر هێزی پێشمەرگە جێبەجێ بکات، بەڵکوو زۆرتر هێزی پێشمەرگە بەرنامەی زەبرلێدانی لەسەر هێزەکانی دوژمن جێبەجێ کردوە کە ئەوەش بە هۆی جوغرافیای ناوچەکەیە کە زۆربەی بە لێڕەوارێکی پڕ داپۆشراوە و دوژمن بەکەمی دەیوێرا خۆی لێ بدا.

چەند ڕۆژ پێش دەسپێکی عەمەلیاتەکە هێزێکی تێکەڵاو لە کادر و پێشمەرگەکانی هێزی گیاڕەنگ بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین. ئامانج لەو جەولەیە هەم گرتنی مۆڵگەی پشتی گوندی گرژاڵ بوو و هەم لێدانی جەولە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی سەردەشت بوو. دوای تاقیبێکی وردی سنوور لەلایەن پێشمەرگە شارەزا و چاوساغەکانی ئەو سەردەمە کە بە نەزەری من کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی ئەو کاتەی هێزی گیاڕەنگ لە سنووری ناوچەکە سەختترین ئەرکیان بەڕێوە دەبرد، بۆ پاراستنی گیانی ڕەفیقەکانیان زۆر جار بە چەند ڕۆژ لە سنوور ماونەوە و بە

کەمترین ئیمکانات پیلانەکانی دوژمنیان لە گۆڕ دەنا. مەیدانی مینەکانی دوژمنیان بە وریاییەوە پاک دەکردەوە تا هاوڕێکانیان بەبێ زیان لەو سنووره ئاودیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا. چەند کەس لەو تێکۆشەرانە بەهۆی تەقینەوەی مین و کەمین لە سنوورەکان شەهید بوون.

ئەو هێزەی کە ئەو جارە بۆ گرتنی مۆڵگەی گرژاڵ دیاری کرابوو هەر دوو تێکۆشەری ڕاستەقینەی ئەو مەیدانە؛ حەمە نارستی و عەبدوڵڵای شەخسە بە هاوڕێیەتی چەند فەرماندە و کادر و پێشمەرگەی قارەمان و چاونەترس چووینە نێو گوندەکانی ناوچەی بوڵفەتی سەردەشت. دوای ماوەیەک گەشت و گەڕان لەنێو خەڵکی دەڤەرەکە بەرەو شوێنی مەبەست، واتە "ڕەشەگەڵوو" کە زاڵ بوو بەسەر مۆڵگەکەدا درێژەمان بە بڕینی ڕێگە دا. لە نیوەشەوێکی درەنگدا خۆمان گەیاندە شوێنی دیاریکراو و لەوێ ماینەوە تا لەوێوە بەیانی هەموو جموجۆڵی دوژمن بخەینە ژێر چاوەدێری خۆمان. ئەو کاتە لە زۆربەی ناوچەکان تەقەمەنیی پێویستی شاراوەمان هەبوو، بۆ ئەوەی ئەگەر لە هەر ناوچەیەک تووشی شەڕ بووین کەلکی لێوەربگرین. هەر بەشە لەو تەقەمەنییە کۆمەڵێک لە کوڕەکان ئاگاداری دەبوون. دیار بوو لەوێش بۆ جێبەجێکردنی ئەو عەمەلیاتە تەقەمەنیی شاراوە هەبوو، بەڵام زۆرجار زۆر بە زەحمەت بۆمان دەدۆزرایەوە و ئەوجارەش هەروامان بەسەر هات. زۆر بە زەحمەت توانیمان تەقەمەنییەکە بدۆزینەوە. دوای داڕشتنی ئەو گەڵاڵەیە، لە پشتی ئەو مۆڵگەیە مۆڵگەیەکی دیکە زیاد کرابوو کە دەکرێ بڵێم زیادکردنی ئەو مۆڵگەیە بڕێک ئاستەنگی درووست کردبوو بەڵام گەڵاڵەکە تێک نەدرایەوە و جێبەجێ کرا.

دوای گەشتێکی سیاسی و نیزامی لە ناوچەی بوڵفەتی سەردەشت

لەنێو ئەو خەڵكەی كە هەمیشە لە درێژەی خەبات و تێكۆشاندا یار و یاوەری هێزی پێشمەرگەی كوردستان بوون، بۆ مانەوە چووینە نیزیك مۆڵگەكە. هەر ئەو ڕۆژە فەرماندەكان لە دەوری یەك كۆبووینەوە تا لەسەر چۆنیەتی گەڵاڵەی عەمەلیاتیی ئەوجارەمان بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی ئەو مۆڵگەیە باس و ڕاوێژ بكەین. لەو كۆبوونەوەدا هەموو پێشمەرگەكان بەسەر سێ دەستەدا دابەش كران، دەستەی یەكەم بە سەرپەرستی كاك عەبدوڵڵای شەخسەی هاوڕێ لەگەڵ كۆمەڵێك لە پێشمەرگە تێكۆشەر و ئازاكان وەك دەستەی هێرش بۆ سەر مۆڵگەكە، دەستەی دووهەم بە سەرپەرستی كاك بەكرە مارەغانی بۆ لێدانی ئەو مۆڵگەیەی كە لە پشتی مۆڵگەی دیاریكراو هەڵكەوتبوو، دیاری كران و، دەستەی سێهەم كاك حەمە نارستی وەك فەرماندەی گشتیی عەمەلیات سەرپەرستی دەكرد و منیش لەگەڵ ئەو دەستەیەدا بووم. هەر لە شوێنی مانەوە كە زاڵ بوو بەسەر مۆڵگەكەدا ماینەوە تا لەوێوە بە چەكی قەنناسە و بی كەی سی لە مۆڵگەكە بدەین و تیمی هێرش لە ژێر ئاوری ئەو تیمەی ئێمەدا هێرشی خۆیان بۆ سەر مۆڵگەكە دەست پێ بكەن.

ئەو ڕۆژە زۆر خەریك بووین تا توانرا تەقەمەنییەكە بدۆزینەوە كە لەو شوێنە پێشتر ژێرخاك كرابوو. تەنیا دوو كەس دەیانزانی لەكوێ حەشار دراوە. دوای دیتنەوەی تەقەمەنییەكە، شەوێ دەستەیەك لە پێشمەرگەكان چون بۆ گوندی گرژاڵ. كە هاتنەوە چوار لیتر بەنزینیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو هەتا لە گوللە "ئار بی جی"ەكانی بكەن بۆ ئەوەی مۆڵگەكە زوو ئاور بگرێ. ئەو ڕۆژە هەموو جموجۆڵی نێو مۆڵگەكە لە شوێنی مانەوەرا لە ژێر چاوەدێریدا بوو.

سەرئەنجام لە ئێوارەیەكی درەنگدا هەر دوو تیمەكەی دیكە

بەرەو شوێنی خۆیان وەڕێکەوتن. کاتێک هەر دوو تیم لە شوێنی خۆیان جێگیر بوون و چاوەڕێی دەستووری فەرماندەی عەمەلیات بوون، لەلایەن کاک حەمە نارستییەوە بە بێسیم قسە لەگەڵ هەموو تیمەکان کرا. لە یەک کاتدا هەر دوو مۆڵگەکە بەتوندی کەوتنە بەر هێرشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە خەستی ئاورباران کران. لە ماوەیەکی کورتدا دەستەی هێرش لە ژێر ئاوری چەکی دەستی پێشمەرگەکانی دیکەدا خۆی گەیاندە بن سەنگەرەکانی مۆڵگەکە و لە دوای شەڕێکی کورت، مۆڵگەکە بە تەواوی دارما و هێزی نێو مۆڵگەکە کۆمەڵێکیان کوژران و ئەوانی دیکەش هەڵاتن و پێشمەرگەکان بەبێ زیان توانیان دەست بەسەر مۆڵگەکەدا بگرن. لەنێو مۆڵگەکەدا چەند پارچە چەکی جۆراوجۆر وەک دەسکەوت کەوتنە دەستی پێشمەرگەکان و پەدافەندێکی گەورە کە ئیمکانی ڕاگواستنی نەبوو لەگەڵ باقی شتەکانی دیکە ئاوریان تێبەردرا.

تیمەکەی دیکەش تا کۆتایی عەمەلیات ئاگریان بە سەر مۆڵگەی نێوان گوندەکانی زەلێ و گرژاڵدا باراند.

دوای دەستبەسەرداگرتنی ئەو مۆڵگەیە، فەرماندەی عەمەلیات دەستووری گەڕانەوەی دا. لە بەرەبەری ڕۆژئاوابووندا دوای ئەوەی هەموومان یەکمان گرتەوە و دوای ئەو عەمەلیاتە سەرکەوتوانەیە، درێژەمان بە گەشتی خۆمان دا. دوای دوورکەوتنەوەی ئێمە دوژمن ناوچەکەی بە خەستی تۆپباران کرد. بەڵام ئێمە بێزیان بووین.

گرتنی ئەو مۆڵگەیە وەک زۆر عەمەلیاتی دیکە سەرکەوت و لە ناوچەکە دەنگی دایەوە و وەک عەمەلیاتێکی سەرکەوتوو چاوی لێدەکرا.

بەم جۆرە جارێکی دیکە تێکۆشەرانی هێزی گیارەنگی سەردەشتی

سەرسەوز، بە لێهاتوویی خۆیان توانیان عەمەلیاتێکی سەرکەوتووی دیکە لەسەر هێزی دوژمن بەڕێوەبەرن. جێی خۆیەتی لێرەوە جارێکی دیکە سڵاو بنێرین بۆ ئەو تێکۆشەرانەی کە لەو عەمەلیاتەدا بەشداربوون و سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەو کەسانەی لە ساڵەکانی دواییدا شەهید بوون.

- **هێرشی دوژمن بۆ سەر کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ**

بەدوای کۆتایهاتنی شەڕی نێوان حکومەتەکانی ئێران و عێراق و کەمبوونەوەی گرژییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە، ئاستەنگەکانی بەردەم شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵات و باشوور زیاتر بوون. کۆماری ئیسلامیی ئێران بەدوای ئەو زەبرە کاریگەرانەی کە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەی سەردەشت وێیکەوتبوون، پیلانێکی گەورەی بۆ دۆڵی سونێ و کونەمار داڕشتبوو کە ئەو کاتە هێزی گیاڕەنگ و کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بنکە و بارەگاکانی لەو ناوچەیە بوون. دەکرێ بگوترێ کونەمار و سونێ دەروازەیەکی گرینگ بوون بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان.

کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێ ئەو دەروازە لەبەریەک هەڵتەکێنێ لەمێژبوو بۆی لە بەرنامەدا بوو. کاتێک هێزی دوژمن لەلایەن چەند کەسی بەکرێگیراو خەبەری پێ دەگات کە زۆربەی کادر و پێشمەرگەکانی هێزی گیاڕەنگ لە ناوچە دان و بۆ ئەرکی حیزبی گەڕاونەتەوە نێوخۆی وڵات، لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرێ و هێزێکی زۆر کۆدەکاتەوە و بە هەموو ئیمکاناتی پێویستەوە درەنگانی شەوێک هێرش دەکاتە سەر

کۆمیتـەی شارستان تـا بـەو هێـزە گـەورە دەست بەسـەر  بنکەکانـی کۆمیتـەی شارسـتان‌دا بگـرێ.

پیلانەکـە ئەوەنـدە گـەورە و مەترسیدار بـوو کە ڕەنگـە گێڕانەوەی هـەروا ئاسـان نەبێ.

شـەوێ هێزێکـی گـەورەی دوژمـن پێکهاتـوو لـە پاسدار و جاشـی بەکرێگیـراوی شـارەزا لــە هەمــوو فەننەکانــی شــەڕ، لــە چیــای جاسووسـانەوە بـەرەو کونەمـار شـۆڕ دەبنـەوە تـا خۆیـان دەگەیەننە دەوروبـەری بنکـەی کۆمیتـەی شارسـتانی سەردەشـت. هاتنـی ئـەو هێـزە گـەورەی دوژمـن بـۆ چەنـد سـەد میتـری بنکـەی کۆمیتـەی شارسـتان، ناکرێ کەسـانی چاوسـاغی لەگەڵـدا نەبووبـێ.!! بـەڵام تـا ئێسـتاش بـە ڕەسمی لەسـەر کـەس لـە ناوچەکـە سـاغ نەبـۆوە. دیـارە هێندێـک کەسـی گومانلێکـراو هەبـوون، بـەڵام بەداخـەوە وەک زۆر جـاری دیکـە مەسـەلەکە پشـت گوێ خـرا و هیـچ لێپرسینەوەیەک نەکـرا.

پیلانەکـە بـەم جـۆرە بوو؛ سـەرەتا هێـزی دوژمن دیانهـەوێ هەموو دەوروبـەری کۆمیتـەی شارسـتان بۆمبڕێـژ بکـەن، هێزێکـی زۆریـش لـە دەوروبـەر جێگـر کرابـوو. دوای ئـەوەی لـە دانانـەوەی بۆمبەکاندا سـەرکەوتوو بـوون، بەشـێوی تەڵەیـی لـە بەرەبەیانـدا تەقـە لـە بنکەکانـی کۆمیتـەی شارسـتان بکـەن بـۆ ئـەوەی پێشـمەرگەکان لێیـان وەدەسـت بێـن و بـە دەوروبـەری مەقەڕەکانـدا کـە بۆمبڕێـژ کـراون بـڵاو ببنـەوە و بـەم جـۆرە بیانخەنـە نێـو بۆمبـە چێنـراوەکان و هەمیـش بـە هێـزی پیـادە هێـرش بـۆ سـەر کۆمیتـەی شارسـتان دەست پـێ بکـەن. دیـارە ئەگـەر بـە وردی سـەیری پیلانەکـە بکەیـن، ڕەنگـە دوژمـن سـەرکەوتنی وەدەسـت هێنابـا. بـەڵام ئەوەیکـە لـە کاری تەخریبـدا دەوتـرێ "ئەوەڵیـن هەڵـە، ئاخیریـن هەڵەیـە"، ئـەوەش ڕاسـت وا دەرچـوو. شـەوێ لـە کاتـی دانانـەوەی بۆمبەکانـدا

یەکێک لە کەسە شارەزاکانی داڕێژەری ئەو پیلانە، لە پشت بنکەکان واتە لە چەند سەدمیتری کۆمیتەی شارستان بۆمبێکی لە دەستدا دەتەقێتەوە و پیلانەکە ئاشکرا دەبێ.

دوای تەقینەوەی ئەو بۆمبە هێرش بۆ سەر کۆمیتەی شارستان دەست پێ دەکات. هێرشێک کە لە هەموو شوێنە زاڵەکانی دەوروبەر ڕا ئاگر بەسەر بنکەکاندا دەبارێ. لەگەڵ ئەوەیکە کۆمیتەی شارستان لە ژێر هێرشێکی توندا بوو، بە تەواوی لە هەر چوار دەوریشی بە هێزی دوژمن گەمارۆ درابوو. گەمارۆیەک کە تەنیا بە ئیرادەی پێشمەرگە دەتوانێ تێک بشکێندرێ و هاوسەنگیی شەڕەکە بگۆڕێ. ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی لەوێ بوون، زۆر کەم بوون. دوو ڕێگایان لەبەربوو؛ یان دەبوو لەنێو ئاگر و ئاسندا بسووتێن و بنکەکەیان بکەوێتە دەستی دوژمن، یان قۆڵی هیممەت هەڵماڵن و شەڕی مان و نەمان لەگەڵ دوژمن بکەن. لە کۆتاییدا وەک زۆر جاری دیکە، ڕێگای بەرەنگاربوونەوە دەگرنە بەر و شەڕێکی سەخت و دژوار لەگەڵ دوژمن دەست پێ دەکەن. لە کۆمیتەی شارستان، پەلی فەرماندەیی و کادرەکانی کۆمیتە شارستان شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ دوژمن دەست دێتە ئاراوە. پێشمەرگەکان لەگەڵ ئەو هێزە دەکەونە شەڕی سەنگەر بەسەنگەرەوە و لە خوارەوەش پێشمەرگەکانی لکی سێی هێزی گیارەنگ هێرشەکانی خۆیان بۆ سەر هێزی دوژمن دەست پێدەکەن. بەم جۆرە پەلاماری هێزی دوژمن دەدەن و لە چەند میتری کۆمیتەی شارستان لەگەڵ دوژمن دەکەونە شەڕێکی دەستەویەخەوە. بە هیممەتی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی پەلی فەرماندەیی و کادرەکانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و قارەمانەکانی لکی سێ، ئەو هێزەی دوژمن دەشکێ و بەرەو دواوە ڕادەکا.

بەمجۆرە بە ئیرادەی تێکۆشەرانی سەردەمی خەباتی چەکداری پیلانە گڵاوەکەی دوژمن لە گۆڕ دەنرێ و کۆمیتەی شارستانی سەردەشت لە گەمارۆی هێزی دوژمن ڕزگار دەبێ. کاتێک هێزی دوژمن بەرەو جاسووسان پاشەکشە دەکەن، پێشمەرگەکان وەدوایان دەکەون تا بە مەودایەکی زۆر لە کۆمیتەی شارستان دووریان دەخەنەوە و ڕەپێیان دەنێن. لەو پەلامارەدا کۆمەڵێک پاسداری بەکرێگیراو دەبنە قوربانیی پیلانە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی و دەکوژرێن و چەندین پارچە چەک دەکەونە دەست هێزی پێشمەرگە.

ڕۆژی دواتر ڕێژیم بۆ چەند جارێک خەڵکی گوندەکانی دۆڵەتوو و گۆڕەشێر و داوداوە دەنێرێ بۆ بردنەوەی کوژراوەکانیان. ئەوان وەها سەریان لێ شێوابوو کە نەیانتوانیبوو کوژراوەکانی خۆیان لەگەڵ خۆیان بەرنەوە. دوای چەند ڕۆژێک بە ناردنی خەڵک و بە زەحمەت توانیان لاشەی چەند کوژراوێکی دوژمن بەرنەوە گوندی دۆڵەتوو.

هەموو ئەو بۆمبانەی کە دایاننابوونەوە بەجێمابوون و کەوتنە دەستی هێزی پێشمەرگە. لەو شەڕەدا ناکرێ کاریگەریی ئەو دۆشکەیە لەبەرچاو نەگیرێ کە لە لکی سێ، سەنگەری بۆ درووست کرابوو. بە تایبەت لەنێو پێشمەرگەکاندا چەند پێشمەرگەیەک ڕۆڵی کاریگەرییان گێڕابوو بۆ شکاندنی هێزی دوژمن لەم هێرشەدا.

بەمجۆرە ئەو جارەش یەکێک لە گەورەترین پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بە دەستی تێکۆشەرانی هێزی گیارەنگ تێک شکا. دەکرێ بگوترێ ئەوە یەکەم پیلان بوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ چۆڵکردنی ئەو ناوچەیە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دایڕشتبوو.

لێرەدا جێگای خۆیەتی سڵاوێکی گەرم بنێرین بۆ پێشمەرگەکانی پەلی فەرماندەیی و کادرەکانی کۆمیتەی شارستان و لکی سێ کە سەرەڕای کەمیی هێزیان توانیان ئەو هێزەی دوژمن تێکبشکێنن کە بۆ لەنێوبردنی بارەگا و بنەماڵەکانیان هاتبوون. ئافەرین بۆ تێکۆشەرە بە بیروباوەڕەکانی ئەو سەردەمەی خەباتی حیزبی دێموکرات کە ئامادە بوون لەپێناو بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا گیانیان فیدا بکەن و زۆریشیان هەر لەو ڕێگەیەدا گیانیان فیدا کرد.

## • گوشارەکان بۆ چۆڵکردنی بنکە و بارەگاکانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ لە "سونێ"

بە دوای ئەو هێرشە بەربڵاوەی کە کرایە سەر کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ و بە هیممەت و ئازایەتیی ڕۆڵەکانی گەل لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوو، هەوڵە دژیگەلییەکانی ڕێژیم بە مەبەستی چۆڵکردنی ئەو ناوچەیە هەتا دەهات زیاتر دەبوو. لەو سەردەمەدا عێراق و ئێران زیاتر لێک نێزیک دەبوونەوە، چاوەڕوان دەکرا ئاستەنگەکان زیاتر بن. بۆیە لەلایەن حکومەتی ئەو کاتی عێراقەوە چەند جارێک ئاگادار کراینەوە کە دەبێ ناوچەکە چۆڵ بکەین!!. حیزب هەوڵی زۆریدا تا ئەو دەروازەیە لە سنوور کە لە چۆنیەتیی لەگەڵ هاتوچۆی هێزی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی وڵات و پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا شوێنێکی ستراتژیک بوو، بپارێزێ. بەڵام بەداخەوە هەوڵەکان بێئاکام بوون.

ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی پاییزی ١٣٦٩ی هەتاوی بێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بین، بە دەیان ماشێنی بارهەڵگری گەورە و بچووک

کە هەمــوو شــۆفیرەکانیان خەڵکــی باشووری کوردســتان بــوون لــە لایــەن حکومەتــی عیراقــەوە بــەرەو ســونێ بەڕێکرابــوون و گەیشــتنە ســونێ. مــاوەی ٢٤ کاتژمێریــان مەجــال پێدایــن کــە ناوچەکــە چــۆڵ بکەیــن و پێیــان ڕاگەیاندیــن کــە ئەگــەر ناوچەکــە چــۆڵ نەکــەن، بــە هەمــوو جــۆرە چەکێــک لێمــان دەدەن.!! بۆیــە ناچــار بە گواســتنەوەی مەقــەڕ و ماڵەکانمــان کرایــن. لــە کاتــی بارکردنــدا چەنــد جــار بــە تۆپــی دوورهاوێــژ دەوروبــەری بنکــە و بنەماڵەکانمــان کەوتنەبــەر هێرشــی تۆپخانــەی حکومەتــی عێــراق. ئامانــج لــەو کارە تەنیــا بــۆ ئــەوە بــوو کــە هەرچــی زووتــر ئــەو شــوێنە چــۆڵ بکەیــن. بەڕاســتی ڕۆژێکــی ناخــۆش بــوو، لــە مــاوەی ٢٤ کاتژمێــردا ناوچەکــە بــە تــەواوی چــۆڵ کــرا و هەموومــان بــۆ بنــاری قەندیــل گوازراینــەوە.

وەزعێکــی زۆر خراپمــان هەبــوو هــەر ماڵــە لــە جێگایــەک بــوو، وەرزی ســارد و ســەرما بــوو، دەبــوو هــەم بۆ مەقــەڕەکان و هــەم بۆ بنەماڵــەکان جێگــەی ژیــان و حەوانــەوە درووســت بکەیــن. شــوێنی ئێمــە و هێــزی زمزیــران، گونــدی "بۆکریســکان" بــوو. لــە کاتــی ڕاگواســتنمان لــە ســونێوە بــۆ بنــاری قەندیــل، کۆمەڵــە خەڵکێکــی دیکــە لــە دەوروبــەری ســونێ بــوون، خەریکــی کار و کاســبی بــوون و وەزعیــان لەوپــەڕی خراپیــدا بــوو. چەنــد کەســێک لــە ناچــاری خۆیــان تەســلیم بــە حکومەتــی ئێــران کــردەوە و کۆمەڵێکیــش بــەدزی لــەوێ مانــەوە.

لــە پاییزێکــی دەرنگوەختدا لە گوندی بۆکریسکانی بنــاری قەندیل دەســتبەکار بووین؛ دەبــوو هــەم شــوێنی حەوانــەوە بــۆ خۆمــان وەک پێشــمەرگە ســەڵتەکان درووست بکەیــن، هــەم هاوکاریــی بنەماڵــەکان بکەیــن و هــەم ســاڵۆنی نانخــواردن و ئاشــپەزخانە ســاز بکەین. بۆیە پێشــمەرگەکان هەموویــان خەریکــی کارکــردن بوون. فشــارێکی زۆرمان لەســەر بــوو، بــەڵام بــە هیممــەت و ئیــرادەی پێشــمەرگەکان، کارەکان

باش دەچوونە پێشێ. ئێمە سەر بە لكی سێ بووین، چەند ڕۆژ پێش ڕاگواستنمان لە سونێ، سەرپەلەكەمان بریندار بوو، بۆیە ئەركی ئەو پەلە كەوتە سەرشانی من. بۆ ئەوەی بە هاوكاریی كوڕەكانی دیكە بتوانین ئەركەكانمان بە باشی جێبەجێ بكەین، ڕۆژانە كار و ئەركەكانمان دابەش دەكرد. هەمووومان بەشداریی كارەكانمان دەكرد، بێ ئەوەی هیچ چاوەڕوانییەكمان هەبێ دڵسۆزانە كاری خۆمانمان دەكرد. سەرەڕای هەموو فشارەكان دوای نیشتەجێبوونمان لە بۆكریسكان و سەرەڕای ئەو هەموو كارە زۆرەی كە ڕۆژانە دەبوو كردبامان بەڵام گەڕانەوە بۆ سونێ جارێكی دیكە لە دەستەی بچووكدا هەر لە ئارادا بوو، بەڵام بە نەهێنی و تەواو پارتیزانی.

دوای ماوەیەك لە مانەوەمان لە بناری قەندیل، دەستەیەك لە پێشمەرگە و كادرەكانی كۆمیتەی شارستان بە شێوەیەكی نەهێنی جارێكی دیكە گەڕانەوە سونێ و تا كاتی ڕاپەڕینی خەڵكی باشووری كوردستان لە ناوچەكە مانەوە. بەڵام مانەوەیەكی سەخت و تەواو پارتیزانی كە بەهاوكاریی چەند كەسێكی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر ئەو تیمە لە ناوچەكە خەریكی ڕاپەڕاندنی ئەركی حیزبی بوون.

ناكرێ باسی سونێ و كونەمار بكەی بەڵام باسی بنەماڵە تێكۆشەر و نیشتمانپەروەرەكەی حاجی خدری بەرقسڵ نەكەی كە بەڕاستی هەمیشە پشت و پەنای ئێمە بوون. لە ناوچەكە وەك هەمیشە هاوكار و پشتیوانمان بوون، هەمیشە بە دەستەوەبوون و خەمخۆری ئێمە بوون. دەتوانم بڵێم مانەوەی ئەو تیمە لە پێشمەرگەكان بەشێكی بە هیممەت و پشتیوانیی ئەو بنەماڵە بەڕێزە بوو.

دوای گەڕانەوەی ئەو تیمە بۆ ناوچەكە ئێمەش لە بناری قەندیل

خەریکی کار و تێکۆشانی خۆمان بووین، ڕۆژانە ئەرکەکانمان دابەش دەکرد و هەر کەسە ئەرکی پێسپێردراوی خۆی ڕادەپەڕاند. ڕۆژێکیان وەک ڕۆژەکانی دیکە دوای دابەشکردنی کارەکان من لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک خەریکی درووستکردنی شوێنێک بووین بۆ ئەو ولاغانەی "هێستر" کە پێمان بوون؛ ئەو کات هەر پەلە پێشمەرگەیەک هێستریکی هەبوو کە بار و شتومەکی قورسمان لێ بار دەکردن. کاک ڕەسووڵ عەزیزی- ڕوحی شاد بێ - ئەو کات فەرماندەی لکی سێ بوو، هات و پێی گوتم؛ کاک کاوە بەهرامی - کە فەرماندە هێزمان بوو- دەڵێ کەسێک بنێری بۆ ئەوەی لە خانوەکەی ئێمە کار بکات. منیش گوتم وەڵڵا جارێ کەسمان بەدەستەوە نیە و هەموویان خەریکی کارن. زۆری نەبرد کاک کاوە هات و زۆر بە ناشیرنی قسەی لەگەڵ کردین، منیش گوتم کاک کاوە! ئێمەش ئەوە خەریکی کارین و خۆت دەبینی کە کەسی بێکارمان بە دەستەوە نییە و لەگەڵ کاک کاوە لێمان بوو بە کێشە. کاک کاوە ڕۆیشت و ئێمەش سەرقاڵی کارکردن بووین، دوای چەند خولەکێک نامەیەکیان بۆ هێنام و پێیان ڕاگەیاندم کە نەقڵ کراوی!!!. منیش چوومەوە بۆ مەقەڕ و خۆم پێچایەوە و کەلوپەلەکەم هەڵگرت و دەستم دایە چەکەکەم کە بڕۆم، کەچی پێیان ڕاگەیاندم کە کاک کاوە دەڵێ؛ "چەکی پێ نادەم، بۆیە نابێ چەکەکەی بەرێ"!! منیش گوتم من نەقڵ کراوم خۆ لە حیزب دەرنەکراوم، چۆن دەبێ چەکی خۆم نەبەم؟! گوتیان؛ نابێ. بەهەرحاڵ بە دڵشکاوی و نیگەرانییەوە بەرەو "بۆڵێ" کە بنکەی دەفتەری سیاسی لەوێ بوو، وەڕێ کەوتم. کە چووم بۆ کومیسیۆنی سیاسی -نیزامی، نامەکەیان خوێندەوە، گوتیان داوایان کردوە کە لە حیزب دەربکرێی!!. منیش گوتم باشە بۆ دەربکرێم؟! من لەگەڵ کاک کاوە تەنیا بەرخوردێکم هەبووە، خۆ خەیانەتم نەکردوە. کاک شاهۆ حوسێنی گوتی؛ ئێمە بڕیاری

هێـز قبـووڵ دەكەیـن. منیـش گوتـم باشـە گـوێ لـە منیـش بگـرن بزانـن كێشـەكە لـە سـەر چییـە. گوتـی بەیانـی وەرەوە. منیـش هـەر شـەوەكەی لەگـەڵ كاك برایـم زێوەیـی - یـادی بەخێـر بێـت - باسـم كـرد كـە ئـەو كات لــە سیاسـی - نیزامـی كاری دەكـرد. شـەهید برایـم لەگـەڵ كاك جەعفـەری حامیـدی باسـی كردبـوو. بـە فشـاری كاك جەعفـەری حامیـدی و شـەهید برایـم زێوەیـی لــە بڕیارێكـی پڕاوپـڕ لــە غـەدر و ناحەقـی ڕزگارم بـوو.

لـەو ماوەیـەدا كـە كاك كاوە بەهرامـی فەرمانـدەی هێزی گیاڕەنگ بـوو، بـە هـۆی مودیرییەتـی خـراپ و توندڕەوانـەی بەڕێزیانـەوە، دەیـان تێكۆشـەری باشـی ئـەو هێـزە بـە دڵشـكاوی ناچاركـران لـە حیـزب بـڕۆن. بە شـێوەیەک كـە دواتر كومیسـیۆنی سیاسـی-نیزامی هاتـە سـەر ئـەو بـاوەڕەی كـە سـنوورێک بـۆ ئـەو فشـارهێنان و خـراپ مودیرییـەت كردنـەی كاک كاوە دابنـێ.

## • پێشمەرگایەتیم لە هێزی پێشەوا و قۆناغێكی دیكە لە خەبات و تێكۆشان

دوای ئـەوەی كـە بڕیـاری دەركردنەكـەم گـۆڕدرا، مـن نەقڵـی هێـزی پێشـەوا كـرام و چـووم بـۆ "ئەسـتێڕۆكان". ئـەو كات كاك مستەفا مەولـوودی، بەرپرسـی كۆمیتـەی شارسـتانی مەهابـاد بـوو و كاک عومـەر باڵەكـی فەرمانـدەی هێـز بـوو. تـا مـاوم چاكـە و موحیببەتـی ئـەو دوو هاوڕێیـەم لەبیـر ناكـەم.

مێـژووی پـڕ كارەسـات و خەباتـی تێكۆشـەرانی ڕۆژهەڵاتـی كوردسـتان هـەروا ئاسـان لەبیـر ناچێتـەوە. لێـرە بـۆ ماوەیـەک ماڵئاوایـی لـە ناوچـەی سەردەشـت دەكـەم و بـۆ ناوچەیەكـی گرینگـی دیكـەی گـۆڕەپانـی خەبـات و تێكۆشـانی پێشـمەرگانە

هەنگاو دەنێم.

بێ گوێدان بە فشار و ئاستەنگەکان تێکەڵ بە تێکۆشەرانی هێزی بەهێزی "پێشەوا" دەبم، ڕێگە سەخت و دژوارەکان دەبڕین تا لەگەڵ هاوڕێکانم بەرەو شوێنی کار و تێکۆشانی خۆمان بگەڕێینەوە.

بە چوونم بۆ هێزی پێشەوا قۆناغێکی دیکە لە ژیانی پێشمەرگایەتیم دەستی پێکرد. هەرچەند سەرەتا بۆ ماوەیەک نیگەرانی بە ڕوخسارمەوە دیار بوو، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا هەموو دڵەڕاوکێ و دوودڵییەک کۆتاییان پێهات. هەر زوو تێکەڵاوی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بووم. کاتێک کە چوومە "ئەستێرۆکان" بەهۆی ساردیی هەواوە، هیچ پێشمەرگەیەک لە ناوچە"نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" نەمابوو و هێزەکان گەڕابوونەوە بنکەکان لە بناری قەندیل. ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی کە حکومەتی عێراق لە ژێر گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا بوو و تا دەهات لاوازتر دەبوو. دەوروبەری مەقەڕەکانی هێزی پێشەوا لە ئەستێرۆکان هەمووی مۆڵگەی سەربازەکانی حکومەتی بەعسی عێراق بوو، بەڵام بێ ئیمکانات و زۆر برسی بوون. وەزعیان تا بڵێی خراپ بوو. زۆرجار بۆ پاروە نانێک ڕوویان لە ئێمە دەکرد. هەرچەند ئێمەش لە عێراق دەژیاین و فشارمان لەسەر بوو، بەڵام ئێمە بە ژیانی پێشمەرگایەتی ڕاهاتبووین دەنا ئێمەش لە باری خۆراکەوە فشارمان لەسەر بوو. لەبیرمە قەندیان بە کڵۆ پێدەداین، نانیش بە پشک بوو!! زۆرجار بەشی نەدەکرد. ئەوەی کە لە حیزبدا دوای ئاگربەسی ئێران و عێراق بە "ڕۆژی ڕەش" ناسرابوو تا ئەو کاتەی کە ڕاپەڕینی باشووری کوردستان و ڕامالێنی دەسەڵاتی ڕێژیمی بەعس لە کوردستان لە ١٩٩١ی زایینی، لەنێو کەمپ و

بارەگاکانی حیزبدا هەر لە جێگەی خۆیدا بوو. چونکە ئەگەر حکومەتی عێراق لە کوردستان ئەو چارەنووسەی بە نسیب نەبا، ڕەنگە ئێمەش چارەنووسێکی باشمان نەبایە. بۆیە بەهۆی نیزیکبوونەوەی عێراق و ئێران لە یەکتری فشارمان لەسەر بوو. بەڵام ئەو هەموو فشارانەی کە لەسەرمان بوون بەهیممەتی هەموومان توانرا ئەو بارە قورسەش لە سەرشانمان سووک بێ و لاپەڕەیەکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان هەڵدرایەوە. جیا لە پشوودرێژی و ئیمان بە درێژەدانی خەبات هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان لە بەردەست نەبوو.

لە هێزی پێشەوا و لە یەکێک لە پەلەکانی ئەو هێزە سازمان درام. ڕۆژانە لە ئەستێرۆکان"شوێنی نیشتەجێبوونی هێزی پێشەوا" خەریکی ڕاپەڕاندنی کاروباری حیزبی بووین. بێجگە لە کاری پێشمەرگانە لە بنکە سابیتەکاندا چەندین کلاسی سیاسی و کۆڕ و کۆبوونەوەیان بۆ پێشمەرگەکان پێکدەهێنا بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان هەم پلە زانیاری و تێگەیشتنیان بچێتە سەرێ و هەم کاتە بەتاڵەکانیان پڕ بکەنەوە.

پاییزی ١٣٦٩ لە هێزی پێشەوا بەشداریی کلاسێکم کرد لە سەر بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب کە زیاتر لە دوو مانگی خایاند. لە کۆتاییدا من بە نەفەری سێهەم دەرچووم و لە لایەن کۆمیتەی شارستانەوە خەڵات کرام و تا ئێستاش ئەو لەوحی ڕێزلێنانەم پاراستووە.

دوای پاشەکشەی هێزەکانی عێراق لە تەواوی کوردستان و چۆڵکردنی مۆڵگەکان، ئێمەی پێشمەرگە لە بەشێکی زۆری ئەو مۆڵگانە جێگیر بووین. هەرچەند هەوا زۆر سارد بوو، بەڵام نەدەکرا ئەو شوێنانە بەجێ بێڵین. چونکە هەموو ئەو شوێنانە بە سەر بنکەی دەفتەری سیاسی و سکرتاریای حیزبدا زاڵ بوون.

دەبوو پارێزگاری لەو شوێنانە بکەین و ئاسایش و ئەمنییەتی دەوروبەری خۆمان بپارێزین.

## • ڕووخانی حکومەتی عێراق و دەرفەتێکی دیکە بۆ خەبات و تێکۆشانی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی دامەزرانییەوە تا ئێستا لە خەبات و تێکۆشانی خۆیدا بە دەیان کەندو کۆسپی هاتۆتە ڕێ. بەڵام بە هیممەتی هەموو تێکۆشەرانی لە ڕێبەرانیەوە بگرە تا سادەترین پێشمەرگەکانی، هەموویان بەپێی توانا بۆ لادانی کەند و کۆسپەکان، بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان و هەوڵدان بۆ مانەوەی ئەو حیزبە تێکۆشاون و خەباتیان کردوە و هەمیشە بە چاوی هیوا هومێدەوە لە دواڕۆژی ئەو حیزبە و خەباتەکەیان ڕوانیوە.

هەروەک لە بەشی پێشوودا باسم کرد بە دوای ئازادبوونی تەواوی باشووری کوردستان لەژێر دەستی هێزی داگیرکەر، دەرفەتێکی گونجاو بۆ کورد هاتە کایەوە کە ئێمەی دڵخۆش کرد و زۆربەی ئەو نیگەرانیانەی کە باڵیان بەسەر بزووتنەوەی سیاسیی کورددا کێشابوو، نەمان و هەلومەرجێکی دیکە لە ناوچەکە درووست بوو کە بەگشتی بە قازانجی کورد دەچوە پێشێ.

لە بناری قەندیل سالی تازە تا دەهات بەرەو خۆشی دەچوو، جموجۆڵ لەنێو کادر و پێشمەرگەکاندا بەدی دەکرا. لە هێزی پێشەواش جموجۆڵی گەڕانەوە بۆ شوێنی کار و تێکۆشانی خۆمان لە ناوچەی مەهاباد، لانکەی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان بە تەواوی هەستی پێدەکرا. ڕۆژی ١٣٧٠/٣/١٢ زۆربەی

هەرە زۆری كادر و پێشمەرگەكانی هێزی پێشەوا و كۆمیتەی شارستانی مەهاباد بە فەرماندەی هێز و بەرپرسی كۆمیتەی شارستانەوە، ئامادەی گەڕانەوە بووین. ڕۆژی چوونەوە بەرە بەرە پێشمەرگەكان لە دەوری ئەو ماشێنانەی كە بۆ گواستنەوەمان تا سنوور ئامادە كرابوون، كۆ ببوونەوە و ماڵئاواییان لە هاوڕێیانی دیكە و بنەماڵەكان دەكرد. لە كاتی بەڕێكردنی ئێمەدا زۆربەی بنەماڵەی كادر و پێشمەرگەكان بە مەبەستی ماڵئاوایی لە خۆشەویستانیان لە دەوری ماشێنەكان ڕاوەستابوون، لە ڕووخسارياندا بە دەيان هەستی خۆش و ناخۆش بەدی دەكرا. بڵێی چی لەوە ناخۆشتر بێ كاتێك كە پێشمەرگەیەك منداڵ و هاوژینەكەی لە ئامێز دەگرێ و نازانێ داخوا جارێكی دیكە دەگەڕێتەوە كە بتوانێ بیانبینێتەوە و لە باوەشیان بگرێتەوە یان نا... !!

بەم جۆرە هەموومان سواربووین و كاروانی ماشێنەكان بەرەو خوارێ شۆڕ بۆوە. لە پرسگەی خوار بنكەكانی ئێمە كاروانی ماشێنەكانی هێزی "بەیان"یش تێكەڵ بە كاروانی ئێمە بوو. هەموومان بەرەو شاری سلێمانی وەڕێ كەوتین. بۆ یەكەمجار بوو ئێمە بەم جۆرە بە ئازادی، بە گۆرانی و چەپڵەڕێزان بەنێو شار و ناوچە ئازادكراوەكانی باشووری كوردستاندا بەرەو ڕۆژهەڵاتی كوردستان تێدەپەڕین. تەژی بووین لە هەستی نیشتمانپەروەری و كوردایەتی. تووشی هەر پرسگەیەك دەبووین، بەڕێزەوە وەریان دەگرتین، ڕاگرتن و گێڕانەوە لە گۆڕێدا نەبوو. كڵاو سووری بەعسی ئیتر پێشیان پێنەدەگرتین و بەرگرییان لێنەدەكردین، ئەوەی بەدی دەكرا هەست و سۆزێكی كوردانە بوو كە هەموو ئەو دەڤەرەی داگرتبوو.

دوای چەند كاتژمێر ڕێگە برین بە ماشێن، هەموومان لە

سنووری چۆمانی بانە دابەزین. کاتێک لەوێ دابەزین چەند پێشمەرگەیەکی هێزی "ئاربابا"ی بانە لەوێ بوون. دیاربوو وەک چاوساغی ئێمە لە ناوچەکە دیاریکرابوون کە لەگەڵ ئێمە بن.

دوای پشوویەکی کورت وا بڕیار درا کە هەر دوو هێزەکە لە "چۆمان"ی بەری باشوور وەمێنن، بەڵام بۆ چاودێریی جموجۆڵی هێزی دوژمن و تاقیکردنەوەی ڕێگا، تیمێک ڕۆژی پێشتر بچنە چیا "گاکڕ" لە بەشی ڕۆژهەڵات. ئەو تیمە کە منیشی لەگەڵ بووم ئێوارێ بەرەو ڕۆژهەڵات وەڕێ کەوتین. لەو تیمە ئەو چەند کەسەم لەبیرە؛ هاوڕێیان حوسێن دۆڵهەرزنی، جەماڵ دەروێشی و شەهید عەلی قۆیتاسی. ئێمە لە هێز جیابووینەوە و ڕێگای هەورازی گاکڕمان گرتە بەر. هەر ئەوانەی کە بۆ جارێکیش هەورازە سەخت و دژوارەکەی گاکڕیان دیتبێ، دەزانن چەند ناخۆش و تاقەتپڕووکێنە. لە نیوەشەوێکی درەنگدا لە چیای گاکڕ سەرکەوتین. هەر کە سەرکەوتین لە نیزیک چیاکە لە دۆڵێکدا ماینەوە. ڕۆژەکەی تەواوی دەوروبەری خۆمان لە ژێر چاوەدێری گرتبوو. ئێوارەکەی سەرکەوتینەوە بۆ سەر ڕێگاکە و چاوەڕوانی هاتنی هێزەکانمان دەکرد. ئەوانیش لە درەنگانێکی شەودا گەیشتنە لای ئێمە. هەموومان بە یەکەوە بەرەو شوێنی مانەوە وەڕێ کەوتین.

ڕێکەوتی١٣٧٠/٣/١٤ لە زنجیرە چیای گاکڕ لە دوو جێگا ماینەوە. پێشمەرگەکانی هێزی بەیان کەمێک لەسەرەوەی ئێمە مابوونەوە، ئێمەش لە خوار ئەوانەوە بووین. بەم جۆرە هەر دوو هێزی "پێشەوا" و "بەیان" بە هاوکاری و چاوساغیی پێشمەرگەکانی هێزی "ئاربابا" بەرەو مەیدانی کار و تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانەی خۆمان وەرێکەوتین.

ئێمە هەمیشە خۆمان دەپاراست لەوەی لە یەکەم ڕۆژەکانی

چوونەوەماندا لەگەڵ دوژمن تووشی شەڕ بین. بەڵام زۆر جاریش ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمە بەدەر دەبوو و تووشی شەڕی دەبووین. ئەو ڕۆژەش هەروا هەڵکەوت، هێزێکی دوژمن لەو دەوروبەرە خەریکی جمووجۆڵ بوو و بەرەو پێشمەرگەکانی هێزی بەیان دەهات. لە دوای نیوەڕۆدا لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی بەیان تووشی شەڕ بوو و لە سەرەوەی ئێمە تەقە دەستی پێکرد. زۆری نەکێشا تەقە نەما و دیدەوانەکانی هێزی بەیان لە هێزی دوژمن هاتنەدەست و چەند کەسێکیان لێ کوشتن و ئەوانی دیکە ڕایان کردبوو و چەند پارچە چەک کەوتنە دەستی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان. ئێوارەی هەمان ڕۆژ دوژمن بەسەختی ناوچەکەی تۆپباران کرد. دوای ئەو تێکهەڵچوونە هەر دوو هێزی بەیان و پێشەوا بەرەو ناوچەی کار و تێکۆشانی خۆمان درێژەمان بە گەشتەکەمان دا.

هەنگاونان بۆ قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەردەوام بوو. سەرئەنجام دوای دوو ڕۆژی دیکەی مانەوەمان لە ناوچەی بانە، بە هاوکاریی پێشمەرگەکانی هێزی ئاربابا، ناوچەی بانەمان جێهێشت و لەگەڵ هێزی بەیان لە نیزیک گوندی گەنمان لەیەک جیا بووینەوە. لە ئێوارەیەکی درەنگدا ماڵئاواییمان لە یەکتری کرد. ئەوان بەرەو ناوچەی بۆکانی بووکی موکریان و ئێمەش بەرەو ناوچەی مەهابادی پێتەختی کۆماری کورستان درێژەمان بە گەشتی خۆمان دا.

دوای چوونمان بۆ ناوچەی مەهاباد و سەردانی گوندەکانی کانیەڕەش و سوێناس، بۆ مانەوە چووینە پشتی گوندی محمودئاوا و لە مووچەیەکماینەوە. دیاربوو کە هەم کۆمیتەی شارستان و هەم بەرپرسانی هێز هەواڵ و زانیارییان لەسەر ناوچەکە وەرگرتبوو کە ئەو هێزە زۆرە هەڵسووڕانی زەحمەتە!!.

بۆیە ئێواریّ فەرماندەکان کۆبوونەوە و وایان بڕیاردا کە هێزەکە بکەن بە دوو بەش؛ بەشێک بەرەو بنکەکانمان بگەڕێنەوە بناری قەندیل و بەشێکش لە قووڵایی ناوچە درێژە بە گەشتی خۆمان بدەین. گەڕانەوە بۆ بنکە بۆ هەموومان ناخۆش بوو، بەڵام ڕەنگە هەموو شتێک لە ئیرادەی هەمواندا نەبێ. من ترسی زۆرم لێ نیشت کە بە من بڵێن دەبێ بگەڕێیەوە چونکە ئەو هێزەی کە دەگەڕایەوە کەسێکی شارەزای وایان لەگەڵ نەبوو. زۆر نیگەران بووم بەڵام وا بڕیار درا کە کاک کەریم حەداد کە خەڵکی ئاوایی نستان بوو، بە چاوساغیی ئەو، ئەو هێزە بەرەو بنکەکان بگەڕێتەوە. لە دابەشکردنی ئەرکەکاندا دەرکەوت کە من لەگەڵ ئەو تیمەم کە لە ناوچە دەمێنێتەوە. ئەوەی لەبیرم بێ بێجگە لە کۆمیتە ناوچەکانی گەورک، مەنگوڕ، شارویران، شامات و چۆمی مەجیدخان، بەرپرسی کۆمیتەی شارستان، کاک مستەفا مەولوودی و سەرجەم ئەوانەی سەر بەم هێز بوون ٢٤ کەس دەبوون. بەرپرسایەتیی نیزامیی ئەو هێزە بە فەرماندەی تێکۆشەر و بە ئەزموون، کاک عومەر باڵەکی بوو. ئێمە هاوڕێ لەگەڵ چەند کەسی دیکە لە سەرلک و سەرپەل و پێشمەرگە لە ناوچە ماینەوە.

لە هەر ناوچەیەک باین کۆمیتەی ئەو ناوچەیە لەگەڵ ئێمە دەبوو و زۆرشیان هاوکاری دەکردین. زۆر جار بۆ ناوچەکانی دیکە لەگەڵمان دەبوون. دوای ئەو دابەشکردنە لە ئێوارەدا هەر تیمەی بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێ کەوت و تیمێک بەرەو بنکەکانمان لە بناری قەندیل گەڕانەوە. تیمەکانی شارویران، مەحاڵ و چۆمی مەجیدخان هاوڕێ لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی لە ئێمە جیابوونەوە و درێژەیان بە ئەرکی خۆیاندا. ئەوەی جێگەی باسە کاک مستەفا لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیان زیاتر لە دوو مانگ لە ئێمە جیا بوو، لە دەشتی کاکی بە کاکی لە

شاوێران و شامات و زۆر شوێنی گرنگی دیكە بۆ بینینی شانە تەشكیلاتییەكانی حیزب لەگەڵ ئەو كۆمیتانەدا بوو كە ئەوە كارێكی سەخت و دژوار و پڕ مەترسی بوو.

ئێمەش بە سەرپەرستی كاك عومەر باڵەكی وەك فەرماندەی هێز كە ئەویش ڕۆڵێكی گرینگی هەبوو، لە قووڵایی ناوچەكاندا درێژەمان بە كاری خۆماندا. ئەو ساڵە زیاتر لە چوار مانگ لە ناوچەماینەوە. لە قووڵایی ناوچەی مەهاباد سەرەڕای كەمیی هێز، توانیمان چەند جارێك هێرشی دوژمن لە ناوچە تێك بشكێنین. با ئەگەر بۆ جارێكیش بێ ناوی ئەو چەند پێشمەرگەیە بنووسم، ئەوانەی لەبیرم مابن هاوڕێیان عومەر باڵەكی، مستەفا گلۆلانی، قادری حاجی عەولای، عەلی قۆیتاسی، كەریم قۆزلوەیی، قالە ڕەبەن، كەریمە سوور، سمایل ئەبدەم، سلێمان كەوتەری، خالید باڵەكی، ڕەزا ئەوینی، تاهیر ڕەشیدی، حەسەن مەحموودئاوایی، وەستا قادر، سەید كەریم، سەید مستەفا و... بەداخەوە ناوی ئەو چەند كەسەی دیكەم لەبیر نییە.

ئەو ساڵە ناوچەی مەهاباد و ڕەبەت هێزێكی زۆری دوژمنی لێ جێگیر كرابوو، بە تایبەت لە سنووری ڕەبەت و مەهاباد لە گەردەنەی زمزیران تا كەپری پشتی گەنمان كە زۆر جار ئەو ناوچە بۆ حەسانەوەی پێشمەرگە كەلكی لێوەردەگیرا، چونكە ناوچەیەكی سەخت و ڕژدە و بۆ مانەوەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان زۆر باش بوو.

ئەو تیمە لە پێشمەرگەكانی هێزی پێشەوا بێ ڕاوەستان بۆ ماوەی چوار مانگ لە ناوچەكانی مەنگوڕایەتی، گەوركایەتی و مەحاڵ و چۆمی مەجید خان درێژمان بە گەشتی خۆمان دا و خەریكی كاروباری حیزبی بووین. لەو ناوچانە لە چەندین

شوێن لەگەڵ هێزی دوژمن دەرگیر بووین، فشاری زۆرمان لەسەر بوو. بەڵام ئێمە بەهیممەتی هەموو لایەک چوار مانگی پڕ دەستکەوتمان لە ناوچە تێپەڕ کرد.

- **بۆسەی هێزی پێشمەرگە بۆ هێزی داگیرکەر لە بەنداوی مەهاباد**

لە ناوچەی مەهاباد لە حاڵی گەشتی سیاسی – نیزامیدا بووین، لە درێژەی ئەو گەشتەدا ڕێکەوتی ١٧ی پووشپەڕی١٣٧٠ی هەتاوی، بۆ پشوودان چووینە نیزیک گوندی قازیاوا. شوێنەکە بۆ مانەوە گونجاو نەبوو، بەڵام ماینەوە. لەنێو پۆلەدارێکدا، جۆگە ئاوێک لە شوێنی ئێمە بەرەو خوارێ دەچوو. لای کاتژمێر ٨ی بەیانی کەسێکی پێمەڕە لەسەرشان هێدی هێدی بەرەو ئێمە دەهات، کە لێمان نیزیک بۆوە، ناسیمانەوە؛ هونەرمەند، تاهیر خەلیلی بوو، پێشوازییەکی گەرممان لێکرد.

ئەو هونەرمەندە لە ڕووخساریدا هەژارییەکی لە ڕادەبەدەر بەدی دەکرا. لێمان پرسی ئەوە بۆ لێرەی، لە وەڵامدا گوتی؛ بە نیوەکار نۆکم کردوون. کاتێک سەیری دەست و پەلت دەکرد، وەزعی زۆر ناجوور بوو. دەردی دڵێکی زۆری لەگەڵ ئێمە کرد و چەند سروودی شۆڕشگێڕی بۆ گوتین. بۆ یەکەمجار هۆنراوەیەکی جوانی بۆ شەهید دوکتۆر قاسملوو ئامادە کردبوو و ئەویشی بۆ گوتین و تا ئێوارێ لامان مایەوە. ئێوارێ لەنێو ئەو پۆلە دارەدا ماڵئاوایمان لە یەکتر کرد، لە کاتی ماڵئاوایی کردندا فرمێسکی هاتنە خوارێ. ئەو بەرەو مووچەکەی خۆی و ئێمەش بەرەو گوندی قازیاوا وەڕێ کەوتین. شەوەکەی چووین بۆ گوندی قازیاوا کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەرەوڕوو

بووین. دوای ئەنجامدانی هەموو کارەکان بەرەو شوێنی مانەوە وەڕێ کەوتین. بۆمانەوە چووینە نیزیک بەنداوی مەهاباد و لەو نیزیکانە ئەشکەوتێک هەبوو و لەوێدا ماینەوە. هێندێک لە هاوڕێیان باسیان دەکرد کە هەستێکی ناخۆشیان هەیە، بەڵام ئێمە نەماندەزانی چ باسە. ئەوەی لەبیرم بێ ئێمە بۆیە چووبووینە ئەو شوێنە کە شەوەکەی لەنێو شاری مەهاباد چالاکییەک بەڕێوە بەرین. شەوەکەی پێش ئەوەی بچینە نێو ئەشکەوتەکە سەگی شوانێک هەستی بە ئێمە کردبوو، بەڵام ئێمە کاری خۆمان درێژەدا. ڕۆژەکەی بۆمان نەدەکرا لە ئەشکەوتەکە دەرکەوین، بەڵام لای کاتژمێری ١١ی پێشنیوەڕۆ دەنگی چەند کەسێک دەهات کە بە فارسی قسەیان دەکرد. دەنگەکە تا دەهات نیزیکتر دەبۆوە. ئێمە لەنێو ئەشکەوتەکە خۆمان ئامادە کردبوو. بەڵام زۆری نەکێشا دەنگەکە نەما!! دوایە یەکێک لە کوڕەکان بەبێ چەک چووە دەرێ، کە هاتەوە گوتی کۆمەڵێک پاسدار لە مۆڵگەکەی پشتی ئێمە بەرەو شوێنی ئێمە هاتوونە خوارێ و بەرەو سەرێ گەڕاونەتەوە. ئەوان زۆر لە ئێمە نیزیک ببوونەوە، بەڵام نازانم چۆن بوو گەڕابوونەوە.

ئێوارێ خۆمان ئامادە کرد و بە دۆڵەکەدا بە وریایی بەرەو خوارێ بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێکەوتین، تیمی پێشڕەو گوتیان کە هێزێکی زۆر لە دەوروبەری ئاوایی قازیاوا دیارە. دیار بوو بە دوای پێوشوێنی ئێمەوە بوون. تۆپبارانکردنی ناوچەکە دەستی پێکرد، دوای هەڵوێستەیەکی کورت، فەرماندەکان ساغبوونەوە کە؛ مادام ئەو هێزە دەگەڕێتەوە، دەچینە سەرجادە و کەمینیان بۆ دادەنێینەوە. لە نیزیک شاری مەهاباد بە پەلە بە چەند دەستە دابەش بووین؛ دەستەیەک بۆ سەر جادە و دوو دەستەش لە نیزیک ئێمە لە سەر دوو تەپۆلکە، سەنگەریان گرت. من لەگەڵ تیمی سەر جادە بووم. بەهەر حاڵ لێیان

دامەزراین. زۆری نەکێشا هێزەکەی دوژمن بە سەرپەرستی حاجی هادی، بەرپرسیی نیزامیی پارێزگای ورمێ و بەرپرسی ئیتلاعاتی مەهاباد بەرەو مەهاباد گەڕانەوە. هێزەکە زۆر بوو؛ چەند کۆمپرێسیی گەورەی پڕ لە چەکدار بوون بێجگە لە ماشێنی بچووک و چەکی قورس. ئێمە لە سەر جادەکە بووین یەکەمین ماشێنی ئەو هێزە کە حاجی هادی و بەرپرسی ئیتلاعاتی تێدا بوون، کەوتە بەر هێرشی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا. تەقە لە هەموو لایەک دەستی پێکرد. هێزی دوژمن وەک "کەوی برابرا"ی لێ هات و لێک بڵاو بوو. هەر زوو خۆمان گەیاندە سەر ماشێنەکە کە جیبێک بوو. حاجی هادی خۆی فڕێ دابوو. بریندار ببوو و بە برینداری لە بەنداوی مەهاباد پەڕیبۆوە و مەسئوولی ئیتلاعاتیش لە خوار ئێمەوە کوژرا بوو.

بەم جۆرە ئەو هێزەی دوژمن کەوتە داوی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا و چەندین کەس کوژران و بریندار بوون، بەڵام بەهۆی زۆریی هێزی دوژمن و تەقەی زۆری ئەوان و لەبەر پاراستنی گیانی پێشمەرگەکان نەچووینە سەر لاشەکان. کاتێک چووینە سەر ماشێنەکەی حاجی هادی، کەڵاشینکۆفێکی تێدابوو. ماشێنەکەمان ئاور تێبەردا. ئاگر و دووکەڵی ئەو ماشێنە لەنێو شاری مەهاباد بە باشی دەبینرا و دەنگی تەقەش بە باشی بەرگوێ دەکەوت.

دوای ئەو زەربە لە هێزی دوژمن، لە لایەن فەرماندەی هێزەوە دەستووری پاشەکشە درا و بەبێ زیان شەڕگەکەمان جێهێشت. هەواڵی ئەو عەمەلیاتە لە شاری مەهاباد و لە ناچەکەدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. ڕوومان لە هەر کوێ دەکرد باس، باسی ئەو عەمەلیاتە بوو. بەتایبەتی برینداربوونی حاجی هادی و کوژرانی مەسئوولی ئیتلاعات، زار بە زار دەگەڕا. ئەو ساڵە لەنێو هەموو پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوادا تەنیا

من چەکێکی قۆنداغدارم پێ بوو، لەو شەڕەوە منیش بووم بە خاوەنی تفەنگی بێ قۆنداغی خۆم کە ئێستاش هەر ماومە. لەو عەمەلیاتەدا هەموو کوڕەکان ڕۆڵی گرنگیان لە تۆمارکردنی ئەو عەمەلیاتەدا گێڕا. بەڵام هەوڵی کاک عومەر باڵەکی وەک فەرماندەی هێز بەرز و بەرچاو بوو.

بەمجۆرە ئەو تیمە لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بە لێهاتوویی خۆیان لە قووڵایی ناوچە و لە نیزیک شاری مەهاباد هێزێکی گەورەی دوژمنیان تێکشکاند.

دوای ئەو شەڕە گەشتی سیاسی- نیزامیی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لە ناوچە جۆراجۆرەکانی مەهاباد هەر درێژەی هەبوو. دوژمنیش لەو ناوچانە بە هێزێکی زۆرەوە بەدوای پێوشوێنی ئێمەوە بوو بۆ ئەوەی ئەگەر بۆیان بکرێ زەربە لە تێکۆشەرانی دێموکرات بدەن. بەڵام هەموو ئەو پیلانانە بە وشیاریی تێکۆشەرانی هێزی پێشەوا لە گۆڕ نران.

ئەو هێزە هەر شەوە لە گوندێکی ئەو ناوچەیە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکی تینووی ئازادیی بەرەوڕوو دەبوو. دوای گەشتێکی سیاسی- نیزامی لە ناوچەکانی مەنگوڕایەتی، گەورک و مەحاڵ لە لایەن فەرماندەرانی هێزی پێشەوا بە هاوکاریی کادرەکانی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد کە هەمیشە هاوکار و هاوسەفەری یەکتر بوون، گەشتێکی لەو جۆرە بۆ ناوچەی چۆمی مەجیدخان بەرنامەڕێژی بۆ کرا. چوون و گەڕان لەم ناوچەیەدا ڕەنگە کارێکی هەروا ئاسان نەبێ، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە درێژەی خەبات و تێکۆشاندا ڕیسکی زۆر گەورەی کردوە و سەرەڕای سەختیی ناوچەکە بەڵام بۆ ساتێکیش لە بوونی حزووری خۆیان لەو ناوچانە درێغیان نەکردوە.

ناوچەی چۆمی مەجیدخان لە هەموو بارێکەوە ناوچەیەکی

گرینگە. ئەو ناوچەیە دەکەوێتە نێوان سێ شاری گرینگی وەک مەهاباد، بۆکان و میاندواو. دەشتێکی کاکیبەکاکییە و دوژمن دەتوانێ زۆر بەئاسانی لە ماوەیەکی کەمدا هێزی زۆرت لەسەر کۆ بکاتەوە.

## • شەڕی "قەرەگۆل" و دەربازبوونمان بە تاکتیکێکی سەربازی

سەرەڕای سەختیی ناوچەکە و بوونی زۆر خاڵی لاواز و نەگونجاوی ئەو دەڤەرە، خۆمان لەو ناوچەیە نیزیک کردەوە. دوای مانەوەی دوو سێ ڕۆژ لە دەوروبەری گوندەکانی قاراوا، سەهۆڵان و دەوەشار، ڕێکەوتی١٣٧٠/٤/٢٧ شەوەکەی چووینە گوندی دەوەشار. دوای بەئەنجام گەیاندنی هەموو ئەرکە حیزبییەکان لەو گوندە، بە شێوەیەکی پارتیزانی لە گوند وەدەرکەوتین، ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بەرەو ئەو ناوچە هەستیارە وەک قەتار بە دوای یەکدا ڕێگەی دەبڕی. ئەو شەوە دوو شت لەو دەشتە ئێمەیان زۆر ئەزیەت کرد؛ شۆقی بەرقی گوندەکانی ئەو ناوچە و ڕۆیشتن بە نێو شێوەردەکاندا. هەر ئەوانەی بۆ جارێک بە نێو زەوی کێڵدراودا ڕۆیشتوون دەزانن چەندە ناخۆشە. وەک ئەوە وایە بەنێو بەفرێکی زۆردا بڕۆی. سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکانی سەر ڕێگە، لە نیوەشەوێکی درەنگدا گەیشتینە نێو باغەکانی ئاوایی "قەرەگۆل" لە چەند کیلۆمیتری شاری میاندواو و لەنێو پۆلە چنارێک کە ئێمە پێی دەڵێین "سپیدار" ماینەوە. هەر بە گەیشتنمان بۆ ئەوێ، دەبوو هەر شەوێ ئاو پەیدا بکەین. دوای پشوویەکی کورت کاک کوەیسی کە کادری ئەو ناوچەیە و شارەزای ناوچەکە بوو پێکەوە لەگەڵ دوو کەسی

دیکە چووین بۆ ئاو هێنان. کاتێک لە شوێنی ئاوەکە نیزیک بووینەوە، ماتۆڕئاوێکی گەورە کاری دەکرد. دەبوو لەو شوێنە ئاومان هەڵگرتبا، بەڵام نەفەرێکی لێ بوو و سەگی کابراش هەستی بە بوونی ئێمە کردبوو. زۆری نەکێشا کابرا ون بوو و ئێمەش بە ئاوەوە بۆ لای پێشمەرگەکان گەڕاینەوە. شەوەکەی زۆر ماندوو بووین، دوای دانانی پاسەوان لێی خەوتین. ئەوەی دەبیسترا دەنگی ئەو سەگە بوو کە جاروبار دەوەڕی. کە ڕۆژ بۆوە، لێک کۆبووینەوە و نان و چامان خوارد. تا دەهات لە کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان نیزیک دەبووینەوە، بێ خەبەر لەوەی کە هێزێکی زۆر لەنێو گوندی قەرەگۆل و باغەکانی دەوروبەری بڵاو ببوونەوە بێ ئەوەی ئێمە هەستی پێ بکەین. بە هۆی هەڵکەوتەی جوغرافیایی ناوچەکە پاسەوانی ئێمە لە پەنا خۆمان بوو. لەنێو پۆلە چنارەکە ئێمە هەموومان لە نیزیک یەکتر بووین و چاوەڕوانی هەواڵەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بووین. لە دەوروبەری ئێمە هەست بەوە دەکرا کە سەگێک بە ئینسانێکی غەریبە دەوەڕێ. ئەوانەی کە خەڵکی گوندن باش دەزانن کە ئەگەر سەگ بە حاڵەتی نائاسایی بوەڕێ وەڕینەکەی دیارە. هەر زوو یەکێک لە کوڕەکان بۆ لای پاسەوان چوو، لە پڕ هاتەوە گوتی؛ خۆتان ببەستن دوژمن لێمان نیزیک بۆتەوە. هەر زوو خۆمان پێچایەوە، دەرکەوت هێزێکی زۆر بەنێو باغەکانی گونددا بڵاو بۆتەوە و ئێمەش دەبێ مشوورێک لە خۆمان بخۆین. وا ساغ بووینەوە؛ بە نێو باغەکاندا بڕۆین و خۆمان تووشی شەڕ نەکەین. ئێمە لە پێشەوە بووین بە نێو باغەکاندا بە وریایی هەنگاومان دەنا، زۆری نەکێشا کوڕەکانی دواوە لەگەڵ هێزی دوژمن تووشی شەڕ بوون. سەرەتا هێزی دوژمن وایاندەزانی ئێمەش نەفەراتی خۆیانین، کەچی لە دواوە دەنگی تەقە دەستی پێکرد. کوڕەکانی

ئێمە لێیان وەدەست هاتن و یەک دوو کەسیان لێ کوشتن. ئێمە نەوەستاین، بە نێو باغەکاندا دەڕۆیشتین. کاتێک وەک تیمی پێشڕەو دەمانەویست لەو جادە خاکییە وەپەڕین کە بۆ قەرەگۆل دەچوو، ماشێنێکی پڕ لە هێزی دوژمن بە مەبەستی گرتنی ئەو جادەیە بەرەو ئەوێ دەهات. هەر کە لێمان نیزیک بۆوە لە چەند لاوە کەوتە بەر دەستڕێژی چەکی ئێمە و ماشێنەکە لە جادەکە کەوتە خوارێ و هەموو سەرنشینەکانی کە چواردە کەس بوون کوژران.

بەو شێوەیە لەو دەشتە ئاشکرا بووین. بەڵام خۆ ناکرێ لەو کاتانەدا دەستەوەستان بین، دەبوو ورە لەدەست نەدەین و لە فکری خۆدەربازکردندا بین. چەند کەسێک گوتیان هێرش دەکەینە نێو گوند کە هێزێکی زۆری لێ بوو، لە ماڵاندا شەڕ دەکەین کە ئەوە بە هیچ شێوەیەک بیرۆکەیەکی باش نەبوو. چونکە ئەگەر ئەو کارەمان کردبا تازە دەکەوتینە گەمارۆی دوژمنەوە و هەموو گوندەکەیان بەسەردا دەسووتاندین و خەڵکی گوندەکە زیانێکی زۆری بەردەکەوت، دەرچوونی ئێمەش کارێکی سەخت بوو. لە دەوروبەری ئێمە لەنێو باغەکاندا خەڵکی لێ بوو، لە تەنیشت خۆمان دوو تراکتۆری لێبوون، یەکیان لە دەوری ترێلەکەی چیغی پێوە بوو، ئەوی دیکەش بێ ترێلی بوو. کاک کوەیسی گوتی؛ دەچین ئەو دوو تراکتۆرە دێنین، سوار دەبین و دەڕۆین، کەس فکری ناچێتە سەر ئەوە، کە بە ڕاستی باشترین فکر بوو. ئەو کارە کرا؛ بە پەلە سوار بووین. زۆربەی ئێمە لەنێو چیغەکە لە ترێلەکە سوار بووین. دوو کەسیش لە تراکتۆرەکەی دیکە سوار بوون، بەو دەشتەدا لە شوێنی خۆمان دوور کەوتینەوە. ئێمە لەنێو تراکتۆرەکەدا بووین کە هێلیکۆپتەرێک گەیشتە شوێنی شەڕەکە. دیار بوو کە هێزێکی زۆر لە شوێنی شەڕەکە کۆبۆتەوە. پێیانوابوو ئێمە هەر لەنێو باغەکاندا ماوینەوە. بەم جۆرە بە

بەكارهێنانی ئەو تاكتیكە لە شوێنی شەڕەكە دوور كەوتینەوە.

كاتێك لە بناری "ئاڵمەڵوو" نیزیك دەبووینەوە، دیتمان دوو ماشێنی پڕ لە هێزی دوژمن دەیانهەوێ سەر ئەو جادەیە بگرن. ئێمەش خۆمان لە تەراكتۆرەكان فڕێدایە خوارێ و لێیان وەدەست هاتین. زۆری نەكێشا ئەوانیش شكان و چەند كەسیان لێ كوژران و ماشێنێكیش كە بەجێمابوو لە لایەن پێشمەرگەكانەوە ئاوری تێبەردرا. بەرەبەرە ڕۆژ بەرەو درەنگی دەچوو و بەقازانجی ئێمە تەواو دەبوو.

بەم جۆرە بە ڕۆژی ڕووناك لە نیزیك شاری میاندواو توانرا زەربەیەكی كاریگەر لە هێزی دوژمن بدرێ و خۆشمان بەبێ زیان شوێنی شەڕەكە بەجێ بێڵین.

لە دەیەی ١٣٧٠ی هەتاویدا سەرەڕای هەموو ئاستەنگەكانی بەردەم خەبات وتێكۆشانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان، پێشمەرگە تێكۆشەر و قارەمانەكانی هێزی پێشەوا توانیان بە قارەمانەتی و لێزانیی خۆیان لە شێوە خەباتی پارتیزانیدا هەم خۆیان لە پیلانەكانی دوژمن بپارێزن، هەم زەبری كاریگەر لە هێزی دوژمن بدەن.

دوای ئەوەی خۆمان گەیاندە بناری "ئاڵمەڵوو"، ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو. وا ساغبووینەوە ئەو شەوە سەردانی هیچكام لە گوندەكانی ناوچەكە نەكەین بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژی دوایی دوژمن نەتوانێ هێزمان لەسەر كۆ بكاتەوە. "كانیی سوێرەكانی" كە لە بناری ئاڵمەڵوویە، سەرچاوەكەی بۆ ئاوخواردنەوە نابێ، چونكە سوێرە. بەڵام ئەگەر تۆزێك لە كانیەكە دوور دەكەوتیەوە ئاوی جۆگەكە كەمێك باشتر دەبوو و دەكرا بۆ خواردنەوە كەلكی لێوەربگری.

دوای خواردنی نانێكی وشك و خواردنەوەی ئاوێكی ناخۆش

درێژەمان بەگەشتی خۆماندا. ئەو شەوە تا درەنگانێکی شەو سەفی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا شیو و دۆڵەکانی ناوچەکەی یەک بە دوای یەکدا دەبڕی. خۆمان لە شوێنی مانەوەی ڕۆژی دوایی نیزیک دەکردەوە و لە نیوەشەوێکی درەنگدا خۆمان گەیاندە پشتی گوندی "قادراوا" و لەوێ ماینەوە. دوای دوو شەو و ڕۆژێک ڕێگەبڕین بە ماندوویی و هیلاکی چووینە شوێنی مانەوە، بەڵام دەبوو وریا بین نەکا دوژمن دەرفەت بێنێ و تووشی شەڕ بین. ڕۆژەکەی هیچ باس نەبوو، بۆ شەوێ چووینە گوندی قادراوا و دوای خواردنی نان و چایی زوو لە گوند هاتینە دەرێ؛ چونکە وادیار بوو شوێنی مانەوەی ڕۆژی دواییمان دوور بوو. کاتێک لەنێو گوند بووین لە هەموو ماڵەکان باسی شەڕەکەی قەرەگۆلیان دەکرد، وادیار بوو دەنگدانەوەی باشی هەبوو. دیسان بڕینی ڕێگەیەکی دوور و تاقەتپڕووکێن، بەڵام چارە نییە دەبێ بڕۆین. ڕێگە سەخت و دژوارەکانمان دەبڕین و بە هیواوە لە داهاتوومان دەڕوانی.

ئەو تێکۆشەرانەی کە لەو ڕۆژگارەدا بەشداری ئەو قۆناغە لە خەباتی پێشمەرگانە بوون بە فکر و جەستە هەست بە سەختیی ئەو قۆناغە دەکەن، دەزانن چەند ڕۆژگارێکی ناخۆش بەڵام پڕ دەستکەوتمان تێپەڕ کرد کە تا ئێستاش لای هەموومان جێگەی شانازییە.

لە گوند وەدەرکەوتین و بەرەو شوێنی مانەوە وەڕێ کەوتین. لە پێشمەرگایەتیدا زۆر شتی ناخۆش هەبوون، یەکێک لەو شتانەی کە زۆر ناخۆش بوو ئەوە بوو کە بێجگە لە چەکی خۆت دەبوو بە نۆرە هەر شەوە و یەک نەفەر گوللە "ئار بی جی" زیادی هەڵگرێ. بۆ نەگبەتی، ئەو شەوە نۆرەی من بوو. ڕێگەی ئەو شەوەش زۆر دوور بوو. ئەوەی لە بیرم بێ تا نیزیک

کاتژمێر ٤ی بەیانی ڕێگەمان بڕی. زۆر هیلاک بووم، خەفەتی زۆرم لەو گوللە "ئار بی جی"یانە خوارد. بەڵام زەروور بوو، دەبوو پێمان بن.

## • تێکشکاندنی هێزی دوژمن لە زنجیرە چیای "ئاشی جەهانگیر"

ڕۆژی ٢٩ی پووشپەڕی ١٣٧٠ گەیشتینە شوێنی مانەوە. لە زنجیرە چیای ئاشی جەهانگیر لە پشتی گوندی قۆڵغەتەپە لە بەرقەدی شاخەکە لەنێو پۆلە شاخێک، گوتیان لێرە دەمێنینەوە. هەر زوو دەرکەوت کە شوێنێکی باش نییە بۆ مانەوە. لە ئەوەڵی بەیانی تا ئێوارێ لەبەر هەتاو بووین. ئەوانەی زۆرتر لە کوێستان ژیاون، دەزانن تیشکی هەتاوی کوێستان چەندە ناخۆشە. لە ڕووبەڕووی خۆمان کانیاوێک هەبوو. لەنێو پۆلە شاخەکەدا بڵاو بووینەوە. دوای دانانی پاسەوان، خەوتین. بەیانی هێشتا دوو کاتژمێر نەبوو خەوتبووین کە گەرمای هەتاو جموجۆڵی تێخستین. من هەر زوو وەخەبەر هاتم. زۆری نەکێشا یەکێک لە کوڕەکان گوتی؛ لە خوار خۆمان هێزی دوژمنی لێیە!! کاتێک دیتمان هێزێکی زۆر کە دیاربوو بە شوێن ئێمەوەن بە چەند ماشێن و چەکی قورس هاتوونەتە ناوچەکە. هێزەکە زۆر بوو، بوون بەدوو دەستە؛ دەستەیەک بەرەو لای ئێمە هەڵکشان و دەستەیەکیش لای چەکە قورسەکان مانەوە. ئەو دەستەیەی بەرەو لای ئێمە هەڵدەکشا هێزێکی زۆر بوو، بە نیزیکی ئێمەدا بەرەو بەرزایی هەڵدەکشا. ئێمەش بە شێوەیەکی پارتیزانی خۆمان حەشار دابوو بۆ ئەوەی هەست بە بوونی ئێمە نەکەن. چەند کەس لە هاوڕێیان پێیان باش بوو هەر زوو

تەقەیان لێ بکەین. بەڵام کاک عومەر باڵەکی گوتی با لێمان ڕەت بن. چونکە ئەگەر لە ئێمە ڕەت نەبن، ڕەنگە ئێمە بتوانین تەنیا چەند کەسێکیان لێ بکوژین، بەڵام دوایی دەکەوینە بەر هێرشی تۆپخانەی قورسی دوژمن.

لەبەر چاوی ئێمە دەستەیەک لە هێزی دوژمن هەڵکشا و لە شاخەکانی پشتی ئێمە دامەزران و جێگیر بوون. هێزە زۆرەکەش چوونە سەر کانیەکەی ڕووبەڕوومان. ئێمەش بووین بە دوو دەستە؛ دەستەیەک بەرەو شاخ هەڵکشاین تا سەرجەم شاخەکە لە دوژمن پاک بکەینەوە. هەرچەندە ئەوان شوێنە گرینگەکانیان بە تەواوی گرتبوو. دەستەی دووهەم هەر لە شوێنی خۆیان بوون تا ئێمە خۆمان گەیاندە نیزیک شاخە بەرزەکانی ئاشی جەهانگیر. کاتێک ئێمە چووینە شوێنی خۆمان، بە بێسیم قسە لەگەڵ تیمەکەی خوارێ کرا و پێیان ڕاگەیەندرا کە ئێمە ئامادین. لە هەموو لایەکەوە هێرش بۆ سەر دوژمن دەست پێکرا. بەهۆی تێکەڵاوبوون و نیزیکیمان لەگەڵ هێزەکەی دوژمن شەڕێکی دەستە و یەخە دەستی پێکرد. دوژمن بە تەواوی غافڵگیر کرابوو، زۆری نەکیشا ئێمە تەواوی زنجیرە شاخی ئاشی جەهانگیرمان لە هێزی دوژمن پاک کردەوە. چەند کەسێک کوژران و چەند پارچە چەکێک بە دەستکەوت گیران. تەواوی بەرزاییەکان کەوتنە دەستی پێشمەرگەکان. لە کۆتایی شاخەکە چەند کەسێک لە هێزی دوژمن تەقەیان دەکرد کە شەهید عەلی قۆیتاسی لەوێ بریندار بوو. باقی هێزەکەی دوژمن کە لە بەرزایی شاخەکان بوو ئەوەی کوژرا، کوژرا، دەنا هەڵات. ئەو هێزە زۆرەی دوژمن کە لەسەر کانیەکە بوو ئەوانیش کەوتنە بەر پەلاماری دەستەی دووهەمی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا. ئەوانیش ئەوەی کوژرا، کوژرا و ئەوانی دیکە هەڵاتن.

بەم جۆرە لە ماوەیەكی كەمدا ئەو هێزە گەورەی دوژمن بە دەستی تێكۆشەرانی هێزی پێشەوا تەفروتونا كرا. ئەوەی لەبیرم بێ ژمارەیەكی زۆر لە هێزی دوژمن كوژرا كە لاشەی ٢٥ هەتا ٣٠ كەس كەوتە دەستی پێشمەرگەكان. چەكوچۆڵێكی زۆریش بە دەستكەوت گیرا. بەم جۆرە دوای شكاندنی هێزی دوژمن و كۆكردنەوەی دەسكەوتەكان لە شوێنی شەڕەكە دوور كەوتینەوە.

باشترین خاڵی بەهێزی ئەو عەمەلیاتە، بەكارهێنانی ئەو تاكتیكە بوو. ئێمە لێ گەڕاین تا هێزی دوژمن لە ئێمە تێپەڕێ. دوژمن لە كاتی شەڕەكەدا هیچ تۆپبارانێكی بۆ نەكرا، چونكە هێزی دوژمن لەگەڵ ئێمە تێكەڵ بوو. دوای پاشەكشەی ئێمە زۆر بە خەستی ناوچەی شەڕەكە تۆپباران كرا.

بەمجۆرە لە ماوەی سێ ڕۆژدا توانیمان دوو پیلانی گەورەی دوژمن بۆ سەر خۆمان پووچەڵ بكەینەوە و لە هەر دووكیاندا زەبری كاریگەر وەهێزی داگیركەر بكەوێ و بە قارەمانەتیی خۆمان هێرشی دوژمنمان تێكشكاند.

ڕۆژ هێشتا لە تەشقی ئاسمانە و زنجیرە چیای ئاشی جەهانگیر نوقمی ئاگر و دووكەڵ بووە و زۆر بە خەستی ئاگرباران دەكرێ. هێزێكی زۆری دوژمن هاتووە بە هانای ئەو هێزەوە كە بە دەستی تێكۆشەرانی هێزی پێشەوا تەفروتونا كراوە. سەرەڕای ئەو هەموو ئاگربارانە، هێزی دوژمن نەیدەوێرا لە لوتكەی بەرزی شاخەكان نیزیك بێتەوە، بێخەبەر لەوەی كە تێكۆشەرانی دێموكرات هەر دوای ئەو زەبرە قورسەی لە هێزی دوژمنیان دا، بە شێوەیەكی تەواو پارتیزانی بێ ئەوەی دوژمن هەست پێ بكات، جێگۆڕكێیان كردووە و لە شوێنێكی نیزیكی شەڕگەكە جێگیر بوون و هێزی دوژمنیان لەژێر چاوەدێری گرتووە

و چاوەڕوانی ئەوەن ڕۆژ بەرەو کۆتایی بڕوا و لە ناوچەکە دوور بکەونەوە.

لە بەرەبەری ڕۆژاوابووندا بەهێواشی بەرەو گوندی قۆلغەتەپە وەڕێکەوتین هەتا هەم نانێکی پێشمەرگانە بخۆین و هەم کەرەسەیەکیش بۆ ڕاگواستنی عەلی قۆیتاسیی زامدار پەیدا بکەین. هەر زوو بەرەو شوێنی مانەوە ڕۆیشتین بەڵام دەبوو لە سەرانسەری ڕێگەی بەردەممان وریا بین، چونکە هێزی دوژمن وەک ورچی بریندار لێ هاتووە و بە زۆربەی ناوچەکاندا بڵاو بوونەتەوە و دەیانهەوێ بە هەر شێوەک بێ و بۆیان بکرێ لە داومان بخەن و زەربەمان لێ بدەن. بەڵام وریایی و جووڵەی ئەو دەستە لە پێشمەرگەکان دوژمنی تووشی سەرسووڕمان کردبوو. ئێمە دوای شەڕەکەی قەرەگۆل شەوانە مەودایەکی زۆری ڕێگەمان دەبڕی. ئەو شەوەش ڕێگەیەکی درێژمان بڕی و بۆ مانەوە چووینە نیزیک گوندی قالوێ و لەنێو پۆلە دارێکماینەوە. دیاربوو هێز بەرەو ئەو ناوچە جووڵەی پێ کراوە. لای کاتژمێری ٢ی پاشنیوەڕۆ لە سەر لووتکەی شاخێکی دەوروبەری گوندی قالوێ چەند کەسێکی چەکدار بەدی دەکران، بەڵام کەمێک لە ئێمە دوور بوون. ئێمەش لەنێو دارەکاندا بێ جووڵە مابووینەوە. هەوڵی زۆرمان ئەوە بوو لەگەڵ هێزی دوژمن تووشی شەڕ نەبین چونکە بەڕاستی هەم زۆر ماندوو بووین و ئامانجیشمان ئەوە بوو کە بریندارەکە دەرباز بکەین. دەبوو لە زووترین کاتدا بەرەو بنکەکانی خۆمان لە بناری قەندیل بەڕێ بکەینەوە بۆ ئەوەی بچێتە نەخۆشخانە و برینەکەی دەرمان بکرێ.

## • دەسپێکی جەولەیەکی‌تر بۆ ناوچەکانی مەهاباد

دوای چەند ڕۆژ ڕێگەبڕین لە ناوچەی مەهابادەوە خۆمان گەیاندە نیزیک گوندی بەردەڕەشی بانە. لە کۆخەکانی پشتی بەردەڕەش هاوڕێ عەلی قۆیتاسیی بریندارمان تەحویلی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی ئاربابا دا کە پێشتر هاوئاهەنگییان لەگەڵ کرابوو. ئەوان بەرەو سنوور و ئێمەش بە مەبەستی مانەوە لە ناوچە درێژەمان بەگەشتی خۆمان دا. دوو بۆ سێ ڕۆژ لە دەوروبەری گوندەکانی بەردەڕەش، سووتوو، گەنمان و هەوارگەی مەیدانچۆغە ماینەوە بۆ ئەوەی پشوویەکمان بێتەوە بەر و ماندووبونی ئەو چەند ڕۆژە لە جەستەمان بچێتە دەر.

ڕۆژێک لە نیزیک گوندی کانیەڕەش ماینەوە، شەوەکەی چووینە نێو گوند و دوای بەئەنجام گەیاندنی ئەرکە حیزبییەکان بە مەبەستی چوون بۆ ناوچەی مەنگوڕایەتیی مەهاباد گوندی کانیەڕەشمان بەجێ هێشت. بەرەو گوندەکانی کاوڵان و کووران بە مەبەستی چوون بۆ مەنگوڕایەتی وەڕێ‌کەوتین و لەگەڵ کادرەکانی کۆمیتەی ناوچەی مەنگوڕان کە لە ناوچەکە بوون یەکمان گرتەوە. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەو ناوچەیە ماینەوە. لە ماوەی مانەوەمان لە ناوچەکە چەند جارێک لەگەڵ هێزی دوژمن تووشی شەڕ بووین. دوای ماوەیەک مانەوە لە ناوچەی مەنگوڕان جارێکی دیکە گەڕاینەوە بۆ گەورکایەتی و لەو ناوچەیە درێژەمان بە گەشتی خۆماندا. لە هەر ناوچەیەک بایین کۆمیتەی ئەو ناوچەیە لەگەڵ ئێمە دەبوو. چەند ڕۆژێک لەو ناوچە ماینەوە. لەوێوە جارێکی دیکە چووینەوە بۆ ناوچەی مەحاڵ و بۆ ماوەیەک لە گوندەکانی؛ بەیرەم و بەرەجۆ ماینەوە.

دوای ئەوەی لەو ناوچەیە تووشی ڕووداوێکی ناخۆش بووین، جارێکی دیکە بەرەو گەورکایەتی گەڕاینەوە و لە گوندەکانی ئەو ناوچە درێژەمان بە گەشتی خۆماندا. لە درێژەی ئەو گەشتەدا جارێکی دیکە چووینەوە سنووری نێوان مەهاباد و ڕەبەت. لەوێ لەگەڵ دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا یەکمان گرتەوە کە دیار بوو پێشتر هاوئاهەنگییان لەگەڵ کرابوو کە پێکەوە بگەڕێینەوە ناوچە. لەگەڵ ئەو دەستە لە پێشمەرگەکان بووین بە هێزێکی گەورە و لە ناوچەکە گەشتە سیاسی و نیزامییەکانی خۆمان درێژە پێدا.

دوژمن هێزێکی زۆری لە ناوچەکانی گەورک و مەنگوڕایەتی کۆ کردبۆوە و زۆربەی گوندەکانی گرتبوو تا بە خەیاڵ پێش لە چوونی ئێمە بۆ گوندەکان بگرێ بۆ ئەوەی نەتوانین بچینە نێو گوندەکان و لەگەڵ خەڵک پێوەندی بگرین یان پێداویستییەکانمان کە خواردن و تەقەمەنی بوو، دابینی بکەین.

گوشاری زۆری دوژمنمان لەسەر بوو بەڵام سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان گەشتەکەمان بەردەوام بوو. لە ناوچەی گەورکایەتی بووین، چەند شەوێک بوو بەهۆی گیرانی گوندەکان نەماندەتوانی پێداویستییەکانمان دابین بکەین. بۆیە چەند شەوێک بێ نان بووین. لە درێژەی گەشتەکەدا ڕۆژێک بۆ مانەوە چووینە مووچەیەک لە پشتی گوندی "گرشیلان"، چاوەڕێی هاتنی خاوەن مووچە بووین، کاتێک ڕۆژ بۆوە؛ کابرای خاوەن مووچە هات و باسی ئەوەی کرد کە نێو گوند پڕە لە هێزی دوژمن. لەنێو مووچەکە لەگەڵ خاوەن مووچە قسە کرا کە بچێ بۆ نێو ماڵان و هێندێک نان و پێخۆرمان بۆ بێنێ بێ ئەوەی هێزی دوژمن هەست پێ بکات. کابرا ڕۆیی و زۆری نەکێشا لە ڕووبەڕووی خۆمان کە کۆنە مۆڵگەیەکی لێبوو، هێزێکی دوژمن هات بۆ ئەوێ. جا

نازانم کابرا ڕاپۆرتی دابوو یان نا!!. جێگەی ئێمە باش نەبوو تەنیا هەر ئەو پۆلە دارە بوو کە تێیدا مابووینەوە، لەوێ ترازابایـن، دەکەوتینە ژێر چاودێری ئەوانەوە. خۆمان کۆکردەوە و ئامادە بووین، چەند کەسێک لە ئێمە بەهێواشی چوون بۆ لای پاسەوانی خۆمان، ئێمەش بە مەودایەکی کەمێک لە یەک دوور لەنێو باغەکە دەرکەوتین کە کەوتینە بەر دەستڕێژی چەکی هێزی دوژمن. لەگەڵ ئەوەی ئەوەی بە تەواوی لە وان دیار بووین و سەرەڕای ئەوەی کە بە سەختی تەقەمان لێ دەکرا، لە تۆپباران و تەقەی هێزی دوژمن بەبێ زیان بەرەو "مەیدانچۆغە" سەرکەوتین. ئەو شوێنە زۆر هەوراز و ناخۆش بوو. ئێمە لە مەیدانچۆغە بووین، تا ئێوارێ دوژمنیش ناوچەکەی تۆپباران دەکرد. ئێوارێ بەرەو دۆڵی "گەنمان" شۆڕبووینەوە و چووینە کۆخەکانی پشتی گوند. هەوڵمان ئەوە بوو کەمێک نان و پێخۆرمان دەست بکەوێ، بەڵام بێ دەسکەوت گەڕاینەوە. کاتێک گەڕاینەوە بۆ لای برادەرانی دیکە هەر ئەو تیمە کە چووین بۆ نان وەک تیمی پێشڕەو بە قەراغ گوندی گەنماندا وەڕێکەوتین و دەمانهەویست لەوێ ڕەت بین.

ئەو تیمەی ئێمە بریتی بوو لە: هاوڕێیان، سۆفی، قادر ڕەبەن، حوسێن سینگشێر و کەریم ساڵەزادە. بەداخەوە ناوی کەسەکەی دیکەم لەبیر نەماوە. لە خوار گوندی گەنمان کەوتینە کەمینی دوژمن!! لە هەموو لایەکەوە تەقەمان لێکرا. کە کەمێک دوور کەوتینەوە کاک سۆفی دیار نەمابوو، ماوەیەک چاوەڕوان بووین سۆفی هەر دیار نەبوو. ئێمە پێمان وابوو شەهید بووە. تەنیا بێسیمێکمان هەبوو، ئەویش بە کاک سۆفی بوو. کاک سۆفی لە شوێنی خۆی، خۆی مات دەکات، هەر چۆنێک بێ لەگەڵ برادەرانی هێز تەماس دەگرێ و دەڵێ؛ بەتەنیا بەجێماوم. ئەوەندەی لەبیرم بێ کەوتبووە نێو زەلەوە و کەوشەکەی بەجێ

**مابوو. کەمینەکەشی لێ نیزیک بوو و نەشیتوانیبوو خۆی دەرباز بکات. کاتێک لێی دەپرسن باشە لە کوێی؟! دەڵێ لە ڕاستی چراتۆڕەکەم!! چراتۆڕەکە مەبەستی مانگ دەبێ. بەهەر حاڵ دوای ئەوەی شوێنی خۆی بە کوڕەکان دەڵێ، بەبێسیم دەستەیەک لە پێشمەرگەکان پشت لە کەمینەکە دەگرن و تەقەیان لێ دەکەن و سۆفی ڕزگاری دەبێ.**

**ئێمە بەرەو "بناوەڕەشان" دەچووین کە دیتمان دیسان دەنگی تەقە دەهات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ شتێکمان پێ نەبوو کە تەماس بگرین، نەماندەزانی تەقەکە چیە و هی کێیە. بەهەرحاڵ دوای ماوەیەک چاوەڕوانی بەرەو گوندی بەردەڕەش وەڕێ کەوتین. لە ئەوەڵین کۆخ لامان دایە ماڵێک، خەریکی خواردنی نان و چا بووین کە دەنگە دەنگێکی زۆر پەیدا بوو. کە نیزیک بوونەوە مەعلووم بوو کە پێشمەرگەکانی خۆمان بوون. لەوێ یەکمان گرتەوە و هەر لەو دەوروبەرە ماینەوە. بەیانی بۆیان باس کردین کە کاک سۆفی لە شوێنی کەمینەکە کەوتۆتە نێو زەلکاوێک و نەیتوانیوە خۆی لە کەمینەکە دەرباز بکات. دوو ڕۆژ لەو دەوروبەرە ماینەوە و کەمێک خۆمان تەداروک کرد. دووبارە جارێکی دیکە بەرەو هەوارگەی مەیدانچۆغە گەڕاینەوە. چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە و چاوەڕوانی هاتنەوەی تیمی تەشکیلاتیی شارویرانمان دەکرد. شەوانە بۆ نان و پێخۆر دەچووینە گوندەکانی دەوروبەر. هەوا تەواو ساردی کردبوو. مەیدان چۆغەش گەلێک سارد بوو. دوای یەکگرتنەوە لەگەڵ هەموو تیمە تەشکیلاتییەکان، بە سنووری بانەدا بە هاوکاریی هێزی ئاربابا، لە ڕێکەوتی١٣٧٠/٧/١٠ دوای نیزیک بە چوار مانگ مانەوە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی مەهاباد، دوای گەشتێکی بەرفراوان و وەشاندنی چەند زەربەی قورس لە هێزی دوژمن، بە سەرکەوتوویی گەڕاینەوە بنکەکانمان**

لە ئەستێرۆکان لە بناری قەندیل. بە گەیشتەوەمان بۆ نێو بنکە و بارەگانی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد و هێزی پێشەوا لەگەڵ پێشوازیی هاوسەنگەران و بنەماڵەکان بەرەوڕوو بووین. ئەو ژنەی کە چاوەڕێی هاوسەرەکەی دەکرد، ئەو منداڵانەی کە دەمێک بوو چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکیان دەکرد هەر هەموویان لە بناری قەندیل یەکتریان لە باوەش گرت و بە دیداری یەکتر شادبوونەوە.

- ڕووداوێکی ناخۆش و لەبیرنەکراو لە ناوچەی مەهاباد

هەرگیز ئارەزووم نەدەکرد لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکاندا بیرەوەری لەو جورە واتە دووبەرەکی و شەڕی براکوژی بنووسمەوە،بەڵام کاتێک باسی ڕووداوەکانی دەورانی پێشمەرگایەتی دەکەی بەداخەوە ئەو ڕووداوانەش بەشێکن لە ژیانی ئێمە و ناکرێ بەسەریاندا تێپەڕین. هیوادارم هەرکاتێک نەسڵەکانی داهاتوو ئەو ڕووداوە تاڵانە دەخوێننەوە دەرسیان لێ وەربگرن و دڵنیا بن کە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر خەبات و دۆزی گەلەکەمان هەیە و هیچ ئاکامێکی بێجگە لە کەسەر و بریا نییە.

ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی هێزی پێشەوا و کۆمیتەی شارستانی مەهاباد لە ناوچەکانی مەهاباد لە حاڵی جێبەجێکردنی ئەرکی حیزبیدا بوون و جیا لە ئێمەش پێشمەرگەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" لە ناوچەی مەهاباد بوون. ئەو کاتە ئێمە لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ ناکۆکیمان هەبوو، بەڵام ئەو ساڵە هیچ تێکهەڵچوونێکی چەکداری لەنێوان ئەوان و ئێمەدا ڕووی نەدابوو و کێشەکان

کەمێک کەمڕەنگ ببوونەوە.

ڕۆژی ١٣٧٠/٤/١٤ی ئێمە لەنێوان گوندەکانی بەیرەم و بەرەجۆ لە ناوچەی مەحاڵی مەهاباد مابووینەوە، ئەو ڕۆژ هەم ڕۆژەکە بۆ ئێمە ناخۆش بوو و هەم شەوەکەشی تووشی ڕووداوێکی ناخۆش بووین.

ڕۆژەکەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران هەواڵی شەهید بوونی دوو کادری تێکۆشەری هێزی بەیان شەهیدان ئەبووبەکر کانیەڕەشی و جەلیل ڕەحیمیانی لە گوندی حوسێن مامە، بڵاو کردەوە، بڵاوبوونەوەی ئەو خەبەرە خەم و پەژارەی خستە نێودڵی هەمووومان.

ڕۆژ بەرەو کۆتایی دەچوو، ئەگەر هەڵە نەبم هەر ئەو ڕۆژە هێزێکی دوژمن لە دەوروبەری گوندی بەیرەم بوو، دیار بوو بۆ ئێواریێ دەچینە گوندی بەرەجۆ کە زۆر دوور نەبوو. کاتێک هەوا بەرەو تاریکی چوو، وەک هەموو ڕۆژانی دیکە تیمی پێشڕەوی ئێمە بەرەو گوند وەڕێکەوت هەتا گوند لەژێر چاوەدێری بگرێ و لە جموجۆڵی دوژمن ئاگادار بێ. تیمی پێشڕەو ئێمەی ئاگادار کردەوە کە بەرەو گوند وەڕێ کەوین، وەڕێ کەوتین و لەگەڵ تاریکیی هەوا چووینە نێو گوند و بەسەر ماڵاندا دابەش بووین. ئەو شەوە نۆرە پاسەوانیی من بوو، لە شوێنێکی گوندەکە کە پێشتر دیاری کرابوو پاسەوان بووم.

پێشمەرگەکان خەریکی نانخواردن بوون کە زۆری نەکێشا لەنێو گوند دەنگی تەقە هات، منیش خۆم ئامادە کرد، سەرپەلەکە هات بۆ لام و گوتی وەرە، کاتێک کە چووم چاوم لێکرد پێشمەرگەکانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕیش ئەو شەوە هاتبوون بۆ ئەو گوندە. تیمی پێشڕەوی ئەوان بە گۆشەیەکی دیکەدا هاتبوونە نێو گوند و لەگەڵ دوو پێشمەرگەی ئێمە بێ ئەوەی

یەکتر بناس یەکتر دەنگ دەدەن و سەرئەنجام لە تەقەی نێوان دوو لایەندا پێشمەرگەیەکی ڕێبەرایەتی بە ناوی عەلی خاریجی بریندار دەبێ و ئەوەی لەگەڵیشی بوو ڕادەکات. کاتێک چووین بۆ لای ئەو بریندارە هەموومان زۆرمان پێ ناخۆش بوو، هەر لەوێ دەست کرا بە دەرمان کردنی و پاشان کاک عومەر باڵەکی بە بێسمی عەلی خاریجی لەگەڵ کاک یووسفی خۆشڕوو قسەی کرد کە وابزانم ئەو ساڵە کاک یووسف نەفەری یەکەمی تیمەکەیان بوو. کاک عومەر گوتی ڕووداوەکە نەخوازراو بووە و وەرن بریندارەکەتان بەرنەوە، دەرمانیش کراوە. جا بەڕاستیش وابوو، ڕووداوەکە بۆ ئێمە ناخۆش بوو، بەڵام ئەوان دیار بوو قەبووڵیان نەکرد و گوتیان لێتان خۆش نابین. هێشتا لەو قسانەدا بووین کە ئەوان هێرشیان هێنا و پێشمەرگەکانی ئێمەش تەقەیان لێکردن و ئەوان گەڕانەوە بۆ دواوە. دوای چەند خولەکێک مانەوە لەنێو گوند و دەرمان کردنی بریندارەکە، ئێمە گوندەکەمان جێهێشت و بەرەو شوێنی دیاریکراو وەڕێ کەوتین. کاتێک لە گوند وەدەرکەوتین دوو پێشمەرگەمان دیار نەبوون. دوو کەس بە ناوکانی کاک شەفیع هەڵۆ و کاک کەریم عومەرپوور کە هەردووکیان بێسیمچیی بێسیمی ڕاکاڵ بوون، ئەوان لەیەک ماڵ بوون و کاتی تەقەکە خۆیان لە گوند دەرکەوتبوون.

ئەوجار کاری ئێمە سەختتر و ناخۆشتر بوو، فەوری تیمێک گەڕانەوە بۆ نێو گوند و ئێمەش لە شوێنێک دانیشتین تا ئەوان گەڕانەوە. کاتێک کە گەڕانەوە نەیان دۆزیبوونەوە و دیاربوو کە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕیش بریندارەکەی خۆیان ڕاگواستبوو.

شەوێکی زۆر ناخۆش بوو، دوو هێزی کوردی لەنێو جەرگەی خاکی کوردستان و هێزی دوژمندا تووشی شەڕ بوون، ئەوان ماندوو و شەکەت دەبێ بریندارەکەیان ڕاگوێزن و ئێمەش خەمی

ئـەو ڕووداوە نەخـوازراوە و دوو هاوسـەنگەرمان بخۆیـن. ئەوانـەی لـەو ڕۆژە سـەختانە بەشدار بووبـن بـاش دەزانـن ڕاگواسـتنی کەسێکی برینـدار لـەو دەشـتە کاکـی بـە کاکـی و دوور لـە سنوورە چەنـدە سـەخت و ناخۆشـە.

لـە لایەکـی دیکـەوە ئێمـە نیگـەران و ناڕەحـەت بوویـن کـە بلێـی ئـەو دوو پێشـمەرگەی ئێمـە چیـان بەسـەرهاتبێ. بۆ هـەر دوو لامـان لـە ناوچـەی مەهابـاد شـەوێکی ناخـۆش بـوو.

نەدەکـرا چیتـر ڕاوەسـتین و دەبـوو بڕۆیـن، سـەرئەنجام بـەرەو شـوێنی خۆمـان وەڕێ کەوتیـن.

ئەگـەر هەڵـە نەبـم بـۆ مانـەوە چووینـە نیزیـک گوندەکانـی شـارەزوور و قۆیتـەڵ، لـەو دەشـتە لـە نیزیـک گوردانـی خەلیفـان کـە شـوێنێکی زۆر خەتـەر بـوو و جێگەیەکـی بـاش نەبـوو بـۆ مانـەوە، بـەڵام چارمـان ناچـار بـوو و ماینـەوە. پێوەندیمـان لەگـەڵ دەفتـەری سیاسـی پچـڕا، چونکـە ڕۆژانـی دیکـە هەمـوو ئێوارەیـەک بـە بێسیمی ڕاکاڵ پێوەنـدی دەگیـرا. هەمووـمـان زۆر نیگـەران بوویـن بـە تایبەتـی نەفـەری یەکـەم کـە کاک عومـەر باڵەکـی بـوو.

ڕۆژەکـە بـە ناڕەحەتـی و نیگەرانـی تێپـەڕی و ئێـواریێ چووینـە گونـدی قۆیتـەڵ هەتـا بزانیـن هیـچ خەبەرێـک لـەو دوو هاوڕێیەمـان نییـە یـان هیـچ ڕووی نـەداوە. کاتێـک لـە ماڵـەکان دابـەش بوویـن هەمووـمـان لـە هەوڵـی پەیداکردنـی خەبەرێکـدا بوویـن بـەڵام ئـەو شـەوەش هیچمـان دەسـت نەکـەوت. ئەوانیـش هـەر لـەو ناوچـە مابوونـەوە بـێ ئـەوەی هەسـت بـە بوونـی یەکتـر بکەیـن.

لـە گونـدی قۆیتەڵـەوە بـۆ مووچەکانـی گونـدی ئووزونتـاش وەڕێکەوتیـن. دوای پرسیارکردن لـە هێندێـک کەسـی ئـەو ناوچەیە، دەرکـەوت ئەوانیـش لـەو ناوچـە بینـراون، دیـارە ئـەوان سـەرەوەی خۆمانیـان ئـاگادار کردبـۆوە کـە تووشـی شتێکی لـەو جـۆرە بـوون

و لە هێز دابڕاون.

دوای ئەوەی کە زانیمان ئەوانیش سلامەتن و تەنیا لەنێو گوند لە ئێمە هەڵبڕاون کەمێک دڵخۆشی کردین. بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک پێوەندیمان لەگەڵ هیچ کوێ نەبوو و بە تەواوی دابڕابووین.

ئەوان ڕۆژی پێشتر لەو دەوروبەرە ببوون، لەوێ تێپەڕیبوون، بەڵام پەیامێکیان بۆ ئێمە ناردبوو و لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان خوێندرایەوە، "ئێمە بەرەو ئەو شوێنە دەڕۆین کە هەمزە پێی خۆشە". مەبەستیان گوندی کانیەڕەش بوو. کاتێک زانیمان ئەوان بەرەو ئەو ناوچەیە دەڕۆن. ئێمەش بە پرسیارکردن هەر بەرەو ئەو ناوچەیە دەچووین. ئەوان هەموو ڕۆژێ پێوەندییان لەگەڵ دەفتەری سیاسی گرتبوو و وابزانم کەمێکیش لەوان مەشکووک ببوون کە مەبادا بێسیمەکە وەدەست دوژمن کەوتبێ بەڵام بە تەواوی پێوەندییان لەگەڵ نەبڕیبوون. ئێمە بەرەو گوندی سوێناس چووین و ئەوانیش بە هەمان شێوە بەرەو ئەو گوندە وەڕێکەوتبوون. ئێمە لە نیزیک ماڵان ماینەوە دیاربوو ڕۆژی پێشتر ئەوان لەو دەوروبەرە ببوون و لەوێ هەواڵی ئەوانمان بیست.

هەتا دەهات زیاتر لە یەکتر نیزیک دەبووینەوە بەڵام یەکترمان نەدەدۆزیەوە. بۆ شەوەکەی چووینە گوندی سوێناس و دوای چەند کاتژمێرێک مانەوە لەنێو گوند بە وریای و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەرەو گوندی کانیەڕەش وەڕێ کەوتین. پاش ماوەیەک ڕێگەبڕین خۆمان گەیاندە نیزیک گوندی کانیەڕەش و لە شوێنێک بە نێوی پەڵەدار ماینەوە کە شوێنێکی زۆر خۆش بوو، بەڵام هەر شەوێ بە پاسەوانەکان گوترا کە ڕۆژەکەی جوان چاو بگێڕن هەتا بزانین لە شوێنێک دەرناکەون. بە

هەر حاڵ ئەو ڕۆژەشمان بەسەر برد. دەبوو لەو دەوروبەرە بۆ دۆزینەوە ئەوان باش چاوەدێری ناوچەکە بکەین. ئەو ڕۆژەش لە "ئەستێرۆکان" هێزی پێشەوا دێنە قەندیل بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ ئێمە و ئێواریٚ کاک عومەر باڵەکی لەگەڵ کاک ساماڵ قسەی دەکرد، کاک ساماڵ بە کاک عومەری گوت ئەوانیش لەو دەوروبەرەن. دیار بوو لەوێش بە بێسمی ڕاکاڵ لەگەڵ ئەوانیش لە پێوەندیدا بوو. ئەو جار هەموومان هەوڵی دیتنەوەی ئەوانمان دەدا،کاتێک سەیرمان کرد ئەوانیش لە نیزیک ئێمە ماونەوە و بێسمی ڕاکاڵەکەیان هەڵداوە و لەگەڵ ناوەند قسەیان دەکرد. چەند کەسێک لە پێشمەرگەکان چوونە لایان و دیار بوو ئەوانیش کە ئێمەیان بینی زوو خۆیان ئاشکرا کرد و هەردوو لامان زۆر خۆشحاڵ بووین. بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر ناخۆشیەکان بڕەوێنەوە و هیچ گومانێک نەمێنیٚ، ئەگەر هەڵە نەبم کاک جەوادی مووسەوی بە بێسیمی ڕاکاڵەکە قسەی کرد. دوای یەکگرتنەوەمان کە هەموومان زۆر خۆشحاڵ بووین، شەهید خالید باڵەکی وەک هەمیشە کە شۆخی لەگەڵ شەفیع دەکرد، دوو جنێوی خۆشی پیٚدا. دوایی هەم ئێمە لەو دڵەڕاوکێیە نەجاتمان بوو و ناوەندی بێسیمیش لەدەست پێوەندیی ئەوان نەجاتیان بوو و درێژەمان بەگەشتی خۆمان دا.

بەیانیەکەی لەو دەوروبەرە مابووینەوە، زۆرمان باسی ئەو شەوە کرد کە چۆن هەڵبڕان و بەرەو کویٚ چوون، چونکە ئەوان نەیازانیبوو کە ئێمە ئەو تێکهەڵچوونەمان لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بۆ پێشهاتوە.

با هێندێک شتی شاراوە وەک خۆی باس بکریٚ، کاتێک پەیامەکە لە ڕادیۆ بڵاو بۆوە کە "ئێمە بەرەو ئەو شوێنە دەچین کە هەمزە پێیخۆشە" و دەمێک بوو ئەو شتە باس دەکرا کە

هەمزە بە خاتری خۆشەویستیی كچێك ئەو گوندەی پێخۆشە، جاشەكانیش بە جۆرێك ئەوەیان زانیبوو كە شتێكی لەو جۆرە لە گۆڕێدایە، هەر بۆیە هێزێكیان ناردبووە ئەو ناوچەیە و ئێمە ئەو شەوە نەمانتوانی بچینە ئەو گوندە. ئەو كاتە دوو شت لەوێ بۆ ئێمە ڕەمز بوون "كونی مامەی" و "ئەو شوێنەی هەمزە پێی خۆشە".

ئێستا كە دەیان ساڵی تەواو بە سەر ئەو ڕۆژگارەدا تێدەپەڕێ، بە هەموو خۆشی وناخۆشیەكانیەوە ئارەزوو ی ئەو سەردەمە دەكەم و بە شانازییەكی گەورەی دەزانم كە ڕێبوای ئەو ڕێگەیە بووم و تا ئێستاش هەر بەردەوامم. سەری كڕنۆش بۆ خەبات و تێكۆشانی هەموو ئۆگرانی دێموكرات دادەنوێنم.

- دووبارە گەڕانەوەم بۆ هێزی گیاڕەنگ

دوای چەند مانگ مانەوە لە ئەستێرۆكان لەنێوەڕاستی زستانە سارد و بە ناوبانگەكەی بناری قەندیل، لە نیوەی زستانی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاویدا جارێكی دیكە لەسەر داوای خۆم نەقڵی هێزی گیاڕەنگ كرامەوە و كار و تێكۆشانی خۆم لەو هێزە دەست پێكردەوە. دوای ماوەیەك مانەوە لە گوندی "بۆكریسكان" لە یەكێك لە لكەكانی ئەو هێزە دەستم بە كار و تێكۆشان كردەوە. لەو لكە سازمان درامەوە كە بنكەی لە گوندی شیوەڕەزی ناوچەی پشدەر بوو و شەهید سەعدوون مارەغانی، سەرلكی بوو. كاتێك لە وەرزی كار و تێكۆشان نیزیك دەبووینەوە پێویست بوو هێز سازماندەیی بكرێتەوە. دوای سازماندەیی هێز، منیش هەر لەو لكە درێژەم بە كار و تێكۆشانی خۆم دایەوە. دوای سازماندەیی هێز و كۆمیتەی شارستان و خۆئامادەكردن بۆ گەڕانەوە بۆ نێو

خەڵک و وەرزی کار و تێکۆشان، لەلایەن دڵسۆزێکی جووڵانەوەوە خەبەرمان بۆ هات کە ڕۆژانە هێزێکی دوژمن لە گوندی ئاڵواتانی ناوچەی سەردەشتەوە دێن بۆ سەردانی مۆڵگەکانی کوێستانی دەشتی وەزنێ و گوێزێ و وادیارە دەیانهەوێ ئاوەدانیان بکەنەوە. زستانان بەهۆی سەختی و کوێستانی بوونی ناوچەکە، چۆڵ دەکران. بەم جۆرە زەربەلێدانی ئەو هێزەی دوژمن وەک یەکەم عەمەلیات لە ساڵی ۷۱دا کاری لە سەر کرا. بۆ ئەو مەبەستە دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی گیاڕەنگ بە فەرماندەیی فەرماندە تێکۆشەر و چاونەترسەکەی هێزی بەهێزی گیاڕەنگ، شەهید حەمە نارستی کە ئەو کات جێگری هێزی گیاڕەنگ بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی ئەو کاتی هێز لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ۱۳۷۱ بەرەو کوێستانەکانی گوێزێ و دۆڵەکۆگێ لە کەشێکی بەهاریدا کە هێشتا بەفرێکی زۆر لە کوێستانەکان مابوو، ڕێگە سەخت و شاخاویەکەی ئەو ناوچەیەمان گرتەبەر. هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە بۆ جارێکش ڕێیان لەو دۆڵە کەوتبێ دەزانن چەند ناخۆش و تاقەتپڕوکێنە. بەڵام سەڕای ناخۆشی ئەو دۆڵە هەوای سازگار و کوێستانی بوونی ناوچەکە هێندە دڵڕفێن و خۆشە کە هەموو سەختییەکانی ڕێگەت لەبیر دەباتەوە.

لە بەرەبەیانییەکی فێنکی بەهاریدا گەیشتینە دۆڵەکۆگێ شوێنی بنکە و بارەگاکانی پێشووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژەکەی لەوێ ماینەوە و لای ئێوارێ بەرپرسەکان لە دەوری یەک کۆبووینەوە و بەرنامەمان بۆ زەربەلێدان لەو هێزەی دوژمن دیاری کرد. بە سێ دەستە دابەش بووین. وامان قەرار دا کە بەریبەیان بە تاریکی، لە شوێنی مەبەست ئامادە بین. کاتێک لە شوێنی مەبەست نیزیک بووینەوە دوو دەستە لەنێو هەر دوو مۆڵگە چۆڵەکەی دوژمن هەڵکەوتوو لە بەرزاییەکانی "گوێزێ" کە زاڵە بەسەر دەشتی وەزنێدا جێگر بووین و دەستەی سێهەمیش

لەگەڵ شەهید حەمە نارستی لە دوو دەستەکەی نێوان ئێمەدا بوون بۆ کۆنترۆڵی هەر دوو بەشەکەی دیکە و چاوەڕوان بووین هێزی دوژمن بخەینە داوی خۆمان. تا کاتژمێری ١٠ی بەیانی لە چاوەڕوانیدا بووین، بەڵام خەبەرێک لە هێزی دوژمن نەبوو!! ئەو ڕۆژە نەهاتن و سەردانیان نەکرد. ڕۆژەکەی لەوێ ماینەوە، لە کۆبوونەوەی خۆماندا بەرنامەکەمان گۆڕی و وامان دانا تازە کە هاتووین سەرێک لە ناوچە بدەین. پاشان بگەڕێینەوە بۆ بنکەکانمان، چونکە هێشتا هەوا زۆر سارد بوو، بۆ ئەوە نەدەبوو شەوێ لە دەرێ بمێنینەوە.

ئێستا کە دەمهەوێ ئەو بیرەوەریە بنووسمەوە هەروا دەزانم ئێستا و لەگەڵ پۆلێ لە هاوڕێکانم بەرەو تۆمارکردنی داستانێکی دیکە هەنگاو دەنێین، داستانێک کە لەودا مەسئوولینی تیپێک لە هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی کەوتنە کەمینی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی هێزی گیارەنگ و کوژران و تەواوی چەکو چۆڵەکانیشیان کەوتە دەستی هێزی پێشمەرگە.

کاتێک ئەو ڕۆژە هێزی دوژمن نەهات بۆ سەرکەشیی مۆڵگە چۆڵەکانی، ئێمە دەبوایە تاکتیکی خۆمان بگۆڕین. ئێوارێ کۆبووینەوە، لە کۆبوونەوەکەدا وابڕیار درا کە شەوەکەی بۆ نانخۆاردن و پێوەندیگرتن لەگەڵ خەڵک بچینە گوندی کاولان و لەوێشەوە بۆ مانەوە بچینە دۆڵێ لەقلەقی کە لە مووچە و مەزرای گوندی ئێمە نیزیکە، لەوێشەوە ئێوارێ بە دەشتی مردواوێدا تێپەڕین بەرەو گوندەکانی سوێسنایەتی و لەوێ گەشتێک لێ بدەین. دوای خواردنی نان و چایی لە گوندی کاولانی ناوچەی سەردەشت و جێبەجێکردنی ئەرکە حیزبییەکان بەرەو دەشتی وەزنێ، واتە بەرەو شوێنی دیاریکراوی خۆمان وەڕێ کەوتین. شارەزای ئەسڵیی ئەو گەشتە من بووم. دەشتی

وەزنـێ بەهـاران هـەر هەمـووی ئـاوە، دەربازبـوون لـەو دەشـتە زۆر ناخۆشـە. هەرچەنـد دەشـتێکی خـۆش و دڵڕفێنـە و لـە جوانیـدا وێنـەی کەمـە.

هەوڵــی زۆرم دا بــە شــوێنێکدا بــڕۆم کــە پێــڵاو و جلوبەرگــی کوڕەکان تـەڕ نەبن، بـەڵام بـۆم نەکرا و لـەو ڕێگەیـەدا زۆر هیـلاک بوویـن. کاتێـک کـە گەیشـتینە شـوێنی مانـەوە، لەبـەر تەڕبوونـی لاق و لەتەرمـان خەومـان لـێ نەکـەوت. سـەرەتا هـەر لـە کۆتایـی دەشـتەکە ئاورمـان کـردەوە و خەریکـی خۆگەرمکردنـەوە بوویـن، لــەو کاتــەدا کەسـێکی گوندەکـەی ئێمـە "دۆڵەتـوو" پەیـدا بــوو! پێیڕاگەیاندیـن کـە زۆر ڕۆژان ماشـێنێک هێـزی دوژمـن دێتـە ئێـرە بۆ سـەردانی مۆڵگەکانـی جاسووسـان و دەوروبـەری و دواتـر دەڕۆنـەوە. کاتێـک ئـەوەی گـوت ئێمـەش شـوێنی خۆمـان جـێ هێشـت، کەمێـک هەڵکشـاین بـۆ دۆڵـی لـەق لەقـی کـە ملکـی خۆمانـە. لەبـەر ڕنـووی بەفـر ماشـێن لـەوێ زیاتـر نەیدەتوانـی بـڕوات، ئێمـەش لـەوێ ماینـەوە بـەڵام دیدەوانمـان هەبـوو کە پێشـتر خـۆم لەگەڵـی چووبووم بـۆ شـوێنی دیدەوانـی. ئەوەنـدەی لەبیـرم بـێ خالیـد پـەردەدار بـوو. زۆری نەکێشـا دیدەوانەکـە ئـاگاداری کردینـەوە کـە خۆمـان وەپێچیـن. ماشـێنێک بـەرەو ئێمـە دەهـات، ئێمـەش هـەر زوو خۆمـان ئامـادە کـرد، دەسـتەیەک هـەر لـە شـوێنی مانـەوە سـەنگەریان گرت. ئێمـەش کەمێـک لـە خوارتـر سـەنگەرمان گـرت و هێشـتاش نازانـم چـۆن بـوو ئێمەیـان نـەدی. ماشـێنەکە گەیشـتە شـوێنی مانـەوە کـە ١٨ کەسـی تێـدا بـوون و هەموویـان فەرمانـدە و ئەندازیـار بـوون. سـەرتیپ، فەرمانـدەی گورهـان و چەندیـن فەرمانـدەی دیکـە لـە هەمـوو لایەکـەوە کەوتنـە بەر هێرشـی تێکۆشـەرانی هێـزی گیاڕەنگ. زۆربەیـان هـەر لـە یەکـەم دەسـتڕێژدا کـوژران. دوو کەسـیان بـەرەو لای ئێمـە هەڵاتـن، لـە خـوارێ لەگـەڵ ئێمـە تووشـی شـەڕ بـوون؛ سـەرتیپەکە بەنـاوی بێهـروز کاکـی، هـەڵات و خـۆی گەیانـدە بـن

کەنـدی جادەکـە و لەگـەڵ ئێمـە دەسـتی بەشـەڕ کـرد و تـا کـوژرا شـەڕی کـرد. لـە بـن کەنـدی جـادە خـۆی مـات دابـوو و تەقـەی دەکرد، من و کاک عەلـی سوورەچۆمی بـە یەکـەوە بووین، خالید پـەردەدار لەوبـەری ئێمـە بـوو، بـە هـەر سـێکمان دەمانەویست ئـەو بەکرێگیـراوە بکـوژرێ بـەڵام مەجالـی نـەدەدا. کاک عەلـی نارنجۆکی چووکـەی پـێ بـوو، گوتـم کاک عەلـی پێیـدادە بـا ڕزگارمـان بـێ، گوتـی تـازە ئـەو نارنجۆکـەم کڕیـوە دڵـم نایە!، هـەر پێـی دانـەدا!! بەهەرحـاڵ ئەویـش کـوژرا. سـەرئەنجام شـەڕەکە کۆتایـی هـات و لـەو ١٨ کەسـە ١٦ کەسـیان کـوژران، دوو کەسـەکەی دیکـەش بـە برینـداری بەدیـل گیـران. یەکمـان لەگـەڵ خۆمـان هێنـا و ئـەوەی دیکـەش لەبـەر قورسیی برینەکـەی هـەر لـە شـوێنی شـەڕکە ئـازاد کـرا. ماشـێنەکەش لـەوێ ئاگـری تێبـەردرا و هەمـوو چەکوچۆڵـی نێـو ماشـێنەکە کەوتـە دەسـتی ئێمـە.

دوای ئـەو عەمەلیاتـە هەمووومـان بێزیـان شـوێنی شـەڕەکەمان جێهێشـت. بـەم جـۆرە لـە جەوێکـی خۆشـی بەهاریـدا تێکۆشـەرانی هێـزی بەهێـزی گیاڕەنـگ بـە لێهاتوویـی خۆیـان توانیـان زەبرێکـی قـورس لـە هێـزی داگیرکـەر بـدەن.

## • دەسبەسەرداگرتنی گورهانێکی دوژمن لە گوندی ئاغەڵانی ناوچەی سەردەشت

ڕووداوە گرینگەکانـی مێـژووی دوورودرێـژی ژیـان و خەباتـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان هێنـدە زۆرن کـە ڕەنگـە گێڕانەوەیـان هـەروا ئاسـان نەبـێ. هـەرکات بیـر لـە نووسـینەوەی داسـتانێکی لەبیرنەکـراوی تێکۆشـەرانی دێموکـرات دەکەمـەوە، بـە دڵ و گیـان بـە ڕوح و جەسـتە دەچمـەوە سـەرەتای هەنـگاوە یەکەمەکانـی ئـەو

کاتە کە بە یەکەوە ڕێگە سەخت و دژوارەکانمان دەبڕی هەتا مێژوویەک بۆ نەتەوە و حیزبەکەمان درووست بکەین کە هەردەم لە بیر و مێشکی ڕۆڵەکانی کورددا بمێنێتەوە.

ساڵی ١٣٧١ ئەو کاتە بنکە و بارەگاکانمان لە گوندی "شیوەڕەز" بوون، بەرپرسانی ئەو کاتەی هێزی گیاڕەنگ بۆ داڕشتنی گەڵاڵەیەکی دیکەی عەمەلیاتی لە جموجۆڵدا بوون. لەگەڵاڵەی ئەو جارەی تێکۆشەرانی هێزی گیاڕەنگدا گورهانی هێزەکانی دوژمن، جێگیر لە گوندی ئاغەڵان دەسنیشان کرا. ماوەیەک پێش گرتنی گورهانەکە، زانیاریی ورد کۆکرابۆوە. دوای ماوەیەک تێپەڕین بەسەر داڕشتنی گەڵاڵەکە، سەرئەنجام جموجۆڵ لەنێو لک و پەلەکانی هێزی گیاڕەنگدا بۆ دەست بەسەرداگرتنی گورهانی ئاغەڵان دەستی پێکرد. لە ئێوارەیەکی درەنگدا ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە بۆ ئەو عەمەلیاتە ئامادە کرابوون، بە چەند ماشێن بەرەو سنووری نێوان "هەڵشۆ" و "وەردێ" وەڕێکەوتین. لەنێو کادر و پێشمەرگەکاندا فەرماندەری هێز، جێگری هێز، ئەندامانی کۆمیتەی شارستان و فەرماندە لک بەدی دەکران. هەموومان بە یەکەوە و بە ڕوحێکی پێشمەرگانەوە هەوراز و شیو و دۆڵی ناوچەکەمان لە دوای خۆمان بەجێدەهێشت.

کاتێک کە لە بنکەکان وەڕێ کەوتین هەر پێشمەرگەیەک ئیمکاناتی دوو بۆ سێ ڕۆژی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو، چونکە وا بڕیار بوو تا کاتی عەمەلیات خۆمان لە هیچ کوێ ئاشکرا نەکەین. ئەوە یەکێک لە خاڵە گرینگەکان بوو، چونکە ئەگەر بەم جۆرە نەبوایە ڕەنگە دوژمن غافڵگیر نەبایە.

ڕۆژی پێشتر کە لە "سێویسکە"ی نیزیک گوندی "بەردەسوور" مابووینەوە، هەر ئەو ڕۆژە لە کۆبوونەوەیەکدا ئەرکی هەموو تیمەکان دیاری کرا. ئەوەندەی لەبیرم بێ هەموو هێزەکە بە

پێنج دەستە دابەشکرا، دەستەی یەکەم بە سەرپەرستیی کاک عەبدوڵڵای شەخسە، وەک دەستەی هێرش بۆ سەر گورهان کە کۆمەڵێک سەرپەل و بەرپرسی دیکەش لە تیمەکەدا بوون و کاری ئەو تیمە لە سەختترین کارەکان بوو، بەڵام پێشمەرگەکان لەو هەلومەرجەدا لە هیچ سەختییەک نەدەکشانەوە. دەستەی دووهەم بە سەرپەرستیی کاک عەلی حاجی و کاک عەلی شێلمان هەر دوو تێکۆشەری ڕۆژە سەختەکانی خەبات بۆ لێدانی مۆڵگەی "پوورەپانێ"، هەڵکەوتوو لە پشتی گوندی زەلێ و نیزیک لە گورهانەکە کە دۆشکەیەکیان پێ بوو، ئامادە بوون. دوو دەستەش بۆ لێدانی گورهانەکە دیاری کرابوون تا دەستەی هێرش لە ژێر ئاوری ئەو دوو تیمەدا هەڵمەتی خۆیان بۆ سەر گورهان دەست پێبکەن. دەستەی پێنجەم کە منیشی تێدا بووم لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک بۆ سەر جادەی ئاغەڵان- نەڵاس دیاری کراین هەتا ئەگەر هێزی دوژمن بە هانای ئەو گورهانەوە بێت، بیانخەینە کەمینی خۆمانەوە. شوێنی ئێمە زۆر لە مۆڵگەی پشتی سەرشیو نیزیک بوو و دەشتێکی ڕووتەن بوو. بەم جۆرە هەموو هێزەکە بەسەر ئەو پێنج دەستەدا دابەش کرا.

دوای کۆبوونەوە بۆ پێشمەرگەکان و خوێندنەوەی ناوی هەموویان لە دەستەکاندا هەموومان بەرەو شوێنی خۆمان وەڕێ کەوتین. لە پشتی گوندی دیوالان لەیەکتر جیابووینەوە. دەستەی هێرش و دەستەی دۆشکە لە ئێمە جیا بوونەوە و بۆ شوێنی خۆیان لە نیزیک "ڕەشە گەڵوو"ی پشتی گوندی ئاغەڵان لە لای ڕۆژهەڵات وەڕێکەوتن. ئێمەش هەر سێ دەستەکە لەنێوان گوندەکانی ئاغەڵان و دیوالاندا ماینەوە. شوێنی ئێمە ئاوی لێ نەبوو بەڵام هەر شەوەکەی ئاومان دابین کردبوو. لەوێ ماینەوە و خۆمان حەشاردا بۆ ئەوەی کەس نەمانبینێ.

تا کۆتایی عەمەلیات، ئەو ڕۆژە دەبوایە لە هەموو ڕۆژان وریاتر بین، نەکا کارەکەمان پەکی بکەوێ. شوێنی ئێمە لە گورهانەکە نیزیک بوو، تا ئێواریێ چەند جار گورهانەکەمان خستە ژێر چاوەدێری خۆمان. بەم جۆرە هەموو تیمەکان تا کاتی عەمەلیات لە شوێنی مانەوە ئامادە بوون و هەموومان پێوەندیمان لەگەڵ یەکتری هەبوو. ئەو کاتە من جگەرەم دەکێشا، بەڵام پێم نەمابوو، زۆرم بێتاقەتی جگەرە کردبوو و نەمدەزانی کێ جگەرەی پێ ماوە. ئەگەر تەماشام کرد چەند میترێک لە خوار خۆمان لەنێو پۆلە دەوەنێک دووکەڵ هەڵدەستا!! زوو زانیم ئەوە جگەرە دەکێشن، چووم بۆ لایان،کە چووم کاک قادر مەمۆ لەگەڵ دوو کەس لەنێو پۆلە دەوەنەکەدا بوون، کە تەماشام کرد قادر شتێک دەکێشێ بەڵام لە جگەرە ناچێ، منیش داوای جگەرەم کرد. قادر وتی خۆ جگەرە نییە. تەماشام کرد گیایەک هەیە کە ئێمە پێی دەڵێین "تاڵیتۆز"، وردی کردبوو لەنێو پەڕێک کاغەزی کردبوو و دەیکێشا. زۆرم پێ سەیر بوو. بۆنێکی ناخۆشی لێ دەهات و زۆر ناخۆش بوو، بەڵام ئەو تەحەمولی نەمابوو و پەنای بۆ گەڵای تاڵیتۆز بردبوو.

ئێوارەیە، خۆر خەریکە لەسەر چیای جەنگی ئاسۆی هیوا دەنەخشێنێ. کەشێکی ئارام و فێنک باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو. لە داوێنی ئەو چیا سەربەرزانەدا، هەڵۆ تیژباڵەکانی دێموکرات خەریکی خۆئامادەکردن بوون. هێدی هێدی تیمەکان بە ڕەمز قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، بێ ئەوەی بهێڵن دوژمن هەست بە هیچ بکات.

بەرە بەرە هەموو تیمەکان بەرەو شوێنی خۆیان وەڕێدەکەون. سەرئەنجام لە کاتژمێری پێنجی سەر لە ئێواریێ گورهانی ئاغەڵان غافڵگیر کرا و کەوتە بەر هێرشی تێکۆشەرانی هێزی گیارەنگ.

زۆری نەكێشا دەنگی تەقەی چەكی تێكۆشەرانی دێموكرات لە ناوچەكە دەنگی دایەوە. لەگەڵ تەقاندنی هەر فیشەكێك دوژمن بێ هێز دەبوو و ورەی دادەبەزی. دەستەكانی پشتیوان بە ئاوری چەكەكانیان گورهانی جێگیر لە گوندی ئاغەڵانیان غەرقی دووكەڵ و ئاگر كرد. هەروەها هاوكات لەگەڵ هێرش بۆ سەر ئەو مۆڵگەیە، مۆڵگەی "پوورەپانێ"ی هەڵكەوتوو لە پشتی گوندی زەلێ لەژێر ئاوری توندی دەستەیەكی دیكە لە پێشمەرگەكان دابوو. دەستەكانی دیكەش بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر جموجۆڵێكی دوژمن لە شوێنی خۆیان ئامادە بوون. دوای بەجێگەیاندنی ئەركی هێزی پشتیوان، دەستەی هێرش كە پێكهاتبوو لە كۆمەڵێك پێشمەرگەی ئازا و تێكۆشەری ڕاهاتوو بە هەموو شێوەكانی شەڕ، هێرشی خۆیان بۆ سەر هێزی دوژمن دەست پێكرد. لە ماوەیەكی كورتدا توانیان خۆیان لە سەنگەرەكانی دوژمن نیزیك بكەنەوە و شەڕێكی قورس لەگەڵ دوژمن دەست پێ بكەن. شەڕێ سەنگەر بە سەنگەر لەنیو مۆڵگەكەدا دەستی پیكرد و لە كۆتاییدا پێشمەرگەكان بەسەر دوژمندا سەركەوتن و گورهان بە تەواوی كەوتە دەستی تێكۆشەرانی دێموكرات. بەكرێگیراوانی نێو مۆڵگەكە، ئەوانەی شەڕیان لەگەڵ پێشمەرگەكان دەكرد، كوژران. چەند كەسێكش هەڵاتن و باقی هێزەكەی دیكەی دوژمن لە لایەن هێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە بەدیل گیرا. تەواوی چەكوچۆڵی نێو مۆڵگەكە كەوتە دەستی هێزی پێشمەرگەی كوردستان. بەشێك لەو چەكوچۆڵە ڕاگوێزرا و ئەوەی دیكە لەنێو مۆڵگەكەدا لە لایەن پێشمەرگەكانەوە ئاگریان تێ بەردرا. بەم جۆرە گورهانی ئاغەڵان كە یەكێك بوو لە مۆڵگەی هێزە هەرە سەركوتكەرەكانی ڕێژیم لە ڕێكەوتی ٨ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوییدا بەدەستی بە توانای تێكۆشەرانی هێزی گیارەنگ تەفروتونا كرا.



دەستەكانی دیكەش توانیان ئەركی خۆیان بەجێ بگەیەنن. تا

کۆتایی عەمەلیاتەکە مۆڵگەی پوورەپانێ لەژێر ئاوری دەستەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی هێزی گیارەنگدا بوو. لە کۆتاییدا ئەو دەستە لە پێشمەرگەکان دەکەونە بەر هێرشی خۆمپارەی هێزی دوژمن و هەر دوو بەرپرسی ئەو تیمە کاک عەلی حاجی و کاک عەلی شێلمان بریندار دەبن.

دەستەی سەرجادەی ئاغەڵان بۆ نەڵاس تا هاتنەوەی هەموو دەستەکان هەر لە شوێنی خۆیان چاوەڕوان بوون. دوای تاریکیی هەوا و کۆتایی عەمەلیات هەموومان بە یەکەوە شوێنی شەڕەکەمان بەجێهێشت و بەرەو شوێنی دیاریکراوی خۆمان وەڕێ کەوتین.

سەرەڕای ئەوەی سێ بریندارمان پێبوون، لەگەڵ هەموو دیلەکانی شەڕ و چەک و چۆڵێکی زۆر و ماندووبوونێکی زۆری پێشمەرگەکان، دەبوایە وریا بین چونکە ڕێگەی گەڕانەوەمان بێ مەترسی نەبوو. دەبوو بە دەوروبەری چەند مۆڵگەیەکی دوژمندا تێپەڕ بین و هەست بە بوونی ئێمە نەکەن. سەرئەنجام هەموومان بەیەکەوە بە وریاییەکی زۆرەوە خۆمان لە سنووری گوندەکانی وەردێ و بنەوخەڵێف نیزیک کردەوە. لەسەر سنوور بەیانییەکەی زۆر ماندوو بووین، پشوویەکی کورتمان دا تا کەمێک بحەسێینەوە. پاشان بە ڕۆژ بەرەو گوندی هەڵشۆ لە باشووری کوردستان وەڕێ کەوتین. ئەو کاتە وەزعەکە باش بوو، تازە لە باشوور ڕاپەڕین کرابوو، هەستی کوردایەتی لەوپەڕی بەهێزیدا بوو. ڕووت لە هەرکوێ دەکرد خەڵک بە باوەشی ئاوەڵاوە وەریان دەگرتی، ئێمەش ئەو ڕۆژە هەم خۆمان هێزێکی زۆر بووین و هەم عەمەلیاتێکی گەورەمان لە ناوچەی سەردەشت ئەنجام دابوو. نیزیک بە بیست دیلی شەڕەکەمان پێ بوون، بۆیە خەڵک بە چاوی ئومێدەوە چاویان لێ دەکردین. کاتێک هەموومان بەیەکەوە

گەیشتینە نێو گوندی هەڵشۆ، خەڵک لێمان کۆبۆونەوە، لەو کاتەدا جەوێکی خۆش باڵی بەسەر ئێمەدا کێشابوو کە هێندە خۆش بوو ئێستاش بەتەواوەتی هەست بەو دۆخە دەکەم و دەڵێی لەنێو ئاوایی هەڵشۆ ڕاوەستاوم و دڵخۆشم کە ئەو جێگەو پێگە بەرزەمان لەنێو خەڵکی کوردستاندا هەبوو و بە خۆشییەوە تا ئێستاش پاراستوومانە.

دوای ماوەیەک مانەوە و پەیداکردنی چەند ماشێن، کاروانی ماشێنەکان بەرەو گوندی شیوەڕەز وەڕێ کەوت. دەنگی دروشم و دەربڕینی خۆشحاڵی تەواو باڵی بەسەر ئێمەدا کێشابوو. دوای ماوەیەک گەیشتینەوە بنکەکانی خۆمان لە شیوەڕەز. بە گەیشتنەوەمان بۆ بنکە لەگەڵ پێشوازیی هاوڕێ و هاوسەنگەرانمان بەرەوڕوو بووین. دوای گەیشتنەوەمان بۆ مەقەڕ، هەردوو فەرماندە و تێکۆشەری ڕۆژە سەختەکانی خەبات؛ کاک عەلی حاجی کە بە سەختی بریندار ببوو لەگەڵ کاک عەلی شێلمان و برادەرێکی دیکە کە پێم خۆش نییە ناوی بێنم، سەختییەکی زۆریان چێشت، بەرەو نەخۆشخانە بەڕێ کران.

ڕێکەوتی ٩ی خەرمانان لە بنکەی سەرەکیی خۆمان لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەی شارستانەوە وەک سیاسەتی هەمیشەیی حیزب لە سەر سیاسەتی حیزب قسە بۆ دیلەکانی شەڕ کرا و پاشان بە ماشێن بۆ "زەڵێ و قاسمەڕەش" بەڕێ کرانەوە، تەنیا یەک کەسیان نەبێ، ئەویش خوالێخۆشبوو کاک فایەق کاژەیی بوو کە بە دڵخوازی خۆی نەچۆوە و داوای کرد کە دەبێتە پێشمەرگە و لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبدا خزمەت بە خاک و خەڵکی کوردستان دەکات کە بەداخەوە دوای تێپەڕاندنی ٢٧ ساڵ پێشمەرگایەتی بە هۆی نەخۆشییەوە بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێ کردین. ڕۆحی شاد و یادی بەرز و

بەڕێز بێت.

پێویستە بگوترێ لەوکاتە ئاستەمەدا سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات بەرانبەر بە دیلەکانی شەڕ لەگەڵ دوژمنێکی غەداری وەک کۆماری ئیسلامی، شێوەیەک لە خەبات بوو. کۆماری ئیسلامی زۆر پێیخۆشبوو ئێمە هەموو دیلەکانی شەڕ بکوژین، بۆ ئەوەی تەبلیغاتی ناڕەوای دژ بە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان پێوە بکات.

بەمجۆرە لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا تێکۆشەرانی هێزی گیارەنگ بە کەمترین ئیمکانات، گەورەترین زەربەیان لە هێزی دوژمن دا.

سڵاو بۆ هەموو ئەو کادر و پێشمەرگانەی لەو سەرکەوتنەدا بەشدار بوون.

- جەولەیەک بۆ ناوچەی ئالانی سەردەشت

کەم واهەبووە دەرفەتەکان لەدەست بدەین، تەنانەت لە وەرزی سارد و سەرماشدا سەرەڕای سەختییەکانی کە لەسەر ڕێگامان بوون، بۆ ئەوەی زۆرتر حزووری پێشمەرگانەمان لەنێو خەڵکی خۆماندا هەبێ، هەمیشە ئامادە و لەسەرپێ بووین.

مانەوەمان لەنێو خەڵکی خۆماندا بە لامانەوە لە هەموو شتێک باشتر و خۆشتر بوو. بۆیە هەرکات دەرفەت ڕەخسابا لە دەستمان نەدەدا. لە مانگی بەفرانباری ١٣٧٤دا پێش گرتنی گوردانی بێژوێ، تیمێکی تێکەڵاو لە پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ، چووینە ناوچەی ئالانی سەردەشت. کاک کەریم فەرخەپوور وەک ئەندامی کۆمیتەی شارستان و بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی هۆمل

لەگەڵمان بوو. چووینە ناوچەی ئالان و سەردانی چەند گوندی ناوچەکەمان کرد و لە درێژەی گەشتەکەماندا دوو ڕۆژ لە گوندی بێتووش ماینەوە. هەوا زۆر سارد بوو، دەبوو شەوانە هەر لە گوندەکان مابایینەوە. ئەو ماوەیە لە مزگەوتەکان کۆبوونەوەمان بۆ خەڵک دەکرد و کاک کەریم فەرخەپوور لەسەر سیاسەتەکانی حیزب قسەی بۆ خەڵک دەکرد. بەیانییەک کە لەخەو هەستاین، واساغ بووینەوە بۆ نیوەڕۆ بچینە گوندی مێرگاسێ. ئەو ڕۆژە هەوا لە هەمیشە ساردتر بوو و بەفر دەباری. تا گەیشتینە گوندی مێرگاسێ، کەمێک تەڕ ببووین. ئەو گوندە ماڵەکانی بڕێک لێک بڵاون و مۆڵگەی دوژمنیش لە نیزیک گوندەکە بوو. بەسەر ماڵەکاندا دابەش بووین؛ من و کاک کەریم فەرخەپوور لەگەڵ نەفەرێکی دیکە چووینە ماڵی کاک مستەفای عەلیئاغای،کە چووینە ماڵەکە دیار بوو کەمێک وەزعی ژیانییان باش بوو. لە ماڵەکە چووینە دیوێکی گەورە، هەر کە چووین بۆ ماڵەکە داریان خستە نێو کورە و وڵات گەرم داهات. ئێمەش خۆمان کردبۆوە و خەریکی خۆ گەرمکردنەوە بووین. لە ناکاو نەفەرێک هاتە بەر دەرگای ژوورەکە و دەستی بە ئەولاو ئەولای درگاکەوە گرت و لە پڕ گوتی؛ هە هەر هەر هەر!!. ئێمەش پێمان وابوو دەڵێ جاش و پاسدار هاتوون و دەیهەوێ ئاگادارمان کاتەوە بۆیە خێرا پەلاماری چەکەکانماندا. کەچی دوای چەند جار هەر هەر گوتن، کەوتە سەر ئەسڵی قسەکە و گوتی " هەر هەموو لایەکتان بەخێرێن"!!. درەکەوت فەقیرە زمانی دەگیرا. بەڕاستی لە ژیانمدا بە قەد ئەو ڕۆژە پێنەکەنیوم. بەتایبەتی ئەو برادەری لەگەڵمان بوو لە ڕادەبەدەر پێکەنی.

شەوێ لەوێ ماینەوە و بڕیارماندا سبەی بەیانی بچینە گوندی دولکان کە گوردانێکی هێزەکانی دوژمن لە چەند سەدمیتری ماڵەکان لە پشتی گوند بوو و هەمیشە هیزێکی ئامادەی

دوژمنی لێبوو. دیارە ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو کە بەیانی و بە ڕۆژی ڕووناک بچینە گوندێک و مۆڵگەی دوژمنیش لە چەند سەد میتری بێ و گوندەکە و دەوروبەری گوندەکەی لەژێر چاودێریدا بێ. لە ڕووبەڕووی مۆڵگەی دوژمن دوو کەسمان بە "بی کەی سی"یەوە دانا و خۆمان چووینە نێو گوندەکە. پێش ئەوەی بگەینە نێو ماڵەکان دیتمان دوو کەس بەرەو مۆڵگەکە رادەکەن. فەوری دوو پێشمەرگەمان ناردن و پێش ئەوەی بگەنە نێو مۆڵگەکە، گرتیانن و هێنایانن. کە هێنایانن دوو مامۆستای فارس زمان بوون کە مامۆستای قوتابخانەی ئەو گوندە بوون و لە ترسی ئێمە دەیانەویست خۆیان بگەیەننە نێو مۆڵگەکەی دوژمن. دیار بوو ڕێژیم زۆر کاری لەسەر ئەوە کردبوو کە پێشمەرگە لای خەڵک بە تایبەت غەیرە کوردەکان ناشیرین بکا و پێشمەرگە بە ئینسانکوژ لە قەڵەم بدا بۆیە ئەوانیش لە ترسی ئەوەی کە پێشمەرگە نەیانکوژێ! دەیانەویست خۆیان بگەیەننە نێو مۆڵگەکەی ڕێژیم. دوای ئەوەی کاک کەریم فەرخەپوور قسەی بۆ کردن، خۆی لەگەڵیان چوو سەردانی ماڵەکەی کردن و بۆ نیوەڕۆش بۆ نانخواردن هەر لەگەڵ خۆی بردنی بۆ ماڵی یەکێک لە خەڵکی گوند و ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووین هەر لەگەڵ ئەو بوون. ماڵەکەیان حەمامی نەبوو و دەبوو وەک خەڵکی گوند بچنە مزگەوت و خۆیان لە حەوزی ئاوی مزگەوت هەڵکێشن کە ئەوە بۆ ئەوان زۆر سەخت و ناخۆش بوو. ئەو مەسەلەیان لەگەڵ کاک کەریم باس کردبوو و ئەویش شەو لە مزگەوت کۆبوونەوەی بۆ خەڵکی گوندەکە گرت. دوای باسێکی سیاسی باسی ڕێزگرتن لەو مامۆستایانەی کرد کە غەریبن و هاتوون منداڵەکانیان فێری خوێندن و نووسین دەکەن. باسی ئەوەی کرد کە ئەوانە وەک ئێمە فێر نین لە حەوزی ئاوی ساردی مزگەوت خۆیان بشۆن ئەویش بەو زستانە ساردە! و پێویستە

حەمامێکیان لەنێو خانوەکەی خۆیاندا بۆ دروست بکەن. پیاوێک لەنێو خەڵکەکە گوتی: جا کاک کەریم ئێمە لە قەدیم و زەمانەوە هەر لەو حەوزە خۆمان دەشۆین، با ئەوانیش وەک ئێمە فێر بن". کاک کەریم لە وەڵامدا گوتی ڕەنگە دایک و بابی ئەوانیش هەر وەک ئێمە بووبن بەڵام ئێستا سەردەم گۆڕاوە و ئەوان لە شاری خۆیان فێربوون کە لە حەمامی ماڵەوە حەمام بکەن و تازە بۆ تۆ فێر نابن. بەیانی کە لە خەو هەستاین کاک کەریم لەگەڵ شوڕای گوندەکە کۆبوونەوەیەکی کرد و دیسان داوای لێ کردن کە حەمامیان بۆ دروست بکەن و ئەوانیش قبووڵیان کرد. ئێستا پێویستیمان بە کەرەسە هەبوو کە بەو زستانە پەیدا نەدەبوو. لە خوار گوردانەکەی دوژمن خانوویەک هەبوو،گوتیان ئەوە چۆڵکراوە و هی مۆڵگەکەیە، کاک کەریم چەند کەسێکی بە وڵاغەوە نارد و لەبەرچاوی هێزەکانی ڕێژیم خانوەکەیان هەڵوەشاند و بلۆکەکانیان هێنا و لە خانوەکەی مامۆستاکاندا هەر ئەو ڕۆژە بە خەڵکی گوند حەمامی بۆ مامۆستاکان دروست کرد کە ئەوە نەک هەر کارێکی ئینسانیی گەورە بوو بەڵکوو لە ڕاستای سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیشدا بوو هەم بۆ ڕێز گرتن لە مۆستای قوتابخانە و هەم وەک ئەوەی کە ئەوان غەریبە بوون. ماوەی دوو ڕۆژ بێباک لە دوژمن بە بەرچاوی ئەوانەوە لەو گوندە ماینەوە. نە هێزەکانی ڕێژیم غیرەتیان هەبوو هیچ دەژکردەوەیەک لەخۆیان نیشان بدەن و نە ئێمەش هیچ حیسابێکمان بۆ کردن. مامۆستاکان کە ئەو دوو ڕۆژە هەر لەگەڵ پێشمەرگەکان بوون، زۆر خۆشحاڵ بوون و ئیتر ترسیان نەما و وادیار بوو کە دوژمن زۆر خراپ لەسەر پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات قسەی بۆ کردبوون.

لەپەنا گوندی دولکان گوندێک هەیە بە ناوی "شێرانییە"، کەسێکی ئەو گوندە بە ناوی کاک خدری شێرانییە کە زۆر

حیزبی و زۆریش قسە خۆش بوو، بیستبووی کە بەو زستانە بەخەڵکی گوندی دولکان حەماممان بۆ مامۆستاکان دروست کردووە و مامۆستای گوندەکەی ئەوانیش حەمامی نەبوو. بە خەڵکەکەی گوتبوو هەتا ئابڕوویان نەبردووین هەستن پێش ئەوەی پێشمەرگەکان بگەنە ئێرە با ئێمە خۆمان حەمام بۆ مامۆستاکەمان دروست بکەین.

دوای ئەوەی لە گوندەکانی ناوچەی هۆمل درێژەمان بە جەولەکەمان دا، ڕۆژێک کە لە گوندی "بناوێ" بووین، وا ساغ بووینەوە بۆ شەوێ بچینە گوندی "بێژوێ". بەهەرحاڵ ئەو گوردانەی کە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دەستی بەسەردا گیرا لەوێوە زۆر بە باشی دیار بوو و نێو گوندەکەش جاشخانەیەکی تێدا بوو و سەرەڕای ئەوەش دەستەی زەربەتیان هەبوو کە هەمیشە لە گوندەکە و دەوروبەری گوند بە دوای پێوشوێنی پێشمەرگەوە بوون. ئەگەر هەڵە نەبم لەمێژ بوو پێشمەرگە نەچووبوونە گوندی بێژوێ. کاتێک چووینە نێو گوند و بەسەر ماڵەکاندا دابەش بووین، ئێمە لەگەڵ دوو کەسی دیکە چووینە ماڵەکانی خوار گوردانەکە و لە ماڵەکە خەریکی نانخواردن بووین. لەنێو گونددا دەنگی دوو ڕەگبار هات. ئێمەش هاتینە دەرێ و من بێسیمم پێبوو. گوتیان وەرە خوارێ. ئێمەش بە پەلە چووینە خوارێ. بەڵام بە وریایی کە چووین دەرکەوت فەرماندەی دەستەی بە ناو زەربەتی مۆڵگەکە هاتۆتە نێو گوند. کاک کەریم فەرخەپوور سەردانی مامۆستاکانی قوتابخانەی کردبوو و شەهید ساڵح قەلەڕەشی و کاک ڕەحمان وەردەییش لە دەرێ پاسەوان دەبن کە فەرماندەی دەستەی زەربەتیی ڕێژیم لەگەڵ چەند چەکدارێک دێتە نێو گوند و لەپێش پەنجەرەی ماڵی مامۆستاکان لەگەڵ شەهید ساڵە قەلەڕەشی دەستەویەخە دەبن و هەردووکیان تەقە لەیەکتر دەکەن، لەو کاتەدا تفەنگەکەی شەهید ساڵە گیر

دەكا بەڵام بوێرانە و ئازایانە خۆی بە كابرای فەرماندەدا دەدا، لەو كاتەدا فەرماندەكە بە هەموو هێزی خۆی هاوار دەكا، كاك كەریم پێی وایە كاك ساڵە تەقەی لەكەسێكی شێت كردووە، بەپەلە پەنجەرە دەكاتەوە دەڵێ ساڵە ئەوە چ خەبەرە دەڵێ كوڕە بمگەیە ئەو سەگبابە قامكی لێكردمەوە. لە كاتێكدا كە شەهید ساڵە پەلاماری فەرماندەكە دەدا پەنجەی دەچێتە نێو دەمی فەرماندە و ئەویش زۆر بە توندی دەیگەزێ و دەیهەوێ قامكی لێبكاتەوە و هەر لە هەمانكاتیشدا هاوار دەكا، تا كاك كەریم دەیگاتێ فەرماندەكە خۆی لە دەستی شەهید ساڵە دەرباز دەكا و ڕادەكا. ئێمەش دوای ئەو تەقەیە كە كاك ساڵە دەستی بریندار ببوو، گوندی بێژوێمان بەرەو گوندی بناوێ بەجێهێشت. لە گوندی بناوێ لای كادری دەرمانی، شەهید ساڵە دەرمان كرا و لەگەڵ پێشمەرگەیەك ڕەوانەی نەخۆشخانە كرا. ئەگەر هەڵە نەبم مەبەست لەو سەفەرە بەشێكی هەر بۆ كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو گوردانە بۆ ئەو ناوچەیە كرا. چونكە كاك كەریم هەم خۆی بەرپرسی كۆمیتەی ناوچەكە بوو و هەم چەند كەسی شارەزای ناوچەكەمان لەگەڵدا بوون، وەك فەرماندە كاك برایم شێخی كە خەڵكی گوندی سنجوێ بوو و شارەزایەكی باشی ناوچەكە بوو.

دوای گەشتێكی چەند ڕۆژە لە گوندەكانی ناوچەی ئالانی سەردەشت و ئەنجامدانی ئەركە حیزبییەكان لە كەشێكی بەفر و باراناویدا لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشوور، واتە بنكەكانی خۆمان لە گوندی شیوەڕەز گەڕاینەوە.

## • دەسبەسەرداگرتنی یەکێک لە گەورەترین گوردانی دژمن لە گوندی بێژوێی ناوچەی ئالانی سەردەشت

بۆ گێڕانەوی بیرەوەریی ئەو جارە ڕوو لە ناوچەی ئالانی سەردەشت دەکەم. ئەو ناوچەی کە بە درێژایی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان هەمیشە شوێنی حەسانەوە و حەوانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە. خەڵکی ئەو ناوچەیە لە کاتە هەستیارەکاندا پشتیوانی هەرە بەهێزی جووڵانەوە بووە. بە تایبەتی لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ ئەو کاتەی کە ڕێژیمی "شا" ئێرانی وەک دوڕگەی ئارام ناو دەبرد بەڵام لەو کاتە ئەستەمەدا خەڵکی ناوچەی ئالان بە دڵ و گیان هاوکاریی کادر و پێشمەرگەکانی دێموکراتیان دەکرد.

ناوچەی ئالانی سەردەشت بەهۆی میلیتاریزەبوونی لە دەورانی شەڕی عێراق –ئێران‌دا کەمتر پێشمەرگە دەیتوانی هەڵسووڕانی تێ دا هەبێ. بەڵام بە دوای کۆتایهێنانی شەڕی عێراق – ئێران، کۆماری ئیسلامی بەشێکی زۆری ئەو ناوچەی چۆڵ کرد و تەنیا چەند مۆڵگەیەکی هێزی دوژمن لە ناوچەکە مانەوە. یەکێک لەو مۆڵگانە، گوردانی هێزە بەکرێگیراوەکانی دوژمن هەڵکەوتوو لە پشتی گوندی بێژوێ بوو. ئەو گوردانە هەرچەندی بڵێی مەحکەم بوو، چونکە هەمیشە لە ژێر ئاگری تۆپخانەکانی ئەرتەشی عێراق‌دا بوو، بۆیە زۆر قاییم دروست کرا بوو و هێزێکی زۆری تێدا جێگیر کرابوو.

ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی، لە چەند کۆبوونەوەی جیادا بڕیار درابوو هێزی گیاڕەنگ و کۆمیتەی شارستانی سەردەشت کە ئەو کات کاک مستەفا مەولوودی، بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بوو و کاک حاجی جوندی فەرماندەی هێز و کاک حەمە نارستی

جێگری هێـز بـوو، لـە ناوچـەی ئالانـی سەردەشت عەمەلیاتێک لەسـەر هێـزی دوژمـن بەڕێوەبـەرن. بەڕێوەبردنـی ئـەو عەمەلیاتـە بـوو بـە باسـی نێـو کۆبوونـەوەی پشـتی دەرگا داخـراوەکان. دوای شناسـایی ورد و دەقیقـی کادر و فەرمانـدە تێکۆشـەرەکانی ئـەو کاتـەی هێـزی گیاڕەنـگ، گوردانـی بێـژوێ هەڵکەوتـوو لـە ناوچـەی ئالانـی سەردەشـت دەسـت نیشـان کـرا و هەمـوو ئامادەکارییـەک بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی ئـەو گوردانـەی دوژمـن کرابـوو و پێشـتر هەمـوو زانیـاری و وردەکارییەکانـی نێـو گوردانەکە و جاشـخانەکەی نێـو گونـد لـە لایـەن تیمـی تەشکیلاتی ئـەو ناوچەیـەوە درابوونـە بەرپرسـانی هێـزی گیاڕەنـگ و ئامادەکاریـی تەواویـان کردبـوو.

وەرزی سـارد و سـەرما بـوو، بێجگـە لـە گوردانـی بێـژوێ، چەنـد مۆڵگەیەکـی دیکـەش لـە ناوچەکە هەبـوون. بەڵام هەمـوو لایەنەکانی جـۆری بەڕێوەبردنـی ئـەو عەمەلیاتـە بـە دەقیقـی لێـک درابونـەوە و کاری پێویسـتی بـۆ کرابـوو. کاتـی عەمەلیاتەکـە لـە وەرزی بەفـر و سـەرمادا دیـاری کـرا و ئـەو کات ڕێگـەی هۆمـل بـە بەفـر دەگیـرا و هیـزی یارمەتیـدەر نەیدەتوانـی بـە هانـای چەکدارەکانییـەوە بـێ. ڕۆژی ١٢ی فەجـر دیاریکـرا کـە ڕۆژی هاتنـەوەی خۆمەینـی بـوو بـۆ ئێـران. لـە دوای دەسبەسـەرداگرتنی مۆڵگـەکان یەکێـک لـە دیلـەکان گوتـی: لەسـەرەتادا پێمانوابـوو ١٢ی فەجـرە و تەقـەی خۆشـییە. لـە بەرەبەیانـدا بەرنامـەی عەمەلیاتەکـە دانـرا چونکـە دوژمـن قـەت پێـی وانەبـوو لـەو بەفـر و سـەرمایەدا بەیانیـی زوو هێرشـی دەکرێتـە سـەر هـەر بۆیـە ئـەوان غافڵگیـر بـوون.

هــەر لــە گونـدی شـیوەڕەز، واتــە بنکەکانـی خۆمـان هەمـوو دەسـتەکان دابـەش کـران، دیـارە پێشـتر تیمێـک بـە سەرپەرسـتی کاک کەریـم فەرخەپـوور بـۆ ئامـادکاری و کۆکردنـەوەی زیاتـر لـە ناوچـە بـوون. ئەوەنـدەی لـە بیـرم بـێ هەمـوو هێزەکـە کـرا بـە

شەش دەستە؛ دەستەی یەکەم وەک دەستەی هێرش بۆ سەر گوردان دیاری کرا و شەهید حەمە نارستی بە بەرپرسی یەکەمی ئەو دەستەیە دیاریکرا. دوو دەستەی دیکە بە فەرماندەیی کاک عەولای شەخسەی و حوسێنی فەقی عەلی لە سەر دوو تەپۆلکەی زاڵ بەسەر گوردان‌دا دامەزران تا بە ئاوری چەکەکانیان وەک ئاربیچی، قەناسە و بی کەی سی، گوردان بخەنە ژێر ئاگری خۆیان و لەژێر ئاوری ئەو دوو دەستەدا دەستەی هێرش، هەڵمەتی خۆی بۆ سەر دوژمن دەست پێ بکا. دەستەی چوارەم کە لە کۆبوونەوەی فەرماندەکان‌دا من وەک فەرماندەی دەستەی کەمین دیاری کرام شاخە سووری پشتی گوردان بوو کە هەم دوور بوو هەم هەمووی بەفر بوو و زۆر سارد بوو. دەستەی پێنجەم بۆ گرتنی مۆڵگەی نێو گوندی بێژوێ دیاری کراو و بە کەریم فەرخەپوور سپێردرا. دەستەی شەشەم لە زینوێ "بناوێ" جێگیر بوو و دۆشکەیان لەو شوێنە دامەزراند، چونکە زیاتر بیر لەوە دەکرایەوە کە ئەگەر دوژمن بە هێزی هەوایی بە هاواری گوردانەکەوە بێت، ئەو دۆشکەیە بتوانێ ڕۆڵی پەرچەکرداری هەبێ. بە هۆی کوێستانی بوونی چیای هۆمل و بەفری زۆر و دووریی ناوچەی ئالان لە شاری سەردەشتەوە، هاتن بە هانای هێزی دوژمنەوە هەروا ئاسان نەبوو. بەم جۆرە سازماندەییە تێکۆشەرانی هێزی گیارەنگ خۆیان بۆ شەڕێکی قورس لەگەڵ هێزی ئەو گوردانەی دوژمن ئامادە کرد.

وا بڕیار درابوو کە لەگەڵ ڕووناکایی بەرەبەیان لە هەموو قۆڵەکانەوە هێرش بۆ سەر دوژمن دەست پێبکرێ. زۆربەی کوڕەکان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد لە دەستەی هێرش‌دا بن. بەڵام خۆ ناکرێ هەموو لەو دەستەیەدا سازمان بدرێن. دوای کۆبوونەوە ناوی نەفەراتی هەموو دەستەکان خوێندرایەوە، هەموویان مەعلووم بوون کە لە کام دەستە دان. ناوی بەرپرسی

دەستەکانیش خوێندرایەوە. بەم جۆرە زۆربەی هەرە زۆری کادر و پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ لە دەستەکاندا سازمان دران و چاوەڕوانی فەرمانی فەرماندەیی بوون.

دەستبەسەرداگرتنی گوردانی بێژوێ و ئەنجامدانی عەمەلیاتێکی گەورە و بەرچاوی ئاوا هەڵدگرێ زۆر شتی لە سەر بنووسرێ.

وەک زۆر جاری دیکە هەمووماں لە سالۆنە چکۆڵەکەی کۆمیتەی شارستان لە هاتووچۆدا بووین، زۆربەمان بە کۆڵەپشتی و ڕەخت و چەکەوە ڕاوەستابووین، چاوەڕێی خواردنەوەی دوا چایی دەستی "قەوەت"، پێشمەرگە ڕوحسووکەکەی هێزی گیارەنگمان دەکرد. چەند ماشێنێک ئامادە کرابوون، کادر و پێشمەرگەکان لەوپەڕی خۆشحاڵیدا بۆ ئەوەی بیر لە سەختیی کارەکە بکەنەوە دەستە دەستە سواری ماشێنەکان دەبوون و ماڵئاواییان لەو کەسانە دەکرد کە بۆ پاراستنی بنکە و بارەگاکان لە بنکە دەمانەوە.

ڕێکەوتی ۱۱ی ڕێبەندانی ۱۳۷۱ی هەتاوی کە ئەم چەند ڕۆژە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە "دەیەی فەجر" ناودێر کراوە، لە ئێوارەیەکی باراناویدا بەرەو گوندی بێژوێ لە ناوچەی ئالانی سەردەشت وەڕێ کەوتین. بۆ پێشمەرگە و کادر و فەرماندەکان زۆر گرینگ نەبوو لەکوێ سوار دەبن، هیچ فەرق و جیاوازییەک نەبوو، دوای ئەوە ی هەمووماں سواری ماشێنەکان بووین بەرەو قەڵادزێ وەڕێکەوتین هەوایەکی سارد لە پشتی ماشێنەکان هەمووماںی سڕ کردبوو بەڵام نە سەرما و نە گەرما و نە سەختیی ڕێگا، هیچکام لەوانە نەیاندەتوانی کار لە ئیرادەی تێکۆشەرانی دێموکرات بکەن.

کاروانی ماشێنەکان لە سنووری "قندۆڵ" نیزیک دەبۆوە، بارانیش نمنم دەباری. زۆری نەخایاندن لە نیزیک سنووری

"مەزناویێ"ی ناوچەی ئالانی سەردەشت دابەزین، هەمووومان گەیشتینە نێو گوند و لەلایەن تێمیکەوە بە سەرپەرستی کەریم فرخەپوور کە پێشتر بۆ وەرگرتنی زانیاری و ئامادەکاریی عەمەلیاتەکە لەو ناوچەیە بوون یەکمان گرتەوە و بەسەر ماڵاندا دابەش بووین. هەموو ئەو ئیمکاناتەی کە بۆ ئەو عەمەلیاتە ئامادە کرابوو لە چەند ولاغ بار کران. وا بڕیار درابوو؛ لە کاتێکدا وەڕێکەوین کە لەگەڵ ڕووناکیی هەوا هەموو تیمەکان لە جێگەی خۆیان جێگیر بن.

لە شەوێکی تاریکەسەلاتدا کە هەوایەکی ساردی هەبوو و باران دەباری، هەمووومان بە یەکەوە بەرەو ئەو شوێنە وەڕێ کەوتین. ئای کە چ شەوێکی تاریک و ئەنگوستەچاو و ناخۆش بوو. بەڕاستی ئەو شەوە شەوێکی سەخت بوو، زۆر بە زەحمەت پێش خۆت دەدیت. هەمووومان هیلاک بووین، بە ڕێگادا هەر کەسە و چەند جار وەعەرزی کەوتین. هەموو ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ ئەو هێزە بوون، ئێستا سەختییەکانی ئەو شەوە و بزنەڕێی گوندەکانی دیگە و بالێتانیان بۆ گوندی شێرانییە لەبیرە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە چەند کەس لە کادر و پێشمەرگەکان کە خەڵکی ناوچەکە بوون، لەگەڵدا بوون. من لە پێش کاک لاوە نەبیزادەوە دەڕۆیشتم، پەڕۆیەکی سپیم بە شانمدا دادابوو تا کاک لاوە ڕێی لێ تێک نەچێ و بەدوامدا بێ. بەو حاڵەش ئیرادەی پێشمەرگەکان هەر بەهێز بوو، هەرچەند جاروبار لەگەڵ کەوتنی هەر پێشمەرگەیەک سووکە جنێوێک بۆ کەسی پێشڕەو دەهات!!، بەڵام دۆخەکە بۆ هەمووومان ئاسایی بوو. من و هاوڕێکانم لە تەمەنی پێشمەرگایەتی‌دا زۆر ڕۆژگاری ناخۆشمان تێپەڕ کردوە، بەڵام کەم شەوم لەو شەوە تاریکتر و ناخۆشتر دیتوە، زۆر بە زەحمەت توانیمان خۆمان بگەیەنینە دەوروبەری گوندی بناوێی نیزیک شوێنی مەبەست، واتە گوندی بێژوێ. تا

ئـەوێ هەمووممـان بەیەكـەوە بوویـن بێجگـە لـە تیمێـك كـە لەگـەڵ كاك كەریـم فەرخەپـوور پێـش ئێمـە وەڕێ كەوتبـوون. لـەوێ دوای پشوویەكی بـاش هـەر تیمـە و بـەرەو شـوێنی خـۆی وەڕێ كـەوت. ئـەو شـەوە خـەو نەچـوە چـاوی كـەس. هـەر بـە ڕێگاوە بوویـن بـۆ ئـەوەی لـە ئەسڵی كارەكـەدا سـەركەوتوو بیـن. شـوێنی تیمـی ئێمـە لـە هەمـوو تیمـەكان دوورتـر بـوو. ئێمـە بـەرەو شاخەسووره وەڕێ كەوتیـن. زۆر دوور بـوو، تـا سـەردەكەوتی زیاتـر تووشـی بەفـر دەبووی. شـوێنی ئێمـە تـەواو بەفـر بـوو و بەفریـش هـەر دەبـاری.

دوای بڕینـی ئـەو ڕێگـە سـەختە، گەیشـتینە شـوێنی خۆمـان. لەگـەڵ هەمـوو تیمـەكان قسـە كـرا. هەمـوو كـەس لـە شـوێنی خـۆی ئامـادە بـوو. ئێمـە لەگـەڵ ڕووناكیـی هـەوا ئـەوەی بۆمـان دیـاری كرابـوو لـە دابەشكردنی كاردا كردمـان و چاوەڕوانـی ڕوناكیـی هـەوا بوویـن تـا هێـرش بـۆ سـەر گـوردان دەست پـێ بـكات. شـوێنی ئێمـە بەسـەر گوردانەكـەدا زاڵ بـوو. بـە تـەواوی لێمـان دیـار بـوو؛ حـەوت تیـم بوویـن. تیمـی هێـرش بـۆ سـەر گـوردان دوو تیـم بوون،تیمێـك بـۆ لێـدان و ئـاوری تونـد بـۆ سـەر گـوردان و تیمێـك بـۆ گرتنـی مۆڵگـەی نێوگونـد، تیمـی "شـاخە سـوورە" وەك تیمـی كەمیـن لـە زینـوێ "بنـاوێ" كـە دۆشـكەیان پێبـوو. خوالێخۆشـبوو مەهـدی بـەدری كـە لـە فێرگـە ڕا هاتبـوو لەگـەڵ بـوو. تیمـی ئاخـر، تیمـی فەرماندەیـی بـوو كـە لەگـەڵ هەمـوو تیمـەكان لـە سـەرخەت بـوو.

گێڕانـەوەی ڕووداوە گرینـگ و سەرنجڕاكێشـەكانی ڕابـردوو پـڕن لـە شـانازی و فیـداكاری، لێواولێـون لـە خەباتێكـی سـەخت كـە لـە سـەر دەسـتی تێكۆشـەرانی ئـەو سـەردەمە بـۆ مێـژوو تۆمـار كـراون، مێژوویـەك كـە هەتـا ئێسـتاش ڕەمزێكـە بـۆ داهاتـوو.

لـە بەرەبەیانییەكـی زوودا هەمـوو تیمـەكان لـە شـوێنی خۆیـان ئامادەبـوون. لەگـەڵ ئـەوەی ماندوویـی و هیلاكـی بـە سیمای هەموو

کوڕەکانەوە دیار بوو، بەرەبەرە هەوا ڕووناک دەبوو، بەڵام هێشتا تیمی کاک عەوڵای شەخسە نەگەیشتبوونە شوێنی خۆیان و ئەمجار پاسەوانی مۆڵگەکە دەیتوانی بیانبینێ و ببێتە هۆی ئاشکرابوونمان، لەو کاتە هەستیارەدا سروشت یارمەتی داین و تەمومژێک هەموو ناوچەکەی داپۆشی و ئەوانیش لەو دەرفەتە کەلکیان وەرگرت و خۆیان گەیاندە شوێنی مەبەست. تەم و مژێکی زۆر کێوەکانی دەوروبەری گرتبوو، نمنم باران دەباری و هەوا سارد بوو. لەگەڵ ڕووناکیی هەوادا، گوردانی جێگیر لە پشتی گوندی بێژوێ و جاشخانەی نێو گوند لە چەند لاوە کەوتنە بەر هێرشی پێشمەرگەکانی هێزی گیاڕەنگ، ئاربیچی لە سەر ئارپیچی لەنێو گورداندا دەتەقیەوە. تەقینەوەی "ئار بی جی" و قرمەی بی کەی سی و قەنناسە بڕستی لە دوژمن بڕیبوو. تا دەهات هێرش بۆسەر دوژمن توندتر دەبوو. هەرچەندە چەند کەسێکی بەکرێگیراوی نێو مۆڵگەکە سەرەڕای ئەو ئاورە توندەی لە سەریان بوو، سەنگەریان گرتبوو و بەرەو تیمەکانی پشتیوان تەقەیان دەکرد. لە کۆتاییدا لە ژێر ئاوری توندی هەر دوو دەستەی پشتیوان و تیمی هێرشدا، ئەو شێرە بە جەرگانەی کە بە دەیان جار لەنێو مۆڵگەکانی بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمدا بەسەر دوژمندا زاڵ ببوون، خۆیان لە گوردان نیزیک کردەوە و شەڕێکی سەخت و سەنگەر بە سەنگەر و دەستەویەخەیان لەگەڵ هێزی دوژمن دەست پێکرد. مۆڵگەیەکی تا بڵێی قاییم، هێزێکی زۆر بە ئیمکاناتێکی باش لەگەڵ پێشمەرگەکان شەڕیان دەکرد. بەڵام شێرەکوڕانی دێموکرات بێ گوێدان بە بەربەستەکانی سەر ڕێگەیان، هەڵۆئاسا دەچوونە پێش. سەرەتا بەهۆی بەربەرەکانیی هێزی دوژمن و لەو کاتەدا کە پێشمەرگەی ئازا و بە جەرگ سمایل قوڵەسوێروی شەهید دەبێ و چەند پێشمەرگەش بریندار دەبن تیمی هێرش تاکتیکی شەڕیان گۆڕی. سەنگەرەکان سەریان

داخراو بوو و زیاتر وەک تونێل دەچوون بۆیە نارنجەک نەدەچۆ ناو سەنگەرەکان و پێشمەرگەکانیش نارنجەکیان لە کەمیی دابوو و شەڕەکەش کەو کاتەدا بە نارنجەک دەکرا. دەستەی هێرش بۆ سەر مۆڵگەی دوژمن لەنێو گوند لە ماوەی نیو کاتژمێردا دەستیان بەسەر مۆڵگەکەدا گرتبوو و هەر لەوێوە چەند سندوق نارنجەکیان لە فریای پێشمەرگەکان خست و ئەوەش بوو بە هۆکارێک بۆ ئەوەی دوژمن زەبوون و داماو بکەن. خدر زەینی کە هەر لەو عەمەلیاتەدا شەهید بوو، لە تیمی هێرش‌دا نەبوو. لەگەڵ تیمی پشتیوان بوو، بەڵام کاتێک تیمی هێرش تەقەمەنیان لێ دەبڕێ، شەهید خدر لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکە لەنێو گوندەوە تەقەمەنی بۆ هاوڕێیانمان دەبەن بەڵام بە داخەوە پێش ئەوەی بگاتە هاوڕێکانی لە لایەن هێزی دوژمنەوە پێکرا و شەهید بوو. دوای چەند ساتێک دووبارە دەستەی هێرش خۆیان سازمان دەدەنەوە و بە هاوکاری و پشتیوانیی دەستەی پشتیوان هێرشی ئەوجارەیان توندتر و دوژمن‌بەزینتر دەبێ. لەو کاتەدا و دوای دەسبەسەرداگرتنی مۆڵگەی نێو گوندەکە، کەریم فەرخەپوور دوای دەسبەسەرداگرتنی مۆڵگەی دوژمن لەنێو گوندەکە، خۆی گەیاندە بڵیندگۆی مزگەوت و بە زمانی کوردی چەند خولکێک لە وەسفی پێشمەرگە هەڵمەتبەرەکانی دێموکراتدا ئەوانی بەرەو سەرکەوتن هاندا و بە زمانی فارسیش داوای لە بەکرێگیراوانی دوژمن کرد کە تا نەکوژراون خۆتان ڕادەستی پێشمەرگەکان بکەن کە ئەوەش کاریگەریی خۆی هەبوو و دیلەکان باسی ئەو داواکارییەیان لە بڵیندگۆی مزگەوتەوە دەکرد کە بەشێکیان ئەو کات تەسلیمی هێزی پێشمەرگە بوون. تا دێ ئاڵقەی گەمارۆکان توندتر دەبن. هێزی دوژمن بەرەو لاوازی دەچێ و دوای شەڕێکی سەخت و قارەمانانە، پێشمەرگەکان دەچنە نێو گوردان و دەستی بەسەردا دەگرن. هێزی نێو گوردان، ئەوانەی شەڕیان لەگەڵ

پێشمەرگە کردبوو و تەسلیم نەبوون، کوژران و باقی هێزەکەی دوژمن خۆیان ڕادەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد. لە کاتی هاتنی هێزی پشتیوان بۆ یارمەتیی دەستەی هێرش کە بەداخەوە خدر زەینی بە دەستی فەرماندەی گوردان کە دوایی خۆیشی کوژرایەوە، شەهید دەبێ. دوای دەستبەسەرداگرتنی گوردان، هەموو دیلەکان بەرەو شوێنی دیاریکراو بەڕێ کران. هەموو چەکوچۆڵی نێو گوردان کە نیزیک بە ٨٠ قەبزە دەبوو، کەوتە دەستی پێشمەرگەکان. ئەوەی ئیمکانی ڕاگواستنی هەبوو ڕاگوێزرا و ئەوەی دیکە لەنێو گوردان ئاوری تێبەردرا. دووکەڵ و ئاگری گوردان لە تەواوی ناوچەکەدا دەبیندرا. دەستەکانی دیکەش هەتا کۆتایی شەڕەکە لە شوێنی خۆیان مانەوە. دوای تەواوبوونی شەڕەکە زۆربەی پێشمەرگەکان بە دیل و دەستکەوتەکانەوە بەرەو شوێنی دیاریکراو وەڕێ کەوتن.

پێویستە بگوترێ ئەو شەڕە لە لایەن کادری بەوەجی ئەو کاتی هێزی گیاڕەنگ، کاک محەممەد بایزیدی فیلمبەرداری کرا. لەو شەڕەدا زیاتر لە ١٦ کەس لەنێو گوردان‌دا کوژران، زیاتر لە٤٠ کەس بەدیل گیران و ئەوانی دیکە هەڵاتن و خۆیان شاردەوە. بەم جۆرە گوردانی بەکرێگیراوانی دوژمن لە ناوچەی ئالانی سەردەشت لە لایەن پێشمەرگەکانی هێزی گیاڕەنگەوە دەستی بەسەردا گیرا.

هەروەک بەشدارانی تیمی هێرش باسیان دەکرد: گیرانی ئەو گوردانە یەکێک لە سەختترین شەڕەکان بوو و زۆر بە زەحمەت کۆتایی هات. زیانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەو شەڕەدا شەهید بوونی دوو پێشمەرگە و برینداربوونی چەند پێشمەرگەیەک بوو. هەموو تیمەکان دوای دەستبەسەردا گرتنی گوردان شوێنی شەڕەکەیان بەجێهێشت. تەنیا ئێمە مابووین کە تووشی شەڕێک

بووین لەگەڵ ئەو هێزەی کە لە گوردانی "دولکان"ەوە بەرەو بێژوێ دەهات.

هەموو پێشمەرگە و فەرماندەکانی بەشداری ئەو شەڕە لە سەرخستنی ئەو عەمەلیاتە گەورەیەدا چالاکانە بەشداریان کرد کە بەڕاستی دەکرێ وەک یەکێک لە عەمەلیاتە گەورەکانی ئەو سەردەمە چاوی لێ بکرێ. گرینگی و دەنگدانەوەی ئەو عەمەلیاتە بە جۆرێک بوو کە دوای گرتنی گوردانەکە، موحسین ڕەزایی فەرماندەی ئەو کاتی سپای پاسداران هاتبووە سەردانی مۆڵگە سووتاوەکە و گوتبووی : "هیچ شکم لەوەدا نییە کە ئەوە بە تەنیا کاری حیزبی دێموکرات نییە و هێزی ئەمریکاییان لەگەڵ بووە".

سڵاو بۆ ئیرادە و بەشداریی چالاکانەی هەموو ئەو کادر و پێشمەرگە و فەرماندانەی بەشداریی ئەو عەمەلیاتە بوون.

ڕێز و سڵاو بۆ هاوکاریی خەڵکی ناوچەکە کە بەڕاستی کۆمەڵێک خەڵک بە نەهێنی هاوکاریان کردین. لەو شەڕەدا هەرکەس لە قەدەر توانای خۆی بۆ سەرخستنی عەمەلیاتەکە ڕۆڵی گێڕا، بەڵام بێگومان کاری تیمی هێرش لە هەموویان قورستر بوو و بە سەختییەکی زۆر توانیان دوژمن تێک بشکێنن.

لەگەڵ ڕووناکیی بەرەبەیان گوردانی بێژوێ کەوتە بەر هێرشی پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ و دەستی بەسەردا گیرا. ئێمە دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کە لە پشتی گوردان لە شوێنێک بەناوی "شاخەسوورە" وەک کەمین سەنگەرمان گرتبوو تا کۆتایی شەڕ سەرەڕای سەرما و سۆڵە لە شوێنی خۆمان ماینەوە. لە کاتی شەڕەکەدا هێزێکی دوژمن لە گوردانی دولکانەوە بەرەو لای ئێمە دەهات. لە ئەسڵدا ئەو هێزە هەوڵی ئەوەی بوو بە یارمەتیی گوردانی بێژوێوە بێ. ئێمەش لەگەڵ بەرپرسانی

خۆمان باسمان کرد و ئەوانیش گوتیان جارێ لە شوێنی خۆتان بمێننەوە. کاتێک هێزی دوژمن لە ئێمە نیزیک بۆوە ئاگاداریان کردین کە پاشەکشە بکەین کە بەڕاستی زۆر هەڵە بوو. چونکە دوژمن بەسەر ئێمەدا زاڵ بوو. بە هەرحاڵ بە مەبەستی پاشەکشە کردن کەمێک چووینە خوار شوێنی خۆمان، کاتێک سەیرمان کرد نەفەرێکمان نەهاتووە و بەجێماوە. بە ناچاری چوار کەس گەڕاینەوە بۆ دواوە؛ مەلا زورار، ڕەحمان وەردەیی، من و عومەر دیوالی. ئەوانی دیکەشمان بۆ خوارێ بەرێکرد. لە گەڕانەوەماندا لەگەڵ هێزی دوژمن دەرگیر بووین و تەقە دەستی پێکرد. ئەوان بەسەر ئێمەدا زاڵ بوون، هەر زوو مەلا زورار بریندار بوو. ئەوجار ئەرکمان قورستر بوو. دەبوایە هەم شەڕ بکەین هەم مەلا زورار کە بریندار ببوو ڕاگوێزین. هەرچۆنێک بێ سەرەڕای ئەو فشارەی لە سەرمان بوو توانیمان کەمێک مەلا زورار دوور بخەینەوە و بەرەو گوندی بێژوێی بەڕێ بکەین. خۆی دەیتوانی بڕوات و گوندی بێژوێش زۆر دوور نەبوو.

ئەو سێ کەسە لەگەڵ ئەو هێزەی دوژمن کەوتینە شەڕەوە. هێزی دوژمن زۆر و ئێمەش سێ کەس، ئەوان بەسەر ئێمەدا زاڵ بوون و بەرنامەی گەمارۆدانی ئێمەیان هەبوو. شەڕ و لێکدان تا دەهات توندتر دەبوو. هێزی دوژمن لە ئێمە نیزیک دەبۆوە، ئێمە تەنیا یەک لامان لە ئیختیاردا بوو کە پاشەکشە بکەین. بەڵام ئەوان هەموویان بەسەر ئێمەدا زاڵ بوون. زۆر زەحمەت بوو و دوو بۆ سێ جار داوای تەسلیم بوونیان لێ کردین. بەرەبەر ئێمە فیشەکمان لە کەمی دەدا و فشارێکی زۆرمان لە سەر بوو ،بەڵام سێ کەسی لەگەڵ ئەو هێزە لە شەڕدا بووین. ئەوان بە هەموو جۆرە چەکێک تەقەیان لە ئێمە دەکرد و ئێمەش تەنیا چەکی دەستمان کلاشنیکۆف بوو. لە چەند جێگەیەک نێوانمان دووسەد میتر نەدەبوو، بەڵام ئێمە بێگوێدان بە فشارەکان، لە

بەربەرەكانی و بەرگریكردندا بووین. دواجار داوامان لە هاوڕێیان كرد كە چەند كەسێك بەفریای ئێمەوە بێن. زۆری نەكێشا كاك عەلی سوورەچۆمی لەگەڵ كۆمەڵێك پێشمەرگە سەرەڕای ماندوویی و هیلاكیی خۆیان كە لە بەیانیەوە لە شەڕدا بوون، مەودایەكی دووریان بڕی و بە فریای ئێمەوە هاتن.

ڕووبەڕووی ئێمە كاك عەلی لەگەڵ خۆم قسەی كرد و بە بی كەی سی و قەناسە هێزی دوژمنیان سەرگەرم كرد. ئێمەش دوای زیاتر لە دوو كاتژمێر شەڕ و بەربەرەكانی، لە داوی دوژمن دەربازمان بوو. ئەگەر ئەو تیمەی كاك عەلی بە هانای ئێمەوە نەهاتبا ئێمە دەرچوونمان مەحاڵ بوو. بەهەرحاڵ ئێمەش دوای ماوەیەك خۆمان گەیاندەوە لای هاوڕێیان لە گوندی بناوێ و لەوێش ژمارەیەك لە هێزی دوژمن كوژران و بریندار بوون. مەلا زوراریش زۆر بە زەحمەت خۆی گەیاندبوە گوندی بێژوێ و لەوێ دڵسۆزێكی دێموكرات هاوكاری كردبوو.

لەوێوە هەمووومان بەدیل و دەستكەوتەكانەوە بەرەو گوندی مەزناوێ وەڕێكەوتین. كاتێك ئێمە چووینە گوندی بناوێ زۆربەی هێزەكە بەدیل و دەستكەوت و شەهیدەكانەوە بەرەو گوندی مەزناوێ وەڕێ كەوتبوون. چەند كەسێكیش لە سەر ئێمە وەستابوون و دوای یەكگرتنەوەمان لە گوندی بناوێ، ئێمەش بەرەو گوندی مەزناوێ وەڕێ كەوتین. كاتێك ئێمە گەیشتینە گوندی مەزناوێ، شەهیدەكان بەهاوكاریی خەڵكی گوند و پێشمەرگەكان بە باوەشی دایكی نیشتمان سپێردرابوون. لە گوندی مەزناوێ هەمووومان بە یەكەوە بەرەو بنكەكانی خۆمان لە گوندی شیوەڕەز وەڕێ كەوتین. لە نیزیك گوندی قندۆڵی باشووری كوردستان سواری ماشێنەكان بووین. كاتێك بە ماشێنەكان بەنێو خەڵكدا تێدەپەڕین لەگەڵ پێشوازیی

گەرمی خەڵک بەرەوڕوو دەبووین. کاتێک گەیشتینە نێو شاری قەڵادزێ، کاروانی ماشێنەکان بە نێو خەڵکدا تێدەپەڕی و لەگەڵ پێشوازییەکی گەرم و گوڕی خەڵکی ئەو شارە بەرەوڕوو بووین و لەوێوە بەرەو گوندی شیوەڕەز ڕۆیشتینەوە. کاتێک هەموومان گەیشتینەوە گوندی شیوەڕەز، لەگەڵ پێشوازیی گەرمی هاوڕێ و هاوسەنگەرانمان و بنەماڵەکان بەرەوڕوو بووین.

پاش گەیشتنەوەمان، لە ساڵۆنی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت لەسەر پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ دیلەکانی شەڕ قسە بۆ دیلەکان کرا و پاشان ئازاد کران و بەرەو سنووری "قاسمەڕەش" بەرەو ئێران بەڕێ کرانەوە.

بەم جۆرە لە ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٧١ی هەتاویدا هێزی گیاڕەنگ گەورەترین عەمەلیاتی لە سەر دوژمن بەڕێوە برد و دوژمن زەبرێکی قورسی وێکەوت. لەکۆتایی‌دا سڵاو بۆ ڕوحی پاکی هەر دوو شەهید؛ شەهید سمایل و شەهید خدر. سڵاو بۆ ئیرادەی هەموو ئەو پێشمەرگانەی لەو عەمەلیاتەدا بەشداربوون و ئازایانە هێزی داگیرکەریان بەچۆکدا هێنا.

ئەوە دوایین بەشی ئەو عەمەلیاتە گەورەیەی هێزی گیاڕەنگ بوو لە سەر هێزی دوژمن، هیوادارم توانیبێتم ئەو شەڕە وەک خۆی بۆ ئێوە خۆشەویستان باس بکەم. هەرچەند دەزانم ڕەنگە لە نووسینەکان‌دا کەموکووڕیش هەبێ.

## • جەولەیەک بۆ ناوچەی ئالانی سەردەشت

**لە سەر لیوانێک دۆ، زۆری نەمابوو تێرشەپم کەن!!**

**لە ماوەی پێشمەرگایەتیمدا زۆر ڕۆژی خۆش و ناخۆشم تێپەڕ کردوە و چەندین جار تا سەر لێواری مەرگ چووم. زۆر جا لەگەڵ هاوسەنگەرانم لە سەرکەوتنی زۆر گەورەدا بەشدار بووم کە هەموویان لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵیان کردووم. زۆر جاریش تووشی شکست و هەڵە بووین، بەڵام بە سەرکەوتنەکان لەخۆبایی نەبووین. بە تێشکانەکانیش ورەمان بەرنەداوە کە ئیتر جارێکی دیکە نەوێرین درێژە بەم ڕێگا پڕ لە شانازییە بدەین. ساڵی ١٣٧٣ بنکە و بارەگاکانی هێزی گیاڕەنگ و کۆمیتەی شارستانی سەردەشت لە دێگەڵە هەڵکەوتوو لەسەر جادەی هەولێر – کۆیە بوون. ئەو ساڵە واساغ بوومەوە کە سەرەڕای کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان، بیرێکیش لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بکەمەوە و ماڵێکی پێشمەرگانە وەک هاوسەنگەرانی دیکە پێکەوە بنێم. لە سازماندەیی ساڵی ١٣٧٣دا من وەک سەرپەلی یەکێک لە پەلەکانی هێزی گیاڕەنگ دیاری کرام. بۆ کاروباری حیزبی بە تایبەتی لە کاتی جەولە و چوونەوە بۆ نێوخۆی وڵات و تێکۆشانی پێشمەرگانە هەموو سەرپەلەکان بێسیمێکی چووکەیان پێ دەدرا. ئەوکات خەڵکی گوندەکان زیاتر ئەگەر لە بەرپرسانی هێزی پێشمەرگەیان دەپرسی، کەمتر پرسیاری فەرماندە هێز یان بەرپرسی کۆمیتەی شارستانیان دەکرد. هەمیشە سەرپەلیان پێ لە ئەوانی دیکە لەسەرتر بوو و لە سەرپەلیان دەپرسی. زۆر جاریش کە چاویان بە بێسیمەکە دەکەوت، بۆیان ڕوون**

دەبۆوە کە بەڵێ ئەوە سەرپەلە و گەورەی هەمووانە. هەر لەو ساڵەدا بە جەولەیەکی پێشمەرگانە چووینە ناوچەی سەردەشت. هەر وەک ئاماژەم پێ دا، سەرەڕای ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبی و پێشمەرگانە، کەڵکەڵەی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشم هەر لە دڵدا بوو. جارجارەش بیرکردنەوەیەکی قووڵ هەڵی دەگرتم و خۆم لە سەر کورسیی زاوا و بووکدا دەبینی و جەوێکی ئاشقانە دایدەگرتم کە ئەوسەری ناپەیدا و دنیایەک پرسیاری سەیروسەمەرە بە مێشکمدا دەهاتن و دەچوون؛ باشە منی پێشمەرگە بەم هەرد و کێوانەوە چۆن دەتوانم ژن بەخێو بکەم، کێ بەو وەزعەوە شوو بە من دەکات و زۆر پرسیاری دیکە. بەڵام کە بیرم لەو هاوڕێیانەم دەکردەوە کە ژن و منداڵیان هەیە و پێشمەرگایەتیش دەکەن، پشوویەکم دەهاتەوە بەر و لە سەر بڕیاری ژن هێنان سوورتر دەبووم. شەو و ڕۆژەکان یەک بەدوای یەکدا تێدەپەڕین و منیش هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێشمەرگانە بەشێکی فکرم هەر لای ژیانی هاوبەش و ئەو کەسە بوو کە دەبوا سەرەتا بیدۆزمەوە و جا دواتر ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێک بێنم. بۆیە زۆر جار کە ڕوومان لە ئاوەدانییەک دەکرد من وێڵ و عەوداڵی ئەو کەسە دەبووم و بۆ دۆزینەوەی چاوم دەکردنە چەند چاو. لە دڵی خۆمدا بە بیرکردنەوە هەم یاری هەتاهەتایی خۆم دیاری کرد بوو، هەم ماڵێکی پێشمەرگانەم پێکەوە نابوو. بیرم زۆر لێ دەکردەوە؛ بڵێی بتوانم ئەو کەسەی ئارەزووی دەکەم، دەستنیشانی بکەم؟! لە دڵی خۆشمدا دەمگوت؛ حەتمەن بە ئارەزووی خۆم دەگەم!! شەوانە لەگەڵ هاوسەنگەرانم دەبووین بەمیوانی گوندەکانی ناوچەی سەردەشت و ئەوانیش بە باوەشی ئاوەڵاوە پێشوازییان لێ دەکردین. شەوێک لە شەوان ڕێگەمان کەوتە گوندێکی ناوچەی سەردەشت، منیش لەگەڵ دوو کەس لە هاوڕێکانم بووین بە میوانی یەکێک لە ماڵەکەنی ئەو

گوندە. هەر کە لە ماڵەکە وەژووركەوتین ڕوخسار و جوانیی کچێک سەرنجی ڕاکێشام، دڵەکوتەیەک گرتمی هەر مەپرسن. تەواو باوەڕم بەوە هێنا کە ئەوەی من لێی دەگەڕێم خۆیەتی. هەستێکی خۆشی تێکەڵ بە نیگەرانی و شەرم دایگرتم. بەپێی دەستوور و عادەتی پێشمەرگانە هەر کات تیمێکی پێشمەرگە دەچووینە ماڵێک دەبوا کەسێک لە تیمەکە لەبەر دەرگای ماڵەکە پاسەوانی دابا بۆ ئەوەی هاوڕێیانی دیکە بە خەیاڵی ڕاحەت نان و چاییەکەیان بخۆن. قەدەر وایکرد من پاسەوانی یەکەم بم. من بووم بە پاسەوان، کچە هەر دەهات و دەچوو و منیش وەک بڵێی سەد ساڵە ئاشقیم و خۆشمویستووە. بڕیارمدا پێی بڵێم؛ پێی بڵێم کە خۆشم دەوێ و دەمهەوێ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێک بێنم، بەڵام ساغ نەدەبوومەوە چۆنی پێ بڵێم. لە دووڕێیانێکی دژواردا گیرم کردبوو. ئەویش هەر لە هاتوچۆدا بوو. منیش جارجار بێسیمەکەم هەڵ دەکرد و بێ ئەوەی کارێکی زۆر پێویست و زەروریش هەبێ لەگەڵ کوڕەکانی دیکە قسەم دەکرد!!. کچە بە تەواوەتی لە هەستی من تێگەیشتبوو، بەڵام وەڕووی خۆی نەدەهێنا. منیش دەمهەویست پێی بڵێم کە جەریان چیە بەڵام نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێبکەم و چۆنی پێ بڵێم. هەرچۆنێک بوو بڕیارمدا کە ئەگەر ئەوجارە بێتە دەرێ حەتمەن قسەی لەگەڵ دەکەم. زۆری پێ نەچوو کچە هاتە بەردەرگا و منیش غیرەتم وەبەرخۆم نا و گوتم: کچی باش دۆتان هەیە؟! ئەویش گوتی: بەڵێ هەمانە. گوتم؛ بێزەحمەت پەرداخێکم بۆ بێنە. کچە لە جوابدا گوتی: باشە پەرداخێکت دۆ بۆ دێنم، بەڵام یەک قسەی زیادی بکەی، هەزار شەپت تێهەڵدەدەم، دەزانم بۆ لێرە ڕاوەستاوی و بە هیوای چیت!!. کچە چووە ژوورێ و منیش وەک بڵێی لە بەرزاییەکەوە بمخەنە خوارەوە، تەواو حەپەسام و نەمزانی چی بڵێم و چی بکەم چونکە هیچ قسەیەکی خراپ و

نەشیاوم نەکردبوو و بەوپەڕی نیازپاکییەوە ویستم قسەی لەگەڵ بکەم. بە ناچاری ئەو ماڵەم بەجێهێشت و چوومە ماڵێکی دیکە. هیوا و ئاواتم لەسەر پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەو جەولەیەدا و بە وڵامدانەوەی ئەو کچە بوو بە دەریای نائومێدی و بە تەواوی بێهیوا بووم. ئەو شەوە لای کەس باسم نەکرد. بەیانییەکەی بۆ شەهید حەمە نارستیم گێڕایەوە. یادی بەخێر زۆر پێکەنی، کوتی کوڕینە وەرن، لە سەر پەرداخێک دۆ خەریک بووە هەزار شەپ لە خدر بەگ هەڵدەن!!!

## • لە هەوایەکی سارد و باراناویدا بەرەو ناوچەی سەردەشت

لەگەڵ ئەوەی ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو ڕووداوانەدا تێپەڕیوە، بەڵام بۆ ئێمەی بەشدارانی ئەو قۆناغە لە خەبات هەر تازەیە و لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەمان تێکەڵ بووە و بۆ ئەبەد فەرامۆش ناکرێ. ئەوەی تێکۆشەرانی دێموکرات لە دەیەکانی شەست و حەفتای هەتاویدا کردیان، قۆناغێکی گرینگە و لە مێژووی جووڵانەوەکانی کورددا وەک شانازییەک چاوی لێ دەکرێ و دەخرێتە بەر دید و نەزەری لاوانی تێکۆشەر و خەباتکاری ئێستا و داهاتوو کە بە هەموو خاڵە بەهێز و لاوازەکانیەوە دەکرێ بکرێتە ئەزموون بۆ داهاتوو.

ساڵی ١٣٧٢ لە ژێر فشاری لە ڕادەبەدری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە زۆربەی ناوچە سنوورییەکان تۆپبارانی قورسی زیاتر لە یەک مانگیی ڕێژیم بۆ سەر بنکەی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ لە گوندی شیوەڕەز دەستیپێکرد. ڕۆژانە بە

دەیان گوللە تۆپ بنکە و بارەگا و بنەماڵەکانی دەکردە ئامانج و بێجگە لەوەش فشاری خەڵکی ناوچەکەش تا دەهات زیاتر دەبوو. ناچاربووین گوندی شیوەڕەز بەجێبێڵین و سەرەتا بچینە گوندی کانیماران لە دەشتی بیتوێن و دوای ماوەیەک چووینە بەنداوی بێخمە لە سەر زێی گەورە کە لە کوردستانی باکوورەوە سەرچاوە دەگرێ. دوای جێگربوونی چەند هێز و کۆمیتە شارستانی حیزبی دێموکرات لەو دەڤەرە، وەک پێشوو دەبوایە خەبات یان باشتر بڵێم حزووری پێشمەرگانە لە شار و گوندەکانی کوردستان هەر لە جێگەی خۆیدا بێ. ئەو ساڵەش وەک هەموو ساڵەکانی دیکە لە کۆتایی زستانی ١٣٧٢دا لە بنکەی کۆمیتەی شارستان دەست کرا بە سازماندەیی هێز و کۆمیتەی شارستان. هەموو کادر و پێشمەرگەکان بۆ خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە کران. لە سازماندەیی ئەو ساڵەدا وەک ساڵی پێشوو کاک مستەفا مەولوودی و کاک سلێمان کەڵەشی وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و فەرماندەی هێز لە شوێنی خۆیان مانەوە و کاک محەممەد بایزیدی کرا بە جێگری هێز و باقی کادر و پێشمەرگەکانی دیکە لە کۆمیتە ناوچە و لک و پەلەکاندا سازماندران. لە مانگی بانەمەڕدا بۆ یەکەم جار خۆمان بۆ جەولەیەکی پێشمەرگانە لە ناوچەی سەردەشت ئامادە کرد. لەو جەولەدا کۆمەڵێک پێشمەرگە و فەرماندەی بوێر بەشدار بوون، وەک؛ هاوڕێیان محەممەدی بایزیدی، بەرپرسی یەکەم و جێگری هێز، محەممەدی مام ئاغا، ئاکار پەردەدار و من بەشداری جەولەکە بووین. لە ئێوارەیەکی درەنگدا کە ژمارەمان زیاتر لە بیست کەس دەبوو لە بێخمە ڕا بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین. شوێنی ڕۆیشتنی ئێمە، سنووری قەلەڕەشێ و کوێستانەکانی باژاڕ بوو، کە لەو کاتەدا لە زۆر شوێن بەفر مابوو. دوای چەند کاتژمێر ڕێگەبڕین، سەرئەنجام

لە "گۆڕهێلکێ" لە پشتی گوندی "باوزێ"وە بەرەو ڕۆژهەڵات، مەکۆی تێکۆشەرانی دێموکرات وەرێکەوتین و ئەو تیمەش کە بۆ بەڕێکردنمان هاتبوون، بەرەو بنکە گەڕانەوە. ئێمە هێواش هێواش بەرەو هەوراز هەنگاومان نا. تا دەهات شەو درەنگتر دەبوو، دەنگی هیچ شتێک بەرگوێ نەدەکەوت. بایەکی ساردی دەهات، دوای ماوەیەک ڕێگەبڕین، خاکی باشوورمان تێپەڕاند و چووینە خاکی ڕۆژهەڵاتەوە. لە کوێستانی باژاڕ هێشتا بەفر مابوو. هەر ئەو شەوە بڕیارماندا کە ڕۆژەکەی لە باژاڕ بمێنینەوە. لەبەر ئەوەی یەکەم شەو بوو، هەم جەستەمان خاو بوو و هەم شەو درەنگ بوو، لە پەسیوێک لامان دا و لەنێو پۆلە بەردێک ماینەوە. لە تەنیشت خۆمان بەفری لێبوو، هەوایەکی زۆر ساردی هەبوو. بەشێک لە کوڕەکان کە کیسەخەویان پێ بوو هەر زوو بۆی خەوتن، بەڵام ئێمە چەند کەس کە کیسەخەومان پێ نەبوو تا بەیانی خەومان لێ نەکەوت و لە سەرمان هەڵدەلەرزین. چاریش نەبوو، نەماندەتوانی ئاور بکەینەوە. بەرە بەرە شەو کۆتایی دەهات و بەرەو ڕووناکی دەچووین. کاتێک هەوا ڕووناک بوو زۆرمان سەرما بوو، هەر زوو کەمێک دارمان کۆکردنەوە و ئاورمان کردەوە. کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکان لە دەوری ئاورەکە کۆبووینەوە. ناوچەیەکی خۆش، دیمەن و بەهارێکی سەرسەوز کە لە سەیرکردنی تێر نەدەبووی. هێندە جوان و سەرنجڕاکێش بوو هەر بۆ باسکردن نابێ. دوای خواردنەوەی چایەک و دانانی پاسەوان منیش لەگەڵ ئەو چەند کەسەی کە شەو نەخەوتبووین هەر کامەمان لە گۆشەیەک بۆی خەوتین. وڵاتێکی ئارام، تەنیا دەنگی باڵندەکان دەهاتە گوێ کە لەو کوێستانە سازگارەدا بە ئارەزووی خۆیان دەهاتن و دەچوون. تازە خەوم لێکەوتبوو، خەوێکی خۆش لەنێو تەلیسێکی زەردا، پاسەوانەکە لە من زۆر دوور نەبوو، لەپڕ بە پەلە هات بۆ لام و گوتی؛ حەجەم...

حەجەم... منیش بەهێواشی سەرم بەرز کردەوە و هەر لە جێدا خێرا ڕەختەکەم بەست. ئەوان زۆر لە ئێمە نیزیک بوون، تفەنگ بەدەست و لە چەند میتری ئێمە سەردەکەوتن. منیش دەنگم دان؛ تەسلیم بن!!... هەر کە داوای تەسلیمبوونم لێ کردن، ئاگریان بەسەردا باراندم.! نازانم چۆن بوو بەرنەکەوتم. منیش تەقەم لێ کردن. ئەوان هەڵاتن و ئێمەش بە دوایاندا. کوڕەکانیش هەموو هەستان و تەقە دەستی پێکرد. ئەوان بەرەو شاخەکانی ئەوبەری ئێمە هەڵاتن و ئێمەش لەوێ بووین بە دوو دەستە. کاتژمێر ٨ی بەیانی بوو، بۆیە دەبوو خێرا ئەو شوێنەمان جێهێشتبا. ئەوان لەو دەوروبەرە خۆیان حەشار دابوو. دوای ماوەیەک تەقەکردن شوێنی خۆمان بەجێهێشت. دەستەیەک لەگەڵ کاک محەممەدی مام ئاغا بوون و ئێمەش هەموومان بەیەکەوە بووین. دیارە کاک محەممەد و چوار کەس لە کوڕەکان کەوتنەوە دیوی باوزێ. چونکە نەیاندەتوانی بێنەوە لای ئێمە. دوای ماوەیەک تۆپباران دەستی پێکرد. ئێمەش بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ سەر سنوور پاشەکشەمان کرد. چونکە سەرسنوور زۆر قایم بوو و هەموو کۆنە مۆڵگەی دەورانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران-عێراق بوو. دەکرا لەوێ خۆمان حەشار بدەین بۆ ئەوەی زەربە نەخۆین.

هێتشا چەند کاتژمێر تێنەپەڕیبوو کە لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی تووشی شەڕ بووین. شەڕەکە بە شێوەیەک بوو کە زۆرمان پێخۆش نەبوو، بەڵام بە دوو هۆ بەسەرماندا سەپا؛ هەم شوێنەکە سنوور بوو، هەم یەکەم ڕۆژ بوو هێشتا ئێمە وەزعی ناوچەکەمان نەدەزانی. ئێمە لە کاتی جەولەکاندا زۆر جار تووشی ڕووداوی لەو جۆرە بووین، بەڵام بە هاوکاریی هەمووومان و بە ئیرادەی بەهێزی پێشمەرگانە، توانیومانە خۆمانی لێ دەرباز بکەین. دوای ئەوەی شوێنی شەڕەکەمان بەجێ هێشت، دوور کەوتینەوە بۆ لێواری سنوور. تۆپباران

هەر درێژەی هەبوو، بەڵام ئێمە لە ناوچەکە خۆمان حەشاردا تا کاک محەممەدی مام ئاغا لەگەڵ کوڕەکان لەودیوی سنوورەوە هاتنەوە بۆ لای ئێمە و یەکمان گرتەوە. کۆ بووینەوە کە چی بکەین و چۆن بڕیار بدەین. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارمان‌دا کە بەرەو قووڵایی ناوچە بڕۆین، بەڵام دەبوو لە فکری پەیداکردنی ئەو فیشەکانەدا بین کە تەقاندبوومانن. بۆ پەیداکردنی فیشەکی کلاشنیکۆف و قەنناسە، کاک محەممەدی مام ئاغا وەک شارەزای ناوچەکە بنێرین بۆ گوندی هێرۆ، بەڵکوو بتوانێ لە دۆستێکی باشوور ئەو فیشەکانە وەربگرێ جا ئەوجار بەرەو ناوچە درێژە بە گەشتی خۆمان بدەین. ئێوارێ کاک محەممەد لەگەڵ سێ پێشمەرگەی دیکە چوون بەدوای کارەکەی خۆیاندا و ئێمەش بەرەو شوێنی خۆمان لە دیوی باشوور وەڕێ کەوتین، واتە شوێنی مانەوە. ڕۆژی دوایی ئەوان شەوەکەی هاتنەوە بۆ لای ئێمە. ڕۆژەکەی لەوێ ماینەوە، کارەکەیان سەری گرتبوو و ئەو دۆستەمان هاوکاری کردبوون، بە زیادەوە فیشەکی بۆ ناردبووین و ئەرکی نەتەوەیی خۆی بەجێ گەیاندبوو کە لێرەوە دووبارە سپاسی دەکەین. لەو بارەوە و زۆر دۆستی دیکەش لە هەموو بارێکەوە هاوکارییان کردووین کە جارێ بۆ ئەوە نابێ ئاماژە بە ناوەکانیان بکەم. دوای گەڕانەوەی کوڕەکان و پڕکردنەوەی خەشابەکانمان، لە ئێوارەیەکی درەنگدا بەرەو قووڵایی ناوچە وەڕێ‌کەوتین. شەوەکەی چووینە گوندی "باوێ" لە سەر جادەی سەردەشت بۆ سنووری کێلێ کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکی ئەو گوندە بەرەوڕوو بووین. دوای خواردنی نان وچایی و کاروباری حیزبی، لە گوندی باوێ دەرکەوتین. شوێنی مانەوەی ئێمە کوێستانی "تاژەندەر" بوو کە کێوێکی بڵیندە و زۆربەی ناوچەکانی سەردەشت و ڕەبەتی لێ دیارە. دوای چەند کاتژمێر ڕێگە بڕین و بەجێهێشتنی گوندەکانی باوێ، زووران، کونەمشکێ،

واشەمەزین و تووێ، لەوێ ماینەوە. ئەوێش کوێستان بوو، هەوایەکی ساردی هەبوو. ئەو شەوەش من تا بەیانی لەسەرمان دیسان خەو نەچووە چاوم. ڕۆژەکەی لەوێ ماینەوە، دیمەنێکی تا بڵێی جوان و هەوایەکی سازگاری هەبوو. شوێنەکەمان باش بوو، ئەگەر شتێک ڕووی دابا دەتتوانی مەیدانی شەڕ بە دەستەوە بگری. ئەو ڕۆژە هیچ خەبەر نەبوو، دنیایەکی بێ دەنگ و ئارام بوو. ئێمەش ئەو ڕۆژە توانیمان کەمێک پشوو بدەین. ئێوارێ کۆبووینەوە تا شوێنی شەو و ڕۆژی دوایی دیاری بکەین. لە کۆبونەوەکەدا واساغ بوینەوە کە؛ بۆ شەوێ بچینە گوندی "باساوێ" کە هەم گوندێکی زۆرە و هەم خۆشە، بەڵام زۆریش لە شاری سەردەشت دوور نییە. کاتێک چووینە نێو گوند، پێشوازییەکیان لێ کردین کە لە گێڕانەوە نایە. دوای دابەشبوونمان بەسەر ماڵەکاندا و دوای چەند کاتژمێرێک مانەوە لەنێو گونددا و بەجێگەیاندنی ئەرکی حیزبی، لەنێو جۆش وخرۆشی خەڵکی بەهەستی باساوێدا، گوندەکەمان بەجێهێشت و بەرەو بناری چیای "تاژەندەر" هەڵکشاین. کاتێک لە چیا سەردەکەوتین بەرەبەرە هەور ئاسمانی ناوچەکەی داگیر دەکرد، چاوەڕوانی بارینی باران بووین کە بێگومان بۆ ئێمە زۆر ناخۆش دەبوو، بەڵام خۆ دەبوو هەرچۆنێک بێ، خۆڕاگر بین بۆ هەموو ئەو ئەگەرانەی لە پێشمان بوون. سەرئەنجام دوای چەند کاتژمێر ڕێگەبڕین، بۆ مانەوە چووینە پێش گوندی زێوە کە چەند کۆخێکی لێ بوون کە هەم بۆ سەرما و هەم بۆ کاتی باران دەکرا کەلکی لێوەربگرین. لەو شوێنە ماینەوە، هەواکە ناخۆش بوو بەڵام باران نەباری و بۆ شەوێش هەر لەوێ ماینەوە.

دوژمن هەر بە دوای پێوشوێنی ئێمەوە بوو، دیاربوو لە لایەن سیخوڕێکەوە ڕاپۆرتمان لێ درابوو، بەڵام ڕاپۆرتەکە دەرنگ

درابوو، تا دوژمن بەرنامەی هێرشی بۆ سەر ئێمە داڕشتبوو، ڕۆژ کەمێک درەنگ ببوو، هێزەکەی دوژمن بەرەو ئێمە درەنگ وەڕێکەوتبوو کە ئەوەیان بە قازانجی ئێمە بوو. ئەگەر وا نەبوایە ڕەنگە تووشی شەڕێکی گەورە باین لەگەڵ ئەو هێزە گەورەی دوژمن کە پیلانێکی مەترسیداریان بۆ دانابووین. سەرەڕای هەموو شتەکان پاسەوانەکانی خۆمان زوو هەستیان کرد و زۆر وشیار بوون. دیاربوو شوێنەکەی ئێمە بە تەواوی لە لایەن دوژمنەوە هەستی پێ کرابوو!! دوژمن هێزێکی زۆری کۆکردبۆوە و بە شوێنە نادیارەکاندا بۆ بەرزایەکانی پشتی سەری ئێمە سەری خستبوو. لەو کاتدا بارانێکی خەست دەستی پێ کرد. پاسەوانەکان خێرا ئاگاداریان کردین کە هێزێکی زۆری دوژمن پشتی سەری ئێمەی گرتووە و تەواو بە سەرماندا زاڵن. ئێمەش بە پەلە کەوتینە خۆ، شوێنەکەمان لێڕەوار بوو و دەکرا شوێنەکەمان بگۆڕین؛ دوای ڕاوێژێکی کورت جێگۆڕکێمان کرد. خۆمان کۆکردەوە و بەنێو لێڕەواردا بەرەو خوار گوندی زێوە هاتینە خوارێ. ئێمە توانیمان شوێنی خۆمان بگۆڕین و هێشتا هێزی دوژمن کە بە دەشتی دیوالاندا هاتبوو پشتی گوندی زێوە بگرێ نەگەیشتبووە شوێنی خۆی. ئەوە دەرفەتێک بوو بۆ ئێمە دەنا بە تەواوی لە گەمارۆ دەکەوتین. دوای ئەوەی ئێمە شوێنی خۆمان جێهێشت، لە ڕێگادا بووین کە دیسان بارانێکی خەست دەستی پێکردەوە و تەم ومژێکی زۆر سەری چیاکانی گرت. ئەو شوێنەی هێزی دوژمنی لێ بوو لە ئێمەوە نەدیو بوو و هەموو هەوڵمان ئەوە بوو خۆمان لەگەڵ ئەو هێزەی دوژمن تووشی شەڕ نەکەین، چونکە لە زۆربەی شوێنەکان بەسەر ئێمەدا زاڵ بوون. بەهێواشی لە خوار گوندی زێوە پەڕینەوە بەرەو نزیک گوندی تووژەڵ. دوای ئەوەی ئێمە شوێنەکەمان بەجێ هێشتبوو، هێزی دوژمن بەرەو ئەو شوێنە دەچن و بە خەیاڵی خۆیان بۆ ئەوەی گەمارۆمان

بدەن!!. بەرەبەرە ڕۆژ بەرەو کۆتایی دەچوو، ئێمەش لەگەڵ ئەوەی چاودێریی جووڵەی دوژمنمان دەکرد، ئاودیوی گوندی تووژەڵ بووین.هێزی دوژمنیش دوای ئێمە لە گوندەکانی زێوە و گەڵو و چیاکانی دەوروبەر بڵاو ببۆوە. تاریکایی ئێواریَ چووینە نێو گوندی تۆژەڵ و دوای خواردنی نان وچایەکی بەپەلە، بە خێرایی لە تووژەڵ وەدەرکەوتین و بەرەو شوێنی خۆمان وەڕێ کەوتین. شەوێکی زۆر ناخۆش بوو و ناوەناوە باران دەباری. دوای دەربازبوونمان لەو پیلانەی کە بۆمان دانرابوو، خەڵکی ناوچە خەبەریان پێداین کە ئەو هێزەی دوژمن، هێزێکی زۆر و تۆکمە و ڕاهێنراو بووە. ئەو کات باسی حەوسەد بۆ هەشت سەد کەسیان دەکرد کە بۆ گەمارۆدانی ئێمە هاتبوون و بە هەموو جۆرە چەکێک تەیار کرابوون. دوای چوونەدەر لە گوندی تووژەڵ و وەرگرتنی هێندێک خەبەر، دەشتی دیوالآن بەرەو دۆڵی ئاشەدینە بوو بە ڕێگە و مەبەستی ئێمە. لە نیوەشەوێکی درەنگدا خۆمان گەیاندە داوێنی چیای لانک و گیارەنگ و لەوێ ماینەوە کە بە دەیان جار بۆتە شوێنی حەسانەوەی ئێمە. ئەو ڕۆژەی لەوێ ماینەوە، دیسان باران دەباری و هەوایەکی زۆر ناخۆشی هەبوو. مانەوە بەم هەوایە لەوە زیاتر نەدەکرا، بۆیە بڕیارمان دا بگەڕێینەوە، چونکە بەو هەوا ناخۆشە نەدەکرا چیتر درێژە بە گەشتەکەی خۆمان بدەین. ئێواریَ لە کۆبونەوەیەکی فەرماندەی تیمەکان‌دا وا ساغبووینەوە کە بگەڕێینەوە. بۆیە بڕیارمان دا بە "قاسمەڕەش"دا بگەڕێینەوە. ئەو ساڵە دوژمن سنوورەکانی کەمێک چۆل کردبوو، هاتوچۆ هێندێک ئاسانتر بوو. بۆ خواردنی نان وچایی چووینە گوندەکانی سپیداریَ و سیرەمێرگ و پاشان بەرەو قاسمەڕەش وەڕێ‌کەوتین و لە سنوور بەرەو گوندی نۆکان دەرباز بووین. زیاتر لە ساڵێک دەبوو دوای شەڕەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارتی کرێکارانی

کوردستان (پ-ک-ک)زۆربەی هێزەکەی پ-ک-ک لە سنووری باشوور و باکووری کوردستانەوە ڕا گوایزرابوون بۆ گوندەکانی زەڵێ و ناوزەنگ و بە تەواوی ناوچەکەدا بڵاو ببوونەوە. هێزێکی توونددڕەو و نەگونجاو بوون. ئێمەش کە لە سنوور دەرباز بووین، دەمانزانی لەگەڵیان تووشی دەمەقاڵە دەبین. کاتێک لە خڕێ ناوزەنگ لێیان نیزیک بووینەوە، دەنگیان داین؛ کە ئێوە کێن؟! ئێمە خۆمان ناساند کە بەداخەوە هەڵسوکەوتیان هیچ باش نەبوو. دەیانگوت دەبێ بگەڕێنەوە و نابێ لێرەوە بڕۆن. ئێمە سوور بووین کە دەڕۆین و پێمان گوتن کە ئەوان مافی ئەوەیان نییە پێش بە پێشمەرگە و جموجۆڵی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بگرن، بەڵام ئەوان بە هیچ شێوەیەک حاڵی نەدەبوون و زۆر نالۆژیک هەڵسوکەوتیان دەکرد. بەو نیوەشەوە درەنگە کە بارانیش دەباری، زۆر ناخۆش بوو کە دوو هێزی چەکداری کورد کە بۆ کورد خەبات دەکەن بەڵام هەر لەسەر خاکی کوردستان دەمەقاڵەیان بێ. زۆری نەمابوو تووشی پێکدادان بین. هەرچی ئێمە بووین دەمانهەویست زوو دەرباز بین، چونکە شوێنەکە سنوور بوو، نەماندەویست خەڵک لە ناوچەکە بمانبینێ و تووشی کێشە بین، بەڵام ئەو هێزەی پەکەکە لە سەر قسەی خۆیان سوور بوون کە نابێ لێرەوە بڕۆن و هێزیان کۆکردبۆوە. لە کۆتایی‌دا دوای ئەوەی لەگەڵ بەرپرسەکانیان دانیشتین و قسەمان لەگەڵ کردن، وازیان هێنا و بە خۆشییەوە باش بوو کە تووشی شتی ناخۆش نەهاتین. شەو بەرەو کۆتایی دەچوو، ئەو جار دەبوو ئێمە پەلە بکەین لەوەی خەڵکی باشوور لەو سنوورە نەمانبینن. دوای دەربازبوون لە هێزی پەکەکە، دوو ماشێنمان پەیدا کردن و بەرەو قەڵادزێ گەڕاینەوە. بەمجۆرە دوای چەند شەوێک مانەوە لە ناوچە و تووشبوونی دۆخێکی ناخۆش، بەڵام بێ زیان گەڕاینەوە بنکەکانمان.

## • چوونی دەستەیەک پێشمەرگە بۆ نێوشاری سەردەشت

ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی لە زۆربەی ناوچەكانی كوردستان هەر شەوە و گوندێكی كوردستان پۆلێک پێشمەرگەی دێموكرات دەگرێتە باوەش. هەر ڕۆژە و هەواڵی سەركەوتنێكی كەموێنە لە ڕادیۆی دەنگی كوردستان بڵاو دەبێتەوە. ئێمەش زۆربەی كادر و پێشمەرگەی هێزی گیارەنگ و كۆمیتەی شارستانی سەردەشت لەناوچە لەنێو خەڵكی نیشتمانپەروەر و تێكۆشەری ناوچەكەمان بووین. لە مانگی خەرمانانی ساڵی ٧٢ ئەوەی لەبیرم بێ لە ناوچەی ئالانی سەردەشت لە كۆبوونەوەی فەرماندەرانی ئەو كاتی هێزی گیارەنگدا بڕیار درا كە عەمەلیاتێک لەنێو شاری سەردەشت بەڕێوەبەرین كە لەو كاتەدا چوونی پێشمەرگە بۆ نێو شار و ئەنجامدانی عەمەلیات بۆ خۆی گرینگ بوو و دەنگدانەوەی باشی دەبوو. دوای ئەوەی بڕیار درا، هەموو هێزەكە كرا بە سێ بەش؛ بەشی زۆری بە سەرپەرستیی كاک مستەفای مەولوودی و كاک سلێمان كەڵەشی هاوڕێ لەگەڵ چەند فەرماندەی تێكۆشەری دیكە بەرەو كوێستانی "باژاڕ" بەرەو سوێسنایەتی وەڕێ كەوتن. تیمێكی دیكە لە تێكۆشەرانی دێموكرات كە پێكهاتبوو لە دەستەیەكی هەشت كەسی بە سەرپەرستیی فەرماندەی بوێر و تێكۆشەری ڕۆژە سەختەكان، كاک حەمەڕەسووڵی كەریمی و، چەند كەسی دیكە لە تێكۆشەرانی شارەزای نێوشاری سەردەشت،بە مەبەستی چوونە نێو شار و زەربەلێدان لە هێزی دوژمن هاوڕێ لەگەڵ دەستەیەكی دیكە، زنجیرە چیای "هۆمل"مان گرتەبەر. ڕۆژەكەی لە "سابنێ"، هەڵكەوتوو لە داوێنی چیای هۆمل ماینەوە. دیارە شوێنی مانەوەی ئەو ڕۆژە

شـوێنێکی زۆر ئەسـتەم بـوو بـۆ مانــەوە، بـەڵام بـە شـێوەیەکی پارتیزانـی ماینـەوە تـا دوژمـن هەست بـە بوونمـان نـەکات. ئێـواریّ بـیّ ئـەوەی بچینـە هیـچ گوندێـک، بـەرەو گوندەکانـی دۆڵـی قـازان وەڕیّ کەوتیـن. لەنیزیـک گونـدی قـازان، ئـەو تیمـەی کـە بـۆ ئەنجامدانـی عەمەلیاتێکی بەرچـاو لەنێـو شـار دیاریکرابـوو، لـە ئێمـە جیـا بـۆوە. ئـەوان بـەرەو گونـدی مارەغـان و ئێمـەش هـەر لەو دەوروبـەرە ماینـەوە و چاوەڕوانـی ئـەو تیمـە بوویـن کـە دەچوونـە نێـو شـاری سەردەشـت. ئـەو تیمـە ڕۆژەکـەی لـە دەوروبـەری گونـدی مارەغـان مابوونـەوە و ئێمـەش لـە نیزیـک گونـدی قـازان لـە مووچـەی "پیرکـی" ماینـەوە. ئـەو ڕۆژە بـە ئارامـی تێپـەڕی. لەگـەڵ تاریکیبوونـی هـەوا ئـەو تیمـە خۆیـان لـە گەڕەکەکانـی شـار نیزیـک دەکەنـەوە و هەمـوو بەربەسـتەکانی سـەر ڕێـگا بـەرەو شـار دەبـڕن و دەچنـە نێـو گەڕەکەکانـی شـار و لەگـەڵ پێشـوازیی گەرمـی خەڵـک بـەرەوڕوو دەبـن. ئـەو جـار بـە دروشـمەکانی؛ "بـژی حیزبـی دێموکـرات" و "قاسـملوو ڕێـگات درێـژەی هەیـە"، هێـرش بـۆ سـەر چەنـد مۆڵگەیەکـی دوژمـن دەسـت پێدەکـەن، وەک؛ بنکـەی ئیتلاعاتـی شـاری سەردەشـت و چەنـد شـوێنێکی دیکـە. گرمـەی "ئـار بـی جـی" و دەنگـی تەقـەی چەکـی پێشـمەرگە لـە کۆڵانەکانـی شـاردا دەبیسـرا و هەسـت و سـۆزی شۆڕشـگێڕانە چەنـد گەڕەکێکـی شـاری داگرتبـوو. خەڵکـی بێتـرس، پێشـمەرگەکانیان لـە بـاوەش گرتبـوو. پـاش بـە ئەنجـام گەیاندنـی ئەرکـی خۆیـان لەنێـو شـاری سەردەشـت بۆ جـاری دووهـەم، تێکۆشـەرانی هێـزی گیاڕەنـگ بـیّ ئـەوەی دوژمـن بتوانـیّ چووکتریـن ڕێگرییـان لـیّ بـکات، بـە وشـیاری و وریاییـەوە لـە شـار دێنـە دەریّ. بـەم جـۆرە دەسـتەیەک لـە تێکۆشـەرانی هێـزی گیاڕەنگ لەمانگـی خەرمانانـدا، گەڕەکەکانـی شـاریان کـرد بـە سـەنگەری خۆیـان و دوژمنیـان تاسـاند و دڵـی خەڵکیـان خـۆش کـرد. ئەگـەر بـە وردی سـەیری ئـەو هەڵوێسـتە ئازایانـە بکەیـن، هـەم چوونـی

پێشمەرگە بۆ نێو شار سەخت بوو، هەم دوژمنیش بە چوونی پێشمەرگە بۆ نێو شارەکان نارەحەت بوو. ئەو تیمە دوای ئەوەی ئەرکی خۆیان بە جوانی بەڕێوەبردبوو گەڕانەوە بۆ لای ئێمە و لە گوندی خڕێئاغەڵ یەکمانگرتەوە. چەندە خۆشە ئەو کاتانەی دەستەیەک دەچوون بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی حیزبی و بە ساغ و سڵامەتی دەگەڕانەوە لای هاوسەنگەرانی دیکەیان. ئەو شەوەش هەروا بوو، دوای گەڕانەوەی ئەو تیمە لەنێو شار و یەکگرتنەوەمان، گەشتەکەی خۆمان لە ناوچەی سەردەشت درێژە پێدا.

ناوچەی هۆمل کە یەکێک لە ناوچە پڕمەترسییەکانی ناوچەی سەردەشتە ئەوێمان بەرەو ناوچەی بوڵفەتی سەردەشت بەجێهێشت. پەڕینەوە لەو ناوچەیە بۆ ناوچەکەی دیکە پڕمەترسی بوو؛ بە دەیان مۆڵگەی دوژمنی لێ جێگیر کرابوو و دەبوو زۆر وریا بین. دوژمن زۆر ئاڵۆز بوو چونکە چوونی ئەو دەستە لە پێشمەرگەکان بۆ نێو شاری سەردەشت و بە ئەنجامگەیاندنی عەمەلیاتێکی گرینگ لە ناوەندی شار، دوژمنی لە ڕادەبەدەر تووڕە کردبوو. لەبەر ئەوەی هێزی داگیرکەر چوونی هێزی پێشمەرگەی بۆ نێو شار زۆر بەلاوە گرینگ بوو، ئەوان بەلای خۆیانەوە قەت فکری ئەوەیان نەدەکرد کە پێشمەرگە بچێتە نێو شار و شوێنە گرینگەکانی بکەونە بەر هێرش و زۆر پێیناخۆش بوو. سەرەڕای مەترسییەکان و بەربەستەکان، دەبوایە جادەی سەردەشت بەرەو "قاسمەڕەش" تێپەڕ بکەین و بەرەو دۆڵی کانیەزەرد لەو ناوچەیە دوور بکەوینەوە. سەرئەنجام دوای بڕینی ڕێگەیەکی دوور و پڕمەترسی لە بەرەبەیانییەکی درەنگدا بۆ مانەوە چووینە نێوان گوندەکانی وەردێ و بنەوخەڵێف. ئەگەر وەک خۆی باسی بکەین؛ ئەو شەوە زیاتر لە هەشت کاتژمێر بەڕێوە بووین. ڕەنگە ئەگەر

لە حاڵەتی ئاسایی دا بڕۆی هێندە دوور نەبێ، بەڵام ڕۆیشتنی پێشمەرگانە لەگەڵ ڕۆیشتنی ئاسایی فەرقی زۆرە و پێشمەرگە بۆ پاراستنی گیانی ناتوانێ بە ڕێگا تەخت و ئاسانەکاندا بڕوا. ئەو شوێنەی لێی ماینەوە زۆر لە جادە دوور نەبوو، بەڵام لێرەوار بوو، باقی هێزەکەی دیکە لە خوار گوندی وەردێ مابۆوە. بە بێسیم ئاگامان لە یەکتر بوو. ئەو کاتە هاتوچۆیەکی زۆر لەو سنوورە لەگەڵ باشووری کوردستان هەبوو. ڕۆژانە بە دەیان کەس دەچوونە گوندی هەڵشۆی باشووری کوردستان. بژیوی ژیانی خەڵکێکی زۆر لە سەر ئەو هاتوچۆیە بوو. بەڵام سەرەڕای ئەوەش هێزەکانی کۆماری ئیسلامی فشارێکی زۆریان دەخستە سەر ئەو کەسانە و تەقەیان لێ دەکردن و بارەکانیشیان بە تاڵان دەبردن. شوێنی گەڕانەوەی کاسبکاران بە جوانی لە ئێمەوە دیار بوو. لای کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ، دەستەیەکی زۆری کاسبکار لە سنووری هەڵشۆ ڕا بەرەو گوندی وەردێ شۆڕ بوونەوە. زۆری نەکێشا دەستەیەکی ١٢ کەسی لە مۆڵگەی گوندی بنەوخەڵێف بەپەلە بەرەو گوندی وەردێ وەڕێکەوتن بۆ ئەوەی زوو خۆیان بگەیەننە سەر ڕێگای ئەو کاسبکارانە، بەڵام لە ژێر چاوەدێری ئێمەدا بوون. ئێمەش بە هاوفکری لەگەڵ ئەو دەستەیەی دیکە، بۆیان دەست بەکار بووین. دەستەیەک لە پێشمەرکەکانی خوار گوندی وەردێ خۆیان گەیاندە ڕەزەکانی ئەوبەری گوندی وەردێ، درووست ئەو شوێنەی هێزی دوژمن دەیانەویست کاسبکارەکان بدەنە بەر دەستڕێژ و بیانکوژن. ئەوان لەوێ جێگیر بوون و ئێمەش لەوبەری ماڵان بە چەند دەستە دابەش بووین. زۆری نەکێشا هێزی دوژمن لەگەڵ گەیشتنە ئەو شوێنە و تەقەکردن لە کاسبکاران کەوتنە بەر دەستڕێژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چەند کەسیان کوژران و ئەوانی دیکەش بەرەولای ئێمە هەڵاتن. لەسەر جادە لە پشتی گوند و نێوماڵان لەگەڵ ئێمە تووشی

شـەڕ بـوون. دوای شـەڕێکی دەسـتەویەخە لەگـەڵ ئـەو چەنـد کەسـە، لـە هێزی دوژمـن ئەوەنـدەی لەبیـرم بـێ ٨ کـەس کوژران و ٣ کـەس بەدیـل گیـران و کەسـێکیش هـەڵات. بـەم جـۆرە لـە شـەڕێکی دەستەویەخەدا هێـزی دوژمـن بـە دەستی هێـزی پێشمەرگە تێکشکا و چەکوچۆڵێکی بەرچاویش کەوتـە دەستی ئێمـە. چەنـد دیلەکـەی هێـزی دوژمـن کـە یەکیـان وابزانـم بریـندار ببـوو، دوای ئـەوەی لەسـەر خواستەکانی گەلـی کورد بەگشتی و تێگەیاندنیـان لـە مەسـەلەی کـورد قسـەمان بـۆ کـردن، تەحویلـی شووڕای گونـدی "دۆڵـێ خانـوان" دران بـۆ ئـەوەی بەیانی بیانبەنەوە بۆ سەردەشت. دوای ماوەیەکـی زۆر مانـەوە لـە ناوچـە و بـە ئەنجامگەیاندنـی ئـەو دوو عەمەلیاتـە، گەڕاینـەوە بـۆ بنکەکانمـان لـە گونـدی شیوەڕەز. بـا شـتی خـۆش پشـت گـوێ نەخـرێ؛ کاک حەمەڕەسـووڵ کەریمـی سەرپەرستی تیمەکە بـوو و منیـش ئـەو کاتـە سـەرپەل بـووم. ئـەو فەرمانـدەی ئێمـە بـوو، هەردووکمـان لەنێـو گونـد بوویـن، بـەڵام هـەر یەکـەو لـە گۆشـەیەک، لـە کاتـی شـەڕەکەدا کەسێک بـە نـاوی هەمـزە قەجـەر کـە زۆربـەی شـەڕەکە لـە دەوروبـەری گونـدی ئـەوان بـوو و زۆریـش بـۆ ئـەوان ناخـۆش بـوو - ئێسـتا نەمـاوە ڕوحـی شـاد بـێ، پیاوێکـی زۆر خانـەدان بـوو - دێتـە دەرێ و تووشـی کاک حەمەڕەسـووڵ دەبـێ. بـە نارەحەتـی دەڵـێ؛ جـا ئـەوە ئێـرە بـۆ شـەڕ دەبـێ ماڵتـان نەشـێوێ؟! خـاڵ هەمـزە ئاشـنایەتی لەگـەڵ مـن خـۆش بـوو، بـە تووڕەیـی بـە کاک حەمەڕەسـووڵ دەڵـێ؛ ئـەوە کـێ مەسـئوولە؟ ئەویـش بـۆ ئـەوەی لـە کـۆڵ خـۆی بکاتـەوە، دەڵـێ؛ خـدر بـەگ مەسـئوولە!!. منیـش کـە بـۆ لای ئـەوان چـووم، تەقـە هـەر بـەردەوام بـوو، خـاڵ هەمـزە ڕووی لەمـن کـرد و گوتـی: جـا توخـودا ئـەوە کار بـوو لەگـەڵ ئێمـەت کـرد، بەیانـی هەمووومـان دەکـوژن، ماڵـت شـێوێ بـۆ کارت!!. منش گوتـم؛ نەفـەری دیکەمـان لەگەڵـە و مـن مەسـئوول نیـم. خـاڵ هەمـزە گوتـی؛ دەنـا دەڵێـن تـۆ

مەسئوولی. ئێمەشماندو و هیلاک، زارمان ویشک هەڵاتبوو لە تینوان و خاڵیش لە کوڵ نەدەبۆوە. منیش دەمگوت؛ خاڵە بچۆوە ژووریٚ، بەڵام هەر وازی نەهێنا. ئاخری بەجێمهێشت. دوایی بە کاک حەمەڕەسووڵ-م گوت؛ ئەوە بۆ خاڵ هەمزت لەگژ من هاڵاندبوو؟ گوتی؛ کوڕە یەخەی بەر نەدەدام، ئاوا لە کوڵ خۆم کردوە.

- بەڕێکردنەوەی هێزی بەیان لە ناوچەی سەردەشتەوە

ئەو هێزانەی کە شوێنی کار و تێکۆشانیان لەسەر سنوور بوو، بێجگە لە کاروباری حیزبی لە ناوچەکانی خۆیان، ئەرکێکی دیکەشیان لەسەر شان بوو. کاتێک کە هێزی پێشمەرگە بەرەو ناوچەکان دەگەڕانەوە، دبوایە بۆ دەرباز کردنیان لە سنوورەکان هاوکاریان بین. هێزی گیارەنگ ساڵانە هاوکارییەکی زۆری هێزەکانی بەیان، زمزیران، پێشەوا و چەند جارێکیش هێزەکانی دیکە بوو بۆ چوون و گەڕانەوەیان لە کاتە هەستیارەکان دا، بە تایبەت ئەوکاتەی تووشی شەڕ دەبوون و برینداریان هەبوو. ئەوانەی ئەو کاتە پێشمەرگە بوون دەزانن کە ڕاگواستنی بریندارەکانی شەڕ چەند ناخۆش بوو. دەکریٚ بڵێم یەکێک لە ئەرکە قورسەکان بوو. بەڵام بیٚگوێدان بە سەختییەکان، بۆ دەربازکردن و کەمبوونی ئازاری جەستەیان، ئەوەی لە دەستمان هاتبا دەمان کرد و درێغیمان نەدەکرد. ئەگەر بە خۆهەڵکێشان بۆم لەقەڵەم نەدریٚ، یەکێک لە ماندووترین کەسەکانی هێزی گیارەنگ بووم بۆ ئەو ئەرکە. لەو بارەوە لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکە زۆر ماندوو بووین، بۆیە تا ئێستاش شانازی بەو ئەرکەوە دەکەم.

ساڵی ١٣٧٣ بەڕێکردنەوەی هێزی بەیان کە ئەوکاتە سەرپەلی یەکێک لە پەلەکانی هێزی گیارەنگ بووم کەوتە سەر شانی ئێمە. لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە و بە هاوکاریی کۆمیتەی بوڵفەت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە لە "کۆیە"وە بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین. ڕوژەکەی لە "دۆڵەکۆگێ" کە شوێنێکی زۆر سەختی ناوچەکەیە و ڕێگەیەکی دژواری هەیە، ماینەوە. لە چۆمی سونێ تا سەر سنووری دەشتی وەزنێ هەمووی هەوراز و شاخە و ڕێگەیەکی زۆر سەخت و ناخۆشە. بە ئیرادەی پێشمەرگانەی ئەو کات توانیمان ئەو ڕێگە دوور و درێژ و سەختە ببڕین. ڕۆژەکەی لە دۆڵەکۆگێ ماینەوە، ئێوارێ بەرەو سنوور وەڕێ کەوتین. لە پێشدا من لەگەڵ چەند کەسێکی تیمی پێشڕەو بەرەو بەرزاییەکانی دەشتی وەزنێ وەڕێ کەوتم. ناوچە هەمووی مینڕێژ بوو و دەکرا تا نیزیک مینەکان بە ڕۆژی ڕووناک بڕۆین، بەڵام وەک پارتیزانێک نابێ خۆت بخەیە بەرچاوی دوژمن. کاتێک چووینە سەر مەیدانی مین، ئەوانەی ڕێگر بوون لە سەر ڕێمان لامانبردن، یان باشترە بڵێم هەڵمانگرتنەوە، توانیمان ئەرکی خۆمان جێبەجێ بکەین و ئەو هێزە بەرەو ناوچە دەرباز بکەین. کاتێک تاریک داهات، بەرەو دەشتی وەزنێ شۆڕ بووینەوە. بە وریایی و ئارامی ئەوێشمان تێپەڕ کرد. کاتێک لە جادەی ئاڵواتان بۆ ساوان پەڕینەوە، بە کاک عومەر باڵەکی-م گوت، ئەو کات بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بۆکان بوو؛ ئەرێ بۆ نەچم لەو چادرانە خەبەرێک وەرگرم. قسەمان دەکرد، کاک عومەر خەریک بوو بڵێ؛ باشە!! لە ناکاو غەفوور ڕیشی هات و گوتی؛ ئیجازەی مەدە، ئاشکرا دەبین!!. لە ئاخیردا کاک عومەر تەسلیمی قسەی کاک غەفوور بوو، منیش لەدڵی خۆمدا تووڕە بووم بەڵام هیچم بۆ نەکرا. هەر بە تووڕەییەوە وەک نەفەری یەکەم بەرەو هەورازی "پڕکانیان" پێشکەوتم. دواى بڕینی ڕێگەیەکی درێژ و

ناخۆش، بۆ مانەوە چووینە لێڕەواری خوار "سەری گۆمێ". کاتێک لەوێ دانیشتین، کاک حەسەن خۆشکەلام و کاک غەفوور بەیەکەوە قسەیان دەکرد، دوای چەند خولەکێک هاتن بۆ لای من و گوتیان ئێمە کارمان هەیە و ئەمشەو دەچینە خوارێ لە فلانە شوێن دەمێنینەوە. من پێم باش نەبوو، بەڵام گوتم؛ باشە سبەی شەوێ لە کوێ یەک دەگرینەوە؟! کۆمیتەی بوڵفەت چوار کەس بوون، لە ئێمە جیا بوونەوە و ئەوان ڕۆیشتن. بەڵام من هەر نیگەران بووم. چونکە دەمزانی لەکوێ دەمێننەوە. چوونی من بۆ ئەو چادرانە کە نەیانهێشت بچم لەگەڵ چوونی کاک غەفوور بۆ ئەو شوێنەی کە ئەو شەوە بۆی چوون، یەک شت بوو!. بەڵام غەفوور بە زیرەکی خۆی بۆ چوونی بۆ ئەو شوێنە قەناعەتی بە کاک حەسەن خۆشکەلام هێنابوو و چوونەکەی منیشی پەک خست. ئێمەش تا شەوێ لەگەڵ هێزی بەیانماینەوە. ئێوارێ بەرەو جادەی سەردەشت – پیرانشار وەڕێکەوتین.

ئێمە لە کۆتایی ئەو ئەرکەدا بووین کە بۆمان دیاری کرابوو، دەبوایە لەگەڵ تاریکیی هەوا لە نیزیک گوندی نەبیاوا هێزی بەیان تەحویلی هێزی زمزیران بدەین. دوای تێپەڕین لە لێڕەوارەکانی پشتی نەبیاوا و سێکۆ لە نیزیک گوند، لەگەڵ هێزی زمزیران یەکمان گرتەوە. ئەوان بەرەو ناوچەی ڕەبەت ڕۆیشتن و ماڵئاوایمان لەیەکتر کرد. بەڵام سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکانی ڕێگا و مەترسیی جێبەجێ نەبوونی ئەو ئەرکەی بۆمان دیاری کرابوو، خەفەتی غەفوورم هەر لە دڵدا بوو، دوای جیابوونەوە لەوان، ئێمەش بەرەو گوندی مووسالان وەڕێکەوتین. لەنێو گوند لەگەڵ تیمی بوڵفەت یەکمان گرتەوە و دوای جێبەجێ کردنی ئەرکی حیزبی لە گوندی مووسالان بەرەو لێڕەوار وەڕێ کەوتین. ئەو شەوە هیچ خەبەر لە دوو شتی شەوی پێشێ نەبوو، واتە ئیزن نەدانی من بۆ چوون بۆ چادرەکانی ئاڵواتان. چووینەوە

نیزیک ئەو شوێنەی کە کاک غەفوور و خۆشکەلام شەوەکەی لە ئێمە جیابوونەوە، تا بەیانی هیچ نەبوو، بەیانی لەگەڵ ڕووناکیی هەوا بەزمەکە دەستی پێکرد. دوای باسێکی زۆری ئەو ڕۆژە، کەمێک مۆڕبوونەوە و قەڵس بوون لە یەکتر، دوبارە ئێوارێ لەگەڵ غەفوور ئاشت بووینەوە و درێژەمان بەگەشتی خۆمان دا. ئێوارێ وا ساغ بووینەوە کە بۆ شەوێ بچینە گوندی بریتە لەسەر جادەی پیرانشار – سەردەشت. سەر لە ئێوارێ بەرەو گوند وەڕێکەوتین تا گوندەکە لەژێر چاوەدێری بگرین. چونکە لە نیزیک گوند مۆڵگەیەکی گەورەی لێبوو، کاتێک نیزیک بووینەوە بۆمان دەرکەوت کە دەوروبەری گوند کەمینی هێزی دوژمنی لێ جێگیر کراوە بۆیە بەرەو دواوە گەڕاینەوە و بەرەو داوێنی چیای گۆمێ سەرکەوتین کە ئەو ساڵە ئەوێش یەکەمجار بوو مۆڵگەی دوژمنی لێ دانرابوو. لەسەر کانیقاسم پشوویەکمان دا. دوای خواردنەوەی ئاوی ساردی ئەو کانیاوە، لە سەر ئەوە ساغ بووینەوە کە بۆ مانەوە بچینە گوندی گردێنە کە دووماڵی لێ مابوون و ئەوانیش هاوینان گوندیان بەجێدەهێشت و دەچوون هاوینەهەوار. ئەو دوو ماڵە یەکیان ماڵی خاڵم بوو، ئەوەی دیکەش هەر خزم بوو. ئەو تیمە ١٠ کەس بووین، ئەوانەی لە بیرم مابن بریتی بوون لە: حەسەن خۆشکەلام، غەفوور ڕیشی، عەلی شێلمان، لوقمان کەسرایی، خدر بەگ، شێخە قەلەڕەشی، تۆفیق مارەغانی و موتەلیب ڕەسووڵی. بەداخەوە ناوی ئەو چەند کەسەی دیکەم لەبیر نییە. لە نیزیک ماڵان بووین بە دوو دەستە، من و چوار کەسی دیکە بۆ خانوە چۆڵەکەی ماڵی خاڵم، غەفوور و چوار کەسەکەی دیکەش بۆ ماڵی پوور ئامانێ. دەمانزانی بەیانی هەردووکی ئەو خانوانە خاوەنەکەیان دێ. شەوێ لە دەرەوەی خانوەکە خەوتین. بەیانی زوو چووینە ژوورێ. کە چووینە ژوورێ، کێچ

فشاریان بۆ هێناین کە بەڕاستی زۆر ناخۆش بوو، بەڵام چارە نەبوو، دەبا تەحەممول بکەین. بەیانییەکەی چاوەڕانی ماڵی خالم دەکرد. زۆری نەکێشا ڕۆحی شاد بێ خالم پەیدا بوو. منیش لە پەنجەرەکە بە هێواشی بانگم کرد، کە هاتە ژووریێ زۆری پێ ناخۆش بوو. بە هێواشی گوتی؛ جا ئێرە بۆ مانەوە دەبێ؟ ئێمەش گوتمان لەوەی گەڕێ خالە کەمێک نانمان بۆ بێنە لەگەڵ یەک کتری چا. قەولی پێدایـن، بەڵام خاڵ هەر دیار نەبوو!! منیش زۆر نارەحەت بووم. هەم برسیمان بوو و هەم ئارەزووی چاییمان دەکرد.

ئەو تیمەی دیکەش کاتێک بە بێسیم قسەمان دەکرد، دەیانگوت ئێمە هەموو شتێکمان بۆ هاتوە!! ئەوەندەی دیکەش تووڕە بووم. دوای چاوڕوانییەکی زۆر، دەوری کاتژمێری یەک، خاڵ پەیدا بوو. خۆ نەدەکرا هیچ بڵێی. کە هات یەک کتری چاو و دوو سێ خەیار و چەند نانێکی وشکی هێنابوو. ناچار بووین قەناعەت بکەین. من تووڕە بووم و کاک حەسەن خۆشکەلام ئارامی دەکردمەوە. بەڵام بۆ وابوو؟! بەڕاستی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا زۆریان لە خالم دابوو؛ قەول و قەراریان لێ وەرگرتبوو کە نابێ بە هیچ شێوەیەک هاوکاریی پێشمەرگە بکات. بۆیە خالم دەترسا. دەنا جاری وابووە ئەو ماڵە زیاتر لە بیست پێشمەرگەی لێ بووە و خزمەتی زۆریان کردبوو. جا لێرە شتەکە خۆش دەبێ؛ ئەوجار نۆرەی ئێمە هات کە تۆڵە لە خالم بکەینەوە. خالم لە نیزیک ئێمە لە شوێنێک بە ناوی "دیوی بیە" خەریکی گیا کۆکردنەوە بوو، زۆری نەکێشا خالم هات و گوتی؛ خدربەگ! ئەوە دوو نەفەر لە مۆڵگەی جەنگی هاتنە خوارێ. زۆر ڕۆژان دێن و دەچن لە لای بێرییەکانی گوندی ئەحمەد بریوی شیر دێنن و دێنەوە. کوڕە کارتان پێیان نەبێ، ماڵم وێران نەکەن. قەولمان پێ دا کارمان پێیان نەبێ. خالم ڕۆیشت و کەمێکی کێشا دوو عەجەمەکە بە

دوو وڵاغەوە پەیدا بوون. هەردووکیان پاسدار ڕەسمی بوون. لە بەر دەرکی خانووەکە کەمێک ڕاوەستان. ئێمەش لە چەند میتری چاومان لێ دەکردن، بەرەو خوارێ ڕۆیشتن. خاڵم هاتەوە بۆ لامان و لە خاڵم پرسی کەی دەگەڕێنەوە؟ گوتی: سێبەر شۆڕان. لەگەڵ خۆشکەلام باسم کرد؛ با بیانگرین. ئەو گوتی لێیانگەڕێ، لەبەر خاڵت ناخۆشە. بە قسەم نەکرد. بە بێسیم قسەم لەگەڵ تۆفیق مارەغانی کرد و پێم گوت بچۆ لە خوارێ بۆیان دانیشە. دەنگیان بدە، ئەگەر تەسلیم نەبوون بیانکوژن. تۆفیق لەگەڵ دوو کەسی دیکە کەمین دادەنێن، ئێمە لەگەڵ خاڵم قسەمان دەکرد کە تەقەی تفەنگێک هات. خاڵم گوتی: ئەوە چ بوو؟! گوتم؛ هیچ نیە. تۆفیق بێسیمی کرد و گوتی؛ گرتمانن. گوتم؛ بیانهێن. زۆری نەکێشا پێشمەرگەکان لەگەڵ دوو پاسدارەکە پەیدا بوون. خاڵم کە ئەو دیمەنەی دیت زۆر تووڕە بوو، جنێوی دا و بە تووڕەیی ئێمەی بەجێهێشت. هەموو جنێوەکانیشی لەگەڵ من بوو. ئێوارە درەنگانێک تیمی بوڵفەت لە ئێمە جیا بوونەوە. ئەوان بەرەو ناوچە چوون و ئێمەش پێش تاریکداهاتن و دوای قسەکردن لە سەر سیاسەتەکانی حیزب و هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لەگەڵ دیلەکان هەر لە شوێنی خۆمان ئەو دوو کەسەمان ئازاد کردن. ئەوان بەرەو مۆڵگە چوونەوە و ئێمەش بەرەو چادرەکانی گردێنە هاتین. لە ترسی خاڵم لامان نەدایە چادرەکان. بەرەو دەشتی وەزنێ هاتین. لە دەشتی وەزنێ لای چەند شوانێک نان و چایەکی سادەمان خوارد و لە سنووری دۆڵەکۆگێ ئاودیووی باشووری کوردستان بووین.

ڕۆژی دوایی خاڵم بانگ دەکەنە گوردانی ئاڵواتان و زۆری ئەزیەت دەکەن. زۆر جار کە منی دەدیت، دەیگوت؛ قەت گەردنت ئازاد ناکەم. بەڵام بەبێ ئەوەی کە زیادم گوتبێ، بنەماڵەی عەلی عەبدولی گردێنەی کەم پێشمەرگە هەیە کە نانی ئەوانی

نەخواردبێ و چەندین جار میوانی ئەو بنەماڵەیە نەبووبێ، بەڵام فشارە لە ڕادەبەدەرەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر ماندووی کردبوون و لەوە زیاتر هیچ نەدەکرا.

- **جەولەیەک بۆ ناوچەی سەردەشت و چەند ڕووداوێک**

جارێکی دیکە بۆ گێڕانەوەی بیرەوەرییەکی دیکەی ژیانی پێشمەرگایەتی، دەچمەوە هاوینی ساڵی ۱۳۷۳ی هەتاوی. ئەو کاتەی بنکە و بارەگاکانی هێزی گیارەنگ لە قووڵایی باشووری کوردستان بوون، کە لە سنوورەکان زۆر دوور کەوتینەوە بنکەکانی ئێمە لە دێگەڵە لە سەر ڕێگای هەولێر - کۆیە بوون. بەرەبەرە چوونەوەی ئێمە تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەند و کۆسپی بۆ ساز دەکرا. تا زەمان تێدەپەڕی مەیدانی ئەو شێوە لە خەباتی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات "خەباتی چەکداری و حزووری پێشمەرگانە" بەرتەسک دەبۆوە و کۆماری ئیسلامیش زیاتر دەستی ئاوالاتر دەبوو. هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخستە گەڕ تا ڕێگە لە تێکۆشەرانی دێموکرات بگرێ. بەڵام شۆڕشگێڕانی دێموکرات هەمیشە لە ژێر ڕێنوێنییەکانی ڕێبەریی خۆیاندا درێژەیان بە خەبات داوە و ویستوویانە لە خەڵکی خۆیان دانەبڕێن. سەرەڕای هەموو سەختییەکانی سەر ڕێگا و فشارەکان، بەڵام حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی نەتەوەیی کە هەمیشە باوەڕی بەوە هەبووە کە یاریدەدەری پارچەکانی دیکەی کوردستان بێ، لەنێوان دوو بژاردەی کێشە درووستکردن و پابەند بوون بەو ئوسوولانەی کە حیزبی دێموکراتیان لەسەر دامەزراوە، بژاردەی دووهەمی هەڵبژارد. واتە کەمڕەنگکردنەوەی ئەو شێوە لە خەباتی خۆمان. ئەو بژاردەیەش لەسەر خەباتی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیانی تایبەتیی خۆی هەبوو. ئارەزووم دەکرد ئەو نیازپاکی و هەست بە بەرپرسایەتییەی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات وەک خۆی بینرابا.

سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی کە باسم کردن، تیمێکی تێکەڵاو لە کادر و پێشمەرگەکانی هێزی گیاڕەنگ بە سەرپەرستی کاک حوسێن پەیرەوان وەک فەرماندەی هێز و کۆمەڵێک لە کادر و فەرماندە و پێشمەرگەی دیکە بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین. دوای تاقیکردنەوەی سنوور و ڕێگا کە خۆم لەگەڵیان بووم، لە سنووری "دۆڵەتوو" ئاودیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین. دوای گەشتێکی چەند ڕۆژە لە گوندەکانی ناوچەی سەردەشت، شەوێک چووینە گوندی هەڵوێ هەڵکەوتوو لە نیزیک نەڵاس و سەر جادەی پیرانشار – سەردەشت. دوای خواردنی نان و چایی و جێبەجێکردنی کارە حیزبییەکان بەرەو شوێنی مانەوە، گوندی "هەڵوێ"مان بەجێهێشت. زۆر دوور نەکەوتینەوە کە گوتیان لێرە دەمێنینەوە. ئەوەندەی لەبیرم بێ لە شوێنێک بەناوی "مێوەسپیلکێ" لەنێوان گوندەکانی کاژێ و نەڵاسدا ماینەوە. شوێنەکە بۆ مانەوە زۆر گونجاو نەبوو بەڵام دوژمن کەمتر شکی لەو جۆرە شوێنانە دەکرد. ماینەوە، بەڵام دەبوایە بە درێژایی ڕۆژ ئارامیی تەواو بپارێزین بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبین.

ئەو شوێنەی ئێمە لێی مابووینەوە نێو پۆلەدارێک بوو. لای نیوەڕۆیە دەنگەدەنگ پەیدابوو. چەند کەسێک لە دەوروبەری ئێمە باسی فرۆشتنی زەوییان دەکرد و دەیگوت: "لێرەوە تا ئێرە بەوەندە پێت دەفرۆشم". دیار بوو کابرا دەیەویست ئەو شوێنەی ئێمە بفرۆشێ کە پاوان بوو. ئێمەش بۆ ئەوەی نەمانبینن هەست و خوستمان لە خۆمان بڕیبوو. ئەوانیش هەر خەریکی مامەڵەی خۆیان بوون. ماوەیەکی زۆر قسەیان کرد، ڕێک نەدەکەوتن.

ئێمەش بێدەنگ خۆمان مات کردبوو. لە کۆتاییدا ڕێککەوتن و کابرای کڕیار گوتی: "ئێرە زۆر پڕە، وادیارە لەمێژە بزنەگەل نەهاتۆتە ئێرە". زۆربەی کوڕەکان پێکەنین. ئەوان بێ ئەوەی ئێمە ببینن مامەڵەی خۆیان کرد و ڕۆیشتن. یەکێک لە کوڕەکان کە هەمیشە قسەی خۆشی دەکرد گوتی: "باش بوو ئێمەیان نەدی دەنا کابرا دەیگوت، ئەی بەو بزنانەوە بە چەند دەیفرۆشی."

دوانیوەڕۆ کاک حوسێن پەیرەوان منی بانگ کرد و گوتی؛ "ئامادەی لەگەڵ تیمێکی چەند کەسی جەولەیەکی لای میراوێ و نەڵێن بکەی؟ دوای چەند ڕۆژێکیتر لەو دەوروبەرە یەک دەگرینەوە". منیش بێ سێ و دوو قەبووڵم کرد. ئەو کات من جێگری لکی یەک بووم. کاک حوسێن لێی پرسیم چەند کەس بن باشە، من گوتم بە خۆمەوە شەش کەس تەواوە. ئەوەندەی لە بیرم بێ، پێنج کەسەکەی دیکە بریتی بوون لە: هاوڕێیان محەممەد میراوەیی، ساڵە دوولکەی، هەمزە بخوور، عوسمان زەردەکانی و مەحموود قەلەڕەشی. ئێوارێ چووینە گوندی کاژێ و دوای خواردنی نان و چایی لەوێ ماڵاواییمان لە یەکتر کرد. ئێمە تیمێکی شەش کەسی بەرەو ناوچەی نەڵێن و ئەوانیش بەرەو شوێنی خۆیان وەڕێ کەوتن. ئێمە ئەو شەوە بۆ مانەوە چووینە کێوی جەنگی. لەوێ ماینەوە و شەوەکەی چووینە گوندی ئەحمەدبریو و لەوێوە بەرەو نەڵێن وەڕێکەوتین.

چووینە ناوچەی نەڵێن و ماوەی چەند ڕۆژێک لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە ماینەوە. ئەوەی بۆمان دیاری کرابوو وەک ئەرکی حیزبی، جێبەجێمان کرد. جارێکی دیکە بەرەو سوێسنایەتی گەڕاینەوە. ڕۆژێک لە خوار گوندی بەردەسوور ماینەوە. ئەو ڕۆژە لە چۆمی بەردەسوور جلوبەرگمان شۆرد کە دەمێک بوو نەمانشۆردبوون.

ئـەو سـاڵە گونـدی دیـواڵان زۆربـەی شـەوەکان کەمینـی هێـزی دوژمنـی لێبـوو. بۆیـە کەمتـر پێشـمەرگە ڕێـی کەوتبـووە ئـەو گونـدە. ئێمـە ئـەو تیمـە شـەش کەسییە بڕیارمـان دا ئـەو شـەوە بچینـە گونـدی دیـواڵان. ئێـوارێ سـەرکەوتین و لەگـەڵ تاریکیـی هـەوا چووینـە نێـو گونـد و مـاوەی دوو کاتژمێـر لـەوێ ماینـەوە. دوای کارەکانـی خۆمـان لـەو گونـدە بـەرەو شوێنی مانـەوە، گونـدی دیواڵانمـان جێهێشـت و بـەرەو کێـوی تاژانـدەر و دەشـتی "شـێخ ئاغـا"ی وەڕێ کەوتیـن کـە مەودایەکـی زۆری لەگـەڵ گونـدی دیـواڵان هەیـە. لـە درەنگانـی شـەودا سـەرەڕای بڕینـی ڕێگەیەکـی زۆر بـۆ مانـەوە، چووینـە دەوروبـەری گونـدی باسـاوێ. لـە خـوارەوەی ئاواییـەوە مۆڵگـەی دوژمـن کـە لەنێـو ئاوایـیدا بـوو دیـار بـوو بۆیـە نەدەبـوو زۆر جووڵـە بکەیـن.

ئێـوارەی ١٣٧٤/٦/٢ قەرارمـان بـوو شـەوێ بچینـە ئـەو گونـدە. هـەم گوندێکـی گەورەیـە و هـەم گوندێکـی خـۆش و خەڵکێکـی پێشمەرگەخۆشەویست بـوون. ئێـوارێ مـن گوتـم دەچـم بزانـم بـە بێسیم پێوەندییـەک لەگـەڵ کوڕەکان ناگـرم، دیـارە پێشمەرگەکان گوتیـان مەچـۆ بەیانـی پێوەندییـان لەگـەڵ بگـرە. بەهەرحـاڵ بـە قسـەم نەکـردن و چوومـە کەمێـک سـەرەوی خۆمـان و پێوەندیـم لەگـەڵ کاک حوسـێن پەیـرەوان گـرت. دوای ئەحواڵپرسی بـە بێسیم و بـە جەدوەلـی ڕەمز لێیپرسیم کـە ئێـوە لـە کوێن، منیش شوێنی خـۆم پێیگـوت. دەرکـەوت ئـەوان لەنیزیـک گونـدی تووژەڵـن. هـەر لـەوێ پێیڕاگەیانـدم کـە نابـێ بچنـە گونـدی باسـاوێ و دەبـێ بـەرەو ئێمـە بێـن. کـە گەڕامـەوە و بـە پێشمەرگەکانم گـوت کـە دەبێ بچینـە فـلان شوێن، زۆریـان پـێ ناخـۆش بـوو، بۆڵەبۆڵـی زۆریـان کـرد بـەڵام فایـدەی نەبـوو. ئێـوارێ بـە مەبەسـتی چوون بـۆ لای هێز بـەرەو گونـدی شەمەشـێخە وەڕێ کەوتیـن. لـە ڕێگادا پێشـمەرگەکان بۆڵەیـان بـوو، دەیانگـوت خوایـە لـە کەمین کەویـن!! خەتـای تـۆ

بوو، بۆ واتکرد نەتهێشت بچینە گوندی باساوێ. بەڵام لە پێشمەرگایەتی‌دا هەموو شتێک بەدەست خۆت نییە. بە هەرحاڵ دوای بۆڵە بۆڵێکی زۆری ئەو چەند کەسە، چووینە گوندی شەمەشێخە. کە چووینە نێو گوند، پێشمەرگەکان کەمێک ئارام بوونەوە و دوای خواردنی نان و چایی و کۆکردنەوەی یارمەتیەکی کەمی گوند، بەرەو گوندی تووژەڵ وەڕێ کەوتین. لەوێ گوتیان ئاگاداری خۆتان بن ئێوارێ هێزێکی زۆر بەرەو گوندی زێوە و تووژەڵ چووە. ئێمەش تا پشتی گوندی گەڵوو بە وریایی هاتین، لەوێ جارێکی دیکە لەگەڵ هێز پێوەندیمان گرتەوە و بە هێواشی و بە وریایی بەرەو گوندی گەڵوو وەڕێ‌کەوتین. لە ماڵەکانی ئەوەڵ ڕەت بووین هیچ نەبوو بەڵام دیاربوو لەنێو گوند جموجۆڵێک هەیە. ئێمە چووینە نێوەڕاستی گوند کە ئەو شوێنە تاقە ماڵێکی لێیە. لە بن دەرکی ماڵەکە من بە پلیکانەدا سەرکەوتم کە پرسیارێک بکەم. لەنێوەڕاستی پلیکانەکان کچی ماڵەکە منی دیت و بە خۆیدادا و گوتی چۆن هاتوون؟! نێو ماڵان پڕە!!. منیش خێرا گەڕامەوە، کە گەڕامەوە لە لای دەرکی ماڵەکە لە سێ- چوار میتری لەگەڵ جاشەکان تووشی یەک بووین. دیار بوو ئەوان چاویان بە ئێمە کەوتبوو بۆیە هاتبوون بەڵام فکری پێشمەرگەیان نەکردبوو، وایانزانیبوو هێزی چەکداری خۆیانین. کوڕەکانی ئێمە بەپەلە تەقەیان لێ کردن و ئەوان نەیانتوانی دەست بکەنەوە. سێ کەس بوون، لەگەڵ تەقە، هاواریان لێ هەستا. ئێمەش نەچووینە سەریان و بەپەلە بەرەو ئاشەکە چووینە خوارێ. هیچ تەقەی دیکە ڕووی نەدا و ئێمەیان نەدی. کە چووینە ئاشەکە نەفەرێکی لێبوو، کەمێک لای ئەو ڕاوەستاین، هیچ باس نەبوو. نێو ئەو باغانەی تەنیشت ئاشەکە زۆر تاریک و هەڵدێرن. بە ١٠ خولەک لە باغەکان ڕەت بووین و چووینە سەر ڕێگای تووژەڵ بۆ زێوە. مانگە شەو بوو، وڵات

زۆر ڕووناک بوو.

ئەو تیمەی دیکە دەنگی تەقەکەیان گوێ لێ ببوو بۆیە بە بێسیم دەیانویست لەگەڵ ئێمە پێوەندی بگرن. سەرئەنجام قسەمان کرد، گوتمان ئێمە بووین بەڵام سڵامەتین. لە کاتی قسەکردندا بووین کە جارێکی دیکە کەوتینە کەمین و بەسەختی لە چەند لاوە بە هەموو جۆرە چەکێک تەقەمان لێ کرا. دوای تەقەیەکی زۆر بە سڵامەت لە کەمینەکە دەرباز بووین. دیاربوو ناوچەکە تەواو گیرابوو. ئەوجار تەواوی ناوچەکە وەبەر تۆپبارانێکی قورس درا کە زۆربەی ناوچەکە ئاوری گرت. دووبارە پێوەندیمان لەگەڵ هێز گرت و لە پشتی ماڵان یەکمان گرتەوە. ئێمە لە کاتی کەمینەکەدا کەوتینە نێو پەڵە وێنجەیەک کە ئاوێ تێدابوو، بۆیە کەوشەکانمان تەواو تەڕ ببوون.

دوای ئەوەی یەکمان گرتەوە، ئەو ناوچەیەمان بەرەو شوێنی مانەوە بەجێهێشت. تا درەنگانێکی شەو دوژمن تۆپبارانێکی خەستی ناوچەکەی کرد. بۆ مانەوە چووینە پشتی ئاوایی بەردەسوور. لەوێماینەوە و بەیانی کەسێکمان لێ پەیدا بوو. لێمان پرسی خەبەر و باس چییە، گوتی ئەو شەو پێشمەرگە لە گوندی گەڵوو تووشی شەڕ بوون، جاشێک کوژراوە و دوو کەسیشیان بریندار بوون. دەرکەوت کە شەوێ لە هەر سێ کەسەکە درابوو. بەیانی کە سەیرمان کرد، کەمینی دووهەم ئەوندە لێمان نیزیک بوون کە تەقەیان کردبوو چەند گوللەیەک لە خەشابەکانی کاک ساڵح دوولکەییان دابوو. هێزی دوژمن هێندە نیزیک بوو کە گڕی چەکی دوژمن پانتۆڵی یەکێک لە پێشمەرگەکانی ڕەش کردبوو.

بەم جۆرە لە ماوەی یەک کاتژمێردا دوو جار کەوتینە کەمینی دوژمنەوە. بەڵام ئێمە زەربرمان لەوان دا و خۆمان سڵامەت

بووین.

وەک لە بیرم بێ دوای مانەوەی زیاتر لە ٢٥ شەو و ڕۆژ بەرەو بنکەکانمان گەڕاینەوە.

• چۆنییەتی شەهیدبوونی قادر مەمۆی هەمیشە پێشەنگ و چاوساغ

بۆ نووسینی بیرەوەریی ئەمجارە دەگەڕێمەوە بۆ ١٣٧٤/٧/١٣ی هەتاوی، لەو بیرەوەریەدا باسی چۆنیەتیی شەهید بوونی ڕۆڵەیەکی بە ئەمەگ و قارەمانی ناوچەی سەردەشت، پێشمەرگەی ئازا و جسوور و چاوساغ و پێشەنگی هەموو هێزەکانی ناوەندی کوردستان شەهید "قادر مەمۆ" ی تێکۆشەر و فەرماندە و شارەزای هەموو ڕێگا و کوێرە ڕێگاکانی ناوچەی سەردەشت دەکەم.

بنکە و بارەگاکانی هێزی گیارەنگ و کۆمیتەی شارستانی سەردەشت لە "دێگەڵە" بوون، دوو ڕۆژ بوو من لە ناوچە گەڕابوومەوە، بەیانییەک کاک حوسێن پەیڕەوان بانگی کردم و پێی گوتم کە هێزی پێشەوا دەگەڕێنەوە و کومیسیۆنی سیاسی- نیزامی داوای هاوکارییان لە ئێمە کردوە و ئێمەش دەبێ فەرمانی سەرووی خۆمان بۆ دەربازکردنی هاوسەنگەرانمان لە هێزی پێشەوا جێبەجێ بکەین. خێرا ئامادەیی خۆم دەربڕی بەڵام کاک حوسێن گوتی تۆ ماندووی، قادر مەمۆ و حەسەن چاپەز دەنێرین و خۆشمان لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵیان دەچین بۆ قەڵادزێ و لەوێ دەبین هەتا دەگەڕێنەوە. سەرئەنجام ئەوە بوو بە بڕیار و بەرەو قەڵادزێ وەڕێکەوتین. هەر ئەو ئێوارەیە هاوڕێیان قادر و حەسەن چاپەز و چەند کەسێکی دیکە لە قەڵادزێوە بەرەو ناوچە بەڕێکران.

خۆمان هەتا " گۆجارێ" لەگەڵیان چووین. ئەوان بەرەو ناوچە و ئێمەش بەرەو قەڵادزێ گەڕاینەوە. ئەو تیمە ئەو شەوە چووبوونە "دۆڵەکۆگێ" مابوونەوە. ئێوارەکەی ئێمە لەگەڵ کاک حوسێن چووین بۆ سەر چیای مامەندە هەتا هەم لەگەڵ هێزی پێشەوا و هەم لەگەڵ ئەو تیمەی خۆمان پێوەندی بگرین.

ئەگەر هەڵە نەبم هێزی پێشەوا ئەو ڕۆژە لە مەیدانچۆغەی پشتی نستان بوون، کاک حوسێن قسەی لەگەڵ کاک عومەر باڵەکی کرد و بە ڕەمز حاڵی کرد کە قادر بەرەو لای ئێوە هاتوە و پێوەندی لەگەڵ بگرن.

کاتێک تیمەکەی هێزی گیاڕەنگ سەردەکەوێ بۆ سنووری دەشتی وەزنێ، پێوەندی لەگەڵ کاک عومەر باڵەکی دەگرن و شوێنی یەکگرتنەوە دیاری دەکەن. هەر دوو تیم ڕێگەیەکی دوور و درێژیان لە پێش بوو بەڵام دەبوو بە ئیرادەی خۆیان کێو و شیو و دۆڵەکان ببڕن تا بە زووترین کات یەک بگرنەوە.

هێزێکی زۆری دوژمن بە فەرماندەیی پاسدارێک بە ناوی حاجی هادی جینایەتکار و قین لەدڵ دۆڵ بە دۆڵ و شاخ بە شاخ بە دوای تێکۆشەرانی هێزی پێشەواوە بوو و وایان دانابوو لە گەڕانەوەدا گورزێک لەو هێزە بدەن، کەوابوو دەبێ هەم وریا بن و هەم ڕێگەیەکی درێژ ببڕن.

هێزی پێشەوا لە دەوروبەری گوندی نستانەوە بەرەو لانک و گیاڕەنگ و تیمەکەی هێزی گیاڕەنگیش لە دۆڵەکۆگێوە بۆ هەمان شوێن وەڕێکەوتبوون. ئەوانەی کە شارەزای ناوچەکەن دەزانن چەند مەودایەکی دوورە و ئەگەر بیروباوەڕ و ورە نەبێ کوا ئەو هەموو شەکەتیەی ڕێگا تەحەممول دەکرێ. هەر دوو تیم ئەو شەوە هەتا بەیانی ڕێگە دەبڕن، بەیانیەکەی زوو لە داوێنی لانک و گیاڕەنگ یەک دەگرنەوە و ئەو ڕۆژە هەر دوو تیم

پشوویەک دەدەن.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە جارێکی دیکە ئێمە لەگەڵ کاک حوسێن چووینەوە سەر چیای مامەندە و پێوەندیمان لەگەڵ گرتن و قسەمان کرد و هەتا هەوا تاریکی کرد لەوێ بووین.

باشم لە بیرە بە کاک قادر مەمۆمان گوت هێزێکی زۆر هاتوە بۆ سنوورەکان، بە کوێدا ڕەت بووی هەر بەوێدا بگەڕێوە، قادر نەچی هەڵە بکەی دەنا تووشی کێشە دەبن. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە هێزێکی زۆر لە سنوورەکان جێگیر کرابوو و دەبوو وریا بن و دوژمن بە کەم نەگرن، بەڵام خۆ زۆر جار وا هەبووە کە نەفەرێکی چاوساغ کەمتەرخەمی کردوە و بە قسەی کەسی نەکردوە. بەداخەوە ئەو جارەش قادر کەمتەرخەم دەبێ و پێیوابووە دەتوانێ ئەو هێزە بە ئاسانترین ڕێگەدا دەرباز بکات. ئێمە دوای پێوەندی گرتن گەڕاینەوە بۆ قەڵادزێ بەڵام ئەو شەوە هەر نیگەران بووین کە بڵێی ئەو هێزە تووشی هیچ نەبێ.

قادر مەمۆ زۆر خاڵی بەهێزی هەبوون، ئازا بوو، شارەزا بوو، چاوی لە گوللەی دوژمن نەدەترسا، پارتیزانێکی کەم وێنە و لە شارەزایی ڕێگاکانیشدا کەم وێنە بوو. لە هەموو ناوچەی سەردەشت لە هەمووومان شارەزاتر بوو. هەر کوێرەڕێگەیەک یەکجار پێیدا ڕۆیشتبا قەت لەبیری نەدەچۆوە. شارەزاییەکی تەواوی لە دانان و هەڵگرتنەوەی مین‌دا هەبوو، بەڵام بەڕاستی زۆر کەمتەرخەم بوو و هەر بەقسەی خۆی دەکرد چونکە زۆری لە خۆی ڕادەدی و بەداخەوە هەر ئەوەش بوو بە هۆی شەهیدبوونی. کاتێک بەرەو شوێنی گەڕانەوە وەڕێدەکەون لە نیزیک گوندی دوڵەتوو کە دەگەنە مووچەکانی سەرمێرگان قادر دەڵێ: "لێرەوە دەڕۆین زۆر نیزیکە و زوو دەرباز دەبین". نازانم چۆن دەبێ کە بەرپرسانی هێزی پێشەوا تەسلیمی قسەی قادر دەبن و بەرەو

گوندی دۆڵەتوو وەڕێدەکەون و لە تەنیشت مەدرسەکەی گوندی دۆڵەتوو پشوویەک دەدەن.

هێزی پێشەوا بە چاوساغیی قادر مەمۆ دەگەنە نێو گوندی دۆڵەتوو و دیار بووە کە پێشتر قادر قەناعەتی بە فەرماندەکانی هێزی پێشەوا هێنابوو کە ڕێگەی خۆیان بگۆڕن بۆ ڕێگەیەکی ئاسانتر و ڕەنگە هۆکاری ئەسڵیی ئەو قەناعەت پێهێنانە بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ جارانی پێشوو، چونکە جاری دیکەش ئەوان قادریان لە ئازایەتی و شارەزایی ناوچە و ڕێگاکاندا دیتبوو.

هەروەها دەکرێ مانەوە و چەند مانگ هەڵسووڕان لە قووڵایی ناوچەکانی مەهاباددا و ماندووبوونێکی زۆر بەتایبەتی شەوی پێشوو هۆکار بووبێ بۆ ئەوەی قەناعەت بە بیرۆکەی کاک قادر بکەن.

کاتێک لە تەنیشت مەدرەسەی گوندی دۆڵەتوو پشوویەک دەدەن، قادر دەچێ بۆ نێو گوند و دوو کەس لەگەڵ خۆی دێنێ بۆ ئەوەی بۆ دەرباز بوون لە سنوور هاوکارییان بکەن. نەفەرەکان دەبنە پێشڕەوی هێزێکی ماندوو کە ڕێگەیەکی دووریان بڕیوە. ئەو هێزە بەرەو دووئاوی دۆڵەتوو ملی ڕێگە دەگرێ. قادر لە ڕیزی پێشەوەی پێشمەرگەکان دەڕوا و ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە. ئەو هەوڵ دەدا لە کاری خۆیدا سەرکەوتوو بێ. کاتێک دەگەنە ئاشی حاجی لە ڕێگەکە لادەدەن و بەرەو شاخی کۆتکێ لەنێوان "دارەقوتە" و "دووئاو" بەرەو سەرێ هەڵدەکشێن. زۆری نامێنێ لە سنوور دەرباز بن کە سەرئەنجام دەکەونە کەمین و شەڕ لەنێوان تیمی پێشڕەوی هێزی پێشەوا و هێزی دوژمن دەست پێدەکا. لە شوێنێکی ئاستەم دوای چەند دەسرێژێک پێشمەرگەکان پاشەکشە دەکەن و بەداخەوە قادر مەمۆی چاوساغی ئەو هێزە

لە یەکەم تەقەدا شەهید دەبێ و پێشمەرگەیەکیش بریندار دەبێ. بە شەهید بوونی قادر قوڕسایی زیاتری ئەو هێزە دەکەوێتە سەرشانی کاک حەسەن چاپەز و کاک عومەر باڵەکی. گوشارێکی زۆریان دەکەوێتە سەر و لە تەواوی مۆڵگەکانی دەوروبەر ڕا بە هەموو جۆرە چەکێک ئەو هێزە ئاگرباران دەکرێ. ئەوان بەرەو گوندی دۆڵەتوو پاشەکشە دەکەن، شەو هەتا دێ درەنگتر دەبێ بەڵام چار نییە و جارێکی دیکە هێزی خۆیان سازمان دەدەنەوە. ئەو هێزە لە ژێر ئاگری توندی دوژمندا لە "سەرمێرگان"ەوە بەرەو گوندی دۆڵەتوو دەگەڕێنەوە.

دیسان تەنیشت مەدرەسەی گوند دەبێتە شوێنی خۆسازماندانەوەی پێشمەرگەکان. هەرچەند چاوساغی ئەسڵی لە کەمینەکەدا شەهید بوە بەڵام نابێ دەست لەسەر دەست دابنێن و دەبێ خۆیان دەرباز بکەن. دوای گەڕانەوەی هەموو پێشمەرگەکان ئەو جارەیان حەسەن چاپەز دەبێ بە پێشڕەو و فریادڕەسی هێزی پێشەوا. ئەو هێزە ماندوو و شەکەتە بە چەند برینداریکەوە ڕێگەی خۆیان بەرەو "سێبنان" لە سنووری دەشتی وەزنێ دەگۆڕن و ڕێگەیەکی سەخت و دژوار و پڕ مەترسییان دەکەوێتە بەر.

ئەو هێزە ئارام ئارام سەرەڕای مەترسییەکانی ڕێگا بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێ دەکەوێ. پێشمەرگەکان کاتێک دەگەنە هەوارگەی سێبنان جارێکی دیکە تەقەیان لێ دەکرێ بەڵام بێ زیان دەبن. تادێ شەو بەرەو کۆتایی دەچێ و ترسی ئەوە هەیە کە ڕۆژ بێتەوە و ئەو هێزە ماندوە لەنێو ئەو هەموو هێزەی دوژمندا تووشی شەڕێکی سەخت بێ چونکە ناوچەکە دەیان مۆڵگەی دوژمنی تێدایە. هەوا وردە وردە ڕووناک دەبێ، بەشی زۆری هێزەکە هێشتا لە دیوی دەشتی وەزنێ بەرەو سنووری

"دۆڵەکۆگـێ" ڕێـگا دەبـڕێ و هەوڵـی ئـەوە دەدن دوژمـن هەسـتیان پـێ نـەکات.

هێزێکـی مانـدوو خەریکـە تووشـی شـەڕێکی دیکـەی نەخـوازراو دەبـێ، بـۆ جـاری سـێهەم بێخەبـەر لـەوەی کـە هێزێکـی زۆری دوژمـن بـە سەرپەرسـتی حاجـی هادیـی جینایەتـکار لـە دەشـتی وەزنـێ جێگیـر کراوە. خەڵکی ناوچەکـە باسیان لـە دەیـان ماشـێن هێـزی دوژمـن دەکـرد. لـە بەرەبەیانییەکـی زوودا کاتێـک چەنـد پێشمەرگەیەک چـاو لـە دەشتی وەزنـێ دەکـەن دەڵێن ئـەوە چیە لەو دەشـتەدا دیـارە؟ یەکێـک لـە فەرمانـدەکان بـۆ ئـەوەی پێشـمەرگەکان ڕوحیـە لـە دەسـت نـەدەن، دەڵـێ ئـاوە. بـەڵام ئـەوە ئـاو نەبـووە بەڵکـوو تیشـکی خـۆر بـووە کـە لـە ماشـێنەکانی دوژمنـی داوە.

هێشـتا بەشـی زۆری هێـزی پێشـمەرگە لـە دیـوی دەشـتی وەزنـێ هەوڵـی دەربـاز بـوون بـۆ دیـوی دۆڵەکۆگـێ دەدات کـە هـەوا بـە تـەواوی ڕوونـاک دەبـێ. چەندیـن مۆڵگـەی دوژمـن لـە سـەر سنوورەکە هـەن، سـەرئەنجام بەشـێک لـە هێزی پێشـمەرگە لەسـەر سنوور لەگـەڵ هێـزی دوژمـن دەسـڕێژ لـە یەکتـر دەکـەن و شـەڕێکی سـەخت دەسـت پێـدەکات.

هێشـتا بەشـێک لـە پێشـمەرگەکان لـە دیـوی دەشـتی وەزنـێ مانـدوو و شـەکەت دەیانهـەوێ ئاودیـوی سـنوور بـن کـە شـەڕ دەسـتی پێکـردوە. دەسـتەیەک لـە پێشـمەرگەکان بـۆ نەجاتدانـی ئـەو پێشـمەرگانەی کـە دەیانـەوێ بـە بریندارێکـەوە لـە سـیوادی بەیانیـدا ئاودیـوی سـنوور بـن، شـێرانە سـەنگەر دەگـرن و شـەڕێکی سـەخت لەنێـوان پێشـمەرگەکان و هێـزی دوژمـن دەسـت پـێ دەکات و هێزێکـی زۆری دوژمـن دێتـە شـوێنی شـەڕەکە.

ئێمـە لـە قـەڵادزێ بوویـن، هێشـتا لـە خـەو هەڵنەسـتابووین، چونکـە شـەوێ تـا درەنگانـی شـەو لـە شـاخی مامەنـدە بوویـن بـۆ

ئـەوەی پێوەندیـی لەگـەڵ هێزەکـە بگریـن. ئـەو شـەوە زۆرمـان هـەوڵ دا هیـچ دەنگێـک نەبیسرا. کاتێـک کـە نەمانتوانـی پێوەندییـان پێـوە بگریـن درەنگانێکـی شـەو گەڕاینـەوە قـەڵادزێ. ماڵـی خوالێخۆشبوو مـام عەلـی چاپـەز کـە ئـەودەم لـە خـڕێ "دووبـێ" بـوو بەیانـی کوڕەکەیـان بـە پەلـە هـات و ئێمـەی لـە خـەو هەسـتاند. بـە کاک حوسێنی گـوت "پێشـمەرگەکان تووشـی شـەڕ بـوون، یـەک تۆپبارانـە هـەر سـەیر". ئێمـەش بـە پەلـە خۆمـان پێچایـەوە، کاتێـک چوویـن بـۆ "گۆجـاڕ" کـە ئـەو شـوێنە لـە ڕووبـەڕووی دۆڵەکۆگـێ بـوو، دەنگـی هەمـوو چەکێـک دەهـات بـە تایبەتـی تۆپبارانێکی زۆر سـەخت بـوو، ئێمـەش بێسـیمان هەڵکـرد لەگەڵیـان چووینـە سـەرخەت بـۆ ئـەوەی چـۆن بتوانیـن هاوکارییـان بکەیـن. لـەو دۆخـە ناخۆشـەدا بـە قسـە کـردن لەگـەڵ کاک عومـەر باڵەکـی و کاک عەلـی باڵەکـی بۆمـان دەرکـەوت کـە شـەوێ لـە نیزیـک دووئـاوی دۆڵەتـوێ کەوتوونەتـە کەمیـن و قـادر شـەهید بـووە و تـەواوی پێشـمەرگەکان بـە بریندارێکـەوە بـەرەو شـوێنی پێشـوو پاشەکشـە دەکـەن. بـە چاوسـاغیی کاک حەسـەن چاپـەز لـەوێ لـە شـوێنێک بـە نێـوی شـاخی کانـی کـەوە کـە دەکەوێتـە نێـوان دوو مۆڵگـەی مـەروان و شوارەشینە کـە زۆر لێـک نیزیـک بـوون لـەوێ دیسـان تووشـی شـەڕ دەبـن.

هـەر چۆنێـک بـێ بەشـێکی زۆر لـە پێشـمەرگەکان ئاودیوی سـنوور دەبـن. لەژێـر تۆپبارانێکـی قورسـدا کـە لـە ئێمـەوە دیـار بـوو بـەرەو دۆڵەکۆگـێ دێنـە خـوار و دەسـتەیەکش لـە پێشـمەرگەکان لەگـەڵ هێـزی دوژمـن دەکەونـە شـەڕ و بـە سـەختی بەرەنـگاری هێـزی دوژمـن دەبنـەوە. لـە کاتـی شـەڕەکەدا دەسـتەیەک لـە پێشـمەرگەکان دووبـارە دەگەڕێنـەوە بـۆ لای ئـەو پێشـمەرگانەی لـە شـەڕەکەدا بـوون و هێندێـک تەقەمەنیـان بـۆ دەبـەن. لـە حاڵێکـدا بێجگـە لـە بریندارەکـەی شـەوی ڕابـردوو لەوێـش کەسـێکی دیکـە برینـدار دەبـێ

و ئەوجار کاری ئەو دەستە لە پێشمەرگەکان قورستر دەبێ، بەڵام بە فیداکاریی خۆیان هەم خۆیان ڕزگار دەکەن و هەم هەر دوو بریندارکە دەگەیەننە خانوە کۆنەکانی دۆڵەکۆگێ.

ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە دوژمن بە چەند تۆپخانەی قورس تەواوی ناوچەکەی بە سەختی تۆپباران دەکرد. ئەگەر چاوت لەو دۆڵە دەکرد یەک پارچە ئاگر و دووکەڵ بوو. ئێمە لەگەڵیان لە پێوەندیدا بووین تا بتوانین هاوکارییان بکەین.

کاتێک ئێوارە داهات زۆربەی پێشمەرگەکان لە ژێر ئاوری تۆپخانەی دوژمندا بەرەو گوندی سوێسنێ وەڕێدەکەون. ئێمە لەوبەری چۆمی سونێ چەند ماشێنێکمان ئامادە کردبوون و سەرئەنجام لە کاتی تاریکبوونی هەوادا زۆربەی پێشمەرگەکان گەیشتنە لای ئێمە و هەموویان سواری ماشێن بوون و بەرەو قەڵادزێ وەڕێ کەوتن.

من لەوێ مامەوە چونکە ئەو دەستە لە پێشمەرگەکان کە لە لای بریندارەکان بوون هەر لە دۆڵەکۆگێ مابوونەوە. دوای پەیدا کردنی وڵاغ بۆ ئەو دەستە لە پێشمەرگەکان، ئێمە لەوێ ماینەوە تا یەکیان گرتەوە. پاشان ئێمەیان ئاگادار کرد کە شوێنی گەڕانەوەی ئێمە بۆ گوندی مارەدوێ دەبێ و ئێوەش وەرن بۆ ئەوێ.

کاتێک ئەوان یەکیان گرتەوە ئێمەش بەرەو قەڵادزێ گەڕاینەوە. دوای کەمێک پشوودان بەرەو مارەدوێ وەڕێکەوتین.

لە بەرەبەیانییەکی زوودا لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە یەکمان گرتەوە کە وەزعێکی زۆر ناخۆشیان هەبوو. ئەو دیمەنەم قەت لەبیر ناچێ کە هەموویان لیباسی خوێناوی و تەنانەت تەواوی لیباسەکانیان بە دووکەڵی تۆپباران ڕەش هەڵگەڕابوون. ماندوویەتی و هیلاکیی زۆریان پێوە دیار بوو. خۆزگە کەسێک

هەبا وێنەی ئەو بەیانییەی ئەو دەستە پێشمەرگەیەی گرتبا کە چەندە خەمهێنەر بوو. ئازایەتی ئەو دەستە پێشمەرگەیە لەو دیمەنەدا بە تەواوی دیار بوو.

دوای پشوویەکی کورت لەوێ کاک عەلی قۆیتاسی چۆنیەتیی شەهیدبوونی قادر مەمۆی بۆ باس کردم.

جێی خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ شەهید قادر مەمۆ و شەهید حەسەن چاپەز و شەهید عەلی قۆیتاسی و هەموو ئەو فەرماندە و پێشمەرگانەی هێزی پێشەوا و چاوساغەکانی هێزی گیارەنگ کە بەشداری ئەو شەڕە و هەموو ناخۆشیەکانی ئەو شەوە بوون.

## • هێرشی دوژمن بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب لە دەشتی "کۆیە"ی باشووری کوردستان

بیرەوەریی ئەمجارە کە چەند بەش لەخۆی دەگرێ، لەگەڵ بەشەکانی دیکە جیاوازیی هەیە. جیاوازییەکەی لەوەدایە کە بەهۆی فشارەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر هەرێمی کوردستان هەست بە بەرپرسایەتیکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی گەلەکەماندا ڕەنگی دایەوە. حیزبی دێموکرات هەمیشە وەک حیزبێکی بە پرەنسیپ مایەی لەخۆی داناوە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی وەپێش بەرژەوەندییەکانی حیزب خستوە، بەڵام بەداخەوە زۆر جار ئەو نیازپاکییەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک خۆی نەبینراوە. خەبات و جووڵە و حزووری پێشمەرگانە لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چووە قۆناغێکی دیکەوە. هەر لەو ساڵەدا بوو کە کۆماری ئیسلامی فشارێکی زۆری خستە سەر هەرێمی کوردستان کە حیزبی دێموکرات خەباتی چەکداری و حزووری پێشمەرگانەی

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕابگرێ. لە هەلومەرجی ئەو کاتدا قەبووڵکردنی ئەو دۆخە نەخوزراوە لە لایەن تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ناخۆشترین حاڵەت بوو کە تا ئێستاش بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر ماوە. جیا لەوەش لەگەڵ ئەوەی ئەو شێوە لە خەباتی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی چەند ساڵ بەتەواوی کەمڕەنگ ببۆوە، تووشی ڕووداوی زۆر ناخۆش بوون؛ ڕۆژ نەبوو لەلایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و دارودەستەکانیەوە لە شوێنێکی هەرێمی کوردستان تێکۆشەرێکی ڕۆژهەڵات تێرۆر نەکرێ و بە داخەوە ڕەحم بە منداڵی ٦ ساڵانەش نەکرا.

ئەو ساڵەش وەک ساڵەکانی پێشوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو هێزەکان لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوون و ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ دەکرد. ئێمەش وەک هێزی گیاڕەنگ زۆربەی هێزەکەمان لە ناوچە بوو، بەشێکی کەم لە کادر و پێشمەرگەکانمان لە بنکەکان مابوونەوە. دوای گەشتێکی بەرفراوان لە گوندەکانی ناوچەی بوڵفەتی سەردەشت، ڕۆژێکیان لە نیزیک گوندەکانی نارست و بووبانە مابووینە و ئێوارەکەی وەک هەموو ڕۆژەکانی دیکە بەرپرسەکان لە دەوری یەک کۆبووینەوە، کاک حەسەن قادرزادە و کاک حەمە نارستی و بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسانی دیکە بەشداری کۆبوونەوەکە بوون. دوای قسە و باسێکی زۆر، وا ساغ بووینەوە کە ئەو هێزە بکرێ بەسێ تیم؛ هەر تیمەی لە ناوچەیەک ئەرکی حیزبی جێبەجێ بکات. بڕیار درا دەستەیەک لە کادر و پێشمەرگەکان بە سەرپەرستیی کاک حەمە نارستی بچنە ناوچەی هۆمل و دەستەیەک لەگەڵ کاک حەسەن قادرزادە هەر لە گوندەکانی دەوروبەری چیای گیاڕەنگ خەریکی جێبەجێکردنی

ئەرکی حیزبی بن. سێهەمین دەستە کە منیشی لەگەڵ بووم، کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگەی لەخۆ دەگرت و بۆ دیوی جادەی پیرانشار- سەردەشت لەناوچەی بولفەت دیاری کراین.

لە ئێوارەیەکی درەنگدا هەر تیمەی بەرەو شوێنی کار و تێکۆشانی خۆی وەڕێ کەوت. شەوی یەکەم ئێمە زۆر نەڕۆیشتین، لە نیزیک گوندەکانی زێوە و نارست ماینەوە. ئێوارەکەی وامان بڕیار دا کە بۆ شەوێ بچینە گوندی زێوە، کاتێک تیمی پێشڕەوی ئێمە لە گوند نیزیک بۆوە دەرکەوت نێو گوند هێزی چەکداری دوژمنی لێیە. ئێمەیان ئاگادار کردەوە و ڕێگای خۆمان بەرەو گوندی گەڵوو گۆڕی. لەگەڵ تاریکیی هەوادا چووینە گوندی گەڵوو. قەرار بوو دوای نانخواردن بەرەو گوندکانی دەمچۆمی کەڵوێ وەڕێ کەوین. کاتێک ویستمان لە گوند دەرکەوین، لە قەراغ مالان لە کەمینی دوژمن کەوتین کە ئاگرێکی زۆر توندیان بەسەردا باراندین بەڵام بە خۆشییەوە ئێمە هەمووومان بەسلامەتی لە کەمینەکە دەرباز بووین. دوای دەربازبوونمان، ناوچەکە بەتەواوی کەوتە بەر هێرشێکی قورسی تۆپخانەی دوژمن. ئەگەر هەڵە نەبم بە سێ تۆپخانە ناوچەکەی ئاگرباران دەکرد. زۆربەی هەرە زۆری مۆڵگەکانی ناوچەکە بە هەموو جۆرە چەکێک کە لە بەردەستیان دابوو، تەقەیان دەکرد، ناوچەکە بەتەواوی نائارام بوو، ئێمەش ئەو دەستە لە پێشمەرگەکان توانیمان بەسلامەت ڕێگەی خۆمان بگۆڕین و بەرەو شوێنی دیاریکراو بڕۆین.

با شتی خۆش ون نەبێ؛ کاتێک سەرکەوتین بۆ دەشتێ دیوالان، زۆر ماندوو بووین، دەنگی تەقەش لە تەواوی ناوچەکە دەبیسترا، بۆ حەسانەوە لەنێو پاڵە نۆکێک دانیشتین. پێشمەرگەیەک بە گۆچانەکەی لە نۆکەکانی دەدا. گوتمان بۆ وادەکەی؟! گوتی: "وردیان دەکەم با خەسار بن، دەنا پاییزێ

حیزب هەمووی دەكرێ و ئەو زستانە هەر دەبێ نۆكاو بخۆین".

دوای لە كەمینكەوتن لە گوندی گەڵوو و ڕزگاربوونمان بەبێ زیان، گەشتی سیاسی-نیزامیی خۆمان لە ناوچەی بولفەتی سەردەشت درێژە پێدا. سەردانی چەند گوندی ناوچەكەمان كرد. شەوێك چووینە گوندی مەزرا، بۆ مانەوە چووینە چیای سووراو، ئەو ڕۆژە واساغ بووینەوە كە حەیوانێك بكڕین و سەری ببڕین. لای كاتژمێری دوازدە و نیو هەموومان بۆ نانخواردن لە دەوری یەك كۆبووینەوە تا گوێ لە "ڕادیۆی دەنگی كوردستان" بگرین. كاتێك ڕادیۆی دەنگی كوردستان بەرنامەكانی دەست پێكرد هەر لە سەرەتاوە دەركەوت خەبەرەكان خۆش نین، ڕادیۆ خەبەری هێرشی بۆ سەر بنكەی دەفتەری سیاسی لە "كۆیە" بڵاو كردەوە؛ كە هێزێكی زۆری كۆماری ئیسلامی بە تۆپخانەی قورسەوە چوونەتە چیای هەیبەتسوڵتان و تەواوی بنەماڵە و بنكە و بارەگاكانی حیزبیان كردۆتە ئامانج. زیاتر لە سێ هەزار گوللە تۆپ و كاتیۆشا بەرەو بنكەكانی دەفتەری سیاسی دەهاوێژرێن. ئای كە ڕۆژێكی چەندە ناخۆش بوو. ئێمە هەموومان نارەحەت و نیگەران بووین و نەماندەزانی چارەنووسی حیزبەكەمان بە كوێ دەگات. هەرچۆنێك بێ لەگەڵ تیمەكەی دیكە پێوەندیمان گرت. لەو كاتەدا بێسیمی ڕاكاڵەكەمان خراپ ببوو، ئەوانیش نەیانتوانیبوو لەگەڵ دەفتەری سیاسی پێوەندی بگرن، بەڵام لەگەڵ ئێمە لە پێوەندیدا بوون. سەرئەنجام یەكێك لە پێشمەرگەكان ئامادە كرا كە بینێرنەوە تا خەبەرێك وەرگرێ. ئەوەی لەبیرم بێ، كاك عوسمان زەردەكانی ئەو ئەركەی وەئەستۆ گرت و جێبەجێی كرد.

دوای گەڕانەوەی عوسمان و وەرگرتنی ئاخیر خەبەر لە كۆیە، وا ساغ بووینەوە كە هەموومان یەك بگرینەوە. ئێمە لەگەڵ

ئەو تیمەی کاک حەسەن قادرزادە ڕۆژی دوایی لە نیزیک گوندی بووبانە یەکمان گرتەوە. تیمەکەی دیکەش کە لە ناوچەی هۆمل بەرەو لای ئێمە گەڕابۆوە، شەوێ چووبوونە گوندی بێورانی خوارێ و لەنێو گوند لەگەڵ هێزێکی دوژمن تووشی شەڕ ببوون. تەقە و لێکدان دەست پێ دەکات و هێزی دوژمن دەوری گوند دەگرێ، بەڵام پێشمەرگەکان بە هاوکاریی پێشمەرگە شارەزاکان یان باشترە بڵێم پێشمەرگەکانی ئەو گوندە، بە تایبەت کاک محەممەد مام ئاغا، تێکۆشەری قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەبات لە گوند دەردەکەون. لەو تەقە و لێکدانەدا کاک سەید قادری حوسێنی بریندار دەبێ و بەرەو لای ئێمە دەگەڕێنەوە. سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژە هەموومان لە زنجیرە کێوی سووراو یەکمانگرتەوە. هەواڵمان بۆ هاتبوو کە هێزی دوژمن دوای ئەو هێرشەی سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب لە کۆیە بەرەو ئێران گەڕاوەتەوە.

دوای ئەو هێرشە، دەفتەری سیاسی هەموو هێزەکانی ئاگادار کردنەوە کە دەبێ بگەڕێنەوە. ئەوە بوو کە بەپەلە دەست کرا بە گەڕاندنەوەی هێزەکانی حیزب بەرەو بنکەکانی دەفتەری سیاسی. گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ناچاری بۆ باشووری کوردستان لەو کاتەدا زۆر قورس بوو، چونکە هەموومان دەمانزانی ئەو گەڕانەوە و چۆڵکردنی ناوچە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەژێر فشاری چەند لایەنێک دایە ئەگینا کاتی گەڕانەوە نەبوو. لەو سەروبەندەدا کۆماری ئیسلامی لە ناوچەش فشارێکی زۆری بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروست کردبوو. سەرەڕای فشارەکان بەرەبەرە هێزەکان گەڕانەوە، بەڵام ئەوەی لەبیرمە، کومیسیۆنی سیاسی – نیزامی لەگەڵ کۆمیتەی شارستان و هێز قسەیان کردبوو کە تا گەڕانەوەی هەموو هێزەکان، دەبێ تیمێک لە پێشمەرگەکانی هێزی گیاڕەنگ

لە ناوچە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر هێزێک پێویستی بە هاوکاری بوو، ئێمە هاوکاری بکەین.

ئێوارێ لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیار درا کە هێزەکەی ئێمەش بگەڕێتەوە، بەڵام تیمێک بە سەرپەرستی فەرماندەی هێزی گیارەنگ، کاک حەمە نارستی، لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە و فەرماندەی دیکەی ئەو هێزە لە ناوچە بمێننەوە کە منیش یەکێک لەو پێشمەرگانە بووم. شەوێ هەموومان بە سەریەکەوە چووینە گوندی وەردێ. ئەو تیمەی کە دەگەڕایەوە ئێوارێ لە نیزیک گوندی وەردێ لە ئێمە جیا بۆوە. ئێمە چووینە نێو گوند و ئەوانیش بەرەو بنکەکانمان گەڕانەوە. ئێمە لە ناوچە ماینەوە و تا هەموو هێزەکانی ناوەندی کوردستان گەڕانەوە درێژەمان بە گەشتی خۆمان دا. کاتێک بە بڕیاری دەفتەری سیاسی هێزەکان ناوچەیان چۆڵ کرد، فشار لە سەر ئەو تیمەی ئێمە زیاتر بوو، هێزێکی زۆر لە ناوچەکانی دیکە هێنرابوو بۆ ناوچەی سەردەشت تا ئێمە لە داوی خۆیان بخەن، بەڵام بە وشیاری هەموو کادر و پێشمەرگەکان توانرا پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ بکرێنەوە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەر بڕیاری حیزب لە قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو باشوور وەڕێ کەوتن. کەشوهەوایەکی ناخۆش لە ئارادا بوو، هەموومان خەفەتمان لەو ڕۆژگارە دەخوارد کە بە ناچاری بەسەرماندا سەپابوو.

بەرەبەرە کۆتایی گەڕانەوەی هێزەکان بوو، ئەو جار پەیام بە ئێمەش گەیشت و ئاگادارییان کردینەوە کە بگەڕێینەوە، چار نییە و دەبێ لە قسەی ئۆرگانی سەرووی خۆمان دەرنەچین. لە ئێوارەیەکی درەنگوەختدا وەک دوا ماڵئاوایی لە چیای سووراو

بەرەو سنووری "مەزرا" وەڕێ کەوتین. سنوور میلیتاریزە کرابوو، دەمانزانی هێزی زیادیی دوژمنی لێ جێگیر کراوە بۆ ئەوەی دوایین زەربەی خۆیانمان لێ بدەن. کاتێک نیزیکی سنوور بووینەوە، پشوویەکی کورتمان دا. دەبوو لەوێ وریا بین، تیمی پێشڕەو بەرەو سنوور جووڵا، زۆری نەکێشا کەوتنە کەمینی هێزەکانی دوژمن و تەقە دەستی پێکرد. دوای چەند خولەک تیمی پێشڕەو بەبێ زیان گەڕایەوە. ئەو شەوە نەمانتوانی دەرباز بین، گەڕاینەوە و لە شوێنێک ماینەوە. بۆ شەوی دووەم ویستمان لە نیزیک "قاسمەڕەش" خۆمان دەرباز بکەین، لەوێش نەکرا، دووبارە ناچار بە مانەوە بووین. هەتا دەهات فشارەکان زیاتر دەبوون؛ ئێوارە لە کۆبوونەوەدا وامان بڕیاردا کە لە پشتی گوندی کانیەزەرد خۆمان دەرباز بکەین، بۆیە هەر لە ئێوارێوە ئەو شوێنەمان خستە ژێر چاوەدێری. کاتی وەڕێکەوتن لەبیرمە شەهید حەمە نارستی گوتی؛ ئەگەر کەمینیش بوو ناگەڕێینەوە و هێرشیان بۆ دەکەین. کاتێک نیزیک بووینەوە من و سێ کەسی دیکە وەک تیمی پێشڕەو دەستەوتفەنگ خۆمان گەیاندە سەر سنوور، خەبەرێک لە هێزی دوژمن نەبوو، بێسیممان کرد، ئەوانیش هاتن بەسەر تێلدڕوودا ئاودیوی گوندی تووژەڵ بووین. ئەودیوی تێلدڕووەکە مینڕێژ بوو. چار نەبوو دەبوو بە وشیاری لەوێش تێپەڕ بین. شانسمان هەبوو کە مینەکان لە ژێر پێماندا نەتەقینەوە.

دوای سێ ڕۆژ گەڕان بە دەوری سنووردا، توانیمان لە سنوور دەرباز بین. لەوێ نەجاتمان بوو و ئەوجار نۆرەی دەربازبوون بوو لە بازگەکانی حکومەتی هەرێم لە باشووری کوردستان. لە باشوور هەرچەند بڵێی وەزع خراپ بوو، شەڕێکی نەخوازراوی براکوژی لە گۆڕێدا بوو. لەوێش دەربازبوون بۆ بنکەکانمان کارێکی ئاسان نەبوو. لە کۆمیتەی شارستان لەگەڵمان لەپێوەندیدا

بـوون و پەیتاپەیتـا دەیانگـوت وریـا بـن. سـەرکەوتین بـۆ سـەر کێـوی مامەنـدە، لـەوێ قسـەمان کـرد کـە چـۆن بگەڕێینـەوە. لـە کۆبوونەوەکـەدا واسـاغ بووینـەوە کـە خۆمـان بچیـن بـۆ ئاسایشـی قـەڵادزێ. هەرچەنـد مـن لەگـەڵ ئـەو رایـە نەبـووم و دەمتوانـی بـە شـوێنێکدا دەربازیـان بکـەم کـە هەتـا "دەربەنـد" هیـچ بازگەیـەک نەمانبینـێ بـەڵام بەقسـەی منیـان نەکـرد. سـواری ماشـێن بوویـن بۆ ئاسایشـی قـەڵادزێ، کاتێـک چوویـن دوای ماوەیـەک چاوەڕوانـی لـە حەوشـەی ئاسـایش لـە سـرت و خورتـی بەرپرسـەکانی ئاسایشـەوە دیاربـوو کـە شـتێک لەگـۆڕێدایـە. بەرپرسـی ئاسـایش هـەر نەدەهـات بـۆ لامـان. ئێمـەش زۆرمـان لا سـەیر بـوو، بـەڵام بـە هاتوچـۆی بەرپرسـەکان دیـار بـوو شـتێک هەیـە. ئاخیرەکـەی گوتیـان وەرن بـۆ ئـەو ژوورە. کـە چووینـە ژوورێ، یـەک لـە بەرپرسـەکان هـات و گوتـی؛ خەجاڵەتـم! ئەمرمـان پـێ کـراوە!! دەبـێ چەکـەکان دانێـن، نەدەکـرا بڵێـی نابـێ، ئێمـەش لەوپـەڕی نیگەرانـی و ناڕەحەتیـدا چەکەکانمـان دانـان. بـەڵام دەکـرێ بڵێـم ئـەوە یەکێـک لـە سـاتە ناخۆشـەکانی ژیانمـان بـوو، هەرچەنـد هێندێـک زۆر نیگـەران بـوون، بـەڵام چـارە نەبـوو. کارم بـەوەی نییـە کـە چەکیـان کردیـن و بـۆ ئێمـە زۆر ناخـۆش بـوو، بـەڵام خـوا هەڵناگـرێ زۆریـان ڕێـز لـێ گرتیـن. شـەوێ لـەوێ ماینـەوە. لـە مـاوەی ئـەو شـەو و ڕۆژەدا جۆرهـا فکـر و بیـری ناخـۆش بـە زەینمانـدا دەهـات و دەچـوو کـە بەڕاسـتی شـەوێکی زۆر ناخـۆش بـوو.

شـەهید حەمـە نارسـتی هـەر داوای کاک ڕەحیمـی حاجـی خـدری دەکـرد و بەرپرسـانی ئاسایشـیش دەیانگـوت لەمـاڵ نییـە. ئێوارەکـەی هاتبـوو بـۆ دیوەکـەی خـۆی و کاک حەمـە نارسـتی و کەریـم تووژەڵـی لەگـەڵ خـۆی بـرد بـۆ ژوورەکـەی خـۆی و ئێمـە لـەوێ ماینـەوە. دڵنیایـی دابوونـێ کـە هیـچ نابـێ و نیگـەران مەبـن.

بەیانی کاک ڕەحیم هات و چەکەکانیان پێ داینەوە، بۆ نیوەڕۆ چووینە گوندەکەی ئەوان. دوای نانخواردن بە ماشێنەکانی کاک ڕەحیم تا "کۆیە" بەڕێ کراینەوە. دیارە جێی خۆیەتی لێرە دەستخۆشی لە کاک ڕەحیمی حاجی خدر بکرێ کە سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان، یەکێک لە دۆستە بەوەفاکانی شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. من ئاگادارم و دەزانم چەند چاکە و پیاوەتی لەگەڵ کردووین.

دوای گەڕانەوە بۆ "کۆیە"، چووینەوە بۆ دێگەڵە کە ئەوکات هێزی گیاڕەنگ لە دێگەڵە بوو. دوایی بۆمان دەرکەوت کە بڕیار درابوو ئێمە زیندانی بکەن بەڵام کاک ڕەحیم قبووڵی نەکردبوو و گوتبووی؛ ئەگەر ئەو برادەرانە زیندانی بکەن، ناچمەوە ئاسایش و واز دێنم. لەو ساڵەدا ئەوە ئاخیرین جەولەی هێزی پێشمەرگە بوو.

## • مەئمووریەتێکی حیزبی بۆ "قەڵا سەیدە" دوای یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"

یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" لە کاتی خۆیدا کارێکی باش و مێژوویی بوو، بە پێچەوانەی ویستی نەیارانی گەلەکەمان ڕێبەرایەتی هەردووک لا ئەوپەڕی مایەیان لە خۆیان دانا و ویستێکی هەمیشەیی خەڵکی کوردستانیان جێ بەجێ کرد.

دوای چەندین کۆبوونەوە و دانیشتنی بەردەوام بۆ جێبەجێکردنی

کێشـەی ئـەم دوو حیزبـە، سـەرئەنجام لـە ١٣٧٥/١٠/١٩ لەنێـو ئاپـۆڕای کادر و پێشـمەرگەکانی هـەردووک لای دێموکـرات جێژنـی یەکگرتنـەوە گیـرا و دوو ڕۆژ دواتـر بۆ ئەوەی کادر و پێشمەرگەکانی هـەردووک لا بـاش تێکـەڵ بکرێـن لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت کە ئـەو کاتـە مـن جێگـری لکـی یەکێک لـە لکەکانـی هێـزی گیاڕەنگ بـووم لەگـەڵ پەلێـک لـە پێشـمەرگە تێکۆشـەرەکانی ئـەو هێـزە تێکـەڵاو لـە کادر و پێشـمەرگە لـە دێگەڵـەوە بـەرەو قـەڵا سـەیدە لـە دۆڵـی شـاوڕێ وەڕێ کەوتیـن. کاتێـک گەیشـتینە گونـدی قـەڵا سـەیدە زۆر سـەرما بـوو، ئێمـە شـارەزا نەبوویـن. ئێمەیـان لـە شـوێنێک دانـا کـە پێشـتر شـوێنی تەشکیلات لەنێـوان بنەماڵـەکان و دەبیرخانـەی ڕێبەرایەتـی بـوو.

کاک مسـتەفای مەولـوودی وەک سەرپەرسـتیی ئـەوێ دیـاری کرابـوو. پەلێـک لـە پێشـمەرگەکانی هێـزی پێشـەوا بـە سەرپەرستی شـەهید عەلـی قۆیتاسـی لـە نزیـک دەبیرخانـە یـان سـکرتاریای ئـەو کات جێگیـر بـوون.

دوای ئـەوەی شـەوێک لـەو شـوێنە بوویـن بەیانیەکـەی کاک مسـتەفا مەولـوودی هـات بـۆ سـەردانمان و ڕۆژی دواتـر ئێمەیـان گواسـتەوە بـۆ شـوێنی هێـزی شـەهید پێشـەوا و ئـەوان هاتنـە شـوێنی ئێمـە جێگیـر بـوون.

ئێمـە شـارەزای ناوچەکـە نەبوویـن بـەڵام ئەرکـی خۆمان بە باشـی بەڕێـوە دەبـرد. ئەرکـی ئێمـە پاراسـتنی بنکـە و بارەگاکانـی حیـزب بـوو و ئـەو کاتـە بـوو کـە زۆرجـار لەلایـەن بەکرێگیراوەکانـی سـەر بـە دەزگای ئیـدارەی ئیتلاعاتـی کۆمـاری ئیسـلامی ئـەم شـوێنانە کەوتبوونـە بـەر پەلامـار. ئـەو کاتـە لـە هەرێمـی کوردسـتان هەلومەرجێکـی زۆر سـەخت بـۆ تێکۆشـەرانی ڕۆژهـەڵات لـە ئـارادا بـوو، ڕۆژانـە هەواڵـی شـەهیدکردنی تێکۆشـەرانی ڕۆژهـەڵات

لـە باشـووری کوردسـتان بـڵاو دەبـۆوە بۆیـە ئێمـەی تێکۆشـەری ڕۆژهـەڵات لـە هەرێمـی ئازادکـراوی کوردسـتان لـە هەمـوو کات و سـاتێکدا دەبـوو بەوپـەڕی هۆشیارییەوە کارەکانـی خۆمـان ئەنجـام بدەیـن و لـە هەمـوو شـوێنێک وریـا بیـن بـۆ ئـەوەی لانیکـەم بتوانیـن خۆمـان لـە پیلانەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی بپارێزیـن. بەڵام سـەرەڕای زۆریـی سیخوڕەکانی کۆمـاری ئیسـلامی و بەشـێک لـە کەمتەرخەمیی خۆمـان ڕۆژانـە شـەهید بوونـی تێکۆشـەرانمان بـە چـاوی خۆمـان دەدیـت.

جـارێ هـەر پێنـج شـەو بـوو لـەوێ بوویـن، هەمـوو پێشـمەرگەکان لـە دەوری یـەک بوویـن و تەنیـا پاسـەوان لـە دەرێ بـوو. لـە پـڕ دەنگێکـی بـە هێـز هەمووومانـی ڕاپەڕانـد و ئێمـەش هەمووومـان بـە مەبەسـتی خۆپێچانـەوە هەسـتاین و هەرکـەس چـەک و ڕەختـی خـۆی بەسـت. کـە هاتینـە دەرێ نەمانزانـی چـی ڕوویداوە، سـەرەتا وامـان زانـی تەقینـەوە بـوو. کاتێـک هەمووومـان هاتینـەدەرێ خۆمـان بـۆ هەمـوو ئەگەرێـک ئامـادە کـرد و لـە دەوروبـەری خۆمـان دابـەش بوویـن. وادیـار بـوو تەقینـەوەی یەکـەم گەراگیـری بـوو بـۆ پێکانـی بنکـە و بارەگاکانمـان.

دوای چەنـد خولەکێـک زۆر بەسـەختی خۆمپارەبـاران کرایـن، دەکـرێ بڵێـم لـە مـاوەی دوو خولەکـدا زیاتـر کـە ١٠ بـۆ ١٥ گولـلـە خۆمپـارە لـە هـەر چـوار دەوری ئێمـە کەوتنـە سـەر زەوی. لەوکاتەدا گوێمـان لـە هـاواری کەسـێک بـوو، کاتێـک خۆمـان گەیانـدە پـاش خانوەکـە دیتمـان بـە هـۆی ئـەم خۆمپارانـەوە سـێ کـەس لـە کادر و پێشـمەرگەکانمان برینـدار بـوون کـە دوویـان زۆر بـە سـەختی بریندار بـوون. کاک محەممـەد میراوەیـی و کاک موتەللیـب ڕەسـووڵی و کاک برایـم مینایـی برینـدار بـوون کـە دوو کەسـیان زۆر هیـلاک بـوون و برینەکەیـان قـورس بـوو. ئێمـەش خۆمـان ئامـادە کـرد بـۆ ئـەوەی

هەرچی زووتر بیانگەیەنینە نەخۆشخانە. ماشێنەکە لای خۆمان بوو بەڵام شۆفیرەکەی لەوێ نەبوو،کاتێک بۆ لای ماشێنەکە چووین ئەویش بە پریشکی گوللەی خومپارە پەنچەر ببوو. هەرچۆنێک بێ ماشێنێکی دیکە لەنێو ماڵان ڕا هات کە ئەگەر هەڵە نەکەم حوسێن حاجی ئەحمەدی شۆفێری بوو کە بریندارەکانمان سواری ماشێن کرد خوێنێکی زۆریان لەبەر ڕۆیشتبوو. کاتێک سوارمان دەکردن لەو کاتەدا من پێموابوو محەممەد میراوەیی نەماوە. لە خەمی هەموویاندا بووم بەڵام گوتم محەممەد نەماوە. گریام چونکە کاک محەممەد لە پێشمەرگایەتیدا یەکێک لە هاوڕێ خۆشەویستەکانم بوو. کاتێک گوێی لەو قسەی من بوو گوتی ماوم، بەو قسەیە زۆر خۆشحاڵ بووم. سوارمان کردن بەرەو شاری ڕانیە بێخەبەر لەوەی ئەو تێرۆریستانە دوو تیم بوون، تیمێک لە کێوی ماکۆک کە بەسەر قەڵا سەیدەیدا دەڕوانی بە خۆمپارە لە ئێمە دەدەن و دەستەیەکی دیکە لەسەر ڕێگای ڕانیە لە نیزیک "سەرکەپکان" کەمینیان داناوە بۆ ئەوەی لەوێش لێمان دەن.

بەڵام کاتێک ئێمە بە هۆی بێ ماشێنی کەمێک دواکەوتین شانسمان هێنا ئەو تیمە لە چڵکاوخۆرانی کۆماری ئیسلامی شوێنی خۆیان جێهێشتبوو و لەوێ نەمابوون. دوای ماوەیەک بریندارەکانمان بردنە نەخۆشخانەی ڕانیە و چارەسەری سەرەتاییان بۆکرا. دوایی هەر بە ماشێنی خۆمان گواستماننەوە بۆ کۆیە بۆ نەخۆشخانەی خۆمان و ئێمەش بەرەو قەڵا سەیدە گەڕاینەوە.

ئێمە بۆ ماوەی یەک مانگ لەوێ ماینەوە. لە ماوەی ئەم مانگەدا بەرەبەرە زۆربەی پێشمەرگە و بنەماڵەکانی ڕێبەرایەتی بەرەو کەمپەکانی کۆیە ڕاگوازران و تێکەڵ بە ماڵەکانی دیکە

کران. دوای مانەوەی ئەو مانگە ئێمەش گەڕاینەوە دێگەڵە و پەلێکی دیکە هەر لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت هاتنە شوێنی ئێمە.

ئەوەی جێگای پرسیار بوو ئەوەیە کە نازانم بۆ حیزبی دێموکرات زۆر بە ئاسانی ئەم شوێنە باش و قایمەی چۆڵ کرد. بە بڕوای من چۆڵکردنی قەڵا سەیدە و زۆر شوێنی دیکە لەو سەردەمەدا هەڵەیەکی قەرەبوونەکراو بوو.

## • مەئمووریەتێکی حیزبی بۆ ناوچەی سەردەشت دوای یازدە ساڵ دابڕان

لە ئاکامی فشارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆسەر هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاویدا حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی نەتەوەیی واقێعبین قبووڵی ئەوەی کرد کە بە خاتری هەلومەرجێکی کە ئەو کاتە لە گۆڕێدا بوو، لە ناردنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی وڵات خۆیبپارێزێ و لە بەرانبەردا کۆماری ئیسلامیش لە هەرێمی کوردستان واز لە تیرۆر و ڕەشەکوژی بێنێ. ئێمە بۆ ماوەی ١١ساڵ ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆمان بە خاتری دەسکەوتەکانی هەرێم و دۆخی هەرێم بەجێهێنا بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ یەک سەعاتیش پابەند بە بەڵێنییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێم نەبوو و هەردەم خەریکی تێکدان و تیرۆر و خراپکاری بوو.

دوای ساڵانێک لە ئاکامی چەندین کێشەی کەڵەکەبووی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا کە هەوڵێکی زۆر درا ئەم حیزبە نەبێ بەدوو بەش هەوڵەکان سەرکەوتوو نەبوون و سەرئەنجام لە ١٥/٩/ ١٣٨٥ی هەتاوی حیزبی دێموکرات بۆ بە دوو بەش و

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژەمان بە خەباتدا. هەردوو لامان دوای ئەم لێکدابڕانە پێویست بوو خۆمان سازمان بدەینەوە. لە دوای کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان کومیسیۆنی سیاسی-نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەفتەری سیاسی بڕیاری ناردنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان خستە بواری جێبەجێکردنەوە کە لەو سەروبەندەدا دەکرێ وەک بڕیارێکی بەجێ و پڕ بەها چاوی لێ بکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم هێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە پێشمەرگەکانی لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکەوتن و پەیامی دەسپێکی قۆناغێکی تازەی خەباتیان دا بە خەڵکی ڕۆژهەڵات. لە ساڵی ١٣٨٦ تیمێکی چەند کەسی بەسەرپەرستی کادری تێکۆشەر و بە ئەزموونی ناوچەی سەقز ڕەوانشاد مام ڕەحمان ئاخکەندی چوونەوە ناوچەی سەقز و دوای ماوەیەک مانەوە لەنێو خەڵک بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە بنکە و بارەگاکانی خۆیان. لە مانگی سێی ساڵی ١٣٨٦ تیمێکی چەند کەسی لە کادر و پێشمەرگەکانی ناوچەی سەردەشت دوای ١١ ساڵ دابڕان لە خەڵکی خۆمان بەرەو ناوچە وەڕێکەوتین. یەکەم شەو لە سنووری گوندی دۆڵەتوو ئاودیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین. هەموو شتێک گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، سەرەتا کەمێک نیگەران بووین، بیرمان لەوە دەکردەوە کە بڵێی بەهەمان نەفەسی جاران بتوانین لەنێو خەڵکی خۆمان درێژە بە خەبات بدەین. ڕۆژی یەکەم لە نیزیک گوندی دۆڵەتووماینەوە و شەوەکەی چووینە نێو گوند، لەبەر ئەوەی کە یەکەم شەو بوو تەنیا لە دوو ماڵ خۆمان ئاشکرا کرد. دوای نانخواردن و پرسینی خەبەر و باسی ناوچە بەرەو قووڵایی ناوچەی سەردەشت وەڕێکەوتین. هەر لە یەکەم گوند لەگەڵ پێشوازییەکی گەرمی

خەڵک بەرەوڕوو بووین، ئەوکات بۆمان دەرکەوت کە حیزبی دێموکرات هەرگیز لە بیری خەڵکی خۆمان ناچێتەوە و کۆماری ئیسلامیش قەت ناتوانێ ببێ بە خاوەنی کوردستان. ڕوومان لە هەرکوێ دەکرد هێندە بەگەرموگوڕی وەریان دەگرتین کە لە گێڕانەوە نایە. جەولەکەمان بۆ ماوەی نیزیک بە بیست ڕۆژ درێژەی کێشا و سەردانی چەندین گوندی ناوچەکەمان کرد کە لە هەموویان لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکی ئەم گوندانە بەرەوڕوو دەبووین.

ئەوەی بۆ ئێمە پرسیار بوو ئەوە بوو کە بێجگە لە خەڵک هەموو شتێک گۆڕا بوو، ناوچە لە هەموو بارێکەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو، گوندەکان، ڕێگاکان و مووچە و مەزراکان بەڵام دوای ئەو ١١ ساڵە دووریی لە خەڵکی خۆمان هەستی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەیی نەک کەمی نەکردبوو بەڵکوو دەکرێ بڵێم کۆماری ئیسلامی لەنێو خەڵکی کورددا هەر وەک پێشوو قەبووڵنەکراو و بێگانە بوو. شۆڕشگێڕبوون ونەتەوەیی بوونی خەڵک و هەست و خەمخۆرییان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان لەوپەڕی بەهێزیدا بوو.

دوای ماوەیەک مانەوە لەناوچەی بولفەتی سەردەشت جەولەکەمان درێژەی کێشا بەرەو ناوچەی هۆمل و لەو ناوچەیەش بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ماینەوە.

ئێوارەیەک دەمانەویست بەرەو گوندی دۆڵەگەرم بچین، کە وەڕێ کەوتین لە نیزیک گوند هەستمان کرد کە هێزێکی کۆماری ئیسلامی لە نیزیک گوندەکە بۆ زەبر لێدان لە ئێمە دامەزراوە بەڵام ئەوەی باش بوو ئێمە ئەوانمان بینی و گەڕاینەوە و لە چوون بۆ ئەو گوندە خۆمان پاراست. ئەو شەوە بۆ هیچ گوندێک نەچووین و بەرەو ئالانی سەردەشت وەڕێ کەوتین. بۆ

شەوی دووهەم چووینە گوندی بێژوێ کە یەکێک لە گوندە خۆشەکانی ناوچەی ئالانە، دوای ماوەیەک مانەوە لەنێو گوند بەرەو چۆمی کەڵوێ لە نیزیک گوندی گوێزڵێ درێژەمان بە جەولەکەماندا.

بەڕاستی ئەو شەوە زۆر ناخۆش بوو، ڕۆژەکەشی هەر ناخۆش و گەرم بوو. هەرچۆنێک بوو ئەو ڕۆژە لەوێ بووین و ئێوارەی ئەو ڕۆژە واساغ بوینەوە کە دوای ئەم چەند ڕۆژە لە ناوچە، لە سنووری "ئاوکورتێ" بپەڕینەوە و بگەڕێینەوە و کۆتایی بە جەولەکەمان بێنین. ئەو ڕۆژە زۆر پێکەنین، ئێوارە کە وەڕێ کەوتین برایم شێخی گوتی خوایە وەخێری گێڕی ئەم هەموو پێکەنینە.

بۆ شەوێ چووین بۆ ماڵێک لەبەری ڕۆژهەڵات ڕووبەڕووی گوندی ئاوکورتێ و ئەو شەوە زۆریان ڕێز لێ گرتین و خواردنێکی باشمان خوارد. لەوێ زۆر ماینەوە بو ئەوەی شەو درەنگ بێ. دوای ماڵاوایی لەو ماڵە و هێندێک پرسیارکردن بەرەو زێی بچووک چووینە خوارێ. کاتێک گەیشتینە نیزیک چۆمەکە کۆبووینەوە، ماڵێک ل بەری باشوور بوو و لەسەر چۆمەکە واساغ بووینەوە کە دوو کەس بچن بۆ ئەو ماڵە و هێندێ پرسیار بکەن و ئەگەر بکرێ هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی لە ناوچەکە کەس نەمان بینێ و بەرەو شاری سلێمانی دەربازبین. پێمان خۆش نەبوو لەو سنوورە کەس بمانبینێ. ساغ بووینەوە کە هاوڕێیان حەسەن خۆشکەلام و برایم شێخی بچن و ئێمەش لە شوێنی خۆمان بمێنینەوە هەتا ئاگادارمان دەکەنەوە. کاتێک کاک حەسەن و کاک برایم دەچن بۆ ئەو ماڵە و ئەوان ئامادە نابن هاوکاریمان بکەن، کە دەگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە و کەمێک لە ماڵەکە دوور دەکەونەوە مارێک بە لاقی برایم

شێخی‌یەوە دەدات. بە هەر جۆرێک بێ دێنەوە بۆ قەراغ چۆمەکە. ئێمە کەمێک دوور بووین و دەنگمان بەیەکتر نەدەگەیشت بەڵام پێشتر ساغ بووینەوە کە هەرکات چرایەک بەرەو ئێمە لێدرا ئێمەش بەرەو ئەوان بڕۆین. کاتێک چووین بۆ سەر چۆمەکە نەدکرا هەروا وەنێو ئاوەکە کەوین، خۆشکەلام لەسەر چۆمەکە بوو، ئێمەش دەستمان لە دەستی یەک نا بۆ ئەوەی چۆمەکە نەمانبا. هەر چەند شوێنەکە زۆر خوڕێن بوو بەڵام دەستمان تێکگرتوو و بە هاوکاریی کاک حەسەن خۆشکەلام لە چۆمەکە پەڕینەوە. کاتێک پەڕێنەوە کاک حەسەن گوتی برایم مار پێوەی داوە و حاڵی باش نییە. کە چووین کاک برایم هاواری دەهات چونکە ئازاری زۆر بوو. گوندی ئاوکورتێ لە ئێمە دوور بوو و هەورازیش بوو بەڵام هەرچۆنێک بوو بە هاوکاریی هەموومان بەتایبەتی هیممەتی خۆی توانیمان خۆمان بگەیەنینە گوندی ئاوکورتێ. ئاوکورتێ بارەگایەکی گەورەی پاسەوانی سنووری لێبوو و پێمان باش نەبوو لەو سنوورە بمانبینن. کاتێک چووینە نێو گوندەکە بێ ئەوەی خەڵکی دیکە هەست پێ بکات ئەوماڵەمان دیتەوە کە مەبەستی ئێمە بوو. ئەو ماڵە ئەوپەڕی ڕێزیان لە ئێمە گرت کە کاک برایم دەیناسین و دیار بە بینینی کاک برایم بەو شێوەیە زۆر بە داخ بوون؛ برایم وەزعی هەر بەرەو خراپی دەچوو لاقی هەم ڕەش هەڵگەڕابوو و هەم ئەستوور ببوو و ئازارێکی زۆری هەبوو.

لەوێ هەوڵماندا هەرچی زووتر بیگەیەنینە نەخۆشخانە بەڵام ویستمان ئەگەر بکرێ پاسەوانی سنوور نەمابینێ، کاتێک لەگەڵ خاوەن ماڵەکە باسمان کرد گوتیان بە هیچ جۆر ناکرێ دەبێ حەتمەن بەو ڕێگەیەدا بڕۆین و ئەوێش پاسەوانی سنووری لێیە.

سەرئەنجام واساغ بووینەوە کە کاک حەسەن خۆشکەلام بچێ

مەسەلەکەیان لەگەڵ باس بکات کە ئێمە پێشمەرگەی حیزبین و ئاوامان بەسەر هاتوە. ئێمەش لە ماڵەکە ماینەوە و زۆری نەکێشا کاک حەسەن گەڕایەوە و چەند کەس لە پاسەوانانی سنووری لەگەڵ بوو. مەجالی ئەوەیان دا کە برایم شێخی بەرین بۆ نەخۆشخانەی ماوەت و من لەگەڵی چووم. وەزعی لەوپەڕی خراپیدا بوو، کاتێک چووین بۆ نەخۆشخانە فەوری خەواندیان و چەند دەرزیان لێدا. زۆری نەکێشا کاک برایم خەوی لێ کەوت و منیش هەر لە هاتوچۆدا بووم بۆ دەرێ و چاوەڕێی برادەرانم دەکرد، هەر ماشێنێک دەهات دەمگوت ئەوە هاتن. بەرە بەرە خەریک دەبوو ڕووناک بێ بەڵام کەس دیار نەبوو و هیچ خەبەر پەیدا نەبوو. هەر لەوێ کوڕێکم بانگ کرد و لێم پرسی گوتم بە کرێ کار دەکەی؟ گوتی بەڵێ، گوتم بە چەندی دەچیە ئاوکورتێ؟ ئەویش داوای ١٠ هەزار دیناری کرد. ناردم و پێمگوت بچۆ بۆ فلان ماڵ و بڵێ میوانەکانی شەوێ چیان بەسەر هات. هاتەوە گوتی هەر شەوێ لەگەڵ خۆیان بردوویانن جا نازانم گیراون یان نا. منیش تازە کە زانیم دۆخەکە ئاوایە هەر لەوێ ماشێنێکم گرت، لەپێشدا گوتم دەچین بۆ سلێمانی، کە دوور کەوتینەوە دووبارە بە کابرام گوت کاکە بمانبە بۆ "دووکان" پەشیمان بووینەوە، هەتا دووکان نەیزانی کە ئێمە کێین و چکارەین. لە دووکان گوتم بمانبە بۆ شاری کۆیە، ئەوجار زانی ئێمە کێین و منیش بۆم باس کرد. کاتێک گەیشتینەوە کەمپی زەویەسپی لەگەڵ دابەزین تەلەفۆنی ڕەوانشاد فایەق کاژەی کە بە من بوو تەلەفونێکی بۆ هات و گوتی تۆ کاک خدری؟ گوتم بەڵێ، گوتی لەکوێی؟ منیش گوتم لە کۆیەم، ئیتر تەلەفۆنەکەی داخست و دیاربوو کارمەندی ئاسایش بوو.

ئەو شەش کەسەی دیکە بۆ ماوەی سێ شەو ڕاگیران و پاشان ئەوانیش گەڕانەوە بۆ کۆیە. بەمجۆرە دوای مانەوەی نیزیک

بە ٢٠ ڕۆژ مانەوە لە ناوچە گەڕاینەوە بنکەکانمان لە کۆیە. لەو سەردەمەدا بەڕاستی ئەم چوونەوە بۆخۆی کارێکی باش و هیوابەخش بوو لە کۆتاییدا ڕێزو سڵاو بۆ ئەو کەسانەی کە لەو جەولە دا بەشدار بوون. ڕوحی ڕەوانشاد فایەق کاژەیی شاد بێ و ڕێز و سڵاو بۆ ئەو کەسانەی هاوکارمان بوون.

- **جەولەیەکی دیکە بۆ ناوچەکانی سەردەشت و ڕەبەت**

لە ڕێکەوتی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ دەستەیەک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گوندی گردێنەی ناوچەی سەردەشت کەوتنە بەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و ٣ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بە ناوەکانی تێکۆشەری ئازا و ناسراوی ناوچەی ڕەبەت فەرماندە ئازا و قارەمان هەمزە سارتکەیی هاوڕێ لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تێکۆشەری دیکەی گەلەکەمان بە ناوەکانی قادر نەزمی دووهەمین شەهیدی بنەماڵە و قادر قادری شەهید بوون. لەو کات و ساتەدا خەسارێکی گەورە بوو کە وەبەر حیزبەکەمان کەوت. ڕاستە شەهید بوونی ئەو ٣ تێکۆشەرە ناخۆش بوو بەڵام هەر لەو کاتەشدا هاوسۆزی و خەمخۆری و دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەنێو خەڵکدا بەدوای خۆیدا هێنا کە تا ئێستاش ئەم ڕۆژە لەبیر خەڵک ناچێتەوە.

دوای ئەم ڕووداوە ناخۆشە کە حیزبی دێموکرات وەک نەریتێکی هەمیشەیی نە بە سەرکەوتنەکان لەخۆبایی بووە و نە بە تێشکانەکانیش دەستی لە خەبات هەڵگرتوە، دەستەیەکی دیکە لە کادر و پێشمەرگەکانی خۆی لە تیمێکی ٢١ کەسی‌دا بۆ هەمان ناوچە ئامادە کرد. ئەو تیمە بە سەرپەرستی کاک خدر میراوەیی و کاک حەسەن خۆشکەلام ئەو مەئموورییەتەیان

گرتـە ئەسـتۆ و منیـش لـە خزمەتیـان دابـووم. لەگـەڵ کۆمەڵێک لـە کادر و پێشـمەرگەی تێکۆشـەر بـەرەو ناوچـە وەڕێکەوتیـن. بـۆ دەربازبوونمـان لـە سنوور وەک زۆر جـاری دیکـە ڕەوانشـاد برایـم کانیـەزەردی بـوو بـە چاوساغی ئـەو تیمـە و تـا ئاودیـوی سنووری "کانیـەزەرد"ی کردیـن لەگەڵمـان هـات، ئـەو گەڕایـەوە و ئێمـەش بـەرەو ناوچـە وەڕێ کەوتیـن.

ئـەو شـەوە زۆر مانـدوو بوویـن و ڕێگەیەکـی زۆر و ناخۆشـمان بـڕی، بەهـۆی دووری ڕێگاکـە نەمانتوانـی لـە جـادەی قاسـمەڕەش بـۆ سەردەشـت بپەڕینـەوە و بـە ناچـاری لەمبـەرە ماینـەوە و تووشـی هیـچ نەبوویـن. ئێوارەکـەی چووینـە گونـدی وەردێ و پاشـان درێژەمـان بـە جەولەکەمـاندا. ڕوومـان لـە هەرکوێ دەکـرد بـە باوەشـێکی ئـاواڵاوە وەریـان دەگرتیـن. ڕووت لـە هـەر کەسـێک دەکـرد باسـی شـەهید بوونـی شـەهیدانی گردێنـە وێـردی سـەر زمانی بـوو. خەڵـک بـۆ ئـەم ڕووداوە و شـەهیدبوونی هاوڕێیانمـان لـە ڕادەبـەدەر نیگـەران و خەفەتبـار بـوون.

کادر و پێشـمەرگەکانی ئێمـەش بەوپـەڕی ورەبەرزییـەوە قسـەیان بـۆ خەڵـک دەکـرد و درێژەدانـی ڕێگـە و ڕێبـازی ئـەو شـەهیدانەیان دەکـردە سـەردێڕی باسـەکانی خۆیـان. خەڵـک سـەرەڕای هاوکاریـی کردنـی ئێمـە داوایـان لێدەکردیـن کەمتەرخـەم نەبیـن و خۆمـان بپارێزیـن. ئـەوە لـە حاڵێکدا بـوو کـە کۆمـاری ئیسلامی وای بڵاو کردبـۆوە کـە تـازە هێـزی پێشـمەرگە ورەیـان دابەزیـوە و ناتوانـن بێنـەوە ئـەم ناوچەیـە. ئێمـە بـێ گوێـدان بـە هەڕەشـەکانی کۆمـاری ئیسـلامی درێژەمـان بـە گەشـتەکەی خۆمـاندا و سـەردانی چەندیـن گونـدی ناوچەکەمـان کـرد.

لـە درێـژەی گەشـتەکەماندا شـەوێک چووینـە گونـدی زێـوە، ئێمـە تیمێکـی چـوار کەسـی بوویـن و پێشـمەرگەکانی دیکـە پێـش

ئێمە چوونە نێوخەڵک کە چووبوون خەڵک زۆری ئەهمییەت پێ نەدابوون چونکە هیچ کەسی ناسراویان لەگەڵ نەبوو، خەڵک پێیان وابوو کە چەکداری کۆماری ئیسلامین. کە چاویان بەمن کەوت ئەوجار زانیان ئێمە پێشمەرگەین و جەوەکە بەتەواوی گۆڕا. دوای ئەوەی ماوەیەک لەنێو خەڵکدا ماینەوە و وەختی ئەوە هات کە گوندەکە بەجێ بێڵین بەرەو شوێنی مانەوە وەڕێ کەوتین. هێشتا هەر نیو سەعات دەبوو لەماڵان دوور کەوتبووینەوە کە لە نیزیک شارۆچکەی نەڵاسەوە ڕێگەی ئێمە کاتیۆشاباران کرا دروست پێش ئێمەی تۆپباران دەکرد، دیار بوو لەنێو گوند لەلایەن خائین و خۆفرۆشانەوە ڕاپۆرتیان لێدابووین.

کاتێک نیزیک کاتژمێر دوازدە گەیشتینە شوێنی مانەوە دەوربەری ئەو شوێنەش تۆپباران کرا و چەند تۆپێکی لە نیزیکی ئێمە دان. ڕاستییەکەی نیگەران بووین کە چی بکەین، هەر لەوێ بمێنینەوە یان شوێنی خۆمان بگۆڕین چونکە شەو زوو بوو و دەکرا شوێنی خۆمان بگۆڕین. دیارە من پێم باش بوو شوێنەکە بگۆڕین لەبەر بەیانی چونکە شوێنی مانەوەی ئێمە زۆر باش نەبوو و ئەگەر شتێک ڕوویدابایە ئێمە شوێنەکەمان قووڵ بوو. واهاتە پێشێ تۆپخانەکە بێدەنگ بوو و ئێمەش بێدەنگ بووین و ماینەوە. ئەو ڕۆژە تا درەنگانێک هیچ جووڵەمان نەکرد بێجگە لە پاسەوان نەبێ کەس لە شوێنی خۆی نەجووڵا. هەر شەوێ بە هەموو کوڕەکان گوترا بەیانی کەس جووڵە نەکات تا پێتان نەڵێین، کەس چایی ساز نەکا. ئاوەکەمان لێ دوور بوو هەر بۆیە شەوێ چەند کەسێکمان نارد بۆ ئاو هێنان.

ئەو ڕۆژە هیچ خەبەر نەبوو و ئێمەش لە ناوچەکە درێژەمان بە ئەرکی خۆماندا، شەوەکەی چووینە گوندی سەرشیو و دوای چەند سەعاتێک مانەوە لەنێو گوندەکە، بەرەو "هەوارسوێسنێی"

پشـتی گوندەکانـی کەچـەڵاوا و شـێواوکان وەڕێکەوتیـن کـە زۆر دوور بـوو.

سـەرئەنجام لـە درەنگانێکـی شـەودا گەیشـتینە شـوێنی مانـەوە. ئێوارەکـەی چووینـە گونـدی شـێواوکان لەسـەر جـادەی پیرانشـار- سەردەشـت، بڕیارماندا ئـەو شـەوە کەسـێکی خۆفـرۆش بگریـن کـە گومانـی ئـەوەی لـێ دەکـرا جاسووسـی لـە سـەر ئـەو دەسـتە لـە پێشـمەرگەکان کـردوە کـە لـە گونـدی گردێنـە کەوتنـە بـەر هێرشـی دوژمـن، کاتێـک چوویـن لــە مــاڵ نەبـوو و کارەکەمـان سـەری نەگـرت.

پاشـان بـەرەو ناوچـەی ڕەبـەت وەڕێ کەوتیـن و بـۆ مـاوەی چەنـد شـەوێک لـە گوندەکانـی ناوچـەی ڕەبـەت ماینـەوە. بـە دوای شـەهید بوونـی شـەهیدانی گردێنـەدا چوونـی ئێمـە بـۆ ناوچـەی ڕەبـەت کارێکـی لـە جێـی خۆیـدا بـوو و کاریگەریـی باشـی لەسـەر ورەی خەڵـک هەبـوو. پـاش تەواوبوونـی گەشـتەکەمان لە ناوچـەی ڕەبەت گەڕاینـەوە ناوچـەی سەردەشـت. ڕۆژەکـەی لـە نیزیـک کانـی "هەوار سوێسنێ" ماینـەوە و بـۆ شـەوەکەی چووینـە گونـدی نێوچـوان کـە گوندێکـی خـۆش و کوردپـەروەرە. کاتێـک خەڵـک ئێمەیـان دەبێنـی هـەم خۆشـحاڵ دەبـوون و هـەم نیگـەران چونکـە پێیـان وابـوو دوژمـن بـە ئاسـانی دەتوانـێ زەبرمـان لـێ بـدات. کاتێـک لەنێـو گونـد بوویـن ژنێکـی بەسـاڵداچوو هاتـە پێشـەوە و گوتـی ئەوجـار نیگـەران نیـم، چـاوی بـە بـی کـەی سییەکە کـەوت کـە بـە یەکێـک لـە پێشـمەرگەکان بـوو، گوتـی مـادام ئـەوەی گـەورەو هەڵگرتـوە ناترسـم، مەبەسـتی لـە چەکـی گـەورە بوو.خەڵکـی کوردسـتان ئەوەنـدە پێشـمەرگەیان خۆشدەویسـت کـە تەنانـەت بۆیـان گرینـگ بـوو چ جـۆرە چەکێکمـان پێیـە.

دوای نانخـواردن و دیـدار لەگـەڵ خەڵکـی تێکۆشـەری گونـدی

نێوچـوان بـەرەو شـوێنی مانـەوە وەڕێ کەوتیـن. ڕۆژەکـەی لـە "کانیـلان" لـە نیزیـک گونـدی کۆدەڵـێ ماینـەوە. شـەوەکەی زۆر سارد بوو و ڕۆژەکـەی کەمێک باران بـاری. کۆبووینـەوە بۆ ئەوەی چـی بکەیـن، ساغ بووینـەوە کـە کۆتایـی بـە جەولەکەمـان بێنیـن و بگەڕێینـەوە. ئەرکـی چاوساغی و گەڕاندنـەوەی ئـەو تیمـە بـە مـن سپێردرا، ئێـوارێ بـە مەبەستی جێ بەجێکردنـی ئـەو ئەرکـە لەگـەڵ چـوار کەسی دیکـە وەک تیمـی پێشـڕەو بـەرەو گونـدی سـاوان کـە یەکێـک لـە گونـدە گەورەکانـی ناوچـەی سەردەشتە، وەڕێ کەوتیـن. چـون بـۆ گونـدی سـاوان مەودایەکـی زۆرە. هاتوچۆیەکـی زۆری بەسـەردا بـوو، هـەر ماشـێنێکی تووشـی بوویـن گێڕامانـەوە. لەنێو گونـد قەرەباڵغیەیەکی زۆر درووست بـوو. دوای ئـەوەی کاری ئێمـە جێبەجێ بـوو لـە گونـد چووینـە دەرێ. لـە نیزیـک گوندەکـە لەگـەڵ برادەرانـی دیکـە یەکمـان گرتەوە، لە کاتـی یەکگرتنەوەماندا بارانێکی بەخـوڕ دەستی پێکـرد کـە هەمـوو گیانـی خوسـاندین. ڕێگاکـە ڕێگای کاروانچیـان بـوو و شـەوانە هاتووچـۆی زۆری پێـدا دەکـرا خۆڵێکـی زۆری تێدابـوو، بـە بارانەکـە تـەواوی بـوو بـە قـوڕ و زۆر ناخـۆش بـوو. شـەوێکی تاریـک و ئەنگوسـتەچاو، کاتێـک وەڕێکەوتیـن چەنـد دڵسـۆزێکی خۆمـان زۆریـان هـاوکاری کردیـن. دیـار بـوو هێزەکانـی کۆمـاری ئیسلامی لـە بوونـی ئێمـە لـەو ناوچەیـە ئـاگادار کرابوونـەوە هـەر بۆیـە دەستیان کـرد بـە تۆپبارانکردنـی ڕێگەکـەی ئێمـە بـەڵام ئێمـە بـێ گوێـدان بـەو تۆپبارانـە بـەرەو شوێنی خۆمـان بـەردەوام بوویـن. بەڕاسـتی شـەوێکی هێنـدە تاریـک و ناخـۆش بـوو هـەر پێشـمەرگە بـوو دەکـەوت، چونکـە ڕێگاکـە قـووڕ بـوو خۆمـان بـۆ نەدەگیـرا و دەکەوتیـن. ڕێگـەی ئێمـە لێـڕەوار بـوو، ئـەو لێـڕەوارە شـەوەکەی تاریکتـر کردبـوو بـەڵام بەهیممەتـی دۆسـتانی خۆمـان ئاودیـوی گونـدی گۆڕەشێر بوویـن و لـەوێ ماینـەوە. لـە گۆڕەشیر هیـچ نەباریبـوو، خۆڵێکـی زۆر لـە ڕێگاکـە دابـوو و تـۆز

و خۆڵی ڕێگاکە زۆر ئەزیەتی کردین. برادەرێکمان هەر دەکەوت و وردە وردە جنێوی دەدا.

منیش لەو نێوەشەوەدا کە زۆر ماندوو بووم گوتم با شۆخیەک بکەم، یەکێک لە کوڕەکان بە گڵۆپ تووڕە دەبوو منیش لە نیوەشەوێکی درەنگدا لەو لێڕەوارە سەرەڕای هیلاکی و ماندووبوون گوتم ئەرێ ئەو گڵۆپەت بۆ کەنگێ دەوێ؟ ئەویش زۆر حازر جواب بوو و بەدڵی خۆی جنێوێکی خۆشی پێدام، ئەگەر هەڵە نەبم کاک کارۆ ڕەسووڵی لە دوای من بوو و بە هەموو هێزی خۆی یەک قاقای لێدا و گوتی لە خۆت ناگەڕێی.

بە هەرحاڵ دوای ماندووبوونێکی زۆر لەنێوەشەوێکی درەنگدا چووینە گوندی گۆڕەشێر و بەسەرماڵەکاندا دابەش بووین بەڵام ئەوەندە قوڕاوی و تۆزاوی بووین ئەگەر لەبەر ڕووناکی چاوت لە خۆت دەکرد پێکەنینت بەخۆت دەهات. هەرچی تۆزوخۆڵی ئەو ڕێگایە بوو لە سەر و سەکتی ئێمە هاڵابوو. بەو حاڵەش خەڵکی گوندی گۆڕەشێر پێشوازیەکی گەرمیان لێ کردین و تا درەنگانێکی شەو لەوێ بووین. پاشان بەرەو گوندی سونێ وەڕێ کەوتین، کاتێک لە ماڵەکانی گۆڕەشێر دەرچووین بە هیج جۆر نەمانتوانی بێ چرا بڕۆین بۆیە بە ناچاری بەچراگاز هەڵکردن درێژەمان بە ڕێگاکەماندا.

کاتێک گەیشتینە شوێنی خۆمان ماشێن ئامادە بوون، سوار بووین بەرەو قەڵادزێ و کاتژمێر ٨ی بەیانی گەیشتینەوە کۆیە.

## • جەولەیەک بەرەو ناوچەی سەردەشت و ڕووداوێکی ناخۆش و لەبیرنەکراو

ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکانی نێو شۆڕش بۆ ئێمەی پێشمەرگە مێژوویەکی لەبیرنەکراون. لەو بەشە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانمدا دەگەڕێمەوە بۆ پێنج ساڵ لەوەپێش کە لەگەڵ هاوڕێکانم تووشی ڕووداوێکی زۆر ناخۆشی ژیانی پێشمەرگایەتی بووین. ڕەنگە ئەم ڕووداوە بۆ هەمووومان زۆر ناخۆش بووبێ بەڵام بۆ من ناخۆشتر لە هەمووان بوو کە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکەدا دێمە سەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەم ڕۆژە کە تووشی ڕووداوەکە بووین.

ئەوەی کە جێگای سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە لە کاتی کارکردندا هەموو کەس تووشی شکست و سەرکەوتن دەبێ بەڵام بەداخەوە لە مێژووی جووڵانەوەکانی کورددا زۆر جار کەسێک یان تیمێک یان چەند کەسێک تووشی شکست بوون و قسە و قسەلۆکی بن دیواران ئەوەندی دیکە بێ هیوای کردوون. لەو کاتەدا زۆرن ئەو کەسانەی دڵنەواییت دەدەنەوە و لە دڵەڕاوکێ دوورت دەخەنەوە بەڵام کەم نین ئەو کەسانەش کە بە نارەوا پشتەسەرت قسە دەکەن بێ ئەوەی خۆیان لەو مەیدانە بدەن. ئەوان هەرچی دەیڵێن نایڵێنەوە و لە دوورەوە بێ ئەوەی ئاگایان لە ڕووداوەکان بێ خۆیان دەکەنە قارەمان و دەکوژن و دەبڕن بەڵام هەر بەخەیاڵ نەک لە مەیداندا.

بەم پێشەکییە دەچمە سەر ئەسڵی نووسینەوەی ئەو ڕووداوە تاڵە و هیوادارم بتوانم لە هەموو بوارەکاندا هەقی خۆی پێ بدەم.

لە ١٣٩٥/٦/١٥بۆ چەندەمین جار جارێکی دیکە ئێمە تیمێک لە

پێشمەرگەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستان ئەگەر هەڵە نەبم ١٧ كەس بووین خۆمان ئامادە كرد بۆ ئەوەی بەرەو ناوچەی سەردەشت مەكۆی ڕۆڵەكانی دێموكرات وەڕێ كەوین. پێش ئەوەی كە وەڕێ كەوین لە كۆبوونەوەیەكدا سەرپەرستی ئەم تیمە بە من و كاك حەسەن خۆشكەلام سپێردرا و ئێمەش لە كۆبوونەوەی خۆماندا دوو كەسی دیكەمان لە كادر و پێشمەرگەكان واتە كاك كارۆ ڕەسووڵی و كاك ئێدریسی قادری وەک هاوكاری خۆمان دیاری كردن. سەرئەنجام دوای ئەوەی كە دەربازكردنی ئەو تیمە كەوتە ئەستۆی من و منیش وەک زۆر جاری دیكە بۆ ئەوەی بتوانم ئەركی خۆم جێبەجێ بكەم، دەست بەكار بووم.

ڕۆژی پێشتر چووم بۆ قەڵادزێ و لەوێ كەسێک كە ئەندامی حیزب بوو ئاگادارم كردەوە هاوكاریمان بكات بۆ ئەوەی لە سنوور دەربازمان بكات. ئەو كەسە چەند جاری دیكە هاوكاری كردبووین و چاک یان خراپ ماوەی چەند ساڵێک بوو لەگەڵ من كاری دەكرد. زۆر كاری دیكەم پێ سپاردبوون هیچ ڕووی نەدابوو. دوایی دێمە سەر باسی ئەو كەسە كە كێ بوو و چكارە بوو.

بەهەرحاڵ دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٣٩٥/٦/١٥لە قەڵای دێموكرات بەرەو ناوچە وەڕێ كەوتین. لە بناری كێوی مامەندە لە ماشێنەكان دابەزین، شۆفیرەكان بەرەو بنكەكانمان و ئێمەش بەرەو ناوچە وەڕیكەوتین.

پێشتر وامان دانابوو كە شەوی یەكەم لەنیزیک سنوور بمێنینەوە بۆ ئەوەی ڕۆژی دوایی بە ڕووناكی سنوورەكە لە ژێر چاودێری خۆمان بگرین. ئەوشەوە لەسەر "كانی بڵەسەنە" لە داوێنی چیای مامەندە لەگەڵ حوسێن كانیەزەردی! واتە چاوساغە خائینەكە یەكمان گرتەوە. پێش ئەوەی بگەینە سەر كانیەكە هەموومان نەچووین، سەرەتا گوتم لێرە بن من دەچم،

ئەگەر هەڵە نەکەم کاک کارۆ نەیهێشت من بچم و گوتی نابێ تۆ بچی. دیارە زۆرتر بۆ ئەوە بوو کە بە دوو هۆ من و کاک حەسەن خۆشکەلام وەپێش نەکەوین، یەکەم؛ لەبەر ئەوەی ئێمە شارەزای ئەسڵیی ناوچەکە بووین، دووهەم؛ لەبەر ئەوەی ئێمە بەرپرسی تیمەکە بووین. چەند کەسێک چوون و ئێمەش بە وریاییەوە هەنگاومان نا. کاتێک چووینە سەر کانیەکە دوای خواردنەوەی ئاو و کەمێک حەسانەوە واساغ بووینەوە هەتا درەنگانێکی شەو لەوێ بخەوین چونکە شوێنی مانەوەی ڕۆژمان دوور نەبوو. بەیانی پێش ڕووناکبوون چووینە شوێنی مانەوە. حوسێن! ئەو ڕۆژە هەر لە لامان بوو بەڵام زۆر لە فکر دابوو، وەک ئەوەی شتێک هەبێ بەڵام هیچی نەدەگوت. کاتێک لە دەوری کۆبووینەوە لەبیرمە کە کاک کارۆ ڕەسووڵی گوتی ئەرێ بۆ سبەینێش لێرە نەمێنینەوە و دووسبەی بڕۆین؟ خێرا حوسێن گوتی دەی با نەڕۆین زۆر باشە و منیش پێم خۆشە، بەڵام هەر بە تەنیا دادەنیشت.

دوای نیوەڕۆ کاتێک کۆبووینەوە کە چۆن بڕۆین ئەویشمان بانگ کرد. لێم پرسی؛ حوسێن بەکوێدا دەڕۆین؟ گوتی دوو ڕێگامان هەیە یەکیان بە خواریدا دەڕوا و دەچێتەوە نیزیک "باسکی ڕێوی" بەڵام ئەوەیان دووربینی دوو مۆڵگەی دوژمنی لێ دیارە. ئەوەی دیکەیان ئەوە دیارە لە نیزیک «مالیمۆس"ە. هەم من و هەم حوسێن سەرێمان پێ باشتر بوو چونکە لەوێ دەتوانی بە ئاسانی بە ڕۆژی ڕووناک بچیە سەر سنوور.

سەرئەنجام ساغ بوینەوە بەسەرێدا بڕۆین. کاتێک ساغ بوینەوە بەسەرێدا بڕۆین تیمێکی پێشڕەوی شەش کەسیمان بۆ تاقیکردنەوەی سنوورەکە دیاری کرد، پێشێ قەرار بوو کاک ئیدریس قادری لەگەڵ تیمەکە بچێ کەچی کاک کارۆ ڕەسووڵی

هەوڵی زۆردا کە ئەو خۆی بچێ. سەرئەنجام واهات کە ئەو بچێ، هێشا ڕووناک بوو، ئێمە وامان دانابوو کە بە ڕووناکی ئەو تیمە بچێتە سەر سنوور. حوسێن دوو جار لە منی پرسی بۆ خۆشت لەگەڵمان نایەی!؟ ئەوەی لەبیرم بێ کاک کارۆ گوتی ئەو نایە، لێیگەڕێ.

سەرئەنجام ئەو تیمە بەرەو سنوور وەڕێ کەوت. دوای ئەوەی لە ئێمە دوور کەوتنەوە ئێمەش بە دوای ئەواندا ڕۆیشتین. کاتێک ئێمە لە خوار ئەوان بووین دیار بوو ئەوان لە سنوور نیزیک بوون، ئێمەش ئارام ئارام بەرەو لای ئەوان دەڕۆیشتین.

کاک کارۆ ڕەسووڵی کە خۆی شاهید و بریندارى ئەو ڕووداوەیە، دەڵێ کاتێک لە شوێنی مەبەست نیزیک بووینەوە ئەوانیش لەسەر سنوور دەبن بە دوو دەستە، دەستەیەک بەرەو ئەو شوێنە دەچن و دوو کەسیش بەرەو کۆنە مۆڵگەکەی دوژمن دەڕۆن. کاک کارۆ دەڵێ شەهید ئەمیر گوتی با لێرە نەبین بچینە نێو ئەو پۆلە شاخە، حوسێن بە شەهید ئەمیر دەڵێ من لێرەوە دەڕۆم. پێش تەقینەوەکە شەهید ئەمیر بە کاک کارۆ دەڵێ نەفەریکم لەو بەرقەدە دیت، ئازاد تووڕە دەبێ و دەڵێ ئەوە بۆ دەوەنتان لێ دەبن بە ئینسان. حوسێن دەڵێ کاک کارۆ ئەگەر دەزانی کەس بینراوە با نەڕۆین بگەڕێینەوە. بەڵام بە پێداگریی شەهید ئازاد دەڕۆن. لەو کاتەدا حوسێن خۆی ون دەکات و کارەساتەکە ڕوو دەدات و بۆمبە چێنراوەکان بە پێشمەرگەکاندا دەتەقنەوە. سەرەتا هەر ئازاد شەهید دەبێ و کارۆ و ئەمیر بریندار دەبن؛ زۆری پێناچێ کە بەداخەوە کاک ئەمیریش شەهید دەبێ. لە کاتی گەیشتنی پێشمەرگەکانی دیکەدا تەقە دست پێ دەکا، کاک کارۆ سەرەڕای بریندارى زۆر ئازایانە تەقە دەکا. ئێستاش ڕوون نەبوو تەقاندنەوەی ئەو بۆمبانە کۆنتڕۆڵەکەی

بـە حوسـێن بـووە یـان بـە کەسـانی دیکـە بـووە. کاتێـک دەنگـی تەقینەوەکـە هـات ئێمـە نیگـەران بوویـن، چەنـد خولەکێک دواتـر کە ئێمـە چـاوەڕوان بوویـن بزانیـن چـی ڕوویداوە. کاک کارۆ ڕەسوولّی کـە برینێکـی قورسـی هەڵگرتبـوو لەگـەڵ مـن پێوەنـدی گـرت و گوتـی بمانگەنـێ چەنـد کەسـمان شـەهید و برینداریـن. ئێمـەش کەوتینـە خـۆ و هـەر لـەوێ لەگـەڵ کاک حەسـەن واسـاغ بووینـەوە ئـەوان بـەرەو شـوێنی تەقەکـە بڕۆن و ئێمـەش لەگـەڵ دووکەسـی دیکـە لـە فکـری پەیداکردنـی وڵاغـدا بیـن.

لـە سـەرەتای ڕووداوەکـەدا ئێمە لە دابەشکردنی کارەکەدا هەڵەمان کـرد بـە تایبەتـی مـن وەک بەرپرسـی ئـەو تیمـە چونکـە ئەگـەر هەمووەمـان بـە یەکـەوە بایـن دەکـرا شـەهید و برینـدارەکان زۆرتـر دوور بخرێنـەوە و کارەکەشـمان ئاسـانتر دەبـوو و شـەهیدەکانیش نەدەکەوتنـە دەسـتی دوژمـن. بـە هیـچ جـۆر نەدبـوو ئێمـە بـە مەبەسـتی پەیداکردنـی وڵاغ بـۆ شـەهید و برینـدارەکان لێـک جیـا بباینـەوە. سـەرتا دەبـوو منیـش لەگـەڵ ئەو دوو کەسـەی دیکـە لەگەڵ کوڕەکان بـەرەو شـوێنی ڕووداوە کـە چووبایـن جـا دوایـی لـە فکـری پەیداکردنـی وڵاغـدا بایـن چونکـە بـێ ئـەوەی ئێمـە بزانیـن چـی ڕوو دەدات لێـک دابڕاین.جیـا لـەوەش هـەر بیرمـان لـەوە نەکـردەوە کـە مـن موبایلـی سـووڕەییام پـێ بـوو و لـە هەمـوو شـوێنێک پێوەنـدی پـێ دەگیـرا.

کاتێـک ئێمـە بـەرەو کاری خۆمـان چوویـن کوڕەکانـی دیکـەش هەموویـان بـەرەو برینـدار و شـەهیدەکان چـوون، زۆر ئازایانـە خۆیـان گەیاندبـووە شـوێنی ڕووداوەکـە. کاتێـک گەیشـتبوونە شـوێنی ڕووداوەکـە هـەم برینـدارەکـە و هـەم کـوڕەکان کەوتنـە بـەر هێرشـی دەسـتەیەکی دیکـە لـە هێزەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی و بـۆ ماوەیـەک تەقـە و لێکـدان هاتبـووە پێشـێ. کاک ئامانـج زیبایـی

لـەوێ هـاوار دەكات و دەڵـێ قەناسـەكان هیممـەت بكـەن. هـەر دوو قەنناسـەكە یەكیـان بـە شـەهید مووسـا بـوو و یەكیـان بـە عەلیـڕەزا كـە بەڕاسـتی هەردووكیـان توانیبوویـان كاری بـاش بـەو چەكانـە بكـەن. دوای پاشەكشـەی هێـزی دوژمـن و تاریكیـی هـەوا، ئەوجـار نـۆرە دەگاتـە ڕاگواسـتنی بریـندرا و شـەهیدەكان كە هەمـوو كوڕەكان بـۆ ڕاگواسـتنی شـەهید وبریـندارەكان ئازایانـە هاتبوونـە مەیـدان بەتایبەتـی ڕاگواسـتنی كاك كارۆ كـە برینێكـی قورسـی هەڵگرتبـوو كارێكـی ئاسـان نەبـوو. ناكـرێ بـاس لـەو ڕۆژە بكەیـن بـەڵام ڕۆڵ و توانـای سـمایل وەردەیـی بـەرز نەنرخێنیـن كـە زۆر ئازایانـە و بوێرانـە كارێكـی گـەورەی كـرد بـۆ ڕاگواسـتنی كاك كارۆی زامـدار چونكـە هـەم وەزنـی زۆر بـوو و هـەم برینەكـەی قـورس بـوو. بـە سـەختیەكی زۆر ئـەوەی لەدەسـتی هاتبـوو بـۆڕزگاری كاك كارۆ كردبـووی. كاتێـك كاك سـمایل خەریكـی ڕاگواسـتنی كاك كارۆ دەبـێ كوڕەكانـی دیكـەش بـە سەرپەرسـتی كاك حەسـەن خۆشـكەلام كـە ئەزموونـی زۆری هەبـوو لـەو بـوارەدا، شـەهیدەكانیش زیاتـر لـە یـەك كیلۆمیتـر دوور دەخەنـەوە بـۆ ئـەوەی نەكەونـە دەسـتی دوژمـن. ئەوانیـش زەحمەتـی زۆریـان كێشـابوو و ئـەوەی لـە دەسـتیان هاتبـوو كردبوویـان.

هـەر لـەو كاتـەدا هێزەكانـی كۆمـاری ئیسـلامی بـە سـەختی تۆپبارانـی ناوچەكەیـان دەكـرد بـە تایبەتـی ئەو شـوێنەی كـە ئێمەی لـێ بوویـن واتـە ڕێگـەی گەڕانـەوەی پێشمەرگەكان. ئـەو هاوڕێیانـە كاتێـك شـەهیدكان دوور دەخەنـەوە و دەیانشـارنەوە كاك كارۆش كەمێـك دێننـە خوارتـر. ئـەو كەسـەی قـەرار بـوو هاوكاریـی ئێمـە بـكات لەگـەڵ كەسێكی دیكـە بـە وڵاغـەوە بـەرەو ئێمە هاتـن. ئێمەش لەگـەڵ كاك حەسـەن لـە پێوەندیـدا بوویـن. چەنـد سـەعاتێكی كێشـا تـا "خاڵـە" گەیشـتە لامـان. لەگـەڵ كاك حەسـەن قسـەم كـرد و پێـم گـوت بـا ئـەو ڕمبـە ڕمبـە واتـە تۆپبارانـە تـەواو بـێ جـا بـەرەو

ئێوە دەگەڕێینەوە. بەڵام لە کاتی تۆپبارانەکە دا خاڵە وڵاغەکەی لە دەست بەربوو و هەڵات و تا ڕۆژی دوایی نەماندیتەوە. ئێمەش لەگەڵ کاک حەسەن و ئەوان پێوەندییمان نەما. تا لای بەیانی ئێمە هەر لەو دەوروبەرە بووین. هەرچی پێوەندییمان گرت جێبەجی نەبوو چونکە ئەوان بێسیمیان هەڵنەکردەوە. ڕۆژ بەرەو ڕووناکی دەچوو کە لە بەرەبەیاندا دەستەیەکی دیکەش لە پێشمەرگەکان پەیدا بوون و لەگەڵ ئێمە یەکیان گرتەوە. تازە بوو بە ڕۆژ و ئیتر جاری هیچ نەدەکرا. دەفتەری سیاسیی حیزبم لە دۆخەکە ئاگادار کردبۆوە کە تووشی ڕووداوێکی لەم جۆرە بووین. چەند کەسێک واتە کاک برایم چووکەڵی و محەممەدی مام ئاغا لە کۆیەوە هاتبوون. کوڕەکانم بەڕێ کرد بۆ سەر کانیاوێکی ئەو دەوروبەرە. دوای ئەوەی کوڕەکان لە نیزیک کانیەکە مانەوە من و خاڵە و سمایل وەردەیی جارێکی دیک بەرەو شوێنی شەڕەکە گەڕاینەوە و لە دەوروبەری "کانی بلەسەنە" خۆمان حەشار دا کە مۆڵگەی دوژمنی لە "کانی سێو" لێ دیار بوو. دەوروبەری کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆ هێزێکی کۆماری ئیسلامی بە چەند ماشێن هاتنە شوێنی شەڕەکە و لەو دەوروبەرەدا و لەوێ دەگەڕان بەڵام کەمێک لە ئێمە دوور بوون. لە شوێنێک کۆبوونەوە و پاشان ڕۆیشتن. خاڵەش تەلەفۆنی کرد بۆماڵی خۆیان کە وڵاغەکان بێننەوە بۆلای ئێمە. کاتێک هیچ خەبەر نەبوو ئێمەش چووینەوە بۆلای کوڕەکان و لە هەوڵی ئەوەدا بووین لە ئێواریدا تیمێکی دیکە بنێرین بۆ شوێنی ڕووداوەکە. لای ئێواری خاڵە لەگەڵ کوڕەکەی چوون بۆ ئەو شوێنە و زۆریان هاوار کردبوو هیچ خەبەریان دەست نەکەوتبوو. تەلەفۆنی لەگەڵ من کرد گوتی کەس دیار نییە. دووبارە جارێکی دیکە خاڵە و دوو کەس لە پێشمەرگەکان واتە کاک ئامانج زیبایی و کاک سمایل وەردەیی بەرەو ئەو شوێنە چوونەوە و هێندێ خواردنیان لەگەڵ خۆیان

برد. سەرەتا گوتیان هیچ خەبەر نییە بەڵام دوای نیو سەعات گوتیان دیتماننەوە.

بەو هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بووین و ئێمەش لەگەڵ چەند كەسێك بەرەو ئەو شوێنە وەڕێكەوتین.

لە درێژەی گێڕانەوەی ئەو بیرەوەریەدا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو دەڤەرە و دەمهەوێ باس لە ئازایەتی و قارەمانەتی چوار تێكۆشەری ئەو تیمە بكەم، هاوڕێیان حەسەن خۆشكەلام، ئیدرس قادری، ئەییووب ڕەحیمیان كادری دەرمانی و عەلی ڕەزا ئیلامی كە لای كاك كارۆی بریندار دەمێننەوە و بڕیارێكی بوێرانە دەدەن. ئەو ڕۆژە ئەوان لە نیزیك شوێنی ڕووداوەكە لای كارۆ دەمێننەوە كە زامێكی قورسی هەڵگرتبوو، هەموو شتێك لە خۆیان دەگرن و بڕیار دەدەن ئەگەر تووشی شەڕ بوون تا ئاخیر فیشەك شەڕ بكەن. كاك كارۆ لە نیزیك خۆیان دەشارنەوە و بێ نان و بێ ئاو ئازایانە لەوێ دەمێننەوە. كاتێك هێزەكەی كۆماری ئیسلامی دێتە شوێنی شەڕەكە، شەهیدەكان دەدۆزنەوە و لەگەڵ خۆیان دەیانبەن. ئەو هێزە دێنە چەند میتری ئەوان بەڵام پێشمەرگەكان بڕیاری خۆیان دابوو كە ئەگەر ئاشكرا بوون شەڕی مان و نەمان لەگەڵ دوژمن بكەن و ئامادەبوون سەری خۆیان دابنێن بەڵام كاك كارۆ نەكەوێتە دەستی دوژمن. كاك كارۆ ڕەسووڵی بێجگە لە هاوكاریی كوڕەكان بۆخۆیشی كەسێكی بە ورە و خۆڕاگر بوو. لەبەر ئەوەی كاتی خۆی وەرزشكارێكی بە توانا بووە ئەویش هۆكار بوو بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو برین و خوێنڕێژییە بگرێ. فیداكاریی ئەم چوار تێكۆشەرەی دێموكرات نە مێژوو و نە نەوەكانی داهاتوو لەبیری ناكەن و دەیكەنە دەرسێك بۆ پەیمان و وەفا و هاوڕێیەتی. سەرئەنجام لە ئێوارەی دواییدا بە سەختییەكی زۆر یەكمان گرتەوە.

کاتێک یەکمان گرتەوە هەموو شتێک لە شوێنی خۆی ئامادە بوو، چەند ماشێن هاتبوون بۆ لای پێشمەرگەکان و لەوێوە بەرەو بنکەکانمان گەڕاینەوە. لە کۆتاییدا بەرانبەر بە گیانی پاکی شەهید ئەمیر و شەهید ئازاد سەری کڕنۆش دادەنوێنم و نەفرەت دەنێرم بۆ حوسێن کانیەزەردی کە ماوەی چەند ساڵێک بوو لەگەڵ من کاری دەکرد بەڵام ئەم خەیانەتە گەورەی پێی کردین کە هیوادارم ڕۆژێک بێ بە سزای خیانەتەکانی خۆی بگات.

دیارە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ من زۆرم تاقیبی ئەو ڕووداوە کردوە بۆ ئەوەی سەرە داوێکم دەست کەوێ کە حوسێنی خۆفرۆش چۆن تووشی ئەم خیانەتە بووە.

دوای تێپەڕینی چەند ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە دا خەڵکی ناوچەکە باسی ئەوەیان دەکرد کە پیلانەکە زۆر لەوە گەورەتر بووە و هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لەسەر سنوور پیلانەکەیان سەری گرت هێزێکی زۆریشیان لەسەر جادەی قاسمەڕەش جێگیر کردبوو بۆ ئەوەی ئەگەر پیلانی یەکەم سەری نەگرت ئێمە بەرەو ناوچە ڕەت بین و لەوێ لە بەرەبەیاندا تووشی شەڕێکی گەورەمان بکەن کە بێگومان زیانەکە زۆر لەوە زیاتر دەبوو.

دوو خاڵی لاوازی ئەم جەولەیە ئەمانە بوون؛ یەکەم لێکدابڕانی ئەو تیمە، دووهەم؛ کەڵکوەرگرتنی چەند جار لە ئەندامێک بۆ ڕەتکردنی چەند تیمی پێشمەرگە بۆ ناوچە.

لە کۆتایی دا جێی خۆیەتی دەست خۆشی لە دوو کەسی گوندی بێگەڵاسی باشووری کوردستان بکەین کە لە سەرەتای ئەم ڕووداوەوە ئەوپەڕی هاوکارییان کردین و ئەرکی نەتەوەیی خۆیان جێ بە جێ کرد. ڕەنگە ئەگەر هاوکاریی ئەم دوو کەسە نەبایە هەروا بە ئاسانی کاک کارۆمان بۆ دەرباز نەبایە.

هیـوادارم ڕۆژێـك بـێ بتوانیـن وڵامـی ئـەم چاكـە و هاوكارییـەی ئـەوان بدەینـەوە.

## • سپاس و پێزانین

منی پێشمەرگە، دەمهەوێ بەشێک لەو یادەوەری و ئازایەتییەی سەردەمێک تۆمار بکەم کە بەشی هەرە زۆری تەمەنم لەو مەیدانەدا تێپەڕ کردووە. نووسین و نووسینەوەی ئەو داستانە لەبیرنەکراوانە، باس لە خوێنی سووری ئەو جوانچاک و نەونەمامانە، ئازایەتی و خۆڕاگریی ئەو ڕۆڵە بە جەرگانەی کە یارییان بە مەرگ و ئاگر دەکرد، پشتیوانیی بێ پایانی خەڵکی ئەمەگناسی کوردستان و فرمێسکی ئەو تازەبووکانەی کە دەزگیرانەکانیان بە بەرگی خوێناوییەوە بێ هەواڵ و بێسەروشوێن دەخرانە ژێر خاک، کاری نووسەران و کەسانی پسپۆر و شارەزایە و بە دڵنیاییەوە منی نەخوێندەوار ناتوانم هەقی خۆیانیان پێبدەم و دڵنیام گەلێک کەموکووڕی لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانمدا بەرچاو دەکەون بەڵام دەکرێ ئەم بیرەوەرییانەی من بەڵگە و سەرچاوەیەک بن بۆ نەوەکانی داهاتوو و ئەو کەسانەی کە خولیای نووسینەوەی شاکارەکانی پێشمەرگەن. هەر بۆیە بەوەندە قەناعەت دەکەم و هیوادارم ئێوەش بتوانن کەلکی لێوەربگرن. کورد گوتەنی "دیاری شوان ئاڵەکۆکە".

لە دوای داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و گۆڕانی مێتۆدی شەڕی جەبهەیی بۆ شەڕی پارتیزانی و جێگیربوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوورەکان، وەرزی بەهاری هەموو ساڵێک وەرزی دەسپێکی جموجۆڵ و بەرخۆدان و گەڕانەوەیە بۆ نێو باوەشی خەڵک و بۆ نێو جەرگەی نیشتمانی داگیرکراو. دەسپێکی وەرزی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمن و بەرەنگاربوونەوەی هێزی داکیرکەری نیشتمانی کوردە. سەرەتای

مەیدانداریی ڕۆڵە دەروەست و ئازا و بوێرەکانی کوردستانە کە پڵینگ ئاسا لە چیاکانەوە بەرەو پێدەشتەکانی کاکی بە کاکی موکریان و داوێنی چیاکانی بێستوون و ئاگری و نەکەرۆز لەگەڵ خاک و خەڵک و خەبات ئاوێتەی یەک دەبوون و لەرزەیان دەخستە دڵی دوژمن. وەرزی ئەمجارەش بەهارە، تەمەنی بەفر بەرەو کۆتاییە و سروەی شەماڵی بەهاری موژدەی بە یەکگەیشتنی خەڵک و پێشمەرگەی پێیە، دەشتودەر بە گوڵ و گیا ڕەنگاوە و دیمەنێکی دڵڕفێنی بەو ناوچەیە بەخشیوە کە لە "گۆڕەشێر" بێشەی شێرانی دیموکراتەوە لەگەڵ جوانیی بەهاری "بێدەلان"، "سونێ"، "کونەمار" و "گۆڕێ کچان" هەتا دەگاتەوە بناری قەندیل و دەشتی کۆیە ئاوێتەی یەک دەبێ و موژدەی وەرزێکی نوێی خەبات بە گوێچکەماندا دەچرپێنێ. بناری چیای مامەندە و باوەشی قەندیلی لانکی تێکۆشەرانی کورد و مەڵبەندی مەیدانداری و لانگەی ڕۆڵەکانی دیموکراتە و لە جوانیدا کەموێنەیە.کێوەکانی جاسووسان و کەنێرێ باڵا بە باڵای پێشمەرگە سەر لە سەری یەک دەدەن و بەرەو کاکەشان دەکشێن. ئێمە لەو دەڤەرە و لەگەڵ سروشتی جوانی ئەو ناوچەیە پێگەیشتووین. ئەو سەردەم و ئەو کاتانە ڕۆژانە فەرماندەکانمان بۆ دارشتنی پلانی ساڵی تازە کۆ دەبوونەوە، پێشمەرگەکانیش خەریکی ئامادەکردنی ڕەخت و کۆڵەپشتییەکانیان و خاوێنکردنەوەی تفەنگەکانیان دەبوون و خۆیان بۆ جەنگ و حەماسەخوڵقێنی ئامادە دەکرد. ئەو کاتانە هەموومان بیرمان لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ دەبێ ئێمە لە جەولە و مەئموورییەتی یەکەم بۆ چوونەوە نێو خەڵک ناومان بنووسرێ؟ هەموومان لەسەر هەست چاوەڕوانی بڕیار و فەرمانی فەرماندەکانمان بووین. جاروبار پرسیارمان دەکرد تا بەڵکوو بتوانین سەرەنەخێکمان دەست کەوێ. پرسیارمان دەکرد کە ئاخۆ بڵێی ئەوساڵ زوو بگەڕێینەوە. جاری وابوو وەڵامەکان

دەدرانەوە و زۆر جاریش بێ وەڵام دەمایەنەوە. زۆربەی ئاوات و ئارەزووەکانمان لەسەر چوونەوە نێو خەڵک دەخولانەوە و تەنیا بیرمان لای خەبات و خەڵک و تێکۆشان لەنێو جەرگەی نیشتمانی داگیرکراودا بوو.

ئەم کتێبە پێشکەش دەکەم بە گیانی پاکی هەموو ئەو تێکۆشەرانەی ڕێبازی کوردایەتی کە شەهید بوون و ناویان لە کتێبەکەدا تۆمار کراوە.

هەروەها بە پێویستی دەزانم سپاسی هاوڕێیانم کاک سمایل شەرەفی و کاک کەریم فەرخەپوور بکەم کە لە نووسینەوە و پێداچوونەوە و ئامادە کردنی کتێبەکەدا زەحمەتی زۆریان کێشاوە بۆ ئەوەی بتوانم هەگبەی بیرەوەرییەکانم پێشکەشی ئێوەی خوێنەر بکەم.

سپاسی کاک سمکۆ ئەمین سەردەشتی بۆ دیزاینی کتێبەکە و بەشی شەهیدان بەتایبەتی کاک ئەبووبەکر ئەحمەدپوور "دۆڵەگەرمی" دەکەم کە لەسەر ڕێکەوتی شەهیدبوونی بەشێک لە شەهیدەکان هاوکارم بوون.

لە کۆتاییدا سپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بۆ تێچووی چاپ و ئامادەکردن و نووسینی کتێبەکە هاوکار و یارمەتیدەرم بوون. هیوادارم لە کەموکووڕییەکانم ببوورن و لە هەڵەکان ئاگادارم بکەنەوە.

# کورتەیەک لە ژیان وخەباتم لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا

ئەمن خدر پاکدامەن ناسراوم بە خدر بەگ، ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٦٨ی زایینی لە گوندی دۆڵەتووی ناوچەی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی لە دایک بووم. تەمەنی منداڵیم هەر لەو گوندە بەسەر بردووە. لە تەمەنی حەوت ساڵی چوومەتە قوتابخانە و تا پۆلی پێنجی سەرەتایی دەرسم خوێند و هەر لە هەمانکاتدا وێڕای براکانم خەریکی کار و کاسبی بووم. دوای هێرشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردستان لە خوێندن بێبەش بووم و نەمتوانی لەوە زیاتر درێژە بەخوێندن بدەم. ئەوکات ئێمەش وەک زۆر بنەماڵەیتر ئاوارەی باشووری کوردستان بووین. لە ئاوارەییدا زۆرمان تاڵی و سوێری بینی و سەرەنجام دوای ماوەیەک گەڕاینەوە گوندەکەی خۆمان و ژیانی ئاسایی خۆمان دەست پێکردەوە.

منیش وەک زۆر لاوی کورد هەستی کوردایەتیم هانی دام کە بۆ پارێزگاری لە خاک و خەڵکی کورد ببمە پێشمەرگە. ڕێکەوتی ١٣٦٤/١٢/٢٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ١١/٣/١٩٨٦ی زایینی تێکەڵ بەکاروانی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووم و بە ڕەسمی بوومە پێشمەرگە. ئەو کات لە دەستەی ٣ی شەهید کوێخا خدری داوداوێ چەکی پێشمەرگایەتیم کردە شان و ماوەی ٣٧ ساڵە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خزمەت بە حیزب و گەل و نیشتمانەکەم دەکەم. لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیمدا زۆر ڕۆژی خۆش و ناخۆشم بەچاوی خۆم بینیوە، زەحمەتێکی زۆرم کێشاوە و لەبەشێک لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتدا بەشداریم کردووە.

لـە قـەدەر توانـای خـۆم ڕۆڵـم لـە ڕاپەڕاندنـی کار و ئەرکەکانـی حیزبیـدا هەبـووە و هـەر ئەرکێک کەبۆم دیـاری کرابێ و لەدەسـتم هاتبێ بەدڵـەوە جێ بەجێم کـردووە و درێغیـم نەکردووە. لـە ماوەی ئـەم چەنـد سـاڵەدا بەرپرسـایەتی جـۆراو جـۆرم کەوتۆتـە سەرشـان کـە بەپێـی ئیمکان و توانـای خـۆم جێبەجێم کـردوون. لـە مـاوەی ژیانـی پێشـمەرگایەتیمدا بەرپرسـایەتی جۆراوجـۆرم هەبـوون؛ سـەرپەل بـووم، جێگـری لـک بـووم و لـە کاری پێشـمەرگایەتی دا زۆر کارم کـردوە، چەنـد جـار پەرپرسـی ئـەو تیمانـە بـووم کـە لەنێوخـۆ کاریـان کـردوە. لـە بەشـێک لـە ئۆرگانەکانـی حیـزب کارم کـردوە، لـە دوای کۆنگـری ١٥ی حیـزب لـە لایـەن کۆمیتـەی ناوندییـەوە بـە ڕاوێـژکاری کۆمیتـەی ناونـدی هەڵبژێـراوم. لـە دوای کۆنگری ١٦ دووبـارە هـەر بـە ڕاوێـژکار هەڵبژێردرام. لـە کۆنگـرەی ١٧ی حیـزب بـە جێگـری کۆمیتـەی ناونـدی هەڵبژێـرام. مـاوەی سێ سـاڵ بەرپرسی ناونـدی ٢ی کوردسـتان بـووم، زیاتـر لـە دوو سـاڵ بەرپرسـی کۆمیتـەی سـنوور بـووم و تاکاتـی نووسـینی ئـەم بیرەوەرییانـە لـە کومیسیۆنی پێشـمەرگە کار دەکـەم و لـەو ئۆرگانـە بەرپرسـی بەشـی پێشـمەرگەم پێسـپێردراوە.

لـە سـاڵی ١٣٧٦ی هەتـاوی لەگـەڵ خاتـوو خەدیجـە ژیانـی هاوبەشم پێکهێنـاوە و بەرهەمـی ئـەم ژیانەمـان کچێـک و دوو کوڕن بـە ناوەکانـی ژینـا، ژیلـوان و ژیـار، بـە هەمـوو سـەختییەکانی دەورانـی پێشـمەرگایەتییەوە ئـەم ژیانەمـان تێپەڕانـدووە.

ئـەو کتێبـەی کـە ئێسـتا لەبـەر دەسـتتان دایـە ماندووبوونێکـی زۆرم لەسـەر چێشـتوە، هیوادارم توانیبێتم ڕووداو و بەسـەرهاتەکان وەک خـۆی بـاس بکـەم و بیانگێڕمـەوە. ئەوەنـدی لەبیـرم مابێ بـە یارمەتـی دۆسـت و هاوڕێیانـم هەوڵـمداوە ڕووداوەکان بـە دروسـتی بنووسـمەوە بـەڵام بێگومـان بـێ کەموکـوڕی نیـن و هیـوادارم لـە

هەڵـە و كەموكوڕییەكانـم بمبـوورن.

سپاسـی بـێ پایانـی خـۆم پێشـكەش بەهـەر دوو بـرای گـەورە و كۆچكـردووم كاك كوێخـا و كاك عەزیـز دەكـەم كـە لەسـەر مـن زۆر ئازاریـان چێشـت و كەوتنەبـەر بێڕێـزی و ئەشـكەنجەی كاربەدەسـتانی ڕێژیمـی كۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، هەمیشـە لەژێـر فشـار دابـوون بـەڵام سـەرەڕای هەمـوو فشـارەكان قـەت لێـم غافـڵ نەبـوون و هەمیشـە چاویـان بەسـەرمەوە بـووە.

# وێنەکان



دانیشتوو لە ڕاستەوە: عوسمان قەرەنی، ڕاوەستاو: خدر میران، خدر بەگ، عەلی حاجی، عەلی حەسەن، برایم قەڵاتاسیان
ساڵی١٣٦٥ گەڵوەڕەز



دانیشتوو لە ڕاستەوە: محەممەد گردێنەیی، عەلی حاجی، خدربەگ، محەممەد قادری، عوسمان قەرەنی
ساڵی١٣٦٥ گەڵوەڕەز



خدر بەگ، شەهید ئیبراهیم نەزمی
ساڵی١٣٦٦ پشتی گوندی نارست



خدر بەگ، شەهیدی فەرماندە حەمە نارستی
ساڵی١٣٦٦ گوندی بەرقسڵ



خدر بەگ، ساڵی ١٣٦٨ کونەمار



لە ڕاستەوە: خدر بەگ، مەحموودی کاکە لاوی
ساڵی١٣٦٨ کونەمار



لە ڕاستەوە: عەزیز شێخانی، مستەفا مەولوودی، گوڵاڵە ئاقایی، محەممەد بایەزیدی، خدر بەگ، ئایشێ نارستی
ساڵی١٣٦٩ بناری قەندیل گوندی بۆکریسکان



دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا، بناری قەندیل گوندی ئەستێرۆکان



ساڵی١٣٧١ بێژوێ ناوچەی ئالانی سەردەشت لە ڕاستەوە: عوسمان ترشی، هەمزە کاشفپوور، حاجی جوندی، مەولوود گاکەیی، عەبدوڵای ئەلیاسی، عەبدوڵا شەقاز



ساڵی١٣٧٣ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی گیاڕەنگ نزیک گوندی ئاشەدینە



ساڵی١٣٧١ ناوچەی ئالانی سەردەشت لە ڕاستەوە ڕاوەستاوە: برایم شێخی، مستەفا دۆڵەیی، عەلی سوورەچۆمە، حاجی جوندی، حوسێن دیواڵی، عومەر قازانی، دانیشتووان لە ڕاستەوە: شەهید خدر زەینی، ئەحمەد ڕەزگەیی، حەسەن قەلەڕەشی



ڕۆژی زەماوەند، ١٣٧٦ ناحیەی دێگەڵە



ڕۆژی مارەبڕین ساڵی ١٣٧٦ گوندی ئاڵان




کورکووک، کۆنگرەی١٢، لە ڕاستەوە: موعتەسەم نوورانی، خدر بەگ، شەهید کەریم سەقزی، سمایل بازیار، حەسەن قادرزادە، قادر وریا



کۆنگرەی ١٣ لە ڕاستەوە: قادر وریا ، خدر بەگ، ڕەوانشاد عوسمان ڕەحیمی



کۆبوونەوەیەک لە قەڵا دوای کۆنگرەی ١٣ لە ڕاستەوە: مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، خدر بەگ



نێوخۆی ڕۆژهەڵات ساڵی ١٣٨٧ ناوچەی سەردەشت، نزیک گوندی بنەوخەڵێف، لە ڕاستەوە: کارۆ ڕەسووڵی، عەبدوڵا پاراستی حوسێن عەبدوڵازادە، خدربەگ، ئیدریس قادری



ڕەوانشاد کاک عەزیزی برام و خۆم ساڵی ١٣٩٤ شارۆچکەی حاجی ئاوا



خۆم و ڕەوانشاد کاک جەلیل گادانی



قەڵای دێموکرات ساڵی ١٣٩٧ لە ڕاستەوە: خدر بەگ، شەهید ئیبراهیم زێوەیی، حەسەن قادرزادە



ساڵی ١٣٩٣لە گەڵ پۆلێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی ڕەبەت




کۆیە ، کۆنگرەی١٦



جەولەیەکی پێشمەرگانە، حاجی قەڵا



کۆنگرەی ١٧، لە ڕاستەوە: ئیبراهیم چووکەڵی، عەلی بداغی، خدر بەگ، عومەر باڵەکی، سولەیمان پڕکاڵ